کەریمی حیسامی

لە بیرەوەریەکانم

١٩٨٣ -١٩٨٥

بەرگی هەشتەم

ستوکهولم ١٩٩٤

پێناسی کتێب :
ناوی کتێب : له بیره‌وه‌ریه‌کانم (به‌رگی هه‌شته‌م)
نووسه‌ر : که‌ریمی حیسامی
سوید ١٩٩٤
پیت چنین و مۆنتاژ : ناسری ئیبراهیمی
ISBN: 91-630- 1791- 1

چەند وتەیەک

پێم وانەبوو پێویست بێ بە ناوی پێشەکی و سەرەتا شتێک بۆ بەرگی هەشتی بیرەوەریەکانم بنوسرێ. چونکە ئەم بیرەوەریانەوەک زنجیرەیەکی نەپساوەی بە دوای یەکدا هاتوون و بۆ هەموو بەرگەکان پێشەکیەکی بابەتی و بە پێزو خەست دەبوایە بەس بێ. بەلاّم لە بەر ئەوەی قۆناغ و کات و تەنانەت شێوەو چۆنیەتی ژیان و تێکۆشانم گۆڕانیان بە سەردادێ و بیرەوەریەکانیشم بەم پێیە لە گەڵ قۆناخەکانی ژیاندا بەرێوە دەچن، بە ناچار پێشەکی دەبێتە بنێشتە خۆشکە و هەر چۆنێک بێ بە قەولی کاک حەمەدەمینی سیراجی (چەند لاپەرێکی لە کتێبەکە پێ زیاد دەکرێ.)!

ئەم جارەش بۆ روونکردنەوەی چەند مەبەستێک نووسینی ئەم چەند وتەی پێشەکیم بە پێویست زانی.

هەر چەند لەم بەشەی بیرەوەریەکانم دا، چەند نامەو نوسراوەی پێگەیشتووم چاپ کردوون، بەلاّم لە گەلێک نامەشدا تەنیا بەرکولێکم هەڵێنجاوە و تەواو دەقی نوسراوەکەم بلاّو نەکردۆتەوە. چونکە بێجگە لەو کوپلانەی کە لێم هەڵێنجاون و پێوەندی‌یان بە سەرجەمی ئەم بەشەی بیرەوەریەکانمەوە هەیە، مەبەستی تری تایبەتی نێو خۆمان و دوعاو سلاّو و مەسەلەی لاوەکیان تێدایە کە بۆ خوێنەر تام و چێژێکی نیە. یا ناو و باسی خەڵکی دیکەیان تێدایە کە چ پێویست بە باسکردنیان ناکا، چونکە مەبەست لە نوسینی بیرەوەریەکانم روونکردنەوەی هێندی شتی پێویستەکە بەڵکوو یارمەتیەک بێ بە روونکردنەوەی هێندی لایەنی داپۆشراوی

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران و هەروەها لەوانەیە لاوانی ئێستاو بەرەی داهاتوو گەلێکی لێ وەر بگرن و ئەزموونێکیان بێتە دەست.

هەوڵم داوە لەو نامانەدا ئەو بەشانە بێنمە دەرێ کە پێوەندی‌یان بە مەسەلەی کوردەوە هەبێ لە کوردستانی ئێران و یارمەتی بکەن بە روونکردنەوەی بیرەوەریەکانم. بە لای منەوە هەر یەک لەم نوسراو وبیروڕایانە، یا خاوەنەکانیان نەشناسرێن ئەزموونێک دەدەنە دەست و خوێنەری بەرێز لە بۆ چوونی جۆر بە جۆر شارەزادەبێ‌و شتێکیان لێ هەڵدەگرێ. نووسەرانی نامەکانیش کە ناویان نەهاتوە و تەواوی نوسراوەکانیان بلاو نەکراوەتەوە ، رەنگە فیتوی خۆیان بناسنەوەو لە دڵیشیان گران نەیە کە ناوم نەبردوون و رەنگە لە گەڵ بەسەر هاتی رووداوەکان ، لە نووسراوەکانیان وا پەژیوان بوو بنەوە، لە خوایان گەرەک بێ باسیان نەکرێ. هەر چۆنێک بێ ئەم نامە گۆڕینەوەو ئەم شێوە پێوەندی‌یانە بەشێکی ژیانی دەربەدەری و دوور وڵاتین و لە باری کۆمەڵناسیشەوە شێوەی بۆچوون و بیروڕای بەشێکی روناکبیرانی کورد دەر دەخەن لە ژیانی پەریوەیی و ئاوارەییدا.

بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەم، سەرەتای ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم بە چەند نوسراوەیەک دەرازێنمەوە کە لەسەر بەرگەکانی پێشوو نووسراون . لە وڵات و لە دەرەوە گەیشتوونە دەستم. بەو هیوایە خوێنەرانی دیکەی بیرەوەریەکانیشم لە راست کردنەوەی هەڵەو بۆ چوونی چەوت و پێ[illegible] کرنی‌شرەی دڕاری نووسراوەکانم یارمەتیم بدەن. بە ئاواتم هەموو ئە[illegible] کە[illegible] لە گەڵ رووداوەکانی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران ژیاون، رووداو و بەسەرهاتەکان بێننە سەر کاغەز و تۆماریان بکەن و لە فەوتانیان رزگار بکەن و لە[illegible]ێگایەوە کەرەسەی خاو[illegible] زانار توێژەرانی بناخە دانە[illegible]

میژووی‌نوێی نەتەوەکەمان ئامادە بکەن.

جارێ ئێوەو چەند بیروڕای جیاواز لە سەر بەرگەکانی پێشووی بیرەوەریەکانم. کەریمی حسامی. نەورۆزی ١٩٩٣ سوید.

بەند و باو ---- هێدی

دەڵێن: « ئەگەر دەتەوێ لە رەخنە دوور بی، هیچ مەڵێ، هیچ مەکە، هیچ مەبە». لە وەتی بیرەوەریەکانی کاک کەریمی هێژا بڵاو بوونەوە رەخنەی خوێنەرانیشیان بە دواوە بوە. بێجگە لە هێندێک رەخنەی دۆستانەی دڵسۆزان رەخنەکانی دیکە هەر قسەو قسەلۆک بوون و هیچی دی.

ئەوانەی بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان دەستوێژیان شکاوە و سەریان لێ ئەستوور بووە، بە پرێسکەی بەندو باوان سەری ئەستوریان شەتەک داوە و پێی هێور بوونەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بیرەوەرییەکان رووناکیان خستۆتە سەر پەناو پەسیوی چەندقۆناغی بزووتنەوەی نەتەوە بندەستەکەمان کە نووسەری بیرەوەرییەکان لە نیزیکەوە ئاگاداریان بووە. ئەوانەی سبەی رۆژێ بیانەوێ بەر قۆناغەدا بچنەوەو قۆرت و گرێکانی هەڵسەنگێنن، دەتوانن بیرەوەرییەکان بکەنە پاڵپشتی لێکۆڵینەوەکەیان.

ئەو رەنگانەی لە بیرەوەرییەکاندا دەزرینگێنەوە وریا کەرەوەی ئەو خوێنەرانەن کە گەرەکیانە لە رابردوو ورد بنەوە و چەپکێک ئەزموون بچنن و ژیرانەتر بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵێننەوە.

لە جەنگەی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکاندا زۆر جاران لە بەر خۆمەوە گوتومە : بریا، هەر نەبێ، ئەو بیرەوەرییانەی کە پێوەندییان بە رەوتی سیاسی سەر دەمەوە هەیە، زووتر نووسرابان و بە هەراوی بیری ... انیان ... دە... بەر هەڵسەنگ... لە بەرامبەر زۆر

دیموکراسی رێبەرایەتی حیزب دا. بەلاَم پاشان کە هەڵوێستی سەر کورتکەرانەی رێبەرایەتیم هاتۆتەوە بەر چاو و هەڵ و مەرجی سەردەمم هەڵسەنگاندوە، خاو بوومەوە و گوتوومە: ئەو دەم کە هێشتا کەوڵی رێبەرایەتی کێچی تێنەکەوتبوو بە رەخنەیەک تامی زاری دیموکراسییەکەیان تاڵ دەبوو وگلۆلەی بەختی رەخنە گر دەکەوتە لێژی. لەوانە بوو هەر ئەو دەمیش بە تاوانی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی کاک کەریمی تاڵاوی زۆرە دیموکراسییان بە زۆر کەسان چێژتبا.

ئێستاش ئەوە هەڵی بلاَو کردنەوە بۆ نوسەر رەخساوە و بیرەوەرییەکان بە کۆلێک ئەزموونەوە سەر بە ماڵی خوێنەران دادەکەن و چیرۆکی تێکۆشانی دڵسۆزانەی نووسەر دەگێڕنەوە. ئاشکرایە سبەی رۆژێ سەر بە ماڵی مێژووش دادەکەن و جێی خۆیان دەکەنەوە.

ئەوەی شایانی رێزە هەڵسووڕان و ماندوویی نەناسی و تێکۆشانی بێ وچانی نووسەری بیرەوەرییەکانە لە پێناو خزمەت بە نەتەوەکەماندا. پێموایە لە کاک کەریمی ئازاتر هەر قەڵەمەکەیەتی. بریا وێنەی زۆر بایە. هیوامە خۆی و قەڵەمەکەی هەروا ئازایانە و دڵسۆزانە باژۆێن و بە ئامانج بگەن.

حەز دەکەم لێرەدا لە دوایین بەرگی بیرەوەرییەکان ورد بمەوەو سەر لە هێندێک هەڵەی زمانەوانی هەڵبێنم. دیارە بێجگە لە کۆمەلێک هەڵەی رێنووسیی کە ئاشکرایە هەڵەی نووسەر نین و هەڵەی چاپین،هێندێک هەڵەی رێزمانیش وەبەر چاو دێن کە بە لەبەر چاو گرتنی زمان پاراوی و لێزانی نووسەر وێدەچێ ئەوانیش لە ئەنجامی پێدا تەچوونەوەدا سەریانهەڵدابێ. بۆ وێنە: بەرگی حەوت - لاپەرەی ٢١: « لە ٥٣ کەس. ٥٢ کەس بۆ من دەنگی دابوو. » ئەو رستەیە دەبوایە ئاوا دارێژرابا:« لە ٥٣ کەس، ٥٢ کەس بۆ من دەنگیان دابوو. » چونکە (٥٢ کەس) تاک

نییەو کۆیە.

بەرگی حەوت - لاپەری ٤٦: « بە پێشمەرگەکانم گوت تفەنگەکەی لێ وەر گرێ.» لەو رستەیەشدا تاک و کۆ لێک دراون. « پێشمەرگەکان» کۆیە و دەبوایە رستەکەش بە کۆ براباوە. واتا ئاوا دارێژرابا: « بە پێشمەرگەکانم گوت تفەنگەکەی لێ وەرگرن.»

بەرگی حەوت - لاپەرەی ٢٣٢ : « ئەوەندە نان و پەنیرو قەند و چا و سیغار و شقارتە و گۆریەو سەر کڵاو ودەستەوانەو پێڵاو وکراس و شتی تر کۆ کرابۆوە..» لێرەشدا دەبوایە رستەکە بە «کۆ کرابوونەوە» برا باوە نەک بە « کۆ کراو بۆوە». لە گەڵ سوپاس بۆ سەرنجدانی کاک هێدی لەو رستەیەدا لە گەڵی نیم . کۆ کرا بۆوە راستە.

بەرگی حەوت - لاپەرەی ٢٧٤: « من ویستی خەڵکم پێ لە فەرمانی وشکی بێتام پێ گرنگتر بوو.» لەو رستەیەدا یەکێک لە «پێ» یەکان زیادییە. لە کۆتاییدا سلامەتی و سەرکەوتنی کاک کەریمی بە رێز بە ئاوات دەخوازم و هیوامە قەڵەمی لە گەڕ نەکەوێ. ئالمان ١٩٩٢

* * *

نامەیەک لە وڵاتەوە : ..... هیوادارم ئی پڕ کاریت بێ و توانیبت بە نوسینی بەرگی شەش و حەوتی بیرەوەریەکانت لاپەرەیکی تر لە مێژوی گەلەکەمان برازێنیوە.

هەر چەندە ئەمن ئەو شێوە نوسینە بە بیرەوەری نوسینێکی سادە نازانم. ئەوەی تۆ دەتهەوێ بینوسی شێوەیەکی تازەیە لە نوسین بۆ ناساندنی مێژوی نەتەوەیەک. لە هەموو بارێکەوە بە بەڵگەی زیندو. ناساندنی سەر کەوت و شکست، کەندو کۆسپ، بیرو راو زۆر خاڵی گرینگی دەورانی حەساسی گەلەکەمان. هەر وەها بونی بەرژەوەندی گەلی کورد لە چ زەمانێک و لە چ کاتێک گرینگترینیان رون بوونەوەی ویستی دەرونی

خۆت سەبارەت بە گەلی کورد بە کوردستان.

تۆ بە نوسینی ئەو بیرەوەریانە توانیوتە گۆشەیەک لە چۆنیەتی ژین و خەباتی چل پەنجا ساڵەی نەتەوەیەک بخەیە بەر چاوی خوێنەوێکی کورد و هەمو ئەو کەسانەی دەیانهەوێ ئاگاداری مێژوی ئەو نەتەوەیە بن.

هەر چەند هەمو کەس ناتوانێ هەمو شتێک بێ کەم و کوری بنوسێ بەلام دیسان زۆر شیوەیەکی جوانە و زۆر شتی وردو درشتی تێدایە کە لە داهاتودا بەرهەمێکی بە نرخە بۆ داهاتوانی داهاتو. هیوادارم بەر دەوام بی لە سەر پتەوتر نوسینی بیرەوەریەکانت هەروەها ئەگەر کەسانی تر هەڵکەون بەو شێوە نوسینە گوڵی ئەو گوڵزارە پتر بکەن زۆر باشتردەبێ........»

* * *

نامەیەک لە وڵاتەوە :« ...... کاک کەریمی خۆشە ویست، کتێبەکانی ناردبووت گەیشتە دەستم، دیاریەکی زۆر بە نرخ و خۆشحاڵ بووم و بە ئەندازەی دنیایەک پێی گەشامەوە. خەریکم دەیانخوێنمەوە کەیفی پێوە دەکەم. بە خوێندنەوەیان هەست دەکەم خۆت لە نیزیکەوە داستان و سەر گوزەشتەی تێکۆشانی میلەتێکم بۆ باس دەکەی، راستە ناوی بیرەوەری‌یە، بەلام پێم وایە هیچ کات خۆی جیا نەکردۆتەوە لە بەسەر هاتی تێکۆشانی گەلەکەی و ئەگەر ورد سەرنجی بدرێتێ بەشێکی راستە قینەیە لە مێژووی خەباتی ئەم سەر دەمە. نوسەر خۆی نەکردۆتە پاڵەوان و قارەمانی چیرۆکەکەی، بەڵکو خۆی لەو کەسانەیە کە لەژێر زەخت و فشاری نارەوادا، بە سەرهاتی بەشێک لە روناکبیران و رۆڵەکانی کوردی تێدا رەنگ دەداتەوە. حەیف تەنیا بیرەوەریە، ئەگەر تێکەلاوی لە گەڵ رومان هەبایە، بە تەواوی دەتوانرا هەستی پر لە ئەوینی تێکۆشەرێک کە هەموو ژیانی لە پێناو ئاواتەکانی نەتەوەکەی بەخت کردوە باس بکات

و لیی ورد بێتەوە، هەر چەند ئێستاش توانیویەتی ئەم هەست و مەبەستە بدرکێنێ. باسی تێکۆشانی گەلێک لە روناکبیران بکات، باسی کوێرەوەریەکانیان، دەردو ئازارەکانیان.... هەر چەند کەم و کوری و زەعفیان هەبوبێ. ئێستا کە نامەوێ وەختت بگرم و یا خوا نەخواستە بێم و لە سەر بیرەوەریەکان قسە بکەم، دیارە ئەگەر رۆژێک دەرفەت هەبێ ئەوەی دەکەم. وەک خوێنەرێک کە خۆی پێویستی بە ورد بوونەوەیەکی زۆرو زانستێکی فرە هەیە. هەڵبەت یەکێک یا دەیان کەس دەبن کە قزلی لێ هەڵماڵن و لە سەری بنوسن. چون دەتوانرێ وەک بناغەیەک چ لە باری ئەدەبی‌یەوە و چ لە باری سیاسیەوە کەلکی لێ وەر بگیرێ. بە تایبەت لە کاتێکدا دەنوسرێ کە خۆت ساغ و سلامەتی و کەس ناتوانێ شکی لێ بکات.......... هیوادارم زۆرتر ئاگات لە ساغی و سلامەتی و تندروستی خۆت بێ .... ئاواتە خوازی خۆشێت ....»

* * *

ئەوەش نامەیەکە بە فارسی نوسراوەو هەر بە فارسیش بلاوی دەکەمەوە:

١٤/٢/١٩٩٣. کاک کریم حسامی محترم. شش جلد وهمه کتابهای دیکر شمارا مطالعه کردەام. بی‌شک تحلیل‌های سیاسی - اجتماعی در رابطه با رویدادها و تبیین ماهیت اشخاص که دران رویداد و جریانات نقشی داشته باشند نه تنها مورد تایید همگان قرار نمیگیرد بلکه خصومت کساتیرا نیز ببار میاورد. نوشته‌های شما شامل چند قسمت‌است.:

١ - بدیهی‌است که خوب و بد اعمال، رفتارو کردار دوران جوانی هر کس، مادامیک اثر مثبت یا منفی بر جامعه نداشته باشد امری‌است مربوط به خودش.

۲ - احتمال عدم صحت مطالبی که بر مبنای شایعات و یا نقل قول باشد - که بیشتر نویسنده‌ها بکار میگیرند- همیشه وجود دارد.درنوشته‌های شما نیز دو مطلب ازاین نوع هست :
الف - در صفحه (٦٧) کتاب کاروانیک له شهیدانی کوردستان نوشته شده::
« کاک نحو که به باپیر شکاک ناسراوه .. سالی(١٩٥٩) کاک نحوش وەک سەدها رۆڵەی تێکۆشەری دیکەی کوردستان . کەوتە بەر پەلاماری سازمانی ئەمنیەت و گیرا و پاش ئازارو جەزرەبە دانیکی زۆرو ... کرم کردنی به پینج ساڵ‌حەپس، له بەندیخانەی حکومەتی شادا مایەوە، پاش تەواو بوونی مەحکومیەتەکەی بەردرا » نمی دانم مطلب فوقرا از چه شخصی شنیده‌و یا از چه منبعی کسب کرده‌اید، بهر حال، نحو (باپیر)مبارزی صادق و ناسیونالیستی دلسوز بود، ولی هرگز از طرف ساواک بازداشت و شکنجه نشده‌بود...
ب - درنامه کاک سعید کوهستانی که در صفحه(٨٨) جلد سوم خاطرات شما درج شده‌است: نوشته شده:« دوینێ ئێواری خەبەر هات سالار وا له مەهاباد له ماڵی خزیانه و کاک سەنناری به پەلەش ئەوە له تارانه هەر دوکیان له گەڵ حەوت چەکداری تر خۆیان به دەستەوە داوە» نیز صحت نداشت. مدتی پس از فرار سالار درکوههای منطقه شمال کوردستان بودم سپس بیش از یکسال درتهران و روستائی بنام «کریکان» در شمال تهران مخفی بودم که صارم‌الدین صادق وزیری برای دیدن من بهمان روستا امد. از زحمات آنوقت ایشان سپاسگذارم.
أما در رابطه با فعالیت وورویدادهای سیاسی علی‌الخصوص از سال (١٣٤٧) و تشکیل حزب دمکرات‌کردستان ایران(تعیین اعضا کمیته مرکزی) مولود کنفرانس سوم (٩٧١/٦/٢١) و تبیین ماهیت بعضی از

رهبران حزب، عكس‌العمل و اقدامات رهبران، كادرها و سايرين درمقابل اعلام جهاد ايت‌الله خمينى عليه خلق كورد و بعضى از تحليل‌ها در رابطه با رويدادهاى كوردستان و كنگره‌هاى حزب، بسيار جالب بوده و منبع ارزنده‌ى براى تاريخ نويسان تاريخ كوردستان خواهد بود. چرا كه ان نوشته‌ها زمانى انتشار يافته‌اند كه تقريبا همه كسانيكه ازانها اسم برده‌ايد در قيد حيات بودند.... در خاتمه با ارزوى توفيق شما در أمر نوشتن بقيه خاطرات تان و تحليل و تبيين هرچه صريحتر از رويدادهاى كوردستان و كارنامه دست اندركاران مبارزه ازاديخواهانه (ازادى كوردستان) خلق ستمديده كورد. سنار مامدى »

* * *

ئەوەش نامەی برادەرێکی دیکە:

«کاک کەریم لە گەڵ ریزو سڵاو، هیوادارم شادو سەر کەوتو بن. گەلەکەمان زور شورشی بە خویەوە دیوە. زورمان خوین داوە-زوریان لی کوشتوین-تالانیان کردوین.... سەرەرای هەمووی ئەوانە میژوەکەشیان لی شیواندوین. بە داخێکی گران هەر لە ناو خوشماندا لی‌یان شیواندوین وکەسیکی واشمان نەبوە کە دەست و باسکی لی هەلکا و خەریکی ئەو کارە بیت بەوردی. ئەورو کە بە قولی سەیری وەزعەکە ئەکەین ئالوگورێکی قول بە سەر دنیادا هاتوە گەنی ئیمەش جیا لەوە نیە، میژو بومانی دەرخست کە ئەگەر گەلیک بە تەواوی ئاگاداری میژوی خوی نەبیت و لە ناو گەل دا بە تایبەتی شورشگیرەکانی، ناتوانن هەنگاوی قورس و گران کە دەس کەوتی پێوە بیت و جولانەوەیان بەرەو پیشەوە بچیت، ئیمەی گەنج کە ئەورو پی گەیشتوین و گەلەکەمان چاوەروانی کاری ئیمەیە چونکە دواروژ ئی ئیمەیە وە بویە پیویستە بو ئیمە(وەکو هەوا) بزانین کە رابوردومان چون بووە چ روی داوە، چونی بووە ئەوا

پیویستە بزانین. دروت لەگەل ناکەم ئەگەر بلیم ئیمەی گەنج کەم تاکورتیک لە سەر (بەدرخان بەک. یەزدانشیر، شیخ عوبیداللە، شیخ مەحمودی نەمر، ئەزانین. بەلام تاخوا حەز ئەکا لە بارەی میژوی شورشی سوڤیت، کوبا، بولغار.... ئەزانین وە تا ئەزانین فلان سەرکردەی سوڤیت یا کوبا ... لە چ روژیک لە دایک بووە. وە هەر ئەوانەش پی‌یان وایە ئەگەر بزانن کویخا مەرەز ، شیخ جەلالی دەربەندی ... کی بون لە عەمریان کەم دەبیتەوە.

ئیمە ئیمرو پیویستە بزانین رابوردومان چون بوە. بو ئەو کارە هروددت - یسرون -خەتیب - مینورسکی بومان زیندو نابنەوە و پیویستمان بە وان نی‌یە، هەر دەبی ئەو جورە شەخسانە لە ناو خوماندا پەیدا بن بومان بنوسن بەو شەرتەی کە چون بووە وای بنوسن، جیا لە هەمو کارەساتیک. ئیمرو کە ئەو هاوری‌یانە یا برادەرانەی کە دوینی لەگەل جولانەوەی گەلەکەماندا بەشدار بورن وئەوروکەش هەست بە مەسئولیەت دەکەن لە بەرانبەر گەلەکەیاندا ئەرکی سەر شانیانە کە روداوەکانی دوینی کە بەناوی (میژو یا بیرەوەری یا نوسینی میژو بە لیکدانەوەی) بینوسن و پیشکەشی گەلەکەیان بکەن، یەکیک لە وانە ئیوەن. کارەکەتان بە نرخە. هیوادارم سەرکەوتو بیت لە بەردەوام بونی‌دا. هەر وەها لەو ریگایەدا هەر وەکو ماموستا هاوار ئەلی پلاری نارەواشت تی ئەگرن. هەروەکو هیندیک ئەلین کاک کەریم دەی هەوی بە هوی نوسینی چەند کتیبی خوی لە مەشاکلی دوینی دەرباز کا- هیندیک دەلین خەریکە دوبەرەکی و چەند بەرەکی‌مان ئەخاتە ناو بەین - و هیندیکیان ئەلین ئەو کتیبە(لە بیرەوەریەکانم) بیرەوەری (دونژوانی کوردە). بەلام جیا لەو هەمورو بەیتو بالورانە چ ئەو کەسانەی لایەنگری کاری ئیوەن و چ ئەو کەسانەی دژی ئەو کارەن دەبی باش بزانن کە ئەو سەردەمە کوتایی هات کە

مەسایلی سیاسی - بەلگەو وتویژی نیوان چەند پارتی و یا بەلگەکانی کونگرەکان بە ناوی (نهینی)(اسرارحزب) لە قەلەم دەن وە کومەلانی خەلک هەروا کویر بیلنەوە. ئەورو روژی وەهاتوە کە هەر لە کاتی خوی‌دا گەرماو گەرم هەر سەنەدو بەلگەیەک هەیە پیویستە بە تەواوی بلاوی بکەنەوە تا کومەلانی جەماوەر بیخوینننەوە و رای خویان دەر ببرن ئەوە ئەساس و بناخەی دیموکراسی‌یە. ئەگەر دوینی نەمان کردوە، بە هەلە چوینە پیویستە ئەوە بگوتری کە لەو بارەیەوە روداوەکانی ولاتانی سوسیالیستی و پارتەکانی کومونیست ئەوە دەسەلمینن.

کاک کەریم ئەو شیوازەی کە ئیوە گرتوتانە دەست بەناوی (بە سەر هاتی خوزم) شتیکی پیروزە هیوادارم سەر کەوتو بیت و هیچ کارەساتیک واتان لی نەکات کە کەلین بخاتە ناو نوسینەکانت. ئەگەر بیتو کارەسات رول بگیریت لە سەر نوسینەکانت پیم وایە لە گرنگی کارەکە کەم دەکاتەوە. وادیارە کارەسات روی داوە، لە بەرگی چوارەم لە سەرەتادا ئیوە نوسیوتانە کە : (بەداخەوە چاپی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم، کەوتە کات و زەمانیک کە دوکتور قاسملو سکرتیری ح.د.ک. و هاوکاری ٣٠ سالەی خەباتم بە دەستی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی و مروڤایەتی شەهید کرا. ئەم کارە ساتە بە ناچاری تا رادەیەک کاری کردە سەر نوسینەکانی من و بە پیویستم نەزانی ئەسکوی بگەیینمە بنی دیزە و بە سەر گەلیک مەسەلەدا بازدەم. رەنگە بەشەکانی تری بیرەوەریەکانیشم سەبارەت بەو کارەساتە توشی‌کەم وکوری بن.)بەرگی چوارەم لاپەرەی(ب).

بەلی ئەو کارەساتە دلتەزینەو جیگای داخە. بەلام پرسیار دیتە گوری ئەگەر هاتو کارەساتیکی تر خوا نەکا روی داو هاوری‌یەکی دیکەتان یا هاوریی ٢٥ سالەتان شەهید بکری ئایا دیسان کارەکەتان توشی کەم

وکوری دەبیت؟ ئایا بەدوای چەند کارەسات دا ئیوە توشی گول بژیری ناهن وکارەکەتان بە پیچەوانەی قسەی ماموستا رسول هاوار نابیت کە ئەلی کاک کەریم گول بژیری نەکردوە. دەیان پرسیاری تریش.

کاک کەریم! روژی ئەوە هاتوە کە (ئەسکوی بگاتە بنی دیزە) ریگای ترمان بو نەماوە ئەگەر ئەو رو نەگاتە بنی دیزە، سبەینی دەگاتی، بەلام دیسان دوەنگ دەبی. چونکە کارەسات لە لایەکەوەو روداوەکان لە لایەکی دیکەوە. ئیوە مومکینە جاریکی تر بلین کە ئەری بابەکەم من میژو نانوسم، من بەسەرهاتی خوم دەنوسم. بەلام بەسەرهات میژوە، بەسەرهاتی ئیوە لە بەرگی یەکەم و دووەمدا هاتوە. بەرگی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ روداوی سیاسین بە قولی. ئەگەر میژو نیە، خو جیرانی میژوە یا بونی میژوی لی دیت. بەلی میژو نیە بەلام بیچمیک لە میژوە. شادو سەر کەوتو بن.........»

لەگەلْ سوپاس بو قەلەم و هەستی خاوینی ئەو برادەرانەی کەم یا زور شتیکیان لە سەر بیرەوەریەکانم نوسیوە، دەمەویْ ئەوەندە بلیم کە نوسینەکانی من لە ئاست هیندیْ کاراکتەر و مەسەلەی شەخسیەوە توشی کەمو کوری دەبن و نامەویْ شتی شەخسی باس بکەم. نەگینا هەر وەک گوینم نەداوەتە قسەو قسەلوکی پاشملەی پیریژنانە لە سەر بیرەوەریەکانم، هەر ئاواش قەلەمەکەم لە ئاست هیچ مەسەلەیەکی سیاسی کە پیوەندی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی میللەتەکەمەوە هەبیْو هەنگاوێک بیْ بو پیشکەوتنی باری سیاسی و کولتوری و ریکخراوەیی و یەکیتی روناکبیر و پیشکەوتو خوازانی کورد لە کوردستانی ئیران، نسکو نابا و لە رێگای راست لانادات. بەدلەو سوپاسی هەموو ئەو خوینەرو دوست و برادەرانەش دەکەم کە رەخنەی داهینەرو دوستانە لە نوسینەکانم بگرن و برایانە بو راست کردنەوەی کەم و کوکوریەکان یارمەتیم بدەن.

گەرانەوەم بۆ دەفتەری سیاسی

لەبەرگی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە کاتی سەفەرم بۆ ئوروپا دەفتەری سیاسی و ناوەندی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتم لە ناوچەی مەهاباد لە دۆڵی دێموکرات مەڵبەندی گەورکان بەجێ هێشتبوو. ئەو رۆژەی من دەرۆیشتم لەولای گوندیمیراوێ توشی کورەکانی بەشی رادیۆ و چاپەمەنی حیزبی بووم کە دەبانگوێزتەوەو بەرەو سنوری کوردستانی عیراق لە چۆمی پەریبوونەوە.

درای گەرانەوەم کەنیزیکەی شەش مانگی خایاند، دەفتەری سیاسیو دارو دەستەی سەرکردایەتی حیزبم لەناوچەی ئالان نیزیک بە سنووری کوردستانی عیراق گرتەوە. لە بەفرێکی زۆرو سەرمایەکی سەخت دا بەزەحمەت لە هەورازی(زەرتک)سەر کەوتم ولە ئاقاری بێتوشێ بە دیوی ئالانیدا چوومە خواری کە چوونەخوارەکەشی لە سەرکەوتنی هەورازەکە دژوار ترو ناخۆشتر بوو.

رۆژی ۹۸۳/۲/۱۵ لای نیوە رۆ گەیشتمە بێتوشێ. لە دیوی ئالانینە بەفر هەبوو نەسەرما. رەنگ و بۆنی بەهارێ قەتپاڵەکانی چیای گرتبۆوەو دەهات بۆ دەشتایی داکشێتە خوارێو باخ و باخاتی ئالان برەنگێنێ. دەفتەری سیاسی لە خوارەوەی گوندی بێتوشێ لە شوێنێک بە ناوی(مەرزە) سەقامگیر ببوو. بەلام بنکەی پرسیار و خەبەردان و رێنوێنی لە بێتوش دانرابوو. پۆلێک پێشمەرگە لەو بنکەیە دانرابوون.

چومە بنکەو تەلیفونیان کرد بۆ دەفتەر، گوتیان بێتە خوارێ. پێشمەرگەکانی رێکخراوی (باژار) لەوێ گەرانەوە و لە گەڵ برادەرێکی چارساخ چوومە خوارێ بۆ دەفتەری سیاسی. پاش حەسانەوەو نانخواردن،

دەوری سەعات چوار دوکتور قاسملو لەدوای ناردم بچمە لای. لە تەنیشت بارەگای دەفتەر و ژووری نانخواردن و هۆدەی برادەران، دوکتور لە ژوورێکی جیاواز دەژیا. بەدرێژی باسی سەفەر ورێگاو چوونی موسکو و وەلأم و هەلوێستی رووسەکانم بۆ گێرایەوە. لە هەلوێستی سۆڤێت و وەلأمیان زۆر نارەحەت بوو. هەر ئەوەندەی گوت :« پەشیوان دەبنەوە. » پاشان لەسەربارو دۆخ و هەل و مەرجی ناوچەی گەلی بەردەرەش و رێگاو بان و سەختی چیاو کەژ و کێو پرسیاری کرد. باسی نامەکەی منی کرد کە لە لاجانەوە نووسیبووم. گوتی: ئەوەی نووسیوتە هەمووی راستە، بەلأم چاریش نیە. دەستی کرد بە گلەیی و گازەند لە چەند فەرماندەی هێز و گوتی : ئێستا بە ناچاری فەرماندەی گشتی بەشی پێشمەرگە دیاری کراوە و کومیسیۆنێکی نیزامی دانراوە، بەلأم دەسەلأت بە دەست فەرماندەی گشتی‌یە.ئیتر نەیگوت کێ بۆتە فەرماندەی گشتی پێشمەرگە. پاشان گوتی:« جارێ یەک دوو رۆژان لێرە بحەسێوەو پاشان‌لە گەل دوکتور سەعید باسی گۆڤاری تێکۆشەر بکەن کە وەک بەرپرسی تەشکیلات ئەو بەسەری رادەگات. هەوەل رۆژی گەیشتمەوە دەفتەری سیاسی بە سەر دیمەنێکی فرە دزێو وناحەزونا ئینسانیداکەوتم. پێشمەرگەیەکی برینداربە ناوی رەحمانە چکۆلە(یان نازانم چ چکوۆلەیەک) بریندار ببوو بۆ دەرمان و چاکردنەوە ناردبوویانە پاریس‌و تازە لە فەرانسەوە هاتبۆوە، یان هێنابوویانەوە.

دوکتور سەعید لە سالۆنی دانیشتن بە گژی داهات و لەو پەری زار شڕی و سوکیدا جنێوی پێدەدا. تاوانی ئەوە بوو کە لە پاریس لە نەخۆشخانە کەوتوە، کەس سەری نەداوە، کاک عەزیزی ماملێ وەک ئینسانێک چۆتە لای و سیغار و شتی بۆ بردوە. کابرا کە هاتۆتە دەر بۆ سوپاس لە جوامێری کاک عەزیز چۆتە مالیان. دیارە ...

خزمەتگوزار و فسزسەکانی دەفتەری حیزب لە پاریس‌ئەو خەبەرە گرنگەی وەک خزمەتێکی حیزبی بۆ دوکتور سەعید ناردوە که چکۆڵە چۆتە ماڵی عەزیزی ماملێ. تاوانێکی گەورە !! دەستبەجێ فەرمان دراوە کە بینێرنەوە هەر چەندبە گوێرەی بریاری دوکتور دەبوایە بۆکۆنترۆڵ و چاپوونەوە جارێ لە پاریس مابایەوە. کابرا ناچارگەرابۆوەو گەپشتبۆوە کوردستان. خۆ ئەگەر کوژرابا و یا لە نەخۆشخانە نەهاتباوە دەرێ زۆر پەرەحەتتر دەبوو. بەو تاوانە گەورەیە !! کەوتبوە بەر زمان شڕی بەر پرسی تەشکیلات.! من پێم گوت: لام وایە نەدەبوایە ئاوا بەسەری دابێنی.

رۆژی دوایی چوومە بێتوش سەری سەرهەنگ قادری بدەم. لەوێ زانیم دوکتور قاسملو کە بە عومری خۆی گوللەیەکی نەتەقاندوە و لە سەر شێوەی بەرەکانی و شەری پارتیزانی دێرێکی نەنوسیوە خۆی کردۆتە فەرماندەی گشتی‌هێزەچەکدارەکانی حیزبی دێموکرات. ئەوانەی لەوێ بوون گلەیی و بۆڵەیان بوو دەیانگوت :ئێستا وای لێ هاتوە ئەگەر فەرماندەی هێزێک یا لقێکی پێشمەرگە لە جەبهە و لە جەنگەی شەردا پێویستی بە فیشەک و تەقەمەنی هەبێ، تا دوکتور نەزانێ و ئەو ئیمزای نەکا، لە عەمبار وەرناگیرێ و بۆی ناچێ. دەیانگوت ئەو هەموو ئەفسەرانە هەن، دوکتور لە باری نیزامیەوە پسپۆر نیە. گوتم : خۆتان نارەحەت مەکەن. یەکەم دوکتور بە بریاری کومیتەی ناوەندی و یا دەفتەری سیاسی بۆتە فەرماندەی گشتی. دووەم هەر دوکتور قاسملو وای نەکردوە. ئەوەتا خومەینی بە عومری خۆی هەر مەلایەتی کردوەو لە حوجران خەریکی فەقێیان بوە، ئێستا بۆتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران و لە شەری سێ مانگەدا فەرمانی دەدا کە هێزی دەریایی بڕوا بۆ کوردستان.!! یان سەدام حوسێن، کابرایەی سەر سەری‌و

لات بوە وتەنانەت پۆلی ناوەندی مەدرەسەشی تەواو نەکردوەو نە چۆتە سەربازیش. ئەوا ئێستا بۆتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق و دەرەجەی ژەنرالیشی لە سەر شانی داوە. پێویستە کومیسیۆنی پێشمەرگە نەخشەی شەر بکێشێ‌و دوکتوریش چاوەدێری دەکات. ئێواری گەرامەوە بۆ دەفتەر. دوکتورقاسملو گوتی:« لە گەڵ دوکتورسەعید دامان ناوە بچیە گوندی دولکان. برادەرانی رادیۆ لەوێن. ئێستا کاک فەتاحی‌کاویان بەر پرسی رادیۆە. تۆش کاری خۆت لە رادیۆدا درێژە پێ بدەی و هەر لەو ب‌نەندا بەرپرسیەتی نامیلکەی تێکۆشەر بگریە ئەستۆت. دیارە بەر پرسی ئەسلی دوکتور سەعیدە کە بەر پرسی تەشکیلاتی حیزبە. پاشان گوتی :« شتێکم بە دەستەوەیە لەسەر سوسیالیزم. رەنگە سبەینێ بەشێکی تەواو بکەم. بۆت دێنم بیخوێنەوە. بەشەکەی دیکەت بۆدەنێرم بۆدولکان، دوای خوێندنەوەی بیرورای خۆتم‌بۆ بنوسە.» رۆژی دوایی دوکتور ١٧ لاپەرەی نوسراوەکەی بۆ هێنام. گوتی : پاک نوسم نەکردوە بەڵام تۆ خەتی من دەخوێنیەوە. ئەوی دیکەشت بۆ دەنێرم.

هەڵداشتن بۆ دولکان

ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٩ ئێسترێکیان ساز کرد، هێندێ پێخەف و دۆشەگیان لێ قایم کرد و سواری ئێستریان کردم لەگەڵ خاوەن ئێستر و پێشمەرگەیەک بەرەو دولکان پاڵیان پێوە نام. بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی حیزبیش لەوێ بوو، کاک مستەفای شەڵماشی کرابوو بە بەرپرسی چاپەمەنی حیزبی. لە نێو برادەرانی کادری ڕادیۆ کە بە جێم هێشتبوون، دوکتور خەلیقی زیادی کردبوو. دیاربوو ببوە ئەندامی حیزبی. بەڵام ئەندامێکی ئازاو زاناو بزۆز و ڕەخنەگر و بە گلەیی. پەروین خانمیش‌کە پێش سەفەری من کادری ڕادیۆ بوو، دەنگیشی بۆ ڕادیو شازو بێ وێنەبوو، کەمی کرد بوو گوێزراوەوە بۆ دەفتەرخانەی حیزب، سەر بە دەفتەری سیاسی‌و بەڵام نەمزانی لەوێ کاری چبوو. لەدولکان لە گەڵ پێشمەرگەیەک، یا کادرێک بە ناوی مستەفا کە خوارزای کاک جەلیلی گادانی بوو، ئێستاش نەمزانی‌ئەودەم ئەرک و وەزیفەی لەم حیزبەدا چبوو لە گەڵ عەلی عەجەم کە لە بەشی ئازەری لە ڕادیۆدا دەپەیڤی‌و قەتیش پێش سەعات دە لە خەو ڕانەدەبوو، لە ژوورێکیان دانام. باشبوو مستەفا کوڕێکی ڕوح سووک و چالاک بوو. کاتی خواردن نان و چێشتەکەی دەهێنا، چایی ساز دەکرد و زۆری لێ ڕازی بووم و لاوێکی ئینسان و بە ئەدەب بوو.

هەر ئەو شەوەی گەیشتمە دولکان دوکتور خەلیقی هاتە لام. زۆری پێ نەچوو کاک فەتاحیش هات. لێیان بور بە شەڕە دندوکە و دوکتور هێندێ نامەی لە ناوچەی سنەوە بۆ هاتبوون، ئەوانەی کردبوە بەڵگەو

رەخنەو کلەیی دەست پێکرد بوو. بەلاّم هەر دەردی دلّو ئاخافتنی بێ ئاکام بوو وهیچیتر.دوکتور ئەیدەزانی کە لە حیزبی دێموکرات دا رەخنە و رەخنە لە خۆ گرتن نرخی نیە،

کاک فەتاح بێ ئەوەی لەگەلّ من‌کە تازە لەسەفەر گەراومەوە و ئاگام لە بەرنامەو شێوەی تازەی کاری رادیۆ نیە باسی کارو ئەرکم بکا، چۆوە ژوورەکەی خۆی. تەماشام کرد بە مستەفادا کوتە کاغەزێکی بۆ ناردبووم و لێی نووسرابوو: «کاک کەریمی حسامی. یەک شەمۆ. سێ شەمۆ، ٥شەمۆ، ٣ مەقالە لەسەر مەسایلی ئێران و کوردستان و هەروەها رووداوەکانی گرینگی دنیا.

تێبینی: مەقالەکان رۆژێک پێشتر هەتا چوارو نیوی ئێواریێ تەحویلی فەتاح بدرێن. بە سوپاسەوە، فەتاح کاویان ٢٨/١١ -»

نوسراوەکەم وەرگرت و جارێکی دیکەش کەوتمە بیری فیداکاری ئەم میللەتەوکاراکتێر و خسوسیاتی ئەم کەسانە کە بە سەر داکەوتوون و بە ناهەق رێبەرایەتیان گرتۆتە دەست. کابرا هەموو ژیانی لە خزمەت لە دائیرەکانی رێژیمی چەپەلّی پاشایەتیدا بردۆتە سەر و یا ماموستای زمانی ئیگلیزی بوە. نەکاری سیاسی کردوە و نە زانیویە هاوکاری حیزبی چۆنە. ئێستا دوکتور قاسملو کردویە بە رێبەر و ئاوا فەرمان دەدات.!!.مەقالە نووسین بۆمن مەسەلەیەک نەبوو، کوتە کاغەزم وەرگرت و گوێم نەدایە.

رۆژی ٨٣/٢/٢٤ کاک مستەفای شەلماشی و کاک فەتاحی کاویان بۆ کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی دەچوون. لە سەر ئەوەی رانەوەستام کە دوکتور قاسملو بەشی دوەمی نوسراوەکەم بۆ بنێرێ، نامەیەکم بۆ نوسی و رامگەیاند کە بە بیرو رای من ئەم بەشەی نوسراوەکەت کە پێوەندی بە دەورانی ستالین و بارودۆخی سۆڤێتەوە هەیە، ئەگەر هەمووشی راست بێ، نووسینی زیادیە و پێوەندی بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە

نیه. ئێمە حیزبێکی دێموکراتین و کاری ئێمە نیە خۆمان دەکاروباری نێو خۆی وڵاتانی سوسیالیست و حیزبە کومونیستەکان هەڵقورتێنین. ئەم نوسراوەیە یارمەتی بە پێشکەوتنی خەباتی حیزبی ئێمە ناکات. لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە کەم و کوڕی حیزبە کومونیستەکانەوە ماندوو بکەین، با خەریکی کاروباری خۆمان بین و ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی ناتەواویەکانی خۆمان بدۆزینەوە.

نامەکەم دا بە کاک فەتاح و مەسەلەکەم لە گەڵ ئەوان باس کرد. گوتم ئێوە لە دەفتەری سیاسی دەتوانن پتر لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە. هەرتکیان لە گەڵ بۆچوونی من یەکبوون. هەربۆیەش دەفتەری سیاسی لە سەر بڵاو کردنەوەی نوسراوەکە ڕێک نەکەوتبوو، ڕایان گرتبوو بۆ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی. لە کومیتەی ناوەندیش نە خوێنرابۆوەو بە ناوی کومیسیونی ئینتشاراتی حیزب بڵاویان کردبۆوە.

بە دوای ئەوەدا دوکتور سەعید ڕێنوێنی تەشکیلاتی حیزبی بۆ ناردم کە لەنامیلکەی تێکۆشەردا بڵاوی کەمەوە. بە ڕای من لەو نوسینەدادەستی کومیسیونی تەشکیلات لە وەدەرنان و لابردنی کادرو ئەندامانی حیزبی بە بێ لە بەر چاو گرتنی پێڕەوی نێو خۆی حیزب ناواڵە کرابۆوە. شوێنەواری دێموکراسی نێو حیزبی خرا .بوە ژێر پێ. ڕۆژی ٨٣/٢/٢٢ لە نامەیەکی درێژدا ڕەخنەو بۆ چوونی خۆم بۆ دوکتور سەعید نووسی.٨٣/٢/٢٨ کاک سەعید نامەیەکی بۆ ناردبووم و دوای ڕوونکردنەوەی مەبەستی وتارەکەی خۆی و ڕوونکردنەوەی ئەرکی بەر پرسی شانەو یەکێتی .لاوان، نووسیبووی :«جا ئەگەر تۆ ئەوەت پێ باش نیە بیگۆڕە. بەڵام دەبێ لە جێگای ئەو ڕوونی کەینەوە کە لەو جێگایەدا کە ئەندامان لە بەر هێندێک شت ناتوانن بۆهەڵبژاردنی سەرشانە بگەنە یەک دەبێ چبکەن؟ پێم وایە ئەگەر پرسێک بە کاک مستەفاش بکەی

زەرەری نەبێ. ئەو لەم بارەدا پێم وایە ئاگاداری زۆرترە.» دوکتور سەعید لە ئاخری نامەکەشدا نووسیبووی :« کاک کەریم گیان داوای لێ بووردنتان لێ دەکەم ئەگەر هێندێک درێژ دادڕیم کرد. وادیارە هەر کەس بێتە تەشکیلات وەک کاک جەلیلی لێ دێت...جا جارێ خوا حافیزیت لێ دەکەم و چاوەڕوانی تێکۆشەری ژمارە ٤ و سابیقەی تێکۆشانی حیزبی و چاپی ئەم گەلاڵەیەدەکەم.» برای پچوکتان سەعید بەدل. ٦١/١٢/٩.»

لە دولکان نیشتەجێ بووم. ڕۆژانە دوای تەواو بوونی بەرنامەی رادیو لە ژوورەکەم خەریکی وەرگێڕان و نووسین دەبووم. یا سەرە بەهار بە دم جۆگەو جۆباری پەنا دولکاندا هەڵدەکشام و هێندێ پنگەو گیای بەهاریم کۆ دەکردەوە و دە هاتمەوە. دوکتور خەلیقی بەدایم دەهاتە لام ودەستی بە قسەی خۆش دەکرد و پتریش رەخنەو گلەیی لە شێوەکاری حیزبی‌بوون. من لەگەڵ رێزگرتن لە ئاخافتنەکانی هەمیشە دەمکوت پشوت لە سەر خۆبێ. دوکتور خەلیقی مرۆیەکی زاناو و قسەزان وزمان پاراو و دڵناسک بوو. هەستم کرد تەنیا لە کن من سێبوری دەهات. هەر چەندە زۆر کاتی دەگرتم، بەڵام قەت وام نەکرد هەست بە ساردی بکات. هێندێ لە برادەرانی حیزبی‌کومونیستی‌عیراق، کەمێک دوورلە گوندی دولکان لە موچەی‌هاونیشتمانێکی جوامێر بنکەیان هەبوو. رۆژێک ویستم بچم سەریان بدەم. دوکتور خەلیقی گوتی منیش دێم. برادەران میواندارێکی فرە دۆستانەیان کرد. دوکتور خەلیقیش باسێکی رەخنەو هێرشی بێ جێی دامەزراند، من لە چونەکەم پەشیوان بوومەوە.

بۆ نەخۆشخانەی سنجوێ

ڕۆژی ٩٨٣/٣/٧ لایەکی شان و باسکم دەستیان بە ژان کرد و ئازارو ئیشەکە لە تام دەرچوو. تەواوی شەو لەسەر پێیان لە هاتو چۆدابووم وئارامم لێ هەلگیرابوو. ژانەکە ڕاست لەو شوێنە بوو کە ساڵی ١٩٨٠ لە زیندانی بەعس‌دا توشم ببوو. نەخۆشخانەی حیزب لە خوارەوەی (بێژوێ) لە (سنجوێ) بوو. بەیانی برادەران ولاخێکیان ساز کردو لەگەڵبرادەرێکی پێشمەرگە بۆ نەخۆشخانە. لە نیزیک گوندی (بێژوێ)نەخۆشخانەی کۆمەڵەی لێبوو. زانیبووم کە دوکتور محەمەدی ڕەحیمی کوری ماموستا مەلاساڵحی نەغەدە لەوێیە. بە کاکی پێشمەرگەم گوت: لێرە لادە، دەچمە کن دوکتورمحەمەدی. گوتی : ئەو کۆمەڵەیە چۆن دەچی؟
گوتم براله راستە . با کۆمەڵە بێ. یەکەم دوکتورە. دووەم کوری ماموستا مەلا ساڵحی‌یە. دۆستی منە. لاماندا. زۆر نارەحەت بووم. کە چووینە ژوور، هەر بە دیتنی دوکتور و بە پێشوازی گەرم و برایانەو ڕووخۆشی‌و موحیبەتی، تا ڕادەیەکی زۆر ژانی شان و باسکم کەم بۆوە . دوکتور تەماشای کردم و چەند حەبێکی دامێ و نوسخەیەکی بۆ نووسیم، لە ترسی سەکتەو شەلەلیش دڵنیای کردم. پاشان چووینە نەخۆشخانەی حیزب. دوکتوری فەرانسی لەوێ بوون دوای تەماشاو پشکنین دوو ئامپولیان لە باسکم دا و ژانی باسکم بە تەواوی شکاو ڕاست ئەو حەبانەیان دامێ کە دوکتور ڕەحیمی بۆی نوسیبووم. لای ئێواری گەڕامەوە بۆ بێژوێ و شەو میوانی کاک حەسەنی بینایی بووم. چەند برادەری دیکەشی داوەت کردبوون و شەوێکی خۆشمان بردە سەر. بەیانی

لەگەڵ مەلاخدری دڵەگەرمی کەبەر پرسی ڕێکخراو بوو چوومە خزمەت ماموستا مەلا شێخ عیزالدینی. زۆری پێخۆشبوو، دوای باس وپرسیار و ئاخافتن کە ویستمان ڕابین، فەوموی: نابێ برۆی فراوینێ لێرە دەخۆین و خودا چی بە نسیب کردین دەیخۆین. سوپاسی ماموستام کرد و گوتم دەچم سەرێکی برادەرانی ڕێکخراو دەدەم و بۆ فراوین دێمەوە.

دوای کۆبوونەوە لە گەڵ برادەرانی ڕێکخراو ،لەگەڵ مەلاخدری چووینەوە خزمەت ماموستا. زۆری پێنەچوو نانیان هێنا. بەو سەرە بەهارەی دڵمەی گەلا مێوی ناسکی تازە پێگەیشتوو لە رادە بەدەر بەتام و خوێ و لاقە قەلیشی نیوە نیوە لێکراو بە نێوئاخن. گوتم ماموستا تۆفەرموت چی خودا دای دەیخۆین. ئێستا بە خێر ئەوە خودا داویە؟ ئەوەی خودا دەیدا نسکینەو ماشینەی حیزبی دێموکراتە رەببی بەزیاد نەبێ. مەلا خدر پێکەنی و ماموستا فەرمووی ڕزق هەموو هەر خودا دەیدا. وەبیرم هاتەوە کە بورژوازی دەستبر و سوت و سەلەم خۆریش تەتەڵەیەکیان لە دوکانێ هەڵاوەسیبوو لێی نووسراوە: (الرزق علی‌الله). کەسیش‌نیە خوا بلاوێنتەوەو لێی بپرسێ ئەم رزقە بۆ هەر دەدەی بەو دەستبڕ و چاو چنۆکانەو لە پەنا ئەوانیش دا هەزاران هەژار و هەتیو و لێقەوماو لە برسان دەمرن ؟!!.

ڕۆژی ٩٨٣/٣/١٣ خەبەری کوشتاری خەڵکی گوندەکانی دیلانچەرخ و کەریزەی شکاکانمان بۆ هات. جاش و پاسدار وەنێو ئەو گوندانە کەوتبوون ٤٠ کەسی بێ‌چەک و بێ دیفاع و بێ‌تاوانیان شەهید کردبوو.منداڵی ٣ساڵەش لە نێو شەهیدەکاندا بوو.

پاش چەند مانگ نامەیەکی منداڵەکانم بۆ هات. کاک هاشمی کەریمیش نامەیەکی ئەحواڵپرسی ر بە خێر هاتنەوەی بۆ نوسیبووم.

ڕۆژی ٩٨٣/٣/١٥ کاک فەتاح داوای کرد دوای نیوە رۆ کۆبوونەوەی

کادری رادیۆ ورۆژنامە هەبەو برادەران پێویستە هەموو ئامادە بن. من چەند رۆژ پێشتر نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیبوو، کەمو کوڕی کاری تەبلیغات و چاپەمەنیم وەبیر هێنا بوونەوە. لام وابوو کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم مەبەستەیە. سەعاتیچواربرادەران کۆبوونەوە و کاک فەتاح دەستی پێکرد:« لێرە هێندێ لە برادەران دژی بەنیسەدرو شورای میللی مقاوەمەت قسە دەکەن. ئەوە راست دژی رێبەرایەتی حیزبە. ئێمە ئێستا لە شورادایین و کەس هەقی نیە دژی شوراو بەنی سەدەر قسان بکا.

کاک تەهای عەتیقی گوتی :«کاک فەتاح بۆ راستەو راست دەری نابڕی؟ هێندێ برادار نین. منم. من گوتومە و ئێستاش دەیڵێمەوە کە بەنی سەدر نەنگی جامیعەی ئێرانە. لەم کوردستانەش جگە لە دەفتەری سیاسی هیچ کەس بەنی سەدری ناوێ.»

کاک فەتاح هەڵبەزیەو توڕە بوو گوتی :«ئەوە دژی حیزبە و کەس هەقی نیە ئەو قسانە بکا و تۆپ و تەشەر.»

گوتم: کاک فەتاح ئەم تورەیی و هەڵبەزینەوەی ناوێ. یەکەم کاک تەها لە نێو خۆیاندا قسەیەکی کردوە، هەتیوێکی خوێری رووی بابی رەشبێ هاتوە خەبەری بۆتۆهێناوە، ئیتر نابێ بکرێتە مەسەلە.(هەتیوی خوێریش کە بۆ جاسوسی‌یان راگرتبوو لەوێ دانیشتبوو) دووەم مەسەلەی چوونی نێو شورا وەک بریاری حیزب لەگەڵ باسکردنی بەنی سەدر فەرقی هەیە. سێیەم ئێرە کۆبوونەوەی حیزبیە، جا ئەگەر ئەندامێکی حیزبی لە کۆبوونەوەی حیزبی‌دا نەتوانێ رای خۆی دەر ببڕێ، ئیتر ئەوە حیزبایەتی نیە.»

کاک مستەفای شەلماشی و دوکتور خەلیقی پشتی ئاخافتنی منیان گرت. کاک فەتاح بە تورەیی کەوتە دیفاع لە بەنی سەدر و گوتی:«

ئاخافتن دژی هاوپەیمانەکانی ئێمە، راست دژایەتی حیزبە.»
گوتم: کاک فەتاح وانیە. وەنەبێ هەرچی ئێوە کردتان راست بێ. ئێوە چون لە گەڵ اتحادیەی کومونیستانیش لە شورادا بوونە هاو پەیمان. منیش پێم وایە بەنی سەدریش و اتحادیەی کومونیستانیش سەریان بە ئەمریکاوە بەندە. نوسراوەکانی رۆژنامەی حەقیقەتم لە بیر ماون کە چی یان دژی حیزبی دێموکرات دەنوسی.»
فەتاحی کاویان و بیهروزی کورد ئەحمەدی کەوتنە دیفاع لە بەنی سەدرو اتحادیەی کومونیستان. کاک فەتاح گوتی:« کاک کەریم دەبێ ئەو قسانە بنوسی.» گوتم نوسینی ناوێ. ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە بە رای من ئێوە چوون لە گەڵ کلکی ئیمپریالیزم بوون هاو پەیمان. کاک فەتاح گوتی:« زور باشە، دەفتەری سیاسی ئەشێ ئەوە روون کاتەوە.»
بەیانی کاک فەتاح زوو زەنگاڵی لێ هەڵکێشاو بەرەو بێتوش داگەرا خوارێ. دەچێتە دەفتەری سیاسی و دەیکاتە دادو هاوار و ئەوەی بوەو چەندیشی پێوە ناوە خۆی زانیویە. دوکتور قاسملو دەڵێ :« ئەو هەرایەی ناوێ. برادەرێک قسێکی کردوە، ناکرێ بیکەینە مەسەلە. باشبوو کاک فەتاح دووسێ رۆژبەم بیانوە خۆی لە نسکێنەی دولکان شاردەوەو لە دەفتەری سیاسی تۆڵەی کردبۆوە.!!
رۆژی ٩٨٣/٣/١٩ -- ٣١کەس لە لاوانی ناوچەی شنۆ پاش ئەوەی کە پاسدار تینیان بۆ هێنابوون کە دەبێ دژی حیزب چەک هەڵگرن، بە کۆمەڵ هاتبوونە دەر و گەیشتنە دولکان. زۆریانم دەناسی. چوومە نێویان و رەسمم لێ هەڵگرتن. درای حەسانەوە، بەرێکران بۆ کلاسی نیزامی. رۆژی دوایی سەرهەنگ قادری و سەروان شاهۆ لە بانە دەگەرانەوە هاتنە لای من. باسی بارودخی ناوچەی بانەیان کرد. دەیانگوت : ماوەی . ؟ رۆژە گوندەکانی (ئەمەل، دۆڵهەرزن، سەبەتلو، بنەخوێ، پاکوپاوە.

سوێرون،)لەلایەن پاسدارو ئەرتەشەوە گەمارۆ دراون. دەیانەوێ بە زۆری چەک بە ستۆی خەڵک دابڕن و بیان نێرن بۆ شەری دژی حیزبی دێموکرات. خەڵک چەک هەڵناگرن و لە مزگەوتەکاندا کۆبوونەوە.

نەورۆزی مات و بێ بەرنامە

نەورۆزی ساڵی ١٣٦٢ی ئێرانی(١٩٨٣/٣/٢١) مان لە دولکان لە بارو دۆخێکی خۆماڵی و هاورێیانەدا بەرێوە برد. هەر چەند زۆر کەس لە نیشتمانپەروەرانی گوندی بۆ پیرۆزبایی هاتبوونە لامان، بەڵام سێبەرێکی غەریبایەتی پێوە دیار بوو. لەو ماوە کەمەدا لەگەڵ زۆر کەس لە دانیشتوانی گوندی دۆستایەتیم پەیدا کردبوو. زۆر دەهاتنە لام و داوەتیان دەکردم. بە تایبەت لە گەڵ مەلای گوندی کە پیاوێکی فرە روح سووک و زاناو خۆش قسەبوو، ئێوانم خۆشبوو. چەند جار بۆ نانخواردن داوەتی کردم. رۆژێکیان یەک دوو برادەری خەڵکی گوندی گوتیان : کاک کەریم زۆر ناشیرینە تۆ سمێڵت نەبێ. هەستم کرد سمێڵ تاشینم لە نێو گوندیش جێگای باسە. ناچار سمێڵێکی ناحەزم بۆ خەڵکی گوندی دولکان هێشتەوە. ئەو برادەرانەی کە بۆ کاری رادیۆ و چاپەمەنی لە دولکان کۆکرابوونەوە، هیچمان رۆژانە لە نیو سەعات پتر کارمان زیاتر نەبوو. من بە توندی خەریکی وەرگێرانی کتێبی (ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە) بووم. ئەوانی دیکەش نازانم چیان دەکرد. تکامان لە کاک فەتاح کرد کە رۆژێ سەعاتێک دەرسی ئینگلیزیمان پێ بڵێ. زۆر بە روح سوکی قبوڵی کرد. چەند کەسمان دەستیکرد بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی. من نە لە مەدرەسەم خوێندبوو، نەماموستای تری ئینگلیزیم دیتبوون. بەڵام بروام پەیداکرد کە نابێ ماموستای باشتر لە کاک فەتاح بۆ فێر کردن هەبێ. خۆزیا هەر دەرسی ئینگلیزی گوتباوەو خۆی تووشی ئەم قورە کاریە نەکردبایە.!!

رۆژی ١٩٨٣/٣/٢٥لەم نوسراوەی خوارەوەم لە لایەن کومیتەی شارستانی سەردەشتەوە پێگەیشت. ئەمەش دەقی نامەکەیە

« نەورۆزتان پیرۆز. بە ڕێز هاوڕێ کەریمی حسامی .

سلاوێکی گەرم. بە بۆنەی دەست پێ کردنی سالی نوێ و بەهاری نوی، ڕۆژی مەزنی نەورۆز، جیژنی کونی کوردەواری ڕوژی خوشی و شادی جوانترین ورازاوەترین پیرۆز بایی خومانتان پیشکەش دەکەین. هیوایە لەسالی نوێدا خەبات و تیکوشانی خوتان بۆ وەدیهینانی ئامانجی گەل و دروشمی حیزب«دیموکراسی بو ئیران و خودموختاری بو کوردستان» و هەروەهابۆ بەر پەرچدانەوەی پیلانەکانی دوژمنی کونە پەرست لە بەهاری نویدا، وەک جاران پەرە پێ بدەن و بە لە خۆبردویی و فیداکاری بێ وێنەتان ئیسپات کەن کە ڕێبازی شەهیدانی سورخەلاتی گەل بەرنادەن و ڕێبواری بە ئەمەگی ئەوانن ریەر دەوامن لە سەر خەبات، خەبات بۆ ڕوخانی ڕێژیمی خومەینی.

دلنیاین بە قارەمانەتی ئیوە، ئیوەی تیکوشەر و پیشمەرگەقارەمانەکانی حیزبی دیموکرات تا زالبونی فریشتەی ئازادی و بەختەوەری بە سەر دیوە زمەی ڕەشی کونە پەرستی، چەک لەشان و گیان لە سەر دەستپاریزگاری لە شەرەف و ناموسی گەلیچەوساوەمان دەکەن.

دەستتان دەکوشین. نەورۆزتان پیروز بایی پێ دەلێین. بە ئاواتی ئەو ڕوژەی سەربەستی نەتەوەکەمان لە داهاتویەکی نیزیکدا جیژن بگرین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان.کومیتەی شارستانی سەردەشت ١٣٦٢/١/١٠»

رۆژی ١٩٨٣/٤/٨ ئیوارەیەک ماموستایەکی خەلکی دولکان هاتە لام. ژورەکەی من دەیروانیە چیایەکی بەرزیە ناوی (گمۆ) لە کوردستانیدابەشکراو. گۆیانەوچیایەعیراق بوو.!! ماموستا بۆی باسکرد.

کە ساڵەکانی ٧٥-٧٦ هێلیکۆپتەرەکانی عیراق چۆن گوندەکانیان سوتاندوەو چەندە قاچاخچی لەم کەژو کێوەدا لە سەرمان قڕ بوون.

١٩٨٣/٤/١. مەلا محەمەدی خزری پەیدابوو، مەلاعەولای حەیاکی نامەیەکی دابوویە کە لە تەشکیلاتی سەردەشت کارێکی بدەنێ. بەڵام وەدوای کڵاوی خوار کەوتبوو، چونکە کاریان بەو کەسانە نەدەسپارد کە بەراست یا درۆ بە چەپیان دەزانین. بە تایبەت مەلا محەمەد یەکێ لەو کادرە چالاک و ناسراوانەی ناوچەی شاروێران بوو چەپایەتیشی کرد بوە کۆڵە پشت و لە خزی قایم کرد بوو.

رۆژی ٩٨٣/٤/١٢ هێندێ کەسی خەڵکی بۆکان و شامات و سەقزی هاتن کە رێگایان بدەن چاریان بە کورو خزمیان بکەوێ کە بە تاوانی بیروڕای جیاواز لە گەڵ حیزبی دێموکرات دووساڵ بوو لە گرتوخانەی حیزب دابوون. رێگای دوو سێ رۆژیان بریبوو، دووشەو ورۆژ لە وێ مانەوە، بەڵام رێگایان نەدان و بە ناهومێدی گەڕانەوە.

٩٨٣/٤/١٦ لە وەرگێرانی کتێبی(ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە) بوومەوە. کەلێ شادبووم کە توانیومە بیکەم بە کوردی و بڵاو بێتەوە. لە گەڵ دوکتور سەعید باسم کردو گوتم : چاپی بکەن و بە قازانجی حیزب بیفرۆشن. دەکرێ ناوی من یا ناوی حیزبی دێموکراتیشی لە سەر نەبێ. دوکتورسەعیدگوتی ئەوە بۆحیزبی ئێمە نابێ و کاری وا ناکەین.

رۆژی ٩٨٣/٤/٢١ لە گەڵ کاک فەتاحی کاویان چووینە دەفتەری سیاسی. شەو هاونیشتمانێکی خەڵکی (مەرزە) دەفتەری سیاسی بە هەموو دەستەو دەیارەوە داوەت کردبوو. دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید نەهاتن. برادەرانی لە دەفتەر بوون بەخری چووین تا کابرا دڵی نەیەشێ. شەو خەبەری گرتنی پێگەی سارتکێ و شەری شنۆیە هات کە دەستی چاکیان لە پاسداران وەشاند بوو.خەبەرێکی خۆشبوو.

بەیانی چومە بینتوشێ لای ماموستایەک کە چەند جار لە دولکان هاتبوە لام. کتێبخانەیەکی شازی پڕ لە کتێبی باشی هەبوو. چەند کتێبم بە ئەمانەت لێوەرگرت و شەو لە گەڵ فەریدونی میتران چووینە ماڵی ئەوان. لە گوندێکی چەپەکی چەند ماڵی، خانوێکی پەیدا کردبوو. بە هەموو ماناوە ماڵێکی لێقەوماوی ئاوارە بوو. بە داخەوە منیش بە دەستی بەتاڵ چوبووم و لەسەر دڵم بوە داخ و لەبیرم نەدەچۆوە. لە ماڵی کاک فەریدونی لە گەڵ ماموستا (حەشمەت)ی هەورامی کە میوانیان بوو بوومە ئاشنا. پیاوێکی تێگەیشتوو، روناکبیر، ئەدەبدۆست و قسە خۆش. شارەزای شیعری گۆران و مەولەوی و زۆریشی لە بەر بوون. شارەزای زمانی ئینگلیزی. شەوێکی فرەخۆشمان رابوارد. بەیانی من گەڕامەوە بۆ دولکان.

رۆژی ٩٨٣/٤/٢٣ نامەیەکی کاک شەهاب عوسمانم بۆ هات، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان. برادەرانی یەکێتی نوسەران بە دوام دا چووبوونە دەفتەر و نەیاندیتبومەوە.!! واتە شوێنی منیان پێ نەگوتبوون. ئەوانیش ئەم نامەی خوارەوەیان لە گەڵ گۆڤاری ژمارە ٦ و گزنگی ژمارە٢ بۆ ناردبووم. ئەمەش دەقی نامەی کاک شەهاب عوسمانە بۆ یادگاری:

« ماموستای بە رێزو خۆشەویستمان کاک کەریمی حسامی .

سلاو وڕێزو خۆشەویستی. بە هیوای شادی و سەر کەوتنتم. بە ئومێدی بەرهەمی زۆر و پڕ لە سود بۆ ئەم گەل و نیشتمانە.

ماموستا ..بە راستی دەمێکە عەودالی ئێوەین، شوێن و جێگات بزانین. تا هەم لە بەرهەمە بە نرخەکانت بێ بەش نەبین، هەم وەک ئەندامێکی بەرێزو خۆشەویستی یەکێتی نوسەرانی کوردستان دەوری خۆت ببینی. لە بەر ئەوە گلەیی‌یەکانت لە سەر چاوان. بەلام مەسەلەکە تەنیا ئەوە بوو کە

نەمانزانیوە چۆن بتگەینێ. پێشتر بە هۆی کاک رەفیق صابرەوە چەند ژمارەیەکمان بۆ ناردی. ئیتر دەنگتان نەما. لە راستیدا بە رێزتان جێگایەکی تایبەتی لە لای ئێمە هەیە. هەر بەرهەمێکت هەبێ چ بۆ گۆڤارەکان یان نامیلکە و کتێب ئامادەین بۆتی چاپ کەین و هیوادارین هاوکاری و پەیوەندیت زیاتر بێ لە گەڵماندا بۆ خزمەتی وشەی رەسەنی کوردی.

برادەران کاک سامی شورش و کاک محمد موکری و ...هتد ئێستا چونەتە ئیجازە بە هێندێ ئیش و کاری نوسەران کە هاتنەوە بێگومان دێنە خزمەتت وتۆش‌هەروەها دەبێ سەردانمان بکەیت بە تایبەتی ئێستا کە نیزیکین و بارەگامان هێناوەتە سەرشیو - قزلبەگ لە نیزیک اعلامی یەکێتی نیشتمانی.

ئیتر هیوادارین لێمان زیز نەبیت و نامەو بەرهەمان بۆ بنێری. بە هیوای دیدار. سەرکەوتنتان ئاواتمانە. ١٩٨٣/٤/٢٣ شەهاب عوسمان ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان.

١ - تێبینی ئەگەر نامەو بەرهەمتان نارد بە ناوونشانی :مەکتەبی راگەیاندن یا ئیستگە لە ونشەوە بۆ یەکێتی نوسەرانی کوردستان - شەهاب عوسمان.

٢ -ژمارە ٦ی نوسەری کوردستان و ژمارە ٢ی گزنگم بۆ ناردی.»

٩٨٣/٤/٢٦ کاک هاشمی کەریمی و خێزانی هاتن. زۆر ئیسراری بوو کە بچم بۆ لایان. شەترنجێکی جوانم دایە، هەر چەند زووتر هەر دەیدۆراند.

دانیشتن و وتو ویژ لە گەڵ دوکتور سەعید

رۆژی دوایی دوکتور سەعید هات، دوویەدوو دانیشتین باسی تەشکیلات بکەین. بە سەر فەرماندەکانی هێزدا هاتە خوارو بەناو بە کردەوەی دزێو تاوانباری دەکردن کە نامەوێ من ئەم قسانە دوو پات کەمەوەو ناویان بێنم. بەلاٛم تەنیا دیفاعی لە سەرهەنگ رەبیعی دەکرد. گوتم بناخەی کاری حیزبی تەشکیلاتە، لەم بارەوە حیزب لاوازە و دەتوانم بڵێم تەشکیلات نیە. ناشتوانن چاری بکەن چونکە لە کاری تەشکیلاتیدا تەجرویەتان نیە. پتر ئێوە فێری کاری ئیدارین. گوتی راستە: «ئەوەتاسەلیم وعوسمانی ئەسراری وعبدالحکیم کراونە بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچەکان هیوای چت بەو تەشکیلاتە دەبێ. لە کاری تەشکیلاتیدا تومان پسپۆری، تۆدەبوایە کاری ئێستای من بکەی. بەلاٛم راستیەکەی ئەوەیە ئێمە هێشتا خاتر جەم نین داخوا تۆسیاسەتی ئێمەت بە تەواوی قبوڵە یان نا.

ئەوەتا مەلا... نامەی نوسیوە کە تۆ گوتوتە تا ئەوانە رێبەری حیزب بن، لە عیراق بەدەر کەس یارمەتی حیزبی دیموکرات ناکا، جا بەم حاڵە ناتکەینە مەسئولی تەشکیلات کە بڕبڕەی پشتی حیزبە.»

گوتم: کاک سەعید قبوڵکردنی سیاسەت لە گەڵ رەخنە لە کەم و کوری فەرقی هەیە. لە حیزبی دیموکرات دا قەت یەکێتی فیکری نەبوە. من ئەگەر سیاسەتی گشتی حیزبم قبوڵ نەبایە، لە حیزبدا نەدەمام. باسکردنی رێبەرایەتی شتێکی سەیر نیە. من نازانم مەلا... چی نوسیوە، رەنگە ئەگەر چەند کەس لێک کۆبوونەوە باسی هەموو شت و هەموو کەس بکەن. ئەو سیستمەش کە خۆتان داتان ناوە، هەموو تەنەی حیزبی گرتۆتەوە. بەلاٛم خۆت دەزانی من هەرچی بە راستم زانیبێ و پێم باشبێ

بۆ جولانەوە رک‌وراست کۆتومەو بیروڕای خۆم نەشاردۆتەوە. وادیارە ئێوە حیساب لەسەر لێهاتووی ئەندام ناکەن، ئەوەتان پێ گرنگە کابرا زمانی نەگەڕێ و بیروڕای وەک ئێوە بێ، یا بە دووزمانی خۆتان لێ نیزیک کاتەوە.

گوتی : « فەرقی هەیە. ئەوەتا فەتاح و رەحیم و مارف لە تەشکیلاتی نەغەدە مارکسیستن و لە سەر کاریشن. بەلأم تۆ لەگەڵ ئەوان فەرقت هەیە. » پاسەکەمان دزستانەو رک‌و راست بوو. کاک سەعید راستی دەکرد رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بۆی گرنگ نەبوو کە مارکسیست و سوسیالیست و چەپی بەدرۆ و هتد لە حیزبدا بن، بەو مەرجەی لارە مل و بێ زمان و ماستاو سارد کەرەوە بن و ئاغا بەلێ بێژن. بەلأم نەدەبوو کاری تەشکیلاتی بە کەرێی حسامی بسپێرن، چونکە لە نێو حیزب و خەڵکدا ناسراو بوو، نەیدەتوانی لە ئاست هەلەو چەوتی و ملهوری دا بێدەنگ بێ. بەرژەوەندی خەڵک و حیزبی پێ لە هەموو شت گرنگتر بوو.

رۆژی ٩٨٣/٤/٢٧ کاک فەتاحی کاویان فەرمانی دابوو کە ناوی دەستەو پەلی ئەو پێشمەرگانە لە رادیۆدا نە خوێنرێنەوە کە لە شەردا فیداکاریان کردوە و سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. من دژی ئەم فەرمانە ئیداریە بووم. یەکەم لام وابوو بۆ تەشویق و دلگەرمی ناو خوێندنەوەیان پێویستە. دوەم کاک فەتاح بێ راوێژ لە گەڵ کادری رادیۆ بریاری دابوو.

بەلأم دوکتور سەعید لایەنگری فەتاحي بوو. دەیگوت با روحی خۆ هەڵکێشان لە نێو پێشمەرگەدا نەمێنێ. بۆ رۆژی دوایی کاک جەلیلی گادانی وەک بەرپرسی بەشی کۆمەلأیەتی لە مەلبەندی گەورکان مابۆوە، خەبەری نارد کە ناوی دەستەو پەلی پێشمەرگان بخوێنرێنەوە. بەلأم کەس جوابی نەدایەوە. پێم وابوو بۆ چوونی کاک جەلیلی راستتر بوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کاک جەلیل لە نێو خەڵکدا بوو، بە روحیەو بۆچوونی

خەڵک شارەزاتر بوو. لە کاتێکا کاک فەتاح لەم بوارەدا گیرەی لە هەولێر دەگەڕا. ئەو پتر لە قسەی خۆش و کاڵتەو گەپدا پسپۆڕ بوو.
ڕۆژی ٢٩/٤/٩٨٣ بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە بێژوێ داوەتی کردبووم کە بچم سەریان بدەم و لەگەڵ برادەرانی ڕێکخراویش دانیشتنێکم هەبێ. کە من چووم زانیم ماموستاش کۆبوونەوەیەکی مەلایانی هەبوە و بەڵام هیچ بەیاننامەی ڕەسمیان بڵاو نەکردبۆوە . لە گەڵ مەلاخدری دۆڵە گەرمی چوومە خزمەت ماموستا. مەلائەحمەدي عەبباسی لە خزمەت بوو. دەستمان کرد بە باسی سیاسەت. ماموستا لە رادە بەدەر لە سەر (کوردایەتی موتەرەقی) پێی دادەگرت. لە سیاسەتی کۆمەڵە لە بەر ئەوەی کە ناوی کومونیستی لە خۆناوە نارازی بوو. فەرمووی بروام بە سوسیالیزم هەیە کە تاقە ڕێگای ڕزگاریە بەو شەرتەی لە گەڵ هەل و مەرجی وڵات بێتەوە و لاسایی کردنی تێدا نەبێ.» لە سیاسەت لاماندا و هاتینە سەر بارانەی ڕۆژی پێشوو. ئەو ساڵە وشکانیەکی فرە بە قات و قڕی بوو. ئاسمان تەرایی لێ بڕابوو، دڵۆپی باران نەهاتبوە خوارێ. ناوچەی ئالان مێرگ و چیمەن و شینایی و گیا درووی نیە. ئەگەر باران نەبارێ ئاژەڵ و مەڕو ماڵات قڕیەتی. خەڵک زۆر هەراسان و پەشێوبوون. ڕۆژێک لە دولکان بووکە بارانەیان ساز کرد، لاو وهەرزەکارو گەورە کچ و منداڵ بە دوای بووکە بارانە بە نێو گوندا دەسووڕانەوەو داوای بارانەیان دەکرد. بۆچما ڕۆژی دوایی ئاسمان کونی تێ نەبوو؟ شەوڕۆژێک بارانلێی نەکردەوە.
کە باسمان دەکرد گوتم : ماموستا ! خوای گەورە لە فریای ئێمە نەهات، بەڵام چاک دەفریای خۆی کەوت. خەڵک زاریان لێکرد بۆوە. قۆڵیان لێ هەڵماڵی بوو، بارانی نەباراندبایە تیتۆڵیان پێوە نەدەهێشت. بەڵام زوو بە فیتی خۆی زانی و بەوەندە بارانە زاری خەڵکی بەست.

لەگەرانەوەدا لە دەرەوەی گوندی توشی کاک خالیدی عەزیزی بووم. بیستبووم لە کۆمەڵە جیا بۆتەوەو بە تەمایە حیزبی کومونیستی کوردستان دابمەزرێنێ. دانیشتین باسی وەزعی کوردستانمان کرد و لەم بارەوە پرسیارم لێکرد. کاک خالید گوتی: بە تەما نیم شتێک دابمەزرێنم. دەمەوێ جاری لەگەڵ ماموستای بم. لام وایە نوسراوەیەکی دامی بیخوێنمەوە. گوتم: پێم خوشە بێیە نێو حیزبی دیموکرات. بوونت لە حیزبی دیموکراتدا تەئسیری باشی دەبێ. هێندێ لەسەر کەم و کوری حیزبی دێموکرات رۆیشت. نەگەیشتینە بریارێک و گوتی دێمە دولکان سەرت دەدەم.

٩٨٣/٤/٣، نامەیەکم بۆ کاک جەلیلی گادانی نوسی و پێشنیارم کرد کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی مەلاکان دڵبداتەوە و موچەو بەراتیشیان بۆ ببڕێتەوە. چونکە بە راستی مەلای کوردەواری زۆربەیان ژیاتیان هەر چاو لەدەستی بوە، کەوابوو بۆچی حیزبی دێموکرات یارمەتی ژیانیان نەدات؟ کاک جەلیل چەندی گوێدا پێشنیارەکەم نازانم و لێی بێ خەبەر بووم.

رۆژی ٩٨٣/٥/٣ لە گەڵ کورەکانی بەشی رادیۆ بە نیازی ماسیگرتن بەرەو چۆمی کەڵوێ چووینە خوارێ. لای چێشتانێ لە پەنا گوندی(دێگە) لە بن دارێک دانیشتین تۆزێ بحەسێینەوە. لاوێکی مێرد منداڵ لە گوندی هاتەدەر و کە چاوی بەئێمە کەوت هاتە لامان و دوای ماندو نەبوونی کردن گوتی:« بۆ لێرە دانیشتوون، فەرموون بچینەماڵێ و نانو چایەکی بخۆن.» وەدوای خۆی داین. ماڵی (محەمەدی کاک ئەحمەدی) بە خێر هاتنێکی گەرمیان کرد و کاک محەمەد لە لامان دانیشت گوتی: ئەوە خەریکین مەدرەسە دروست دەکەین. حیزب دەبێ ماموستامان بۆ بنێرێ. باسی زەمانی شاوخوێندنی منداڵانی بۆ دەگێراینەوە دەیگوت: زەمانی

شای مامۆستای فارسیان بۆ هێنابووین. منداڵمان دەناردنە مەدرەسە، بەڵام بە گریان دەهاتنەوەو چ لە کابرای فارس تێنەدەگەیشتن. مەدرەسەیان بە جێ دەهێشت. دوای خواردنی نان و چایەکی حیسابی بە نێو لێرەواری پڕلە دار هەرمێ و گوێز و گێوژ و شیلان و قەزواندا، بەرەو چۆم داگەڕاینە خوارێ. قەزوان تازە فەریک دەبوو، مزرو ناسک لێمان تێر نەدەخوارد. تا درنگانێک لە سەر چۆمی بووین، لە یەک دووماسی خوێڕی بەدەر چیترمان نەگرت. لە گەڕانەوەدا سەرەو هەوراز، لە رادەبەدەر هیلاک و شەکەت بووین. لە گوندی (بالیتان)لە بەر دەرگایەک داوای ئاومان کرد. دۆیەکی ساردو خۆشیان بۆ هێناین. خاوەن ماڵ بە ناوی کاک عەزیزی عەلیزادە وەدەر کەوت، بە گەرمی بە خێر هاتنی کردین و بردینیە ژووری. ماڵێکی قەوغا، ژووری فەرشکراو، سەماوەریان تێهاویشت و تا چایی سازبوو کەوڵێک نان و هێلکەو رۆنیان هێنا و کاک عەزیز وەک پیاوێکی تێگەیشتوو باسی سیاسی دامەزراند و پاشان گوتی: « بە خزمەتت نەگەیشتووم، بەڵام وەک لەگەڵت ژیا بم وایە. رۆژ نەبوو گوێ لە رادیۆی پەیکی ئێران رانەگرین.» گەلێکی هەوڵدا کە شەو میوانی بین. نەدەکرا گیر بین، درنگانێک گەیشتینەوە دولکان. چەند رۆژ دواتر کاک عەزیز هاتە سەردانم‌و حەزی دەکرد پێوەندیمان بەردەوام بێ.

٩٨٣/٥/٤ کاک ئەمیری قازی هاتە دولکان. نەمزانی بۆ چی هاتبوو. بەڵام هاتە ژوورەکەی من، قاوەیەکمان ساز کرد. کاک ئەمیر رەخنەو گلەییەکانی لە شێوە کاری حیزبی هەر بەردەوام بوو. گوتی:«عیلاجی ناکرێ‌و هەروا دەبێ. بەڵام تا چەند مانگی دیکە رادەوەستین، بزانین چۆن دەبێ.»

خەبەری ناخۆشی شەڕی پشت ئاشان

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کاک قاسمی قارەمانی هات، خەبەری هێرشی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بنکەی حیزبی کومونیستی عیراق لە پشت ئاشان هێنابوو. خەبەرەکە ئەوەندە دڵتەزێن بوو، باوەڕ نەدەکرا. چونکە لەگەڵ ئیدیعاو تەبلیغاتی یەکێتی نیشتمانی لە مەڕ چەپی و نیشتمانپەروەری نەدەهاتەوە، بە تایبەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیشی لە گەڵبوو کە خۆیان بە مارکسیستی ڕەسەن دەزانی. هەمورومان کۆبووینەوە تا شەپۆلی رادیۆی یەکێتی نیشتمانیمان دیتەوە. لە نێو خەبەری پەلاماری(قارەمانانەی) هێزەکانی خۆیدا، بۆ سەر بنکەی حیزبی کومونیست، پیرۆزبایی جەنابی ماموستا مەلا شیخ عیزالدینیشی بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە مەزنە بڵاو کردەوە. ماموستا بە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆسەر کردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی کوشتاری ٦٠ کومونیست، ٦٠ ئینسانی نیشتمانپەروەری ئاوارەی دەستی ڕژێمی بەعس و هەڵوەدای ئازادی کوردستان ، ٦٠ تێکۆشەری ڕێگای خێرو خۆشی میللەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و سوسیالیزم ، ئەرکی میللی و مەزهەبی خۆی بە جێ گەیاندبوو.

دوای دوو ڕۆژ دوکتور سەعید لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم:« بیستومانە مەلا محمدی جوانرۆیی و کاک مەحمودی حاجی فەقێ‌خدری وئەبو سەربازو ئەبوحیکمەت کوژراون. تەوزیحمان لە یەکێتی ویستوە. ئەگەر راست بێ قبوڵ ناکەین.»

ئەو نوسینەو وشەی (قبوڵ ناکەینی) کاک سەعیدیم‌تۆزێ سەیر هاتە بەر چاو. چونکە خەبەرەکە ڕاست بوو، قبوڵیشیان کردبوو.!! تەنیا ئەم

ناوانەی ئەو باسی کرد بوون نەکوژرا بوون، دەنا کوشتارەکە راست بوو.
لە گەڵ ئەو خەبەرانە رادیوی تاران بەیاننامەی دادستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە مەڕ گرتنی تودەییەکان و ئیعترافاتی ئابرو بەرانەی رێبەرانی حیزبی تودەی ئێرانی بڵاو کردەوە.
دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە بەیاننامەیەکی فرە ئینسانیانەو سیاسیانەی بڵاو کردەوەو رایگەیاند : ئەگەر تودەییەکان بێنە کوردستان دەپارێزرێن و دەتوانن بێننەوە.»
٩٨٣/٥/٨ برادەرانی دەفتەری ماموستا، کاک مەلا محەمەدی عەباسی و کاک مەلا رەحمان و کاک صدیقی شێخان و دوو برادەری دیکە بە هاتنیان بۆ سەردانم شادیان کردم. هەرچەند نەمتوانی وەک پێویستە میوانداری بکەم. هەر ئەو رۆژە نامەیەکی دوکتور سەعیدم بۆ هات ، نوسیبووی: « کوشتنی ئەبو سەرباز و ئەبو حیکمەت راست نیە. من ئەوا خەریکم سەرێنکی لای ئەوان بدەم».
٩٨٣/٥/١٠ نامەیەکی شاپوری شوجاعی- م بۆ هات کە ٩٨٣/٤/٢١ نوسیبووی. کاک شاپور دەنوسێ:
« بە رێز کاک کەریمی حسامی - دەگەڵ سلاو.
هیوادارین کە هەمو کاتتان خۆش بێ و لە خەبات دا سەرکەوتوو بن. ئێمە هەر کات کە دەمانویست خزمەتی جەنابتان نامە بنوسین لە بەر ئەوەی هاتوچۆ برێک سەخت بویە جا بەو هۆیەوە نەمانتوانی لە رێنموودەکانی جەنابتان کەلک وەرگرین. بەلاّم قسەکانتان هەرکات لە بیرمان دایە، دەبێ لە سەختترین کات وناسکترین هەلومەرجدا خەبات و تێکۆشانی خۆتان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوایی حیزب درێژە بدەن. هاورێ ئێمە هەمیشە لە گۆتارەکانتان کە بۆ خۆم بە راستی ئامۆژگاری بێ وێنەن کەلک وەردەگرم. ماوەیەک لەمەو پێش نامەیەک بۆتان ناردم .ئەلبەتە بۆ

ماڵتان لە بولغاریا. ئەوەدەمەی هاتبوری بۆ گەلی، زۆرپێمان خۆش‌بوو کە خزمەتی جەنابتان بینین بەلام بە داخەوە بۆمان نەکرا. وەزعی ئێمە لە شیمال باشە. هیواداریـن کە باشتر دەبێ. تەواوی هاوڕێیان، کاک عەلی و کاک سەنارو کاک جهانگیر و دیکەی هاوڕێیان سلاوی گەرمیان هەیە. هیواداریـن ڕێنمودی پێویستمان بۆ بنێری. ئێمە بە گوتنی خۆتان وەک شێر وشێروان دەمێنین. برای پچوکتان شاپور. ٦٢/٢/١»

لەداوێنی‌گوندی لە دولکان لە دەشتایی کۆنە پاسگای ژاندرمری چۆل ببو.حەسارێکی قایم و ٥-٦ ژووری خاوێن و باشی تێدابوو. هێندێکیان خەڵک گرتبوونیەوە و دوو ژووری گەورەو روناک وخۆشیش چۆل مابوونەوە. برادەران بڕیاریان دابو ژوورێکیان بدەن بەمن و دیوێکیش دوکتور خەلیقی و کاک فەتاح بیچنێ. ژوورەکەیان بۆ فەرش کردم و ڕۆژی ٩٨٣/٥/١٢ گواستمەوە بۆ ژوورێکی خۆش و بە تەنیا. پۆلای نانەوازادەش هات نایلۆنی بۆ لە بەری میچی دام و ببوە ژوورێکی خاوێنی جێگای حەسانەوەو نوسین و خوێندنەوە. ڕاست لەو ڕۆژەدا کە لەباری جێگاو دەرفەت بۆ کارکردن دڵم خۆشبوو، خەبەری دڵتەزێنی شەری لاچینمان بۆ هات کە ٩ پێشمەرگە شەهید ببوون. بەداخەوە (ان مع‌العسر یسرا) هەموو جارێ پاش و پێش دەبوو. ٩٨٣/٥/١٣ کاک کەماڵی وەیسی خەڵکی سنە هاتە لام و دەیگوت دەمێکە پێوەم بێمە لات. دانیشتنێکی خۆش و بەکەڵک بوو. هەر ئەو ڕۆژەش ماموستا ڕەحیمی حاجی عەلی خەڵکی قەلادزە لە گەڵ نامەیەک هێندێ کتێب و ویسکی بۆ ناردبووم. بۆچما دۆست و برادەرانی کوردی ئەو دیو لەم کەژو چیایەش دەیانهێشت پشتم لە ژێر باری چاکەو سوپاسیاندا تۆزێ ڕاست کەمەوە.

ڕۆژی ٩٨٣/٥/١٥ ئەم نامەیەی دوکتور سەعیدم بۆ هات:

« بەرێز کاک کەریم ! بە سلاوێکی گەرم. دوێنێ شەوێ درنگ وەخت

گەیشتومەوە لای خۆمان لە سەفەرێک دا بۆ لای مام جەلال و پرسیار لە سەر شەڕوهەلای وان بە تایبەت لە گەڵ حیزبی شیوعی.ماموستا کەریم احمد و ابو سرباز لە لای وانن. بە خۆشیەوە سلامەتن و زۆر بە ڕێز وئیحترامیان لێ دەگیرێ و بە هیچ جور حالەتی ئەسیر بون و ئەوانەیان نیە... ئیمەش وەک نێو بژێکەر،کاری خۆمان کردوە و پێم وایە سەرکەوتوو بووین وهیواداریین لە داهاتودا بەرە بەرە وەزع باشترو روون بێتەوە.

لەسەر تێکۆشەر: بەداخەوە کاک دوکتور هێندە پرکارە کە وەختی نەبوو مەقالەکە بنوسێ... جا بۆیە پێم وایە لێی بگەرێی و هەر بەو مەقالانەی هەیە وەدەری خەین. هەر بژی بە خۆشی. برات سەعید .٦٢/٢/٢٥»

ژمارە پێنجی نامیلکەی تیکۆشەر دەبوایە بانەمەری ١٣٦٢ چاپ و بلاو بکرێتەوە. بەلام تەنیا ٣وتار ئامادە بوون کە یەکیان دوکتور سەعید نوسیبوی لەسەرکۆنفرانس و شێوەی بە ڕێوە بردنی. ناوەرۆکی وتارەکە هەمور هەڵسورانی کونفرانس وکۆبوونەوەی ناوچەیی‌تەشکیلات و رێکخراوە حیزبیەکانی دەخستە ژێر دەسەلات و چاوە دێری نوێنەری کومیسیونی تەشکیلاتەوە. من لەگەڵ ئەو مەقالە نەبووم و پێشتر بیرورای خۆم بۆ دوکتور سەعید نوسیبوو، ئەویش بە نوسین وەلامی دابومەوە. بۆئەوەی نامیلکەی ناوبراو وەدوا نەکەوێ، وتارێکم نوسی بە ناوی (جنبش مقاومت) یان جولانەوەی رزگاریخوازی کورد، بێ ئەوەی بۆ دوکتور سەعیدی بنێرم، دام ماشینی بکەن و بلاوی بکەنەوە. وتارەکە دەم‌بەدەمەیەکی دۆستانەبوو لە گەڵ کۆمەلە کە ئەودەم بزوتنەوەی کوردستانی ئێرانی بە (جنبش مقاومت) ناودەبرد کە بە بڕوای من بۆچە‌نکی تەواو نەبوو، نرخی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەهێنا خوارێ روانە نامیلکەی تیکۆشەر بانەمەری ١٣٦٢).بەستە

شیعرێکیشم بە ناوی (وەرە) لە رۆژنامەی کوردستان دا دۆزیەوە و لە نامیلکەکەدا چاپم کرد. هۆنراوەکە ئاوا دەست پێدەکات:

« وەرە با پێکەوە چاومان بکەینەوە، یەکتر ببینین
بزانین: چۆن دەمان دوراوە، دەستمان بەستراوە، پێمان زنجیر کراوە
وەرە با دەمبێن لە دەمان بکەینەوە ، سکالای خۆمان بۆ یەکتر بکەین،
وەرە، با لۆکە لە گوێچکەمان دەر بێنین، تا لە یەکتر حالی بین،
وەرە، با بە ددان دەستی بەستراومان بکەینەوە، با بە دەستمان زنجیری پێمان بپسێنین
جائەو دەم، بەم چیاو دەشت و دۆڵەدا
بەم شارو گوندو ئاوەدان و چۆڵەدا
بە نێو ئەم خەڵکە شپرزەو کلۆڵەدا، بگەڕێین . »

نامیلکە بڵاو کرایەوە. دوکتور سەعید وەک بەرپرسی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە سەر وتاری (جنبش مقاومت) قسەی نەبوو. بەڵام لەسەر هۆنراوەکە دیگوت ئەوە شیعری تودەییانە و تۆ کردوتە بە کوردی و هێناوتەتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات.!!

گوتم کاک سەعید بەینی خۆمان بێ ئەم رەخنەیە ئابرو بەرانەیە. بەم جۆرە رەخنە گرتنانە ئێوە تەبلیغات بۆ حیزبی تودە دەکەن. هەر نوسراوە و وتەیەکی جوان و زانستی و موتەرەقی بوو، بە هی حیزبی تودەی دەزانن. بۆ نابێ ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بیرێکی ئازاد و زمانێکی ئازای هەبێ؟. ئەم شیعرە لە رۆژنامەی کوردستانی ١٩٧٢ دا چاپکراوە. ئەودەم جەنابت لە شەقامەکانی پاریس دەسوڕایەوە.

چوویو، رۆژنامەکەو شیعرەکەی دیتبۆوە، وازی هێنا، ئەوە نەک هەر دوکتورسەعید، بەڵکو زۆربەی ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، ئەگەروتەو رەخنەوپێشنیارێکی جوان و زانستی یان لە ئەندامێکی حیزب

بیستبایە، گورج بە تودەیی و لایەنگری تاقمی حەوت کەسە تاوانبار دەکراو جا ئەگەر کابرا نەقیرایە، ئەوە بەزمیان بۆ ساز دەکردو سەرکوت دەکرا. ئەگەر وەک منیش زمانی گەڕا بایە، ئەوە لێ‌دەگەران هەتا توشی سەفەرێکی دوور دەبوو، رێگا و بانی‌گەڕانەوەی لێ دەگیرا، ئەو دەم بە دووسێ دێڕی رەش لە حیزبیان دەر دەکردو خۆیان لە دەستی ئاسودە دەکرد. خۆ باسی سوسیالیسم و سۆڤێت هەر باسی سەر بوو.

رۆژێک سەید عوسمان کە ماموستای شورش بوو هاتە لام گوتی :« کاک ئەبوبەکری هیدایەتی هاتۆتە زانکۆ و گوتوویە هەر ئەندامێکی حیزبی باسی سوڤێت و یا سوسیالیزم بکا، ئەوە تودەییە، یا ماموستا گۆران گوتویە تۆ بۆ باسی سیاسەت دەکەی، بچو دەست بدە گۆچانی بۆ شوان باشی» چومە لای مەلاعەولاً کە ئەودەم دوای دوکتور قاسملو ئەو دمڕاستی حیزب بوو. بە سەریدا هاتم و گوتم : واز لەو خەڵکە بێنن ،خۆ لە بەدبەختی و ماڵوێرانی زیاتر هیچیان بە نسیب نەبوە. دیارە ماموستا ئەوەندە لە دوکتور قاسملو فێر ببوو کە بێژێ:«ئەوە فەرمایشتی‌خۆیانەو سیاسەتی حیزب نیە »!!

رۆژی ٩٨٣/٥/١٧ چەند کەسی خەڵکی گوندی هاتنە لام، لە خەبەری شەری بانە نیگەران ببورن و دەیانویست بزانن حیزب لە ئالان چدەکا. گوتم بچنە لای کاک مستەفای شەڵماشی، ئەو بەرپرسی رێکخراوی حیزبە و ئاگای لە سیاسەتی حیزب هەیە. بۆ ئێواری پۆلاً بۆ دۆڵمەیەکی لە رادەبەدەر بەتام و خۆش داوەتی کردم و خواردنەوەیەکی تەسەلیشی لە گەڵ پاک و خاوێنی مریەمی‌و سەلیقەی خۆی ئامادە کرد بوو..با ئەوەش بڵێم ئەوە هەر جاری هەوەڵ و ئاخریش نەبوو کە جاروبار پۆلاً لە چنگ نسکینە رزگاری دەکردم.

رۆژی ٩٨٣/٥/١٨ سەرهەنگ قادری و سەرهەنگ چیا هاتنە لام.

ئێستا ژوورەکەی من بۆیە دەبوو برادەران لێی لادەن و بحەسێنەوە. هاتبوون کە بەرگری نارچە بە هێز بکەن. باشبوو خەبەری فەردێنم لە سەرهەنگی پرسی. گوتی: بردوویانەتە ورمێ و سەریان تاشیوە. خەبەری گرتنی چیای (گاگرە) لە لایەن هێزی دەولەتیەوە بلاو بۆوە. نیگەرانی خەڵک زیاتر بوو. نامەیەکی ماموستا مەلاسالحی نەغەدەم بۆهات. ماموستا تەشریفی هاتبوە بێژوێ و نامەیەکی نوسیبووکە بچم ببینم.سەرەتای نامەکەشی بە (ناوی خودای بەرزو بێ هاوتا) رازاند بۆوە . وەڵامی نامەکەم دایەوە کە دێمە خزمەتتان. پاشان نوسیم «قوربان! ئەتو جاران پیاوێکی زاناو ئازاو تێگەیشتوو بووی، ئاخر پیاو لە دەست خومەینی نوێنەری خودا نەجاتی بێ، جارێکی دیکەچۆن ناوی خودا دێنی؟!!» .

سەفەری بێژوێ

رۆژی دوایی چومە بێژوێ مالی ماموستا مەلا شێخ عیزالدینی. ماڵە ماموستای پربوو لە مەلاو لە مێوانی جۆربەجۆر. کاک سەعدی موهتەدی و کاک محەمەدی ئێلخانیزادە لەوێ بوون. دەروێشێکیش دانیشتبوو، دەسحێبێکی بە قەد گوریسی دەملی کردبوو،شتێکی سەیر دەهاتە بەر چاو. باس هەر باسی شەرو مەسەلەی کورد بوو. هەر کەس لە روانگەی خۆیەوە بۆ مەسەلەکەی دەچوو.ماموستا مەلا سالح رەوانی شادبێ، نامەکەی منی هێنا دەرو فەرمووی : « بزانن ئەو کافرە چی بۆمن نوسیوە؟» ماموستا شێخ عیزالدین فەرمووی جاراست ناکا ؟. پاشان ماموستا رووی لە من کردو فەرمووی:« کاک کەریم تۆ تازە لە ئوروپا

هاتوویەوە، ولاّتانی سوسیالیستی بۆچی یارمەتی بە کورد ناکەن؟»
گوتم : ماموستا بۆ لەمن دەپرسی کە ئەندامێکی حیزبی دێموکراتم. بۆ لە کۆمەڵەی خۆت ناپرسی کە ئێستائەوە بوونەتە کومونیستیش. ئەوان دەبێ دە سیاسەتی ولاّتانی سوسیالیستی بگەن، نەکئەندامێکی حیزبی دێموکرات.»
ماموستا فەرمووی: « من کۆمەڵە نیم. بەلاّم خۆشم دەوێن و ئینسانی باش و فیداکاریان هەیە و هێندی دروشمیان باشن و بەلاّم ناوی کومونیست لە خۆنانیشم پێ باش نەبوو. وەنەبێ هەمو شتێکیشیان خەراب بێ.»
گوتم ماموستا ئێستاهیچ کەس‌لە سیاسەت دا راستەو راست دروشمی خەراب هەڵناگرێ. گسهۆڵ سەدری حیزبی کومونیستی ئەمریکا وتەیەکی هەیە دەڵێ: « ئیمپریالیزم کالای ئیرتیجاعی خۆی لە بەستە بەندی چەپدا دێنێتە بازار»
کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری کە ئەو دەم بەناوی دەفتەری ماموستا لەوێ بوو، دیارە ماموستاش‌هەر دەیزانی کە ئەندامی حیزبی کومونیستی ئێرانە. کۆتی کاک کەریم پێم خۆشە ئەم رستەیە بلێیەوە، یادداشتی دەکەم.»
- فەرموو کاک ئەحمەد بینوسەوە. دووپاتم کردەوەو کاک ئەحمەدیش یادداشتی کرد. ماموستا تۆزێک هیلاک بوو، چۆوە ژووری ئیستراحەت بکا. کاک سەعدی‌موهتەدی، رەوانی شادبێ، باسی ئەم ئایەتەی قورئانی هێنا گۆڕێ(**هل أتی علی الانسان حین من الدهر لم یکن شیئا مذکورا**) کاک سەعد گوتی :« تۆ بلێی ئەم ئایەتە پێوەندی بە تیئوری داروینەوە نەبێ کە زەمانێک بەشەر نەناسراوە.» بوو بە موناقەشەی مەلایان. هێندێ لایان وابوو کە ئادەمیزاد لە سەرەتاوە بەم شکڵە نەبوە.

مانای (مذکورا) یان بە شێوەی جیاواز لێک دەداوە. باسێکی شیرین بوو. گوتیان با بنێرین لە ماموستا شیخ عیزالدین بپرسین. پاشان گوتیان نەخوشە با ئیستراحەتەکەی لێ تێک نەدەین. یەکیان گوتی رەنگە نوستبێ. لە پڕ ماموستایەکی مات و بێدەنگ و رەنگ فەقیر و کزەلۆکە بە ناوی مەلا کەریم کە لە خوارەوە دانیشتبوو وەدەنگ هات. لە پێشدا پێم سەیربوو، چونکە وەمەلایان نەدەچوو. بە زمانێکی پاراو و لە سەر خۆ فەرمووی:« باسەکەتان تێکەڵ کردوە. لە پێشدا دەبێ بزانین ئەم ئایەتە بۆچی و کەنگێ هاتوە. شأنی نزولی چیە؟ پاشان گوتی : رۆژێک لە نیزیک مەککە کەللە سەرێکیان دیتەوە، هێندێ جێگای وە ئینسان دەچوو، هێندێ جێگاشی ئینسان نەبوو. کەللە سەریان بردە خزمەت خۆشەویستی خوداولێ‌یان پرسی کە ئەوە چی‌یە ؟. لەو کاتەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو. فەرمووی:« ئایا زەمانێکی وا بە سەر ئینسان دا نەهاتوە کە نەناسراوە ؟ » باسەکە کۆتایی پێهات. لە گەڵ وەدەنگ هاتنی مەلاکەریم حکایەتێکی شێخی سەعدیم هاتەوە بیر کە لە بۆستان دا باسی خۆی دەکات و دەڵێ:« لە مەجلیسێک مەلا دەستیان بە موناقەشە کرد:(فقیهان طریق جدل ساختند - لما لا نسلم درانداختند.) دوایە وەک مەلا کەریم لە خوارەوەڕا وەدەنگ دێت و دەڵێ:

« کهن جامه در صف اخرترین - بەغرش درامد چو شیر عرین
که برهان قوی باید و معنوی - نه رگهای گردن به حجت قوی »

لەوێش بەڵگەو بورهانی مەلا کەریمی لەوانیتر بە قەوەت تر بوو. لەم دانیشتن و سەفەرەدا لام وایە هەر من قازانجم کرد. ئەویش ئەوە بوو: کاتێ باس و هێنانە گۆڕی سیاسەت و مەسەلەی کورد هاتە گۆڕێ، من وەک هەمیشە بیروڕای خۆم لە سەرمەسەلەی کورد وە ک مەسەلەی میللەتێکی ٢٥ میلیونی دەربڕی کە تەنیا دیاری کردنی‌مافی چارە نوس

ڕێگای ئازادی تەواوی کوردە. پیاوێکی سورکارەی سمێڵ زەرد لەوێ دانیشتبوو، ئەگەر لیباسی کوردی لەبەردا نەبایە، وەک خەلک بە چەوتی لە سەرمن بیری دەکردەوە دەمگوت‌ئەوە لە خزمانەاو نەک هەر کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری وەک ئەندامی حیزبی کومونیستی ئێران لە دەفتەری ماموستایە، بەڵکوو ئەوە روسیشی لە کن دانیشتوون. وەدەنگ هات و فەرمووی : « چۆن ؟ تا ئێستا کاک کەریمیان وا ناساندبوو کە کومونیستێکی دژی کورد و کوردایەتیە. دەمگوت توشی بم دەبێ بیکوژم. وەلاْ کوردایەتی ئەوەیە کە تۆ دەیڵێی، منیش لە ئێستاوە دۆستی تۆم.» جارێکێ دیکەش لە دۆڵی دێموکرات مەلا ئەحمەدی هەرکی فەرموو بووی مریدی تەمە. بەڵام دۆستایەتی مەلاحەسەنی سوری نوزهەت زادە وەک مریدایەتی مەلا ئەحمەد نەبوو. بە خۆشیەوە لە گەڵ پیاوێکی جوامێر و کورد و ڕاست و خانەدان بوومە دۆست و ئاشناو تا ئێستاو هیوا دارم تا کۆتایی ژیانیش ئەم نیزیکی و دۆستایەتیە هەر بەردەوام بێ. دیارە وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی جاروبار وردە خیلافێک هەر دێتە نێوان، لە بەینی ئێمەش دوو دۆستی بەڕاستی‌دا ئەم وردە خیلافە هەیە. ئەویش ئەوەیە: من لە ئوروپا کەیفم لەگەڵ حیزبایەتی نایە، بەلاْم ئەو سەری لێ دەخورێ. جا منیش هەر داوای سەر کەوتنی بۆ دەکەم.

ئەو رۆژە جەنابی ماموستا مەلا ساڵحی بێژوەیی بۆ فراوین هەموو میوانەکانی ماموستای داوەت کردبوو. ماموستا تەشریفی نەهات و ئێمە بە کۆمەڵ چووین. نان‌و خوانێکی‌شازی کوردانە ساز کرابوو. نان خورا و ماموستا مەلاساڵحی نەغەدەدەستی هەڵێنان وبە عەرەبیەکی قەرانەتی دەستیکرد بە شوکرانەوە پارانەوە:« الاهم اغفر لصاحب طعامه و لمن اکله و لمن ....» گوتم ئەرێ ماموستا ئەوە خودای مەزن کوردی نازانێ تۆ بەعەرەبی سوپاسی دەکەی؟ ئێمە کوردین، لە کوردستانین، نانی کوردمان

خواردوە، بە کوردیش شوکرانەی دەکەین، تینگەیشت و حالی بوو باشە. تیٰ نەگەیشت و لە کوردی حالی نەبوو، نانی خۆمان خواردوە براوەتەوە.» مەجلیس گەلێک پێکەنی. ماموستا مەلا سالح فەرمووی : « کەریم دەست هەڵگرە، ڕاهاتووین ڕا..» ماموستا راستی دەفەرموو، ڕاهاتبووین و ڕایان هێنا بووین.!!

دوای نانخواردن چووم سەرێکی ماڵە دوکتور ڕەحیمی- م دا. کەهاتمە خوارێ، لە نێو بازاری برادەرێک هاتە بنگوێم وگوتی:« مەستانەی خێزانی کاک مستەفای شەڵماشی چۆتەوە مەهابادو لە سەردەشتێ گیراوە.»

زۆر پیٰ نارەحەت بووم. کە هاتمەوە دولکان خەبەری لەو ناخۆشتر هات. خەبەر هات کە لە شەری مەهاباد محەمەد زەنگەنەو ۳ پێشمەرگە شەهید بوون. کزەم لە جەرگی هات. سەرم سوڕما تاکەی ئەم ڕێبەرانە سیاسەتێکی راستی بەرگری و پەلامار ناگرنە بەر و واز لە شەری نابەجێی نێو شارناهێنن و ئەم لاوانە بە خۆرایی دەکرنە گۆشتی دەمی تۆپ و ڕێبەرانیش شانازیان نەوەبەو درووپات و هەزار پاتی دەکەنەوە کە چوار هەزار پێشمەرگەیان لیٰ شەهید کراوە.!!

.۹۸۳/۵/۲ برادەرانی پارتی سوسیالیستی تورکیا هاتنە لام و بە درێژی باسی هێرشی یەکێتی نیشتمانی و کوشتاری کومونیستەکانی عیراقیان بۆ گێڕامەوە. لە ژوورەکەی خۆم خەریکی وەرگێرانی کتێبی(نامەی گوللە بارانکراوەکانم) ۹۸۳/۵/۲۱ ماموستا مەلامحەمەدی دزەیی بابی مەلارەحمانی دەفتەری ماموستای لە تەمەنی ۷۰ سالیدا تەشریفی هات. چوبوە بێژوێ، لەوێ گوتبووی دەچم سەری کەریمی دەدەم. مەلاخالید و مەلا رەحمانیش لە خزمەتی دا هاتبوون . فرە پیٰ شادو سەر بەرز بووم. هێندێکم باسی زیندانیبوونی خۆم و مردنی دایک و باب و خێزان و منداڵم بۆ گێڕاوە، ئەسرینی بە سەر ڕیشی سپی و تووڕانیدا هاتنە

خواری. فەرمووی ئەگەر کومونیستی وەک تۆبێ و بۆ رزگاری کورد هەول بدەی منیش مریدی تۆم. باشە، مرۆ دەبێ چەندە سپلەو بێ نەزان بێ تا ئەو هەموو لوتف و سەروەری ئەو پیاوە مەزنانەو فیداکاری و هەژاری ئەو میللەتە زەحمەتکێشەی لە بیربچێتەوەو لە رێگای ئازادی نەتەوەکەی و نەهێشتنی زوڵم و زۆری و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەلأیەتی لابداو واز لە تێکۆشان بێنێ ؟.!!

لە گەڵ سرتو خورتی دەنگ و باسی شەر و پەلاماری ئەرتەش و نیگەرانی خەڵک نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و داوام کرد کە بەرگری چیای هومل و کێل بە هێز بکەن. دوور نیە پاسدار بە هێلیکۆپتەر لێی دانەبەزن.

دوکتور خەلیقی هاتە لام و گوتی :« گەیوەتە ئێسکانم و لە گەڵ کاک ئەتاحی ناحاوێمەوە. تکایە با بێمە لای تۆ.»

- فەرموو. هەر پرس مەکە. هەستم کرد زۆری پێ خۆشبوو. دوکتور گوێستیەوە. لەو کاتەدا دەستیشی شکابوو. هەرچەند دوکتورەکانی فەرانسەیی دەمێک بوو دە گێچیان گرتبوو عیلاجی نەکرابوو. وەرگێراوەی (ئوسولی مقدماتی فلسفە) م لە کن داناو گوتم لەوەی چاکتر هەڵناکەوێ، پێی دا وەرەوەو دەستی لێ بدەو چۆنی پێت باشترە دەستکاری بکە. دوکتورگوتی: تۆزۆر سەیری. من فەلسفەی الهیاتم‌خوێندوە، تۆ فەلسفەی مارکسیستیم پێ چاک دەکەی. من بروام پێ نیە.»

گوتم بیخوێنەوە و دەستکاری بکە، بروات پێ دەبێ‌و دێیە سەر رێی راست .! کردمانە گەمەو دوکتور دەستیکرد بە خوێندنەوەی و بە چاک کردنی و ئەم پێشەکیەی بە خەتی خۆش و جوانی خۆی بۆ نووسی.:

«وەبیر هێنانەوە . هاورێی تێکۆشەر کاک کەریمی حسامی‌کە بە پشێنەدلێ و تێکۆشانو خۆماندووکردنی بێ وچان، شوێنەواری چەند

نوسەری بە ناوبانگی جیهانی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، لەم دوایبانەدا، توانیویە، کتێبی(ئەسڵە سەرەتاییەکانی فەلسەفە) نوسراوی (ژۆرژپولیستر)، لە فارسیەوە وەرگێرێتە سەر زمانی کوردی. ئەو کارە بە نرخە، بە تایبەت لە فەلسەفەدا، سابیقەی نیەو پێم وایە ئەوە هەوەڵین چارە کە کتێبێکی فەلسەفی، بە زمانی کوردی دەنوسرێ.!

کەوابوو وەرگێرانی وشەو زاراوەکانی فەلسەفی بۆ سەر زمانی کوردی کارێکی دژوارە و خۆ ناشکرێ زاراوی کوردی بۆ دابتاشی! بەو حاڵەش کاک کەریم زەحمەتێکی زۆری کێشاوەو ئەگەر لە رابردودا، لە کاری وەرگێرانداتێ نەکۆشابایە، بەو جۆرەی کە وەبەر چاو دەکەوێ، نەیدەتوانی، سەرکەوتنی هەبێ.

کاک کەریم کە لەگەڵ من موحەببەتی هەبوو، داوای لێکردم، چاوێک بە مەتڵەبەکاندا بخشێنم و لە باری فەلسەفیو فارسیەوە ئەگەر شتێکم وەبەرچاو کەوت، چارە سەری بکەم. منیش وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی وعیلمی وەکوەدەست هێنانی دەرفەتێکبۆ خزمەت بە زمانەکەم، ئەمرەکەیم لە سەر سەر دانا وبە گوێرەی تواناو هێزی خۆم،ئەو کارەم ئەنجامدا، بە گشتی ئەو خاڵانە وەبەر چاوم کەوت:

١ – بە یارمەتی وەرگێر ئیستیلاحاتی فارسی و عارەبیمان کردە کوردی کە لە کاتی تەرجەمەدا نە کەوتبوونە بەر زەینی کاک کەریم.

٢ – چون وەرگێر لە ئێران دوور بوە و کەمتر لەگەڵ زمانی فارسی تێکەلاوی بوە، برێ زاراوەی تایبەتی ئەو زمانەی بۆ بێگانە بوو کە چاک کران.

٣ – هەڵەی نە نوسینی دێڕ یان جوملەیەک کە بە هۆی پەرێشانی فیکری و دەربەدەریەوە پێشهاتبوو، راست کرانەوە.

٤ – چونکە وەرگێر وەک فیلەسوف، پسپۆری نەبوو نەیخوێندبوو،

مەفاهیم و زاراوەوە ئیستیلاحاتی تایبەتی فەلسەفی‌وای وەبەر چاو کەوتوە کە بۆی نەکراوە بە کوردی، یان بۆی روون نەبوە کە بیکا بە کوردی. تێکۆشاوم مانا فەلسەفیەکانیان روون بکەمەوە، دیارە ئەو کارە کەمو کوری باری فەننی کتێبەکەکەم دەکاتەوە. سوپاسی نوسەر دەکەم کە ئەو ئیفتیخارەی بە من‌داو لە خوێنەرانی خۆشەویستیش سوپاس دەکەم کە هەڵەکانمان راستەو بکەن و وەک هاندەر شرەمان بۆپینە بکەن. - حوسێنی خەلیقی. گەلاوێژی ۱۳٦۲هەتاوی- سەردەشت- ئالان.»

تۆپ بارانی گوندی دولکان

رۆژی ۲٤/٥/۹۸۳، ئەمڕۆ سەر لە بەیانی حاڵمان باشە. برادەرێکی من قابلەمێکی ماست بۆ هێناوین. پێشمەرگەکانم بانگ کردو پێکەوە چێشتمان خوارد. سەعات ۱۰ بوو خەبەرێکمان لە هەوشارەوە پێگەیشت، لە شەڕێکدا دە پێشمەرگە شەهید ببوون. خەفەتی ئەوان و باسی شێوەی بەرگری و سیاسیمان تەواو نەکرد بوو، سەعاتی یازدەو نیولەدیوی سەردەشتەوە گوندیدولکانیان وەبەرتۆپاندا. گوللە تۆپێک لە بەر خانوەکەی ئێمە وەعەرزی کەوت. خومپارەیەک لە نێو گوندی لە خانوێک درا و لایەکی لە بەر یەک هەڵتەکاند سەیر ئەوەبوو وە خانووی کابرایەکی کەوتبوو بە ناوی خدری ماماغای کە خەڵکی گوندی بە لایەنگری خومەینی رکۆماری ئیسلامیان دەزانی. زۆریشیان پێ خۆشبوو کەلە خانووی ئەو دراوە. لە گەڵ خومپارەی دووەم خەڵک شڵەژا و ژن و منداڵو گەورەو پچوک گوندیان بە جێ هێشت و روویان کردە نێو دارستان و رەزو باخات. ئێمە لە گەڵ دوکتور خەلیقی و دوو پێشمەرگە چوونە ژێرخانی

خانوەکەو تەقە نەما. من چوومە دەر تەماشایەی خانوە روخاوەکەم کرد، گوند چۆل ببوو، گەرامەوە تا سەعاتی ٣ لە ژوورەکەم لێی خەوتم. ئێواری کاک مستەفای شەلماشی هات گوتی: پێم باشە بچی لە مزگەوتی قسە بۆ خەلک بکەی. شەو خەلکی گوندی داوەروکابوونەوەو بە خڕی هاتبوونە مزگەوت. لە سەر سیاسەتی گزماری ئیسلامی قسەم کرد و توزێ بە سەر خەلک داهاتم کەوا بە جارێ گوندیان چۆل کردبوو. داوام لە خەلک کرد کە کونە تەیاران ساز بکەن و لە کاتی ئاوادا بچنە نێو و گوندی چۆل نەکەن. رۆژی دوایی بەو هیوایە کە وتارەکەم کاری کردبێ، چوومە نێو گوندی، چۆل و هۆل کەس لە گوندیدا نەمابوو. تەنانەت برادەرانی رادیو وئینتشاراتیش ژوورەکانیان چۆل کردبوو، بۆ نێو داران. سەعاتی دەی بەیانی چەند خومپارەی دیکەیان لە دەوروبەری گوندی لە عەرزی دا. دوای نیوە رۆ چوومە دەرەوەی گوندی هێندێ وێنەی خەلکم گرت کە لە بن داران کەوتبوون. یەکی چریکی فیداییش بە نێویاندا دەگەراو ریپۆرتاژی بۆ رۆژنامەکەیان ئامادە دەکرد.

کاک مستەفا هات گوتی بۆ دەفتەرم نووسیوە کە ..٣٠ پێشمەرگە بنێرنە دولکان. بەلام لە قسەکانی وادەر دەکەوت کە نەخشەی گواستنەوەی رادیۆ بۆ ئەو بەری چەمی کەلوێ دەکێشرێ.

رۆژی ٩٨٣/٥/٢٧ لە گەل پێشمەرگەیەک دە چوومە بێتوشێ لە رێگا توشی دوکتور سەعیدی بووم، دەچوە دولکان سەری کورەکانی رادیوو ئینتشارات بدا. تاوێک دانیشتین باسی کاری رادیو و چاپەمەنیمان کرد. پاشان گوتی:« خالیدی عەزیزی هاتبوو، داوای دەکرد ببێتە ئەندامی حیزب، بەلام ئەو بۆ حیزبی ئێمە نابێ.»

گوتم : خالید گورێکی باش و زیر و تێکۆشەرو کادرێکی پوختە و لێهاتوە. پێم خۆشە بێتە نێو حیزب. گوتی : تۆ پێت خۆشە، بەلام ئەو

کومونیستە و لە گەڵ حیزبی ئێمە نایەتەوە.
گوتم خالید کومونیست نیە. بیرو باوەڕي مارکسیستی هەیەو ئەوەش لەنێو حیزبی ئێمەدا زۆرە. دوکتور سەعید گوتی : تۆ پێت وایە. بەڵام واش نیە . ئەو چوو بۆ سەردانی تاقمی خۆی و منیش ڕێگای خۆم گرتە بەر. لە نێو گوندي بێتوشێ توشی سەروان شاهۆ بووم، چووینە چایخانە. گوندی بێتوشێ ببوە مەکۆ و ناوەندی هەلاتو وقاچاخچی و خەڵکی بێکار و لاپرەسەن و کەس بەکەس نەبوو. چەند چریکی فیدایی بە جلی کوردي دەسوڕانەوە، چەند موجاهید ی ڕەجەوی ڕۆژنامەی ژمارە ١٥١ی موجاهیدیان دەفرۆشت کە لە سەر حیزبی تودەی نوسیبوو. لە چایخانە دیتم ڕەسمێکی گەورەی مەسعودي ڕەجەویيان هەلاوەسیوە. بە چایچیم گوت : « ئەو ڕەسمە کێ هێناویەو بۆ لێرەت داوە.؟ » گوتی ئەوە دوو موجاهید هێناویان و لێرەیان داوە. گوتم : ئێمە ڕەسمی پێشەواو سولەیمانی موعینی و شەریفزادە هەڵناوەسین، دێنین لەو شاخ و کێوە ڕەسمی مەسعودی ڕەجەوی هەڵداوەسین و هەر لەئێستاوە بوت بۆ خۆمان دادەتاشین. کاکە بیهێنەخوارێ و لە دیواری مەدە .
چایچی گوتی : کاک کەریم توشی کێشەم دەکەی. خۆ حیزبیەکان هەموو دیویانەو هیچیان نەگوتوە. هەستام ڕەسمەکەم هێنا خوارو گوتم : کە پرسیان بلێ کەریمی حسامی دایبەزاندوە. برادەرێک هات بە شاهۆی گوت : گۆشتی سەرەمانگام هەیە. گوتی برۆ بیهێنە بۆ ماڵی محێدین گوێ ڕەشی. چووینە ماڵی حاجی ڕەحمانی و گۆشتیان هێنا ئەوێ و نانێکی باشمان خوارد.
دوای نیوە ڕۆ چوومە ماڵە سەرهەنگ قادری تا خەبەرێکی فەردینی بزانم. بە عادەتی هەموو ئەندامە بێکارەکانی حیزبی دێموکرات کە لێک کۆبوونەوە هەوەڵ کاریان یاریکردنی تەختەیە، ئێمەش دامان نا

تەختەیەک بکەین بە لاٚم تەختە نەبوو. سەرهەنگ کوتی: کوڕی هەڵمەتی تەختەیەکی هەیە ئەسپێکی دێنێ. تۆ بنێری ڕەنگە بۆمان بنێرێ. بە برایەکی پێشمەرگەم گوت: بچو بە کوڕی هەڵمەت بێژە فلاٚن کەس دەڵێ تەختەمان بۆ بنێرێ. چوو تەختەی هێنا. بەلاٚم چ تەختە، کاری وەستاکارانی سنەو شتێکی نایاب و بە نرخ. بە سەرهەنگم گوت «هەڵمەتی بابی ئەو کوڕە جاش بوە ولە شەری دژی پێشمەرگەی سالی ٩٦٧ دا کوژراوەو من لە کتێبی خۆمدا(کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران) بە سەرۆک جاش ناوم بردوە. ئەو تەختەم بداتێ، بابی لە نوسینێکی دیکەدا دەکەمەوە شەهید.» گەلێک پێکەنین بەلاٚم لام وابوو ئەگەر باوکیم بۆ بەهەشتێش ناردبایە، تەختەی هەر نەدەدا.

٩٨٣/٥/٢٩ گەرامەوە بۆ دولکان. لە چایخانەی (مێرگەسێ) لامدا. لە سەر ئەم کانیەساردو خۆشە ، پیرە دار چنارێک هلۆڵ ببوو، قاوەچی سەماوەرو کەشەف و ئیستیکانی لە نێو دادەنا. کانی و دارچنار و تاتە نوێژی خاوێن، دیمەنێکی ڕەنگینیان پێک هێنابوو، ڕێبوار نەیدەتوانی لێی تێپەرێ و لانەدا. ئەو دیمەنە بۆ هەوێنی ڕۆمانێک دەبوو. کادرێکی لێهاتووی حیزبی دیموکرات بە ناوی عەبدولاٚ کە دوکتور سەعید بە بیانووی گۆیا ژنبەژنە و لە ڕاستیشدا بە تاوانی (دەمهەراشی و گۆیا چەپی) لە حیزبی وەدەرنابوو، چوونوو لەسەر ئەم کانیە چایخانەی دانابوو، نانێک بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات. عەبدولاٚ سەرەرای ئەم (تاوانبارییەی چەپیەتی) چەند کتێبی وەک (ژیان و کردەوەکانی لێنین، ڕێنوێنی شەری پارتیزانی، زەوی پچوک) نوسراوەو وەرگێراوەی منی لە سەر مێزێک دانابوو کەرێبوار لادەدا بیانخوێنێتەوە یان بیانکڕێ. لاماندا دیتم ڕۆژنامەیەکی (ڕەنجبەر) ئۆرگانی یەکێ لە گروپچەپرەوەکانی ئێرانی، لە سەر مێزەکە دانرا بوو.

گوتم: عبدولاّ ئەو ڕەنجبەرە چیە ؟

- کورە چوزانم. ئەوە دوێنیدوو عەجەم حیزبەکەیان لە کەرێکی نابوو بۆ لای(مەزناوێ) دەچوونە خوارێ و دەیان گوت دەچینە لای جەلال تالەبانی. ئەو ڕۆژنامەشیان لێرە بە جێ هێشت.» ئەو دەم مام جەلال پەناو داشداری هەموو زرە مارکسیست و چەپی خواری ڕاکردووی ئێرانی بوو. کاتێک مەیدانی گێرە شێوێنی و ئاژاوەیان لە کوردستانی ئێران لێ وەتەنگ دەهات ئەودەم ئیتر(سنور و تەواویەتی عەرزی ئێرانیان) بۆ مەتلەب نەبوو. سنووریان دەپەڕاندو ڕوویان دەکردە ئەو دیوو لە لای مام جەلال دەگیرسانەوە. مام جەلال کومونیستی ولاتی خۆی دەکوشت و زرە کومونیستی هەندەرانیشی پەنا دەدا.

کە گەیشتمەوە دولکان کاک مستەفای شەلماشی هاتە لام فرە نارەحەت و نیگەران بوو. خەبەری بۆ هاتبوو کە خیزانیان بردوە بۆ مەهاباد. گازوەندێکی زۆری لە برادەرانی دەفتەری سیاسی هەبوو کە لە جیاتی یارمەتی و ڕێنوێنی بەسەریداهاتوون و سەر کۆنەیان کردوە. من پێم گوت ئەگەر کاک نەتاج بێتەوە منئامادەم لەگەلت بێم بۆ ناوچەی مەهابادو بەلکوو لە ڕێگای دۆست و برادەران ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە. ئەم سەرکۆنە و بە سەرداهاتنە کاری کردە سەر کاک مستەفاو ئیتر لە ئاخریدا نەیتوانی هاوکاری درێژە پێبدا.

ڕۆژی دوایی پەلێک پێشمەرگەی تازە لە زانکۆ دەرچوویان نارد بۆ هومل. هاتن لە کن من لایاندا، ڕەسمم لێ هەلگرتن. بە دوای ئەواندا سەرهەنگ چیا هاتە لام. هەر وەژوور کەوت هاواری کرد: برسیمە، کوا نانو چایەک هەیە؟ دانیشت لە سەر چۆنیەتی سیاسەتی دیفاع و بەرگری دەستی کرد بە ڕەخنە و ئیراد. دەیگوت:« ئەوەی ئێمە لە باری نیزامی و بەرگرییەوە دەیکەین هەلەو چەوت نادروستە. ئێمە دەبێ بکەوینە باری

هێرش و پەلاماردان و بەتەواوی شێوەی پارتیزانی. لە بەرامبەر تۆپ و خومپارەو چەکی قورسی دەوڵەتی و فڕۆکەو هیلیکۆپتەردا دیفاع ناکرێ. بەلام رێبەرەکان دەست لە مەقەڕ و تەشریفات و میوانداری و بەزمو رەزم هەڵناگرن. » سەرهەنگ پێشمەرکەکانی نارد بۆ هۆزمل. برادەرانی بەشی ئینتشارات و رادیو وردە وردە خەریکی خۆ کۆ کردنەوە بوون.

رۆژی ۱[illegible]/٤/۹۸۳ سەرپەلی ئەو پێشمەرگانەی بۆ هۆزمل چووبوون، هاتەوەگوتی: « کەمی مابوو لە گەڵ پێشمەرگەی کۆمەڵە توشی شەڕ بێن. دەیانگوت ئێمە هۆزمل دەپارێزین و نابێ ئێوە لێرە بن. بۆ ئێواری پێشمەرگەکانیش هەموویانهاتنەوە. سەرهەنگ پەلێکی نارده شەڵماش و پەلێکیشی لە دولکان هێشتەوە.

کیژێکی فەرەنسی کە پەرستاری خەستەخانە بوو، لەگەڵ دوکتورانی بێ سنور کاری دەکرد، کاتی چێشتانێ هاتە لام گوتی: هاتوم قاوەت لا بخۆمەوە، گوتویانە لای تۆ قاو هەیە. لەگەڵ کورێکی کورد هات کە لە حیزبی دیموکراتی کریبوو. ئەو کورە وەک لە بیرم مابێ لام وایە ناوی (جەعفەر)بوو، حیزب بۆ فێربوون نارد بوویە پاریس، لەوێ تووشی ئەم کیژە هاتبوو. کەوتبوونە داوی یەکتر. حیزب بەو شەرتە رێگای دابوو کە لە پاریس لە گەڵ کیژەکە بێنێتەوە کە هەموونەو خەرجەی لە فرانسە لەو کورەی کراوە بیداتەوە . کیژەکە هەموو پارەکەی خەرجی ئەو کورەی دابۆوە بە حیزب و کوری کڕیبوو. ئێستا لە گەڵ خۆی هێنابوویەوە کوردستان و لە خەستەخانەی حیزب کاریان دەکرد. لە گەڵ کورەکە هاتبوو. قاوەم بۆ ساز کردن. من ئەودەم خەریکی وەرگێرانی کتێبی (نامەی گوللەبارانکراوەکان) بووم. پرسیاری کرد چ دەنوسی؟ گوتم ئەوە نامەی ئەو فەرەنسی‌یە نیشتمانپەروەرانەیە کە لە زیندانی فاشیستەکاندا کوژراون و نامەکانیان بۆ حیزب و کەس‌و کاریان ناردۆتە دەرێ.

گوتی :« ئەو کارەی مەکە. جنایەتی فاشیستەکان وا دێ لە بیر دەچێتەوە، تۆ تازە وەبیری مەهێنەوە. »

گوتم بەرەی تازە پێکەیشتووی فەرەنسی هەست بە جنایەتی فاشیزم ناکات و لە بیری چۆتەوە. بەلاْم کورد ئێستا کەوتۆتە بەر پەلاماری حکومەتە رەفتار فاشیستەکان، خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ لاوانی کورد پێویستە. بۆ ئەوەی لە بەربەرەکانی وقارەمانەتی نیشتمانپەروەرانی فەرەنسی دەرس وەر بگرن.

باسی وەزعی فەرانسەم لێ پرسی:

ماری ئێلێن لە وەلاْم دا گوتی:« چیت بۆ باس بکەم. بێکاری، هەژاری، نەخوێندنی مندالاْن، بەرەلاْیی لاوان، گرانی کرێ خانوو، سقوتی فرانک،هیرۆئین وشتی گێژکەر، ئەوانە دیاردەی ئەمڕۆی کۆمەلْی فەرانسەن. »

گوتم کەوابوو ڕێژیمێکی سوسیالیستی دە توانی بارو دۆخی کۆمەلْی فەرانسە چارەسەر بکا.

- نا..نا.. هیچ ئاگات لە وەزعی پولونیا(لهستان) هەیە؟ بورژوازی باشترە. نامەوێ کومونیست بێنە سەر حوکم. گوتی: حەیف فەرەنسی نازانی دەنا پترمان باس دەکرد. گوتم: ئەوە نیە موتەرجیمت کریوە. پێکەنی گوتی موتەرجیمی چاک نیە. کاری دیکەی هەیە. » رۆیشتن و ئیتر نەمدیتنەوە.

۹۸۳/٦/۲ لە بارەی گواستنەوەی کادری رادیۆ وئینتیشارات و ناردنی پێشمەرگە بۆ هۆمل بێ لێکدانەوەو گەرانەوەیان، نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسی، لە نامەکەدا نوسیبووم:« ئەم بارکردن و گواستنەوە ورەی خەلْک کزدەکاو ترسم هەیە خەیالْی پەرینەوەتان هەبێ، ئەم کارە پرستیژی حیزب دێنێتە خوارێ. »

ئەم رۆژانە دوکتور خەلیقی لە بەر دەستە شکاوەکەی کەمتر بە نوسین رادەگات. کتێبی (داغستانی من) نوسینی (هەمزاتوف) و وەرگێراوەی شیرین و رەوانی کاک عەزیز گەردی -م داوە بە دوکتورو سەری لە سەرهەڵناگری.

خۆش ئەوەیەبۆ خۆم کە خوێندوومەتەوەو شتم لێ یادداشت کردوە، تازە ئەوبۆم دەگێڕێتەوە، دیارە کاری تێکردوە. هەروەڵجارە دوکتور دەڵێ:

« .کومونیستەکان نیشتمانپەروەری بەراستین.» ژیان لە گەڵ دوکتور خەلیقی لە ژوورێکدا حوسنی زۆرە. پیاوێکی زاناو ئەهلی مەنتیق و تێگەیشتوە. بەلام پیاو خۆشە بێکاربێ و لە گەڵ دوکتور خەلیقی بژی. ئەو موناقەشەو دمبەدمەی پێخۆشەولە باس‌و ئاخافتن ماندو نابێ. خۆشە پیاو بێکاربێ‌و گوێچکەی بۆ رابگرێ. بەلام نەمدەتوانی تاوێک بێکاربم. زۆر جار بۆ رێزگرتن لە دوکتور خەلیقی دەستم لە نوسین یا وەرگێڕان هەڵدەگرت و گوێم دەدا بە قسەکانی. بەوە شادم کە چەند مانگ پێکەوە لە ژوور و بن خێوەت دا کارمانکردو رۆژمان بردە سەر، ئەم هێشت تۆز لە دڵی بنیشێ. دوکتور قاسملو دەهاتە لامان. دەیگوت: زۆر سەیرە ئیدئالیستێکی مەزهەبی و مارکسیستێک چۆن ئاوا بێ قڕە پێکەوە دەحاوێنەوە.!!

شەوی ٩٨٣/٦/٣ شەوێکی شوم و دژوارو خەفەتبار بوو. تەلەڤیزیۆن ئیعدامی ٥٩لاوی نیشتمانپەروەری مەهابادی نیشاندا. دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لە بەیاننامەیەکدا رۆژی ١٧ی جۆزەردانیان بە رۆژی پرسەو تازیەی گشتی راگەیاند و داوایان لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کرد کە لەو رۆژەدا دەست لە کار هەڵگرن.

گواستنەوە بەرەو سنور

رۆژی ١٩٨٣/٦/٦کەڵ و پەلی ماڵمان پێچایەوەو دامان بە بەشی تەدارەکات کە بیبنێرنە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگوێزینەوە. پاشان لە گەڵ دوکتور خەلیقی بە پێیان بەرەو بێتوش رێگامان داگرت. لە چاپخانەی مێرگەسێ لای عەبدولاّ لاماندا و پاشان چووینە گوندەکەی ماڵی فەریدونی لێبوو سەرێکی ئەوان بدەین. فەریدون لەماڵ نەبوو. کە چووین خێزانی چەند رۆژێک بوو منداڵێکیان ببوو، دایکی فەریدون گوتی: - کاک کەریم ئەشێ ناوی لێبنێ.

گوتم با ناوی بنێین ژوان !

دایکی فەرەیدون گوتی :« ژان چەس ؟»

- چۆن لەم تەمەنەدا تۆ نازانی ژوان چیە؟ ژوانم بۆ روونکردەوە، گوتی

- ئەیرۆ ! لە پاوە ئەم ناوە پەسند نیە.

بریارماندا حەوت ناو بنوسین و خستمانە لینگە گۆزەریەک و کورەکەی دەستی درێژ کرد، دەنکێکی هێنا دەرو کە خوێندمانەوە (ژوان) دەرچو بوو. پاشان دوکتور خەلیقی بانگی دایکی کردو گوتی : « ئا بیرە ..» منداڵی لە سەر کۆشی داناو دەستی کرد بە (الله اکبر)، حەوت جاران بانگی بە گوێی دادا و منداڵیان لابرد. گوتم دوکتور تۆ بەتەمای ئەو منداڵە گەورە بێ و کورد هێشتا هەر لە خەرافات و دوا کەوتوویدا بمێنێتەوە؟ ئێستا پێم نالێی ئەم بانگدانەی تۆ چ تەئسیرێکی لە سەر ئەو منداڵە هەبوو لە عەوامفریوی زیاتر؟.

شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی بەرەو مەزناوێ داگەراین. لە مەزناوێ

چوومە نەخۆشخانە سەری بریندارەکانم دا و پاشان چووینە خواری بۆ کەمپی ژیان. لە خوارەوەی مەزناویٚ لە پەنا ئاوێکی ساردو سازگار و لە نێو دارستانێکی چڕ و باخ و باخات خێوەتیان هەڵدابوون. چادرێکیشیان بۆ من و دوکتور خەلیقی هەڵدابوو. دەستمان کرد بە خاوێن کردنەوەو ڕاست کردنی زەویەکە و ڕێکو پێک کردنی و لێی دامەزراین. کارمان ئەوەبوو دەبوایە ڕۆژانە وتارێک بۆ رادیۆ بنوسین. من خەریکی پاکنوسینی (حەمە چکۆڵ) ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ بووم. ڕاست لەوکاتەدا کە من لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە ببوومەوە، مەلا عەولا ناردبووی لە مەهاباد عەینی کتێبی بۆ هاتبوو، دەستی کردبوو بە وەرگێڕانی. دوکتور قاسملو گوتی: « ئەم کتێبە کاک کەریم کردوویە بە کوردی و تەواوی کردوە. هەق نیە تۆ وەری گێڕی .» مەلاعەولا گوتی: جا چ قەیدی‌یە، ئەوەتا لە ڕۆمانی چەند کەس وەری گێڕاوە. من پێم سەیر نەبوو. مەلاعەولا تازە ببوە جێگری سکرتێر، دەبوایە دەسەلاتی خۆی بۆ ئەم کارە بەکار بێنێ. خۆ بەچەند ساڵ حیزبایەتیش خەسڵەتی حەسودانەی مەلایەتی وەلا نە نابوو.

ڕۆژی ٩٨٣/٦/١ دوکتور قاسملو هاتە لامان. لە گەڵ دوکتور خەلیقی لە سەر کەم و کوری تەشکیلات و سیاسەتی بەرگری و تەبلیغات دامانە بەر پرسیارورەخنە. بێجگە لەوەی ئێمە گوتبوومان، دوکتور برێکیشی لێ زیاد کردو بەلام ڕێگای چارە سەر کردنی نیشان نەدا. پاشان لە وەزعی خوێندنی کەماڵی کوڕم پرسیاری کرد و گوتی :« بۆی بنوسە کە تێزی دوکتوراکەی لە سەر تەجروبەی تەعاونیەکانی بولغارستان بنوسێ، بۆ وڵاتانی دنیای سێیەم زۆر بە کەلک و جێگای ئیستیفادەن. ئەگەر بتوانێ بۆ ماوەیەک بێتە ئێرە یارمەتی دەدەم.»

٩٨٣/٦/١٢ ناوی دوورخراوەکانی شاری مەهابادمان بۆ هات.

حکومەتی ئیسلامی دوای ئیعدامی ٥٩لاوی بێ تاوان، ٥١ کەسیشی لە خەڵکی مەهاباد لە کوردستان دوور خستبۆوە. ٩٨٣/٦/١٣ موڵگەی ئەرتەش و پاسداران لە گابازەڵەی شارویرانی کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگە. ١٩کەسیان لێ کوشتبوون و ٩ کەسیان لێ بە دیل گرتبوون. دەستکەوتێکی باش چەک و جبەخانەیان وەدەست هێنا بوو. رۆژی ٦/١٥/ خەبەری ئەم سەرکەوتنەمان لە رادیۆ بلاْو کردەوە

٦/١٤/ کاک سمایلی بایزیدی هاتە لام. رەخنەو گلەیی زۆری هەبوو، دەیگوت باپیرم لە کەرکوک نەخۆشە رێگام نادەن بچم سەری بدەم. بریارم داوە بێ ئیزنی ئەوان برۆم.»

گوتم پێم باشترە لە گەڵ دوکتورقاسملو باسی بکەی و بە پرسی ئەوان سەفەر بکەی.

پێم خۆش نەبوو ئەوانەی خوێندەوار و تێگەیشتوون، حیزب بەجێ بێڵن. کاک سمایلی بایزیدی سەرەرای ئەوەی لە ئەرتەشی ئیراندا خزمەتی کردبوو، کورێکی تێگەیشتوو لە مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی شارەزابوو. پێم سەیربوو نوسولی مقدماتی فلسفەی خۆیند بۆوەو لە گەڵمن باسی دەکرد. نەمزانی دوایە چۆن سەفەری کرد، دەزانم کە رۆیشتو نەگەرایەوە.

ئێستا وتاری دوکتورسەعید لە مەرکونفرانس و کۆبوونەوەی رێکخراوەکانی حیزبی‌کە لە تامیلکەی تێکۆشەردا بلاْوکراوەتەوە و پێشترباسم کردوەو ئیختیلافمان لەسەری هەبوو، کاری خۆی کردوە. دەسەلاْت لە رێکخراوەکان ئەستێنراوەتەوەو کەوتۆتە بەر دەستی کومیسیونی تەشکیلات، واتە دوکتور سەعید. بۆ هەمو شت دەبێ ئەو بریار بدات. لە کۆبوونەوەی کومیتەی شارستانی سەردەشت مەلا سمایلی حاجی بە تێکرای دەنگ بە راوێژکەری کومیتەی شارستان هەڵبژێراوە.

بەلام دوکتور سەعید قبولی نەکردەو بریارەکە هەلوەشاوەتەوەو مەلاسمایل بێکار کراوە.

٩٨٣/٦/٢١ برادەرانی کومیتەی ناوەندی هاتنە کەمپی ئێمە. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی تەواو ببوو، بە بەشی ئینتیشاراتیان راگەیاندبوو کە نامیلکەی گورتە باس لە سەر سوسیالیزم بە ناوی کومیسیونی ئینتشارات بلاو بکەنەوە. کاک مەلاحەسەنی رستگارو کاک رەحیمی محەمەدزادەو کاک نەبی قادری هاتنە چادرەکەی ئێمە. باسی پلینوم کرا و من پرسیم :«داخوا ئەندامانی کومیتەی‌ناوەندی گورتە باسیان خوێندۆتەوە و پەسندیان کردوە کە وا بریاری بلاو کردنەوەی دراوە؟» گوتیان:« نەمانخوێندۆتەوە. لە ئاخری کۆبوونەوەدا دوکتور هێنای وپی‌داین گوتی : بیخوێننەوە. ئێمەش گوتمان لەو دەمو دەستەیدا ناخوێنرێتەوە، خۆتان چی لێدەکەن بیکەن.» دیارە قسەی ئەوان راست بوو، چونکە راپۆرتی (رێبەرایەتی شورشگێر) بۆ کونفرانسی چوار دەلێ:«لە ئاخرین پلینومی پێش کونگرە بریار درا کە ئەم نامیلکەیە لە نێو بەدەنەی حیزب دا بلاو بکرێتەوەو باسی لە سەر بکرێ، بەلام بەبێ لە بەر چاو گرتنی راسپاردەی کومیتەی ناوەندی، لە نێو ئورگانەکانی حیزب دا بلاویان نەکردەوە و راستەو خۆ هێنایانە کۆنگرە» هەر دەبوایە واشبکەن و هەتا کۆنگرە لە نێو رێکخراوەکانی‌حیزبی دا نەبخەنە ژێر باس و لێکۆلینەوە، چونکە وەک دوکتور قاسملوی شەهید بە کاک صارمالدینی صادق وەزیری گوتوە:« ئەگەر لە کوردستانی ئێران ئەوەی کردبایە ، هەرای لێ ساز دەبوو.» مەلاحەسەن گوتی: « دوکتور قاسملو تورێکی هزندۆتەوە، بۆ خۆشی تێیدا حاسیە بوەو لێی رزگار نابێ.»

٩٨٣/٦/٢٣ ئەرتەشی عیراق‌دەستیکرد بە تۆپ باران وسوتاندنی

دەشت و چیاکانی ناوچەی (گەناو)وئەم مەڵبەندە لە هەمووی چرە دوکەڵ هەڵدەستا. دیاربوو شەر لەگەڵ یەکێتی توندە. رۆژەکانی ٢٦و٢٧ ولأخدارەکانی ناوچەی ئالان بە خۆی روویان کردە بارەگای یەکێتی، گویا دەگوێزێتەوە بۆ بەری ئاسۆس. ئێمە لە دوورەوە سەیری سوتان و چرە دوکەڵ دەکەین و گوێمان لە تەقەیە. رۆژانە سەرهەنگ چیا دێتە لام. لە فەرماندەرایەتی کەوتوەو بردوویانەتە زانکۆی نیزامی و یا لە دەفتەر بێکارە. سەرهەنگ لە سەر مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هێندێ شت پرسیار دەکاو وادیارە شتێکی بەدەستەوەیە بینووسێ.جارو باریش بە گوێرەی عادەت بە تەختە کات دەبەینە سەر.

٧/٧/٩٨٣ کاک مستەفای شەڵماشی کە بەرپرسی رادیۆ وئینتیشارات بوو هاتە لام. بە سەفەر دەچوو، دەمانچەیەکی ١٤خۆری نێو پاکەتی بۆ هێنام، گوتی لە دوکتورم ئەستاندوە. رۆژی دوایی دوکتور سەعید هات. نامیلکەی(کورد و فەرهەنگی بێگانە)م دایە تەماشای بکا، گوتم کاک سەعید ئێمە لێرە کادری سەرەکی حیزبین. لە بەشی رادیۆ و بڵاوکردنەوەدا کار دەکەین. دەبێ لە سیاسەتی حیزب ئاگادار بین. ئێوە پلینوم دەبەستن، هەق وانیە ئێمە لە بریارەکانی کۆبوونەوە ئاگاداربکەن؟» گوتی راستە. بەڵام دەبوایە کاک مستەفا ئەم کارە بکا ئەوە نەیکردوە. بەکورتی لە حیزبی دێموکرات دا (کەلاشی مام ئاشەوان)باو بووهەرکەسە لە سەر زگی خۆی لادەبردو لە سەر زگی ئەوی تری دادەنا.

سەردانی کاک حامیدی گەوهەری

١٤/٧/٩٨٣ کاک حامیدی گەوهەری کە کرابوو بە مەسئولی زیندان، داوەتی کردبووم بچم سەری بدەم. زیندان لە بەری کوردستانی عیراق لە (گەناو) بوو. گەناو یەک لەو شارەدێیانەی ئەم مەڵبەندە بوو کە حکومەتی عیراق وێرانی کردبوو. بەڵام قشڵەو ساختومانی پۆلیس و

ئەرتەشی عیراقی ویران نەکرابوون. تەنیا چۆلکرابوون. حیزبی دێموکرات کردبوویە زیندان و پاسدار و سەربازو تاوانبار لەوێ رادەگیران. لە سەر داوەتی کاک حامیدی گەوهەری لە گەڵ پولاو عەلی عەجەمی بەرەو زیندان کەوتینە رێ. چوینە گوندی ئەشکان. بتکەیەکی پێشمەرگەو هێندێ زیندانی تودەیی و تاقمی حەوت کەسەش لەوێ گیرابوون. ولاخێکمان پەیداکردو رۆیشتین تاگەیشتینە ئەم شوێنە کە (دوژمن ناوی ناوە سنور) تا چاو هەتەری دەکرد وڵاتی چۆل و بیابان و دێهاتی سوتاو وکاولکراو. لای ئێواری گەیشتینە گەناو. لە شورەودیوار و هەڵکەوت و کاول و ویرانیەکانی دیاربوو، کە گوندێکی خۆش و ئاوەدان بوە. بەلام ئێستا لە زینداتێکی گەورەو شوێنێ زیندانوان بەدەر هیچی نەماوە.

کاک حامیدی گەوهەری لەو زیندانەو لەم چۆل و هۆلە، داببو دەستورێکی لەرادەبەدەر جوان و رێکو پێکی پێک هێنابوو. بەرنامەی ژیانی رۆژانە، کلاسی دەرسی فارسی و ئینگلیسی بۆ دانابوون. لە نێو زیندان فروشگای بۆ سازکردبوون. پاک و خاوێنی، نوستن و رابوون، وەرزش و حەسانەوە بە گوێرەی بەرنامە. بێستانێکی پێ ساز کرد بوون کە جگەلە خۆیان بەشی دۆست و برادرانیشی دەنارد. نوسخەیەکم بەرنامەی ژیانی زیندانی گەناوێ وەرگرت کەوا لە بەشی بەلگەکاندا چاپکراوە.

شەو ورۆژێک لە کن کاک حامیدی بووین، زۆر چاکی بە خێو کردین و خۆشمان رابوارد. ئەوە چۆورابرد لە تەختەو قسەی خۆش بەدەر هیچ باسێکی ئەو تۆشمان نەبوو کە بۆ پەزی زیانی هەبێ. بەلام دوای گەرانەوەم دوکتور قاسملو بە نوسراوە رەخنەی لە حامیدی گەوهەری گرتبوو کە بۆچی کەرێی حسامیت بۆزیندان داوەت کردوە. ئەوێ زیندانی حیزبە و شوێنێکی نهێنیە. دیارە ئەو شوێنە نهێنیە بەعس پێی دەزانی و

سەرە رێی هاتوچۆی خەڵکی دیکەش بوو بۆ قەڵادزە.!!
باشبوو تا لە کن کاک حامیدی بووم، مەلاقاسم چوار مریشکی بۆ ناردبووم. ئەودەم لە ئالانی و لە کەمپی ئێمە چوار مریشک سەروەت و نیعمەت بوو، بە تایبەت کە لە گەڵ دوکتور خەلیقی ژیابای. سەفەرێکی زۆر خۆشبوو. بەڵام لە گەڕانەوەدا تووشی ڕووداوێکی تاڵ و ناخۆش بووم، ئێستاشم لە بیر ناچێ و لە سەر دڵم بۆتە گرێ. لە بنکەی پێشمەرگەی نەشکان لاماندا. کورەکانی ئینتیشارات یەکدوێکیان هاتبوونە نەشکان کە بە نێو گوندی دا دەهاتینەخوار، دوروسێ کەس لە بەردەرگایەک ڕاوەستابوون. من لە پێشەوە دەڕۆیشتم بێ ئەوەی سەرنجیان بدەمێ تێپەڕیم و نەمزانی کێن و چدەکەن. کە لە گوندی چووینەدەر مەنسور گوتی :«کاک کەریم ئەوە کەریم بێژەن بوو لەوێ ڕاوەستابوو.» ئیتر حەبەسام و لاقم لە دوو نەهات. پرسیم : کەریم بێژەن بۆ لێرەیە؟ گوتی :
« گیراوەکانی تاقمی حەوت کەسەو تودەییەکان لێرە زیندانین.» لە رادە بەدەر تێکچووم و نارەحەت بووم کە نەمناسیوەو سڵاوم لێ نەکردووەو لام نەداوە و ئەحواڵپرسیم نەکردوە. چونکە ئەگەر زانیبام لەوێیە، بێگومان دەچومە لای و ئەحواڵپرسیم دەکرد. دەمزانی زیندان وانیش بەر هەڵستیم ناکات. زیاتر بۆیە نارەحەت بووم کەرەنگبێ کەریم منی ناسیبێ‌پێی وابێ ناسیومە و خۆم تێ‌نەگەیاندوە. ئەوە بۆمن فرە جێگای ئازار بوو. چونکە من تێکۆشان و ئازایەتی و دڵپاکی و چالاکی ئەو کورەم لەبیربوو. لە بیرم نەچووبۆوە کە لە شەری سێ مانگەدا تاقە رۆڵەی تێکۆشەری مەهاباد بوو. ئێستاش ئەم پەرۆشەم هەر هەیەو هیوادارم واهەست نەکا کە ناسیومەو خۆم تێ‌نەگەیاندوەو لێم لاداوە، چونکە پێم وایە من کەسێک نیم زەحمەت و تێکۆشانی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی لەبیر بکەم.
رۆژی ١٦/٧/٩٨٣دوکتورسەعید هاتە لام. وتارێکم نوسیبوو بە ناوی

(دیکتاتوری پرولتاریا، یان دیموکراسی بورژوازی).وتارەکەم دا بە دوکتور سەعیدو پێشنیارم کرد کە لە نامیلکەی تێکۆشەردا بلاوی بکەینەوە. وتارەکەی خوێندەوە، گوتی :«کاکە ئەم وتارە بلاو ناکەینەوەو خومان توشی کێشە ناکەین. پاشان گوتی :« فاروقی کەیخوسرەویمان ئازاد کردوە، گوتومە بۆ کوێ دەچێ با بروا.» گوتوویە:« بۆ هیچ کوێ ناچم و لە کوردستان دەمێنمەوەو دژی حیزبی دیموکراتیش قسان دەکەم.»

نامەم نوسیوەکە :« بەشەق دەری بکەن. بیبەن‌تا دەگاتە نێوپاسداران و مەهێڵن بگەڕێتەوە. ئێمە ئێستا لە حاڵی شەڕداین، جێگای ناکۆکی فیکری و ئیختیلافمان نیە .» من وتارەکەم نارد بۆ تەشکیلاتی نەغەدە کە نامیلکەیەکیان بە ناوی (یەکێتی) دەردەکرد. کاک فەتاحی عەبدولی بەر پرسی تەشکیلات بوو. ئەوردەم هێشتا بەڵێنی هێنانی نێو کومیتەی ناوەندی‌یان پێ نەدابوو. هەر ئەو کورە دێهاتیەبوو کە لە نێو حیزبدا بروای بە نەهێشتنی چەوسانەوەو بەرقەراری دیموکراسی و سوسیالیزم هەبوو. نامەیەکم بۆ نوسی کە وتارەکە لە نامیلکەی خۆیاندا بلاو بکەنەوە. وتاری ناوبراو لە (یەکێتی)دا بلاو کرایەوە. دەفتەری سیاسی(تۆ بڵێ سکرتیری حیزب) بەم وتارە تورە بوو. بریاریان‌دا کە رێکخراوەکانی حیزبی هەقیان نیە گۆڤار و نامیلکەی تایبەتی خۆیان بلاو کەنەوە. تا ئەوردەم هەموو تەشکیلاتەکانی ناوچەو مەڵبەند نامیلکەیەکی مانگانەی خۆیان هەبوو، دەنگو باسی ناوچەو شیعر و بابەتی جۆر بەجۆریان تێدا بلاو دەکردەوە. دیموکراسی حیزبی کە دوای نوسینی (کورتەباس) و هەنگاو هاویشتن بەرەو سوسیال دیموکراسی دەهات بەرفراوان و بە تین دەبوو!! ئیتر رێگای نەدەدا بیروڕای جیاوازو بۆ چونی‌جۆربەجۆر لە نێو حیزبدا بلاو بێتەوە، دەبوایە هەموو شت لە ژێر

سانسۆڕو چاوەدێری ناوەندی داپێ.

ڕۆژی ٩٨٣/٧/٢٧ نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسی و پێشنیارم کرد کە: برادەرانی دەفتەری سیاسی بە مام جەلال بڵێن : کە ڕابگەیەنێ لەو کاتەدا کە دوژمن وڵاتی ئێمەی پەلامار داوە، تا وەدەرنانی دوژمن هەمو عەمەلیاتێک رادەگرێ. بەڵکو ئەوە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێرش لە سەر یەکێتی‌نیشتمانی. مەبەستێکی دیکەشم لەو پێشنیارە ئەوە بوو کە مام جەلال ناچار نەبێ بە جارێک پاڵ وە ئێران بدات .

دوای ئەو نامەیە دوکتور سەعید هاتە لام گوتی :« پێشنیارەکەت عەیبێکی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر مام جەلال شتێکی ئاوا ڕابگەیەنێ بە پیاوی عیراق تاوانبار دەکرێ. بەتایبەت کە ئێستا لە گەڵ حیزبی کومونیستیش ئەو دەرگیری‌یەی بوە. بەڵام ئێمە هەوڵێکمان داوە کە عیراق واز لەتۆپ بارانی ئەم ناوچەیە بێنێ، بەڵکو یەکێتی بتوانێ شوێنی خۆی بگۆڕێ. »

٩٨٣/٧/٣٠ کاک عەولای سەلیمی خەڵکی مەهدان داوەتی کرد بووم، لەگەڵ دوکتور خەلیقی شەو چووینە میوانی. باسی کابرایەک هاتە گۆڕێ کە هاتبوە نێو حیزب و لام وایە لە نەخۆشخانەیان دانابوو. دەیانگوت لە زەمانی حکومەتی شادا مەعموری دوخانیە بوە. کارێکی بە خەڵک کردوە یا بەدەواری شەڕی نەکردبێ. خەڵک سەت ڕەحمەتی بۆ ژاندارم ناردوە. ئێستاش ئەوە لە حیزبدا خۆی مەڵاس‌داوە.

ڕۆژی٩٨٣/٨/٤ کۆمەڵە بڵاوی کردەوە کە لە ناوچەی سەردەشت پێشمەرگەی حیزب چەند پێشمەرگەی کۆمەڵەیان کوشتوە و چەند کەسیشیان بریندار کردوە. خەبەرێکی فرە تاڵو ناخۆش بوو. دەفتەری سیاسی بۆ سارێژ کردنی ئەم برینە داخدارە نوێنەری ناردو لە گەڵ نوێنەرانی کۆمەڵە توانیان پێشی تەنینەوەی بگرن و بەیاننامەیەکی

هاوبەشیان بلاّو کردەوە. بەلاّم بە داخەوە برینەکە هەر قرتماخەی بەستبوو، درنگتر هەڵیدابەوە تەشەنەی کردو کوردستانی تەنیەوە. سەبارەت بە سیاسەتی چەرت و لە خۆ بایی بوونی بێ جێ نەیانتوانی چاری بکەن .

٩٨٣/٨/٦ لە گەڵ شێخ رەزاو چەکۆ ومیرزا برایم و کاک عەولاّی سەلیمی چووینە راوەماسی لە کەلوێ. چی‌راوامان نەگرت، بەلاّم گەرانێکی خۆش بوو. لە گەرانەوەدا لە گوندی هەرزنە عەولاّی حاجی برایی ئەو کورە ئازاو جوامێرەی لە بەرگی چواری بیرەوەریەکانم دا باسم کردوە و یەیکی نهێنی سەرەکیمان بوو لە عیراقەوە لە گەڵ رێکخراوی ژوورەوە، پێشی پێ گرتین و شەو لای ئەو ماینەوە. ئێوارێ ماموستای گوندی و کەیخودا لێمان وەکۆ بوون و تا شەو درنگانێک باسی ئێستاو رابردو کرا.

کۆ بوونەوە لە گەڵ سکرتێری حیزب

٩٨٣/٨/٧ دوکتور قاسملو داوای کرد کە کادری رادیۆ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەڵ ئەو کۆبینەوە. کاک مستەفای شەڵماشی و کاک فەتاحی کاویانیش وەک بەر پرسی پێشووی رادیۆ و چاپەمەنی بەشدار بوون. ئێستا ئیتر مەلاعەولاّ کراوەتە بەرپرسی رادیۆو چاپەمەنی حیزبی. لە سەرەتاوە دوکتور کەم و کوری رادیۆ وبلاّو کراوەی پرسیار کرد. ئەوان هەرتکیان گوتیان هیچ کەم وکوری نیە و هەموو شت رێک و پێکە.

من کەمو کوری رادیۆ وچاپەمەنی حیزبیم بەم چەشنە دەستنیشان کرد کەوا لە دەفتەری رۆژانەدا یادداشتم کردوون:

- نەبوونی دەستەی نووسەرانی سابیت.
- نەبوونی کۆبوونەوەی حیزبی بۆ باسی مەسەلەکانی رۆژ و ئەو وتارانەی دەبێ بنوسرێن.
- نەبوونی کۆنترۆڵی وتارەکانی رادیۆ.
- فێر نەکردنی کادری رادیۆ وچاپەمەنی.
- سوڕانەوەی کادری رادیو و چاپەمەنی و نە خوێندنەوەی کتێب و موتالا.

دوکتور قاسملو گوتی:« پێویستە نایێن نامەیەک بۆ کاری رادیۆ و ئینتیشارات بنوسرێ و سەعاتی کاری هەموو کەسیش دیاری بکرێ.» پاشان لەم باسە لایداو گوتی :« دیارە کەمو کوری هەیە، بەلام ئەگەر رۆژێکیش شتێک وەدرنگی کەوت، هەق نیە هەرای لێ ساز بکرێ. برادەری واهەیە هاتنی سەهۆڵو شتیتر لە قەلادزەوە بە قیامەت دەزانێ» من فیتوی خۆم ناسیەوە. گوتم :« دوکتور وادیارە بەشی پاراستن‌تان لە حیزبدا بەهێزە. بەلام ئەم ئەرکە (مقدسە)تان بە کەسانی خوێری ئەسپاردوە. من ئەوەم گوتوە و هەقیشم بوە. مەسەلە چبوو : هەتیوێنکی خوێری و بەرەلایان بۆ دابینکردنی نان و خواردەمەنی و ئازوقەی کەمپی رادیۆ وئینتیشارات دانابوو، بەلام دیار بوو کاری گەورە تری بەشی پاراستنیان پێ ئەسپارد بوو. کاک تەهای عەتیقی هەمیشە بەو هەتیوەی دەگوت(ئەنگی جامیعە). رۆژێک سەعات ببوە دەی بەیانی، هیچ شتی خواردن دیارنەبوو. منیش هاتمەدەر وگوتم : نازانم چ سەگبابێک بەر پرسی رزقی ئێمەیە. ئەوانەی رۆژانە بەفرو سەهۆڵو قەل و ویسکیان بۆ لە ئەلادزەوە دێنێ، لانی کەم با وابکەن نان و ماستی ئێمە لە کاتی‌خۆیدا بخات. هەتیو چو بوو بە سکرتێری حیزبی راگەیاندبوو. لێرە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە راپۆرتەکان راستەو خۆ بە سکرتێری گشتی دەگەنەوە.

ئەم باسە بێدەنگەی لێکرا، پولای نانوازادە مەسەلەی کورتە باسی هێنا گۆڕێ وگوتی: «دوکتور تۆ لەو کورتە باسەدا دیکتاتوری پرولتاریات ڕەت کردۆتەوە. لە کاتێکا هیچ شۆڕشێک بە بێ دەسەلات سەقام گرتو نابێ.»

دوکتور گوتی: «ئەوە نامیلکەی من نیە. کومیتەی ناوەندی بلاوی کردۆتەوە. پاشان مارکس لە هیچ نوسراوەیەکدا باسی دیکتاتوری پرولتاریای نەکردوە.»

من گوتم: «دوکتور لاموایە لێرەدا مەسەلەی دیکتاتوری پرولتاریا جێگای باس نیە. مەسەلە ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللی‌یە بۆ خۆ بخاتە نێو ئەم کێشەیە. پاشان مارکسیش باسی دیکتاتوری پرولتاریای کردوە. وەنەبێ باسی نەکردبێ.»

- لە کوێ دا؟

- لە باسی کومونی پاریس دا

- تەنیا لەو تەقەجارە باسی کردوە

- مەسەلە جارێک و دوو جار نیە. من لە روانگەی بەرژەوەندی حیزبی دیموکراتەوە دەروانمە مەسەلەکە. خۆ ئێمە حیزبی کومونیست نین تا بچینە نێو ئەم باسەو بیکەینە کێشەو مەسەلەی خۆمان.

- کومیتەی ناوەندی بریاری لەسەر داوە.

من گوتم: برادەرانی کومیتەی ناوەندی هەر نەشیان خوێندۆتەوە.

- جا بۆ برادەرانی کومیتەی ناوەندی هیچی دیکە دەخوێننەوە؟

باسەکەو کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات.

خەبەرێکی ناخۆش لەماڵەوە

کاک مستەفای هیجری کە تازە لە پاریس گەڕابۆوە هاتە لام و گوتی:
« پێش مانگێک خێزانت تەلیفونی کرد بۆ پاریس کە یەک لە منداڵەکان تەسادفی ماشێنی کردوە، کەریم بگەڕێتەوە. » گوتم باشە پێش مانگێک خەبەری داونیٚ و تۆش وا نیزیکەی بیست رۆژە هاتویەوە، ئەوە دەبێتە پەنجا رۆژ، بۆ خەبەرت نەداومیٚ.؟ لە زمان تێکهاڵاٚن بەدەر جوابی دیکەی نەبوو. دڵسۆزی رێبەرانی حیزبی دیموکراتم بۆ ئەندامان پتر بۆ روون دەبۆوە.
بە دوکتور قاسملوم گوت : بە برادەرانی پاریس بڵێن کە پێوەندی بە ماڵەوە بگرن و خەبەرمان لێ بگێرنەوە. گوتی: پێیان دەڵێم بپرسن. وەک پێشتر گوترا، نامیلکەی کوردو فەرهەنگی بێگانەم دابوو بە دوکتور سەعیدی تەماشای بکات. رۆژی ٩٨٣/٨/٨ نامیلکەکەی لە گەڵ ئەم نوسراوە بۆ ناردبوومەوە کە وا دەقی نوسراوەو پێشنیاری دوکتور سەعیدی لێرەدا بلاٚو دەکەمەوە.:
« بەرێز کاک کەریم. بە سلاٚو و داوای لیٚ بوردن لەوە کە تەمبەڵیم لە ئەندازە بەدەر کرد و هێندە درنگ نوسراوەکەم بۆ ناردیەوە. نەزەری من بە کورتی بەم جورەیە:
١ - لە سەر یەک نوسراوەکە شتێکی زۆر «باش» و«جوان» و«شیرین» و «پێویستە». ئاخرەکەی رۆژێک ئێمە دەبیٚ کولی دڵمان برێژین. جا ئەگەر ئێستاکە لە جەرگەی خەبات داین ئەوە نەکەین، کەنگیٚ دەیرێژین؟ «عاقڵەتی» شتێکی هێندە باش نیە!!

٢ - تەنیا عەیبی ئەساسی، تایپەکەیەتی!!. پیاوی چاک بە زەحمەتێک بکێشە و بە خەتی رێک و پێکی خۆت بۆ نوسەوە. بەم کارە خزمەتێکی گەورەت بە خۆت وبە خوێنەر و بە زمان و ئەدەبی کوردی کردوە!!.

٣ - لە باری گەلاڵەو «فورم»ی نامیلکەکە - بە بروای من ، لە سەر یەک ٣ بەشە:

یەکەم - مقدمە(سەرەتا) تا ئاخری لاپەری ٤

دوهەم - موئەخرە، لە لاپەری ٢٣ را (عەلامەتم لێداوە) هەتا ئاخر.

سێهەم - نێو ئاخن کە بەینی ئەو دوو بەشەیە. لە لاپەری ٥ را هەتا لاپەری ٢٣.

لە سەر «مقدمە»و موئەخرە» قسەیەکم نیەو بە گشتی زۆر باشن. بەلام لەسەر نێو ئاخن: بە ئەزەری من گەلاڵەی نێو ئاخن بەم جورە بێ باشترە:

لە پێش دا «کورد نەتەوەیە». لاپەرەی ٩ هەتا عەلامەتی ++

لە پاشان، بەش بەش بکرێ، هەر بەشەی بۆ یەکێک لە دیاردەکانی فەرهەنگی وەک: مێژوو - زمان - جل و بەرگ. بۆ مێژوو پێم وایە بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. واتە لە رلستی دا، ئەو بەشانەی لەسەر مێژوون، کۆ بکرێنەوە لە یەک جێگا: لە لاپەری ٥ را(پاداشی کورد و هەلوێستی دەسەلاتداراتی ئیسلام) هەتا ئاخری لاپەری ٨. هەروەها لە نێو بەشی«زمان»دا: بەقلی قەول لە شەرەفنامەی هەژار(لاپەری ١٠ لە عەلامەتی+ را هەتا عەلامەتی ++.) هەروەها لە لاپەری ١١را (عەلامەتی+) هەتا لاپەری ١٢(عەلامەتی++) دیسان زۆر بە زمان مربوط نیە. بەشێکی مێژووە و بەشێکیشی بۆ مقدمە و یان موئەخرە دەبێ بە (فەلسەفەی ئیسلام). هەروەها لاپەری ١٥ لە عەلامەتی+را، دیسان زۆر بە «زمان» مربوط نیە، یان بۆ بەشی مێژوو

دەبێ، یان چون باسی لیباس و جلو بەرگە. بۆ بەشی جلو بەرگ باشە، یان بۆ مقدمەو موئەخرە.

- ئەگەر ئەوانەی عەرزم کردی لە بەشی «زمان» جیا بکرێنەوە، بەشی «زمان» تەواوە. لە بەشی جل و بەرگدا، دیارە مەسەلەی مەلا خەلیل لە گەڵ ئەو بەشەیە. کەوابوو تابێ وەک تەسڵێک جیا بکرێتەوە و تەنیا وەک نمونە دەبێ بێ ...

هەر سەر کەوتوو بی. سەعید بدڵ ٦٢/٥/١٧.»

لە سەر پێشنیاری دوکتور سەعیدی کەوتمە بیری تایپکردنی جوانی نامیلکەکەوە. کەمالی رەحیم زادە وابزانم کادرێکی لای بۆکانێ بوو، هاتبوە دەفتەری سیاسی و بەینێک بوو لەوێ دەسوڕاوە. یەک دوو جار هاتبوە لام ودەیگوت تایپ زۆر باش دەزانێ. لە ئاخافتنیشدا خۆی بەلای چەپدا دەشکاندەوە. رۆژێک هاتە لام، باسی تایپی نامیلکەکەم کرد. گوتی من ئێستا بێکارم و لە دەفتەرێش تایپی زیادی هەن و بە رۆژێکی تەواوی دەکەم. هیوام پەیدابوو، رۆیشت و ئیتر ئێستاش نەمدیتەوە. یەکدوو رۆژ پێنچوو برادەرێکی سەر بە دەفتەر هاتە لام سۆراخی کەمالی رەحیم زادەم پرسی. گوتی: « کیسەی بۆ هەڵمەدرو. گوتویە لە سەر تایپی حسامی خۆم خەتابار ناکەم. گلەییم لێنەکرد، چونکە لەوێ کەوتبۆوە بەو هیوایەی کە لەم حیزبەدا جێ پێ یەک بۆ خۆی بکاتەوە. لای وابوو ئەگەر نامیلکەی من تایپ بکا، دەرەجەو نیشانی پێ نابڕن، جا فەقیرە بۆچی خۆی توشی ئەم نەهاتیە بکات.!!

رۆژی ٩٨٣/٨/٩ چوومە ئەشکان لای موهەندیس خەیاتی. لەوێ پێی گوتم کە کاک تۆمەر گیراوە. بەلام گوتویان با خەبەر بلاو نەبێتەوە. زۆر نارەحەت بووم. خەمی ئەویش هاتە سەر خەفەتی تەسادفی منداڵەکان. لە گەرانەوەدا لە گوندەکەی بەر کەمپی خۆمان لە ماڵی فەتاحی کوری

ڕەحمانی شێلمجاران لامدا. ئەو کوڕە جارێک لە مەهاباد هاتبوە لام. بابی لە لایەن حیزبەوە گیرابوو. ئەوەندە کوڕێکی بەئەدەب و ڕوح سوک و ژیر و تێگەیشتو بوو، بە ئاوات بووم ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات. بەلام بە داخەوە چوبوە نێو موجاهیدینی خەلک و لە گەل ئەوان هاتبوە ناوچەی ئالان و یەکێک لە هەلسوڕێنەرانی چالاکی کاروباری موجاهیدین بوو. زۆرجار دەهاتە لای من و هەر دەیگوت سەرم نادەی. لە گوندی پرسیم و مالەکەیان نیشان دام. کەچووم لە دەرگام دا، خۆی لەمال نەبوو، ژنێک بە کراسێکی درێژی عەجەمی و سەری داپۆشراوی شێوە ئیسلامی عەجەمی وەدەر کەوت. لە پێشدا وەمزانی ژنە عەجەمی موجاهیدە. سلاوم کرد بە کوردی وەلامی دایەوە. گوتم تۆ خێزانی کاک فەتاحی نی؟

- بەلێ فەرموو ،تۆ کاک کەریمی حسامی ؟

- بەلێ من هەوم. بەلام ئەگەر زانیبام تۆ بەو لیباسە عەجەمی و ئیسلامیە لێم وەدەر دەکەوی نەدەهاتم. ئاخر تۆ سەیدزادەی خەلکی وەتماناوی، لەم شاخ و داخەی ئالان و لە نێو ئەم خەلکە سادەو دلپاکە ئەم لیباسە چییە لەبەرت کردوە؟ بۆ خۆتان لە کوردایەتی شۆراندوە؟

- جا چت عەرزکەم بە قوربانت بم. ئاخر ئێمە لە گەل موجاهیدانین و ئەوانیش جلی ئاوا لەبەر دەکەن. کاک فەتاح هاتەوە. باسەکەمان داگیرساندەوە، فایدەی نەبوو دەیگوت لە ئەمری سازمان دەرناچین. بەداخەوە بیستوومە لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی موجاهیدین دا ئەم کوڕە باشە شەهید کراوە.

کۆ بوونەوە لە گەڵ بەر پرسی نوێنی رادیو

دوای کۆبوونەوەی بەشی رادیو وئینتیشارات لە گەڵ سکرتیری حیزب کە دوکتور گوتی :« دەبێ روون بێتەوە هەر کەس رۆژانە چەندە کار بۆ حیزب دەکات،» مەلاعەولا رۆژی ٩٨٣/٨/١٤ کۆبوونەوەی بەشی رادیۆ وئینتیشاراتی پێک هێنا، تا سەعاتی کاری رۆژانەی برادەران دیاری بکات. یەک یەک پێدا دەهاتەخوار و لە برادەراتی دەپرسی: تۆ رۆژێ چەند سەعات کار بۆ حیزب دەکەی؟ پرسیارو دیمەنی شانۆ و بۆچوونەکە ئەوەندە سەیر و گاڵتە بوو، هەردەبوایە مەلا عەولاً ئەم رۆڵە یاری بکات. بۆ ئەو بایی و نرخی کار گرنگ نەبوو، سەعاتەکە گرنگ بوو. بۆ نموونە پرسیاری لە من کرد و گوتی : تۆ رۆژێ چەندسەعات کار بۆ حیزب دەکەی؟.

گوتم : رۆژێ سەعاتێک. رۆژی وایە نیو سەعات. کورە کان وەڵامی منیان پێ سەیر بوو. گوتم کاری من نووسینی وتارە بۆ رادیۆ یا رۆژنامە. وتار نوسینیش بۆ من سەعاتێک ناخایێنێ. باقی رۆژ تەواو من خەریکی خوێندنەوەو وەرگێران و نوسینی شتی دیکەم. پاشان گوتم من ئەسڵەن ئەم پرسیارو شانۆیەم پێ شتێکی گاڵتەیە. کادری حیرفەیی حیزب هەمو سەعات و رۆژ و ژیانی لە خزمەت حیزب دایە. کابرا دەست لە گیان و ژیانی خۆی هەڵدەگرێ دێتە نێو تێکۆشانی سیاسی، ئیتر سەعاتی کار بۆ ئەو حیساب ناکرێ. فایدەی نەبوو، کابرا پاش ئەو هەموو ساڵە حیزبایەتیە هێشتا هەر مەلا بوو. دەیگوت وانیە. کاری حیزبی هەر ئەو سەعاتەیە کە تۆ وتارەکە دەنوسی. بەم پێیە محەمەدی کوری مەلاعەولا

کە دمروتیکی ١٢-١٣ ساڵەبوو، کورەکانی سابلاخی هێنابوویان فێری تایپیان دەکرد. رۆژێ ٦ سەعات کاری بۆ حیزب دەکرد. بەلام کاری من بۆ حیزب سەعاتێک بوو. لە هەمووی سەیر تر لەم کۆبوونەوەیەدا دوکتور خەلیقی بوو. کە پلەو پایەی دوکتورا و فەلسەفەو دەرس گوتنەوەی زانستگاو ژیانی بەجێ هێشتبوو، هاتبوو لە ئالان لە بن چادرێک کەوتبۆوە و کێشەی بوو لە گەڵ مەلا عەولا کە رۆژانە ٣ سەعات کاری بۆ بنوسێت. مەلا عەولا دەیگوت زۆرە.!!! کۆبوونەوەکەم ئەوەندە پێ ئابرو بەرانە بوو، هەستام وەدەر کەوتم و گوتم کاکە لە سەعاتێک زیاتر بۆ من مەنوسن. جا ئەگەر مەلا عەولا وەک جێگری سکرتێر و بەر پرسی رادیۆ وئینتیشاراتی حیزبی دێموکرات، نووسین و وەرگێران و خوێندنەوەی پێ کاری حیزبی نەبوو، برادەرێکی حیزبی بە ناوی سیروان حفیدی نامەیەکی بۆ نوسیبووم، بۆ بەراورد کردن و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی کادرێکی حیزبی لە گەڵ مەلایەکی مەسئول، وا نامەکە لێرەدا بلاو دەکەمەوە :

رۆژی ٩٨٣/٥/٢٣ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ هات برادەرێک بە ناوی سیروان حەفیدی ناردبووی :

« بە رێزو حورمەت ماموستای تێکۆشەرو شۆرشگێر م کاک کەریم. بە سلاوێکی گەرمی شورشگێرانە. .... ماموەستا گیان وەک زانیومە خەریکی وەرگێرانی یەکێک لە بە نرخترین کتێبەکانی وەک (ئوصولی مقدماتی فلسفەی) بە راستی خوشحاڵ بوم کە بەرهەمیکی دیکەی ماموستای بەریز دەکەویتە دەستیقوتابیەکانت و لاوەشورشگیرەکان . بە بروای هەمو تیکوشەریک گەورەترین خزمەتە بە نەوەکانی داهاتوی گەلەکەمان. بە شەهامەتەوە و بە راشکاوی دەلیم و گوتومە ئەگەر دە غمخواری دیکەی ئاوامان هەبونایە کە یاریدە دەری زانست و بیرو باوەر

بونایە لە بەرانبەر لاوەکان و قوتابیەکانی حیزبەکەمان ئیستا لە قوناغیکی دیکەدا دەبوین. هیوادارم وینەتان زوربی ئاواتە خوازم تا گەیشتنی ئەو نامەیە بە سەر گەوتویی لە وەرگیرانی ئەو کتیبە بو بیتەوە و بەو زوانە بگاتە دەستی خوینەرانی تیکوشەر و شورشگیر. جاریکی دیکەش سوپاستان دەکەین بە هیوای سەر کەوتن. براتان سیروان حفیدی ٦٢/٢/٣.»

ئاواتی ئەو برادەرە هاتبوە دی، وەرگیرانی کتیبەکە تەواو بوو. بەلام لە سایەی حیزبی دیموکراتەوە تا ئیستاش نەکەوتوتە بەر دەستی خوینەرانی رینگای رزگاری.

لەنیو برادەرانی کەمپ هیندیٰ جار شتی سەیر رووی دەدا. کورەکانی ئینتیشارات هەموویان سابلاغی بوون و زور جار لە گەلٰ برادەوانی تر لالوت دەبوون. هەر دوای کوبوونەوەی سەعاتی کار کوبوونەوەیەکی دیکەیان سازکرد، پولای نانوازادەیان وە بەر نەشتەری رەخنەدا کە ناسری رەزازی کزمەلە هاتوتە کەمپ و میوانی بوە. کاک فەتاح دیفاعی لیدەکردو دەیگوت :« ئەدی بوچی عەولای موهتەدی و دوکتور قاسملو پیکەوە دادەنیشن.»!! تا من وەدەنگ هاتم و گوتم کوبوونەوە بو شتی ئاوا عەیبە. ناسری رەزازی دوستی پولایە، لە گەلٰ حیزانی و برادەرانی هاتوە میوانی بوە .جگە لەوە، ئەو هونەر مەندیکە، لام وایە دەبوایە ئیمەش بچینە لای و داوامان کردبا کە هاتو چومان بکا. نەوە راست نیە کە ئیمە هاتو چو و دوستایەتی قەدەغە بکەین. دیاربوو لە پولاٰ هەر لە بیانو بوون، دەنا هاتنی ناسری رەزازی هیچ زیانی بو پەز نەبوو.

روژی ٩٨٣/٨/٢٧ ئەم نامەیەی خوارەوەم بو دوکتور قاسملو نووسی. لیرەدا چونکە نامەکە پیوەندی بە مەسەلەی کارکردنەوە هەیە بو حیزب، لە تەرتیبی نوسین و روژدا وەپیشی دەخەم . ئەوەش دەقی نامەکەیە :

« ٥ی خرمانانی ١٩٨٣ . برای بەرێز کاک رەحمان رۆژ باش.
سلامەتیتان ئاواتە خوازم. لەم بارەوە بۆ دەفتەر نانوسم. چونکە نەدەمەوێ بە باسی ئاوا بێ نرخ کاتی(بەنرخی) برایانی دەفتەری سیاسی بگرم، نە مەسەلەیەکی ئەو تۆشە بۆ لەسەر رۆیشتن بێ. بەلام لە بەر دوروشت ئەم نامەیە بە تایبەتی بۆ تو دەنوسم . یەکەم با بە خوێندنەوەی تۆزێک بحەسێیەوەو پشوێکت بێتەوە بەر. دووەم با قسەیەکی‌خۆت وەبیربێنمەوە. کاتێک لە پراک بیرمان لەوە دەکردەوە کەمن لە چیکوسلوڤاکیاچ بخوێنم؟ تۆ پێشنیارت کرد کە مەدرەسەی حیزب بخوێنم. منیش دەمگوت با رشتەیەک بخوێنم کە لە دوا رۆژدا پێی بەرێ بچم و بتوانم نانێکی پێ پەیدا بکەم. تۆ گوتت: « جا ئەگەر کوردستان وای لێ بێ کە کادرێکی سیاسی بە قەد کادرێکی فەننی نرخی نەبێ، هەر بە قوڕ بگیرێ باشترە.» جا ئێستا راست لە جەنگەی پلەی بەرزی خەباتی سیاسی و گەرمەی شەری چەکداریدا، کوردستان بۆ بە قوڕ گیران دەبێ و هیچیتر.
با عەرزت بکەم بۆچی؟ لە سەر ئەساسی قسەی تۆ کە لە کۆبونەوەدا گوتت:« دەبێ ئەوە رون بێ کە هەر کەسە چەند کار بۆ حیزب دەکا» ماموستا مەلاعەولاً لە کۆبونەوەی رادیۆدا ئەو مەسەلەی وەک مەسەلەی هەرە ئەساسی هێناگۆرێ و رایگەیاند کە ٦سەعات کاری رۆژانە بۆ هەموو ئەندامێک وەک بریارێکی حیزبی راگەیەنراوە. زۆر جوان بوو. بەلام ماموستا چۆن لە وشەی کاری حیزبی حالی بوو؟ دەستی کرد بە پرسیارو نوسین و مقایسە. برادەران موسابەقەیان بوو تا سەعاتی کاریان بۆ زیاد بکەن. بەلام من نەمویست رۆژێ لە نیو سەعات زیاترم بۆ حیساب بکەن. چونکە کاری من نوسینی وتارە بۆ رادیو و رۆژنامەو تێکۆشەر و وەرگێرانی بابەتێکی فارسی بۆ رادیۆ. جاری واهەیە

وتاردەنوسم دوای چەند رۆژ بلاودەکرێتەوە. بێجگە لەوە خوێندنەوەی رۆژنامەو بلاو کراوەی رێکخراوە سیاسیەکانی ئێران، وەرگێرانی کتێب و نوسینی نامیلکە وشتی تر . بەم پێیە رۆژانە من ٨ سەعات کار دەکەم. بەلام رەنگە کاری من بۆ رادیو رۆژانە هەر نیو سەعات بێ. دیارە ئەگەر حیزبی ئێمە بە تەنگ پەرە گرتنی زمان و ئەدەبیاتەوە بایە، دەبوایە من خەلات بکرێم. خۆت دەزانی لە ولاتانی دیکە بۆ نوسین و وەرگێران کادری تایبەتی رادەگیرێن و نورگانی تایبەتی پێک دێن. بەلام بۆ ماموستا مەلاعەولا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی رادیۆو بلاو کراوەی حیزبی، نووسین و وەرگێران و خوێندنەوە کاری حیزبی نین. کاری حیزبی بە لای ئەوەوە سورانەوەو بردنی نامەیەک بۆ ئێروئەوێ و هەلگێر وەرگێری شریتی گۆرانی وەک خۆی خەریکە و هتد.

نەتیجە گیری ماموستا تا من بە جێم هێشت ئەوە بوو: محەمەدی کوری ماموستا رۆژێ ٦سەعات کار بۆ حیزب دەکا. پۆلاو مەکۆ و برادەراتی ئینتیشارات هەر یەکە چوار سەعات و سێ سەعات کار دەکەن. بیهرۆزی کورد ئەحمەدی کە بۆ نوسین و کاری رادیۆ نمونەیە بە زەحمەت بۆی گەیاندە چوار سەعات. دوکتور خەلیقی کە بە گیانی ناخێری پاش ٤٠ سال خوێندن وەرگرتنی دوکتورا لە فەلسەفەو و ئوستادی زانستگا و زۆربەی رۆژانیش وتار نوسین، زۆری کێشە کرد تا ماموستا بۆی سەلماند رۆژێ ٣ سەعات کار بۆ حیزب دەکا. بەگەورەیی خۆی سەعاتێکیشی کاری رۆژانە بۆمن نوسی. لام وایە ئەم هەلسەنگاندن و بۆ چوونە لە چەند بارەوە بۆ حیزب زیانیان هەیە :

یەکەم موتالاو خوێندنەوە و بردنەسەری پلەی زانیاری کە لە پیرەوی نێو خۆی حیزبدا بە وەزیفەی ئەندام دانراوە بە هیچ دادەنرێ.

دووەم رابردووی مرۆڤ لە باری سیاسی و فەرهەنگی و خەباتەوە بە هیچ

حیساب دەکرێ.

سێیەم ناعەدالەتیەکی گەورە پێک دێ. ئەویش ئەوەیە چۆن شتی وادەبێ من رۆژانە سەعاتێک کار بکەم، مانگێ دووهەزار تمەن وەر بگرم، بەلام محەمەدی کوری ماموستا رۆژانە ٦ سەعات بۆ حیزب کاربکا و تەنیا ٦٠٠ تمەن وەر بگرێ. یان رەزای رەشیدزادە بەو هەموو ماندوو بوونە بۆ قسە کۆ کردنەوە و راپۆرت و گوێ هەلخستنە ٨٠٠ تمەن وەر بگرێ. پێم سەیرە لە سەر ئەو هەموودلسۆزیو هەلقرچاوی کە ماموستا مەلاعەولا بۆ حیزب هەیەتی، ئەم نابەرانبەریە قبول دەکات.!! جا بۆ ئەوەی ئەم ناعەدالەتیە لە حیزبدا نەمێنێ و بێجگە لە(ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە کاری ئەوان بۆ حیزب رۆژانە لە ١٠ سەعاتیش تێدەپەرێ.!!) هەموو ئەندامانی حیزبی، بە تایبەت کادری رادیۆ و ئینتیشارات کە وەزیفەیان نوسینە، ٦سەعات کار بۆ ماموستا پر کەنەوە، پێشنیار دەکەم کە خانومان پێ دروست بکەن، تا هەم ٦ سەعات کارە پر بێتەوەو هەم ئەم نابەرانبەریەش لە بەین بچێ. دیارە وەک سکرتێری حیزب بەر پرسی ئەم ناعەدا لەتیە پتر لە سەر شانی تۆیە،.»

«ئیتر خۆشیتان. برات کەریم.»

رۆژی ٩٨٣/٨/١٦ لە گوندی بێتوشێ بە داب و رەسمێکی لە رادە بەدەر جوان و شاز، رێو رەسمی جێژنی دامەزرانی حیزب بەرێوە چوو. زۆربەی خەلکی گوندەکانی ناوچەی ئالان بەشداریان کرد بوو. خەلکی بێتوشێ میواندار ی زۆربەی میوان و بەشداربووەکانیان گرتبوو ئەستۆ. پێشمەرگەکانی زانکۆ دوو نومایشی لە رادە بەدەر جوان و هونەریان نیشاندا بە ناوی (سزای خەیانەت) و (دادگای ئینقلاب). تا ئەو دەم لە کوردستانی ئێران نومایشی وا جوان سەرکەوتوانە و سەرنج راکێش نیشان

نەدرا بوو.

٩٨٣/٨/١٨ چومە دەفتەری سیاسی بە موهەندیس ئاریام گوت: « من زۆر نیگەرانی ماڵەوەم. تکایە بە موحسین بڵێ خەبەرێکی ماڵەوەم بۆ لە دەفتەری پاریس وەر بگرێ. » موهەندیس ئاریا ئەودەم لە جێی موحسینی مرادی، کرابوو بە مودیری دەفتەری سیاسی، لە وەڵام دا گوتی :« کاک کەریم من لێرە میرزا بنوسێکم و هیچی تر. هەمو شت دەبێ دوکتور خۆی دەستور بدا. » چوومە لای دوکتور پێم گوت. باتکی موحسینی رەشیدزادەی کرد گوتی :« بە دەفتەری پاریس بڵێ خەبەرێک لە ماڵی کاک کەریم وەرگرێ. » رۆژی ٩٨٣/٨/٢٠. خەبەری دڵتەزێنی جنۆعان پێگەیشت. لە ناوچەی دیگولان و سونقور فەرماندەی هێز کاک ئیقبالی کەریی لە گەڵ ١٦ پێشمەرگە شەهیدکران.

٩٨٣/٨/٢٤ خەبەری ئیعدامی بە کۆمەڵی ٤٨ رۆڵەی نیشتمانپەروەری کورد لە مەهاباد بڵاو کرایەوە. لە سەر بارودۆخی بزووتنەوەو سیاسەتی بەرگری نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیبوو، دام بە دوکتور ویەزمانیش بە درێژی باسم لەگەڵکردو بۆ چوونی خۆم پێگوت. گوتی زۆر باشە، لە دەفتەری سیاسی باسی لەسەر دەکەین. ئەوەش دەقی نامەکەیە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

« بە رێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لە گەڵ سلاوێکی برایانە. هەست کردن بە مەسئولیەتی ئەرکی ئەندامەتی حیزب و مەترسیەکی گەورە کە هەرەشە لە وەزعی سیاسی و درێژە پێدانی خەباتی گەلەکەمان دەکات، وای لێ کردووم کە هێندێ بیرو رای خۆمتان بخەمە بەرچاو.

لە پێشدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە لە خەبات و تێکۆشانی ئەمرۆی حیزب ناهومێد نیم. بەڵام هێندێ کەم وکوریم دێنە بەر چاو کە بۆ دوارۆژی

خەباتی درێژ خایەنی حیزب بە مەترسیان دەزانم. هەمووشمان دە زانین کە لە گەڵ دوژمنێکی جنایەتکارو یەک دەندە رووبەروو بووین، کە بەبێ لە بەر چاو گرتنی هەستی ئینسانی و داب و شوێنی حقوقی و قەزایی نێو نەتەوەیی، دەکوژێ و دەسوتێنێ و دەست لە هیچ جنایەتێک ناگێڕێتەوە. دیارە بەربەرەکانی گەل و پێشمەرگە قارەمانەکانمان جێگای شانازی‌یە، بەلاَم خەباتی دوورو درێژی گەلێکی وەک گەلی کورد پێویستی بە دۆست و پشتیوانی و هاوکاری ستراتیژی و دلنیایی هەیە. تیزی(بۆخۆمان و بێ منەت لە خەلک) دەمێکە رەت کراوەتەوە. لەدنیای ئەمرۆدا نەتەوەیەک هەرچەندی قارەمان بێ، پێویستی بە دۆستی راستەقینەو یاریدەدەر هەیە.

ئەوەی تائێستا حیزب لەم بوارەدا کردوویە، هەنگاوێکی بەجێ‌یە. بەلاَم بە نەزەری من ئەوانە دۆست و یاریدەدەری ستراتیژی نین. تەنیا بۆ کەلک لێوەرگرتن دەبن. بە شێوەی کونکرێت مەبەستم عێراقە. حکومەتی بەعس دوژمنی سەرەکی بەشێکی نەتەوەکەمانە. ئێمە پێویستە ئەم حیسابەمان لە دەست دابێ.

زۆر جار لە چاپەمەنی حیزبی و لە ئاخافتنەکانی سکرتێری گشتی دا، ولاَتانی سوسیالیستی و بە تایبەت یەکێتی سوویەتی بە دۆست و پشتیوانی خەباتی گەلی کورد ناو براوە. بەلاَم بە کردەوە تا ئێستا دیاردەیەک لەم بوارەدا سەری هەلنەداوە. من پێم وایە حیزبی ئێمە وەک پێویستە بۆ بەجێ گەیاندنی قسەو نوسراوەکانی خۆی تێ نەکۆشاوە. لام وایە تەنیا داواکردنی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی و پێوەندی کەسانی دەرەجە ٢و٣ بۆ کارێکی ئاوا کافی نیە. من قەت بیرورای خۆم لەم بارەوە نەشاردۆتەوەو نایشارمەوە، دۆستایەتی و پشتیوانی سوویێتم بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەوەندە پێ گرنگە، تەنانەت ئەگەر بە دروشمی ماموستا مەلاعەولاش بێ کە دەلێ:« ولاَتانی سوسیالیستی تا

جنێویان پێ نەدەی پارمەتیت نادەن و ناتناسن» هەر پێم باشەو پێویستە هەنگاوی بۆ باوێژری.

بە پێویستی دەزانم لە سەر مەسەلەیەکی تر بە راشکاوی بیروڕای خۆم دەر ببڕم ئەریش‌لام وایە تاک کەوتنەوەی ڕێبەرایەتی حیزبە لە کۆمەلانی خەلک. وا هەست پێدەکەم کە برادەرانی دەفتەری سیاسی لایان وایە لەم کوردستان و لەم دنیایەدا هەموو گرێپوچکەیەک و هەموو گیروگرفتێک تەنیا بە دەستی ئەوان دەکرێتەوە. بەبێ فەرمانی ئەوان و بە دەستی ئەوان نەبێ، کوردستانیش ئازاد بێ، پێ‌یان‌هیچەو لەوانەیە نەشیانەوێ. لە کاتێکا دەکرێ بۆ کردنەوەی زۆر گرێپوچکەو بۆ راپەراندنی زۆر کاروبار رێگای جۆر بە جۆر بدۆزرێتەوەو لە کەسانی لێهاتووی غەیرە حیزبی گەلک وەر بگیرێ. خەلکێکی زۆری دیکە بێجگە لە دەفتەری سیاسی دلسۆزی مەسەلەی کوردن و ئاواتیان ئازادی کوردستانە.

حیزبی ئێمە بەر پرسیەکی گەورەی کەوتۆتە سەر شانی، تەنیا بە یارمەتی کۆمەلانی خەلک و کەلک وەر گرتن لە بیرو هاوکاری خەلک دەتوانێ ئەم مەسئولیەتە ئەنجام بدا. بە بۆ چوونی من دۆستایەتی و راکێشانی یارمەتی و پشتیوانی ولاتانی سوسیالیستی ئەوە دینێ کە حیزبی دیموکرات پتر هەولی بۆ بدا.

ئیتر خۆتان دەزانن. سەرکەوتوو بن. براتان کەریم .٦٢/٥/٢٧.

هەر لەو سەروبەندەدابوو بەرنامەی (فیرقەی مستقل دیموکراتی ازربایجان) بۆ دەفتەری سیاسی هاتبوو. بێ تاریخ لە ٢٤ لاپەرەدا. دوکتور سەعید بۆی هێنام کە شیبکەمەوەو وتارێکی لەسەر بنووسم. من بێجگە لە نوسینی وتارەکە ، وەرگێراوەی (مەرامنامە) و کورتەی پێشەکی بەرنامەکەم لە دەفتەری رۆژانەم دا یادداشت کردو لێرەدا بلاوی دەکەمەوە. رەنگە بۆ ئاگاداری خوێنەراتی کورد بێ فایدە نەبێ

« بەرنامەی فیرقەی مستقل دیموکراتی ئازربایجان»

پێشەکیەک لە ژێر سەرخەتی(هێزە دێموکراتیەکانی ئازربایجان) باسی رابردووی هێزەکانی ئازربایجان وەک (مەرکەزی غەیبی) شێخ محمدی خیابانی و فیرقە دەکاو نەتیجە دەگرێ کە فیرقە لە بەر ئەوەی کەوتە ژێردەستی حیزبی تودە نەیتوانی‌ئەرکی خۆی بە جێ بگەیەنێ. چونکە حیزبی تودە سیاسەتی ئەوی دیاری دەکرد.

باسێک لە سەر کارکردی شۆرشی ئۆکتوبر دەکا. باسی دەستکەوتەکانی فیرقەی دێموکرات و راپەرینی ٢١ی سەرماوەز دەکا.

مەرامنامەی(فیرقەی‌مستقل دیموکراتی ئازربایجان)

دەست لێدان لە مەرامنامەی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی فیرقە.

کۆبوونەوەی تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە بەرەیەکی یەککگرتودا بۆ ئازادی ئێران.

دەبێ کۆماری یەککگرتوی دیموکراتیکی خەلکی ئێران دابمەزرێ.

فیرقەی دیموکراتی مستقل ئازربایجان.

١ - لە سەر بەخۆیی و تەواویەتی عەرزی ئێران دیفاع دەکا.

٢ -هەموو داخوازێکی لە چوارچێوەی ئێراندا دەوێ. لەگەڵ هێزە دیموکراتیەکانی ئێران دژی هەموو چەشنە سەرە رۆیی و شوڤێنیزمێک خەبات دەکا.

٣ - فیرقە دەیەوێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی سەر بەخۆو دێموکرات دا، مافی نەتەوایەتی خەلکی ئازربایجان، ناوچە تورک نشینەکانی بە ئازربایجانەوە نوساون و مافی هەموو میللەتەکانی دیکەی ئێرانیش دابین بکرێ.

٤ - فیرقە لەسەر ئەو باوەرەیە کە ئەو دەم ئێران دەبێتە ولاتێکی دیموکرات و سەر بەخۆو ئازاد کە هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم

ولاتە مافی نەتەوایەتی وەربگرن و (کۆماری دیموکراتی خەلقی ئێران) پێک بێنن. (بیرلەشمیش دیموکرات خلق ایران جمهوریتی)
٥ - فیرقە بەستراوەیی بە سیاسەتی خاریجی رەت دەکاتەوە و لە سەر ئەو باوەرەیە کە ئێران بە دەستی ئێرانی ئازاد دەبێ.
٦ - ئامانجی نیهایی فیرقە سوسیالیزمە کە کۆماری دیموکراتی خەلکی ئیران رێگای بۆ دەکاتەوە.
سیاسەتی نێو خۆی ئێران
١ - ناسینی مافی خودموختاری ئابوری و فەرهەنگی و ئیداری گەلانی ئیران لە سەر بناغەی دیموکراتی و چاوەدێری راست و لانەدان لە م سیاسەتە.
٢ - لە بەین بردنی سیاسەتی بەستراوەیی و دیکتاتوری و لە بەین بردنی نە خوێندەواری و نەزانی و بەستنی هەمو رێگایەک کە سەر بکێشێتە دیکتاتوری ئەرکی حکومەتی ئاوەندی‌یە.
٣ - ئازادی‌یە دیموکراتیەکان
٤ - پاک کردنەوەی دەزگا دەوڵەتیەکان لە ئەفرادی دیکتاتور و روحانی و ئەفرادی سەر بە ئیمپریالیزم
٥ - هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا - مەجلیسی دیموکراتیکی میللەتەکان و هەموو ئورگانەکانی دەوڵەتی بە شێوەی نهێنی و راستە خۆ.
٦ - گۆرینی ئەرتەش بە ئەرتەشی گەلی.
٧ - گۆرینی تەقسیماتی ئیداری کە لەسەر دەمی پەهلەویدا کرابوو
٨ - تەقسیماتی ئیداری بە گوێرەی خسوسیاتی میللی لە کۆماری یەکگرتوی دیموکراتی خەلقی ئیراندا.
سیاسەتی دەرەوە.
١ - و ٢ - سیاسەتی بێ لایەنی، ئیحترامی متقابل، پشتیوانی لە

خەباتی دژی ئیمپریالیستی و لە خەباتی گەلان بۆ مافی دیاری کردنی چارنوس.
۳ - لایەنگری لە رێکخراوە نێو نەتەوەییەکان لە ئاشتی و ژیانی بە هێمنی، لە چارە سەر کردنی مەسەلەکانی نێو نەتەوەیی لە رێگای وتو وێژ و ئاشتییەوە.
٤ - رێگا دان بە پەنابەرە سیاسیەکان و ئازادیخوازان.
مەسەلەکانی ئیداری، ئابوری، فەرهەنگی و لەش ساخی.
۱ - سیاسەتی دەرەوە ، بەرگری، بەرنامەی درێژخایەنی ئابوری، ئەرکی حکومەتی ناوەندییە. بێجگە لەو ۳ مەسەلەیە تەواوی کارەکانی دەوڵەتی لە ئازربایجان و ناوچەکانی تورک نشین لە سەلاحیەتی حکومەتی خودموختاری ئازربایجان دایە.
حکومەتی خودموختاری ئازربایجان لە دانانی قانونی گشتی و هەڵبژاردن و لە ئیدارە کردنی حکومەتی ناوەندیدا بەشدار دەبێ.
۲ - لە حکومەتی خودموختاردا هەمو دەسەڵات بە دەست خەڵکەو بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەجلیسەوە بە رێوە دەچێ.
۳ - هەڵبژاردن و هەڵبژێران لە ۱۸ ساڵی و ۲۱ ساڵی بۆ ژن و پیاو.
٤ - تەواوی کارمەندان لە حکومەتیخودموختاردا لە لایەن حکومەتیخودموختارەوە دیاری دەکرێن و هیچ مەعمورێک لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری ناکرێت.
٥- ئینتیزاماتی داخیلی لە ئازربایجان لە لایەن حکومەتی خودموختارەوە لە خەڵکی مەحەللی دیاری دەکرێن.
٦ - زمانی ئازربایجانی(تورکی ئازەری) زمانی رەسمییە.
۷ - مافی فەرهەنگی بۆ میللەتەکانی دیکەی ئازربایجان. کورد وئەرمەنی و ئاسوری.

٨ - ئازادیی‌یە دیموکراتیەکان .»
لێرەدا تەواو بوەو چیتر لە دەفتەری یادداشتەکانمدا نیە.
رۆژی ١/٩/٩٨٣ تیلگرافی خێزانم بۆ هات، تیلگرافەکە بۆ ماڵی کاکە شێخەی لە قەلادزە ڵێندرابوو. لە تیلگرافەکەدا گوترابوو:« کەریم، شلێر تەسادوفی کردوە، زوو وەرەوە » زۆر نارەحەت و نیگەران بووم. چومە کن مەلاعەولای کە جێگری‌سکرتێر و مەسئولی رادیۆ بوو، تیلگرافەکەم نیشاندا، گوتم: زۆر نیگەرانم. دەمەوێ سەفەر بکەم و سەرێکی ماڵێ بدەمەوە . دوکتور رقاسملو سەفەری کردبوو،دوکتورسەعیدیش بۆ سەردانی گۆیا رێکخراوەکانی حیزبی رووی کردبوە لای مەهاباد. مەلاعەولا گوتی :
ئیشەلا هیچ نیەو زەنگە هەر ویستبیان سەریان بدەیەوە. بەلام ئەگەر هەر بتەوێ سەفەر بکەی، ئێستا باشترین فرسەتە. کاک هومایونی ئەردەلان لە گەڵ پەلێک پێشمەرگە بۆ سەر پەرشتی کونفرانسەکانی حیزبی پێش کۆنگرەی شەش بۆ شیمال دەچێ. لەگەڵ ئەو سەفەرێکەی باشترو ئەمینترە. منیش نامەیەک بۆ تەشکیلاتەکان و پێشمەرگە دەنوسم ئەگەر پێویست بوو یارمەتیت بدەن. لە گەڵ برادەرانی‌دەفتەری سیاسیش قسەدەکەم کە موافەقەت بکەن، بۆ خەرجی رێگا ٢٠ هەزارتمەنت بدەینێ. تۆ لە دۆڵی شێخان کاک جەلیل هەر دەبینی. خەبەری دەدەینێ پارەکەی لەوی وەرگرە. »
مەلاعەولا نامەیەکی نوسی لێم وەرگرت و قەتیش بە کارم نەهێنا، چونکە لە کوردستان ئەوەندە ناسرابووم کە پێویستیم بە نامەی مەلاعەولاو کەسیتر نەبێ، بەلام دیسان سوپاسی دەکەم. چوومە بێتوشێ، ماڵە سەرهەنگ قادری تا خەبەرێکی فەردینی بزانم و یەکیش لە کورەکان لەگەڵ خۆم بەرم. لە دوای فەرەیدونی میترانم نارد هات و لەو کاتەشدا خەبەرێکی بە درۆ بلاو بۆوە کە فەردینی کوری سەرهەنگی ئازادکراوە.

خۆشی ئەو خەبەرەچەند برادەری دیکەش کۆ بوونەوە و دەزگایەکی باشی خواردن و خواردنەوەش سازکراو باسی سەفەری منیش کرابە مەزەی دانیشتن و لێک خڕبوونەوەکە.. سەروان شاهۆ تازە لە سەفەری جنوب گەرابۆوە، گوتی : «ماینێکم لە هەورامان کڕیوە بە دووهەزار تمەنی. تائێرە سواری بووم. زین و لغاوی هەیەو سواری‌بەو برۆ. بە پێیان ناگەیە شیمال. هەرچی کردم پارەی لێ وەر نەگرتم و لە سوپاس بەدەر چیدیم لە دەست نایە پاداشی بدەمەوە. سواربووم گەرامەوە بۆ کەمپ. ئەم کتێبانەی خوارەوەم خستنە نێو سندوقێکی فیشەکان و لای برادەرێکم دانان تا دەگەڕێمەوە.

١- تاریخ عصر جدید ٢جلد
٢-فەرهەنگی ئینگلیسی بە فارسی ئوکسفورد -٢جلد
٣ مەسەلەی کورد: حیزبی کومونیستی عیراق
٤ - جنگ شکر در کوبا
٥ قانیع پاشمەرگە
٦ -چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات چەند جەلد
٧ - ڕێنوێنی شەری پارتیزانی
٨ - کوردەکان - حسن ارفع
٩ - کوردستان دوکتور کەمال مەزهەر
١٠ - ارتش عظیم زنان
١١ - انتفاظه الاکراد
١٢ - رەخنە لە سەر کتێبی حوسێنی مەدەنی
١٣ - کوردستان - حەبیبولای تابانی
١٤ - ئافرەت لە مێژوودا
١٥ - اوضاع ایران دردوران معاصر

١٦ - کورد لە مێژووی دراوسێکاندا
١٧ - دیوانی شێخ رەزا
١٨ - دیوان گۆران
١٩ - خاطرات یک سرباز
٢٠ - لە پێناو نالی دا
٢١ - دایک - ماکسیم گورکی
٢٢ - درباره انقلاب اجتماعی
٢٣ - واژه نامه سیاسی
٢٤ - بیداری اسیا
٢٥ - رومان تانیا
٢٦ - ئینجە مەمە
٢٧ - مێژوو دوکتور کەماڵ مەزهەر
٢٨ - داغستانی من
٢٩ - ئوسولی فەلسەفەی مارکسیزم - ئاڤاناسیف
٣٠ - پیرە مێردو دەریا
٣١ - ئیتاعەتی کور کورانە
٣٢ - دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی
٣٣ - توضیح المسائل
٣٤ - محمد پیغمبری کە ازنو باید شناخت
٣٥ - شەهیدانی قەڵای دمدم
٣٦ - ئەرباب ، زندانیان ، مالوا ، زندگی درباره ، ماکسیم گورکی
٣٧ - دولت و انقلاب
٣٨ - طب الکبیر
٣٩گۆڤاری نوسەری کورد و بەیان و دنیا و گزنگ و هتد..

٤. بزوتنەوەی هەقە

ئەوانەو گەلێک نامیلکەو دەفتەری تر.

بێجگە لە وانەوەرگێراوەی کتێبی(ئینجەمەمەد)و (ئوسولیسەرەتاییەکانی فەلسەفە) و (نامەی گوللە بارانکراوەکان) و (کورد وفەرهەنگی بێگانە)م بە جیا پێچانەوەرلە لای پۆلای ئانوازادەم دانان و ئەسپاردم کە بیاندات بە برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراق و یا بیانئنێرتەوە بۆ دەفتەری پاریس کە بگەنەوە دەستم. دەبێ یەک دنیا سوپاسی پۆلاو کاک محەمەدی مەدەنی بکەم کە بەهۆی ئەوانەوە، ئەم پێچراوانەی دواییم پێگەیشتنەوە. هێندی لیباسی کوردی و نوێن و پێخەفم لە مالی برادەرێکی خەلکی نارچە دانان .

سەفەر بەرەو ئوروپا

رۆژی ٩٨٣/٩/٤ مالاوایم لە برادەران خواست و چوومە بێتوشێ. رۆژیدوایی سەرهەنگ قادریعەلیبرازای سازکرد لەگەلم بێ. بەیانی دوای نانخواردن کەوتینە رێ چووینە گوندی شەلماش. برادەرانی رێکخراوی حیزبی زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردم. مەسەلەی بلاو بوونەوەی (کورتە باس) ئەندام و رێکخراوەکانی حیزبی نارۆژاند بوو. دەستیان کرد بە پرسیارو باسان لە سەر نێوەرۆکی ئەم نامیلکەو ناماقجی بلاو کردنەوەی. لە وەلام دا هەر ئەوەندەم دەگوت : کە بیخوێننەوە و بیرو راتان بۆ کومیتەی ناوەندی ویا بۆ تەشکیلاتی گشتی بنوسن هەر چەند دەمزانی جوابیان نادەنەوە. دەیانگوت: هەر بیستوومانە چاپکراوە، بۆمان ناتێرن بیخوێنینەوە . برادەرێک بە ناوی یوسف لام وایە لە

تاراوەکانی سنە بوو هاتە لام و هەرچەند نەم دەناسی هەڵوێستێکی لە رادە بەدەردۆستانە و برایانەی هەبوو، پاشان پێی داگرت دەبێ لە ماڵی ئەوان نانی بخۆین . برادەرانی ڕێکخراویشی داوەت کرد و چوینە ماڵی ئەو، تانێکی فرە شازیان سازکردبوو. دوای نانخواردن کاک عەلی قادری لەوێ بەجێما و منیش دەبوایە ڕێگام درێژە پێ بدەم.

برادەرانی ڕێکخراو دوو پێشمەرگەیان ئامادە کردو کەوتینە ڕێ. چوونە خوار لە شەڵماشەوە بۆ چۆمی و تێهەڵبوونەوە بۆ (کۆڵەسەی سەروو) ئەم هەوراز و لێژە حەستەمە بۆ نووسەری باش هەوێنی رۆمانێکە. لە کۆڵەسە چوونە بنکەی پێشمەرگە. لەوێ دووپێشمەرگەی دیکە هاتن کە هەتا (گۆڵە) لە گەڵم بێن. لە بازاری نیسکاوێ لاماندا، لە چایخانەیەک چاییمان خواردەوە. کاروانێک سازدەبوو دەچوە (گۆڵە). یەک لە کاروانچیەکان بە ناوی (حەسەنی هەمزەی) دەیناسیم هاتە لام و پرسیاری کرد: « ئەوە چۆنە و بۆ کوێ دەچی؟» گوتم دەچمە (گۆڵە). گوتی دەخزمەت دام و ئێمەش ئەوە ساز دەبین دەڕۆین. گوتم جا کەوایە من پێشمەرگەکان دەگێڕمەوە. ئەوان بە پێیان و ئێمە بە سواری ڕێک ناکەوێ. هەر چەندی پێشمەرگەکان هەوڵیاندا تاگۆڵە بێن، نەمهێشت. ئەوانم گێڕابەوەو لە گەڵ کاروانی قاچاخچیان کەوتینە ڕێ. لە گوندی هەتداوێ لە ماڵی خاڵی حەسەنی هەمزەی لاماندا، چاییمان خواردەوە و دوای نیوە شەو گەیشتینە گۆڵە. بە یانی بە دەنگی بڵندگۆی مزگەوت وەخەبەر هاتم. لە مزگەوت هاواریان دەکرد:« ماڵو پیاو لەگەڵ ولاخێک سازبێ و بکەوێتە ڕێ بۆ زاواکێوی، بیمارستانی حیزب بگوێزنەوە. کاک سەید حەسەنی هاشمی هاواری ناردبوو بگەنە بیمارستان، خەتەرەو هێرشیدوژمن بەرەو زاواکێو دەستی پێکردوە. لە سەر نان و چای بووم ، مامۆستاو برایی مام ڕەسوی‌بەر پرسی شورای گوندی لە گەڵ ئەندامانی

شورا هاتنە لام. ٥-٦ کەسیتریش کەبخودای گوندی هاتن. پێم سەیربوو بەو بەیانەی چۆن زانیبویانە من هاتوومە گوندی بێگومان خانە خوێکەم شورای ئاگادار کردبوو. برادەرانی شورا داوایان کرد بچینە مزگەوت و بە چەند وتەیەک خەڵک بۆ ناردنی بیمارستان هان بدەم. برادەرانی شورا دەیانگوت خەلک لە هاوکاری ساردەو ڕێکخراوی حیزبیان تاواتبار دەکرد. دیسان لە نێوان فەرمایشتی مەلاعەولاً کە دەیگوت بە ناوی حیزب قسە نەکەم و ویست و داخوازی خەڵک کەمتر نەکۆکیەوە. بەلاّم من هەمیشە ویستی خەڵکم پێ ڕەواتر و پیرۆزتر بوە لە هەستی خۆ پەرستی فەریکە سیاسیان. چووینە مزگەوت و بە گوێرەی زانین و بۆ چوونی خۆم باروودۆخی وڵات و سیاسەتی حیزب و ئەرکی هاونیشتمانانم روون کردەوەو داوام لە خەڵک کرد کە وەدرنگی کەوتن لە چوونی بیمارستان کارەساتی بە دوایەوە. رۆژی وێستان و خۆ گنخاندن تیە. زۆری پێ نەچوو ٣٢ ولاخ و زەلام ساز بوون و کەوتنە ڕێ. خەڵک گلەییان لە ڕێکخراو هەبوو، دەیانگوت : ئەم گوندە چوار شەهیدی هەبوون، کەسی ڕێکخراو نەهاتۆتە سەرە خۆشی. پێشمەرگەیەکیش بە ناوی (مەجیدی زێرنێ) تازە شەهید ببوو، ماموستا فەرمووی ئەگەر بچیە سەرە خۆشی تەئسیری زۆر دەبێ. لەگەڵ ماموستاو برادەرانی شورا چووینە ماڵەکەیان، خەڵکی ئاواییش زۆر هاتبوون. لە سەر فیداکاری پێشمەرگە و ئەرکی خەڵک بەرانبەر بە ماڵو مندالی شەهیدان قسەم کرد. دایکی مەجید گوتی « رەبیی بەخێرنی، تەنیا بۆیە بە داخم کە مەتەرێزی مەجیدی چۆڵ دەبێ، زۆر ئازاو بە غیرەت بوو»

گلەیی دیکەی خەڵک لە ڕێکخراو ئەوە بوو، دەیانگوت: « عەولاغا کاتێک(رەبەت) بە دەست حیزبەوە بوو، ماڵ و منداڵی هێنابوە (گۆلە). کاتێک ئەرتەش رەبەتی گرتەوە، ماڵ و منداڵی بردۆتەوە رەبەت و بە

کەیفی خۆی کاڵتە بە حیزب دەکاو کەسیش خۆی تێناگەیێنێ. دوای دانیشتن و چاخواردنەوەیەک برادەرێک بە ناوی (رەسوڵی هەمزەی) لە گەڵم هات بۆ نەستانێ. لە رێگا توشی دوکتور سەعیدی بووم لەگەڵ خەجیجیمەعزوری لە خۆشکردنی رێکخراوەکانی نارچەی مەهاباد بۆکونگرەی شەش‌دەگەرایەوە. کاکەلاْ بە سواری مەیدانیک پێشتر دەهات و ئەوانیش بە پێیان سەر دەکەوتن. تارێک راوەستاین و دوایە هەرکەس بە رێگای خۆیدا. کە گەیشتینە نەستانێ لە پەنا گوندی یەکێک لە هەیوانێکەوە بە ناو بانگم دەکا. راوەستاین، دیتم برادەری دڵسۆزو مەرد(عەبەی رەسو پیرۆز)بە غاردێتە خوارێ. بردینێ بۆ ماڵی حاجیعەولاْیخزمی. نانێکی باشیان ساز کرد بوو دوای نانخواردن و هێندێ قسەی خۆش لە گەڵ عەبە ئەویش لە گەڵم هات بۆ نێو گوندی و چووینە ماڵی ئەحمەد نەستانی. دەبینم رەوان شاد سەید رەسولی بابی گەورە لەوێیە چەند پێشمەرگەشی لەگەڵدایە. ئیتر سەفەر لەوە خۆشتر نابێ لە گەڵ سەید رەسوڵی بابی گەورە لە رێگادابی. هەم ئازا، هەم قسە خۆش، هەم شارەزا، هەم لە نێو خەڵکدا ناسراو وخۆشەویست. ئێوارێ نامان خوارد و تاریکە شەو کەوتینەرێ. بە لارێ و جەنگەڵ‌و هەورازو لێژێکی ناخۆشدا، بە وریایی لە جادەی مەهاباد - سەردەشت پەڕینەوە شەو چووینەگوندی ئەلۆسە، ماڵی مەلا رەحیمی ناسیاری سەیدرسوڵ و ئەندامی حیزبی. بەیانی دوای نانو چا، چووینە گوندی(چوالان) لە ماڵی میرزا عەولاْ لاماندا و دوای حەسانەوەو میوانداری پیاوانەی میرزا عەولاْ چووینە بازاری جانداران.

لە بازاری جانداران

لەو دەشتە پانو بەرینە بازارێکی گەورەو پر لە خێوەت و چادر و دوکان و چایخانە سازکرابوو. لە گەڵ ئەوەش کە کوردستان لە هەرێک دیوەوە کەوتبوە بەر پەلاماری دوژمنانی کورد و بۆمبارانی شارو گوندەکانی کوردستا رۆژێک نەدەپسایەوە، بەلاَم خەڵک دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتبوو، زۆرشتی لە شارەکانی ئێران وەگیر نەدەکەوت، لە بازارە دەشتەکیەکانی کوردستان پەیدا دەبوو.

بینجگە لە شتومەکی قاچاخ لەو بازارانەدا زۆر جار قاچاخی سیاسی راکردووی دەستی حکومەتی ئیسلامی و تاراوەکانی دەستی حیزبی دێموکراتیش دە گیرسانەوە. ئەوێ رۆژێ چەند برادەری سەر بە تاقمی حەوت کەسەو تودەیی و دێموکرات لەو بازارە لێم کۆبوونەوەوجگە لە پرسیاری سیاسی داوای رێگا چارەشیان لێ‌دەکردم. لە کاتی وادا کە مرۆ هیچی لەدەست نایە، لە داخ و خەفەت بەدەرهیچی بۆ نامێنێتەوە. بەڵێنیم بە کاک عومەری کوری سەید حەسەنی هاشمی‌دا کە ئەوەی لەتوانام‌دابێ، بۆ خوێندنی لە ئوروپا هەوڵ بدەم. بە لێنی خۆم بردە سەر و لە یەکێتی سوفیێتی بورسی خوێندنم بۆ وەرگرت، بەلاَم بە خۆشیەوە زووتر خۆی گەیاندە سوید و دامەزراو خوێندنەکەشی تەواو کرد. دەڵێم بە خۆشیەوە. یەکەم سەبارەت بە سەیدحەسەنی چونکە کاتێکی لە کوردستان بووین و عومەر ئاوارە بوو، باوکی زۆری بە تەنگەوە بوو. جاروبار باسمان دەکرد. دووەم ئەگەر چوبا سۆڤیێت و لەوێ خوێندنی تەواو کردبایە و ئەگەر بیا بە زانای ئاتۆمیش ئێستا بەکێک دەبوو لە بادەرەوەکان و رەنگە رۆژی

هەزار لەعنەتیشی بۆ دژینەوەرانی بیری سوسیالیسمی زانستی دەنارد و بێگومان منیشی پاشقول نەدەدا.!!!

لە گەڵ سەید رەسولی بووم و نەدەکرا لە قسەی دەربچم. شەوێ چووینە گاکەش و میوانی مەلاحەسەنی رستکاربووین. شەو لە ماڵی مەلاعەولای کە خێزانی و منالەکانی لەوێبوون، چاوم بە یەک دوو دۆستی بەرێزی مەهاباد گەوت هاتبوونەگاکەش چاویان بە کورەکانیان بکەوێ. هەروەها یەک دوو برادەری ئەندامی کۆمەڵەو دۆستی خۆمم چاو پێکەوتن کە یادی شیرین و هەر لەو کاتەدا خەفەتاریشم بۆ ماوەتەوە.

بە خۆشیەوە حەمەدی کاک برایم لەوێ بوو. هەستم کرد بۆ هەرتکمان دیدارێکی خۆش‌و بە کەلک بوو، باسی زۆر شتمان کرد، کە بیروڕامان لە سەری یەکبوو. لە نێو ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتی کوردستاندا، مەسەلەی سەیرو سەمەرە ونبوونی جوانەگای حیزب بوو، بەشی کۆمەلأیەتی حیزب هێندی جوانەگای بۆ گۆشتی کڕیبوون و ناردبوونیە کن کاحەمەدی‌پلەوەڕێن. یەک لە جوانەگایەکان ونبیبوو. کاحەمەد دەیگوت: «بیلا هیچ خەتام نیە و لە مەزرایە ونبوە .گاک جەلیلی گاداتی دەسەری کردوم کە دەبێ .٤هەزار تمەنی بدەم. ئەوەش پاداشی ژیانی رابردووی منە.!!! من لە پێکەنین بەدەر دەمتوانی چ بێژم. کاحەمەد گوتی : لە تۆلەی ئەو پێکەنینە هەستە بچین ماینەکەت بۆ ناڵکەم.

- ناڵی چی؟ تۆ کەی ناڵبەند بووی؟

- لەوەی گەرێ هەستە. ماینمان بردە حەسارێکی و بە بەخێر هێنان و فەرموو لە کاحەمەد وەدەر کەوتن. بە وەستای گوت: «تکایە ئەو ماینەم وەها بۆ ناڵ کە، پاش تۆپینیش ناڵەکانی لێ نەکرینەوە.» ماینیان ناڵکرد و هیچ پارەشیان لە من وەر نەگرت. بێگومان لە سەر کاحەمەدیان حیساب کردوە. لەوێوە چووینە گوندی هەرمێ، میوانی

برایاغای تیکەیشتو ونیشتمانپەروەر بووین. برادەرانی رێکخراوی مەهاباد هاتنە لام و پێکەوە چووینە گوندی (لومجێ)و میوانی سەید رەسولی بووین. سەید رەسوو ماڵەکەی هێنابوە ئەم گوندە. خانوێکی خۆشی دروست کردبوو. لەوەش گرنگترناردبووی چیمەنتوی هێنابوو حەوزو ئاودەستی خاوێن و نمونەی بۆ ژن و پیاوان لەم گوێزە گوندەی مەنگوران ساز کردبوو. لەوێوە چووینە دەفتەری سیاسی ژمارە ٢ کاک جەلیلی گادانی بە سەری رادەگەیشت و خەریکی بارکردنیش بوون بۆ دۆڵی شێخان. کاک جەلیل گوتی :« دەفتەری سیاسی خەبەریان داوە کە لە گەڵ خەرجی سەفەری کاک کەریم موافقین. ئێستا ئەوە خەریکی خۆ کۆ کردنەوەین و سبەینێ پارەکەت تقدیم دەکەم. ئێمە چووینە گوندی چۆمان ماڵە سەیدقادری خزمی سەید رەسولی. سبەی کاک جەلیل گوتی:« زۆر سەیرە. دوکتور سەعید چۆتەوە. خەبەریان داوە کە کاک کەریم سەفەری شەخسی دەکا، حیزب خەرجی رێگای ناداتێ.» گوتم خۆ زۆربەی ئەندامانی دەفتەر بریاری پێشوویان داوەو بە تۆشیان راگەیاندوە» کاک جەلیل هەر ئەوەندەی وەلام هەبوو کە بلێ : جا چت عەرز کەم.

رۆژی ٩٨٣/٩/١٣ فرۆکەکانی حکومەتی عیراق گوندەکانی بەردە قەڵ و بەردکەمران و کۆنەلاجانیان بۆمباران کرد و ٢٢ کەسی بێ تاوان و زەحمەتکێشیان شەهیدکرد. ئەو گوندانە چ پێکەی ئەرتەشی و ئۆردووی ئێرانیان لێ نەبوو. رۆژی ٩٨٣/٩/١٤ چومە (نێلان) چادری سەید تەهای برای سەید رەسولی. لەوێوە نامەم نارد بۆ برادەرێکی خەڵکی خەلیفەلیان کە بچێ لە گوندی دورگە خوشکم و خوارزاێکم بێنێتە دۆڵی شێخان. رۆژی دوایی خوشکم و خوارزام بە ماشێن گەیشتنە ماڵە سەید تەهای. سێ رۆژان لەوێ مامەوە . میوانداری و جوامێری سەید تەها و جوانی ئەم دۆڵ و مەڵبەندە لە نوسین نایە. بەتایبەت لەم شوێنە خۆشەو

لەم ماڵە ئاوەدانە کاک عومەری باپامیریشت بێتە لار لە قسەی خۆش و ئەزموون و بۆچوونی ئەو کەلک وەرگری. کاک عومەر لە دەفتەری ژمارە ٢ بوو. لوتفی کردو هاتە لام و تا سەفەرم کرد لە خزمەتی دابووم. لە بارەی قسەی خۆش و نەستەق و هەڵرشتنی داخو دەردی کاک عومەر لە کەموکوری کاروباری سیاسی و ئیداری حیزب هیچم بۆ نانوسرێ. کاک ئەمیری قازیش لەوێ هاتە لام. کاک ئەمیر وەک جاران نارازی و بە گلەیی بوو. مەسەلەی مانەوەی خۆی لە حیزب و رێگا چارەی دیکەی باسکردو داوای بیروڕای لێکردم. وەک لەبیرم بێ هەر ئەوەندەم گوت:
« لام واباشە تا کونگرە بێنیەوە. منیش دەگەڕێمەوە بزانین چۆن دەبێ. »
رۆژی ١٥/٩/٩٨٣ کاک هومایونی ئەردەلان هات و هاو سەفەر یەکمان گرتەوە. خوشکم و خوارزام بەرێکردەوەو لە گەڵ کاک هومایون بەرەو کێلێ بنکەی تەشکیلاتی نەغەدە کەوتینە رێ. لە کانی زەرد لەماڵی حاجی سەید عەولای بابی سەید رەسوڵی لاماندا. نانێکی باشیان ئامادە کرد. بلۆرێکی مەرەزی دەستچنی زۆرگەرم وجوانیان دامێ. لەسەرەوەی کانی زەردی بیمارستانی حیزب ساز کرابوو. پێم خۆشبوو لایدەم و سەرێکی دوکتور وبریندارەکان بدەم. بیمارستان لەم کەژ و چیا هەڵەموتە، لە سایەی دوکتور مرادی قادری و هاوکارەکانی ئەوەندە خاوێن و رێکو پێک بوو، لە شارانیش شوێنی وا کەم هەبوو. هەوەڵجاربوو دوکتور مرادم دەبینی. هەرلەو ماوە کورتەو لە چەند پرسیار ووەلامدا، هەر وەک بریندار و نەخۆشەکانیش باسیان دەکرد، دیاربوو دوکتور مراد نمونەی ئینسانێکی شەریف و دڵسۆز و خزمەتکارێکی نیشتمانپەروەری تەواو عەیاربوە. بەداخەوە دوایە بیستم کە ئەویش وڵاتی بەجێ هێشتوەو ئاوارەی هەندەران بوە. لەگەڵ کاک هومایون چەندرۆژ لە تەشکیلاتی نەغەدە ماینەوە، تا پێشمەرگەیان بۆ ئامادەکرد. ئێمە لەوێ بووین

خەبەری هێرشی ئەرتەش و پاسداران بۆ میشەدێ‌و پشتی قروچاوێ هات و دەبوایە بیمارستان بگوێزنەوە . دوژمن لە ڕێگای باگردان و زێوە و میرەسێ و دێبوکرەوە پەلاماری دەست پێکردبوو. دەفتەری ژمارە ٢ی کاک جەلیلی تیلگرافی بۆ تەشکیلاتی نەغەدە ناردبوو، پێشمەرگەیان بۆ بنێرن، لە مەترسی دان.

بەرەو شیمال لە گەڵ کاک هومایونی ئەردەلان

رۆژی ٩٨٣/٩/٢٠ کەوتینە رێ و چووینە بابەکراوێ، دەبوایە بچینە ئەحمەد غەریب بنکەی پێشمەرگەی لێبوو، قەراربوو لەوێوە پێشمەرگەی سەفەری کاک هومایون ئامادە بکرێن. لە ئەحمەد غەریب کاک ئەحمەدی عەزیزی فەرماندەی هێز نانێکی باشی داینێ و پەلێکی پێشمەرگەی قزچاخ و بەکار ئامادە کرد. پاشان دووکوری گەنجی ژیری جیا کردنەوەو بانگی منی کرد و بە کورەکانی گوت:« ئێوە تایبەت لەگەڵ کاک کەریم دەچن، تائەو شوێنەی ئەو مەرەخەستتان دەکا، ئێستا هەمووتان پێکەوە دەرۆن، بەڵام ئێوە لە بەر دەستی کاک کەریمی دان.» لە هەمووی دژوارتر چوار ماموستای شورش بوون کە کاک جەلیل بە بارێک کتێبی دەرسی کوردی دەیناردن بۆ شیمال منداڵی شکاکان فێرە سورانی بکەن.!! جارێ بارگینێکی خوێریان دابوونێ کە بۆ ئەم رێگە دوورە، بار هەڵگرێکی تەواو نەبوو. ماموستاکانیش سەریان لە بارکردن و بارهەڵبەستن دەر نەدەچوو. بەدەست بارگین و بارەوە ببوونە مەسخەرە، پێشمەرگەش هێندەیان ئاور وێنەدەدان. دوای نانخواردن کەوتینە رێ. بە قەتپاڵی رووبەرووی (لگین)دا کە پاسگەی ئەرتەش و پاسدارانی لێبوو، تێپەڕین و بە لارێدا لە جادەی مەهاباد - پەسوێ پەرینەوە گەیشتینە مەزرای (دەشتی قورێ)، هێندێ چادر هەڵیان دابوو لاماندا، چادری(رەسوی حاجی عەولای) بوو. بەم شەوەو لەم بارودۆخە مەترسیدارە دا بۆ چما چ پێشوازیەکیان لێکردین. گورج نانو چایان سازکرد. پورئەستی دەستی کرد بە توک و دوعایان لە خومەینی و جاروبارێش ترسێکی دەدرکاند و

دەیگەیاند کە مانەوەمان بە ڕۆژ لەوێ خەتەرە. دوای حەسانەوە کەوتینە ڕێ و شەو لە چیاکانی پشتی شاوەلێ ماینەوە. بەیانی داکشاینەخوارێ بۆ دۆڵی (بابەسەنی)، دەبوایە تا ئێوارێ لەم دۆڵە قوڵ و نەدیوەدا بمێنینەوە. لە سەرکانیەکی و لە بن بەردان قونداخمان بۆ گرت. لای چێشتانی شوانی گوندی خەلیفان و میهمانداری مەریان هێنا سەر چێشتەنگاوێ. لە شوانەکانم پرسی: مەری کێیە و چادر لە کوێن؟ گوتیان چادری (مارفی ئەمەرئاغایە) و لەو دیوی ئەم بستوە هەڵماندارە. گوتم یەکتان بچنەوە چادران و بە کاک مارفی بڵێن: کەریمی حسامی لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە لە سەر کانین. نانو پێخۆر و قەندو چامان بۆ بنێرێ و هێندێکش جۆ بۆ ماینەکەم بێنن.

یەک لە شوانەکان کەری وەپێش خۆداو ئەوبتریان ئاگری کردەوەو چای لێنا. کاک هومایون گوتی: «خاوەنی ئەو چادرو مەرە دەناسی و جێگای بڕوایە وا شوانت ناردەوە؟»

گوتم: «دۆستی قەدیمەو زۆر پیاو مەردەو چاکی دەناسم و جێگای بڕوایە». زۆری پێنەچوو شوان بە بارێک نان و چێشت و پێخۆر و جۆوە هاتەوە و کۆڵێکیشی سلاو هێنابوو. کاک هومایون زۆری پێخۆشبوو، دوای خواردنێکی تێرو تەسەل تا لای ئێوارێ لێی نوستین. نانو پێخۆرێکی زۆرمان بۆ ڕێگا هەڵگرت و بەرەو (گەلوان) شۆڕ بووینەوە.

تاریک داهاتبوو لە پشتی گەلوانێ پەڕینەوە. بە مەزرای ئالیاوە و کاموس دا لە چۆمی گادەری پەڕینەوە. تاریک و روونی بەیانی گەیشتینە پشتی (حەلبێ)، شوانی یونسلیان لەوێ بوون. گورج چایان بۆ ساز کردین. پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بووبە ناوی سەلاح، شوانێکی ناردەوە گوندی ماڵی خۆیان کە نان و چێشت و جۆش بۆ ولاخەکان بێنێ. زۆری پێنەچوو دایکی سەلاحی بە نان و جۆو چێشتەوە گەیشتە لامان. بە

دوعاو پارانەوە لە بەر خوداو نان حازر کردن، هیچی تێدا نەهێشتەوە. سەعاتی چواری ئێوارێ بە هەورازی پشتی کانی سپیدا وە چیا کەوتین. بەلاَم تا لەو هەورازە سەرکەوتین، بارگین و بارە کتێب زمانیان پێ کێشاین. من لە ڕێگا لە گەڵ کاک هومایون نۆرەم دەکرد و نێوە نێوە سوارم دەکردو خۆم بە پێیان دەڕۆیشتم. شەو لە گوندی (چەپان) لە ماڵی حاجی محەمەدی لاماندا، دوای خواردن و حەسانەوە کەوتینە ڕێ. لە گوندی (تەرسە بلاغ) پێشمەرگە جادەی ورمێ - شنۆ یان خستە ژێر چاوەدێری و کونترۆڵ، تا هەموو پەڕینەوە بە لارێدا، هیلاک و شەکەت و ماندوو، سەعاتی چواری بەیانی گەیشتینە گوندی(دۆستەک) و چوینە ماڵی (حاجی عەزۆ) ئاغای گوندی. تەواو دانەنیشتبووین، محەمەدعەلی کوری حاجی دەستی پێکردو گوتی:«ئێرە گەلێک جێگایەکی بە ترسە. پاکسازی نەکراوە. هەموو سەعاتان بە شەووڕۆژ لە وانەیە پاسدار بگەنە ئێرە.» کاک هومایون گوتی :« کاک کەریم چبکەین. هەر چەند پێشمەرگە هیلاک و ماندوون، بەلاَم باشترە بڕۆین.»

بەکابرام گوت: «تۆ لە جیاتی بە خێر هێنان و سازکردنی نان و چایەک، جاری باسی پاسدارمان بۆ دەکەی. بە گۆری بابی پاسدارانەوە. تا هەموو گوندی ئاگر نەدەن لێرە دەرناکەوین. تۆش برۆ نانو چایەک بۆ پێشمەرگان بێنە، دوایە قسەی لێدەکەین.. پێشمەرگە کێشکیان دانا، محەمەدعەلی سەماوەری هێنا، نانو چاییمان خوارد و لێی نوستین. باش بوو نەختێ حەسابووینەوە، دەوری سەعات نۆی بەیانی لە گوندی وەدەر کەوتین. محەمەدعەلیمان برد ڕێگامان بێ نیشاندا، تا سەعاتی ١٢لە چیایەکی وشکانی و بێ ئاو دەسووراینەوە و ئەویشمان هەر لە گەڵ بوو. تا تووشی کانیاوێکی سارد بووین، لە سەر کانی دانیشتین و محەمەد عەلیمان ئێزندا ڕۆیشتەوە، ئێمەش کەوتینە ڕێ چووینە گوندی (دەشتەک). لە

پەنا گوندی خەرمانی نۆکان هەڵدرابوو و خەڵکی ئاوایی هەمووی لە نێو خەرمانان بوون. تەراکتۆریان سازکردن، پێشمەرگە سواربوون و ئێواری چوینە گوندی کانی‌سپی و میواتی حاجی مەجیدی بووین. کادری ناوچە پەیدا بوون پێشمەرگەیان دابەش کردن. رۆژی دوایی تەراکتۆریان پەیداکردن چوینە گوندی (نارەلی) و لەوێوە شەو چووینە گوندی (چەرەش)، لەوێ دابەشیان کردین، من و دوو ماموستای شورش کەوتینە ماڵی (مستەفا شێتی)، لام وایە هەموو کوردستان گەڕابایین، لەو کابرایە خوێڕی ترو مرچ و مزنترمان نەدەدۆزیەوە. رۆژی ٩٨٣/٩/٢٥ دوای نیوە رۆ بەرەو مەندەدۆڵ کەوتینە رێ. ئێواری لە مەندەدۆڵ نانمان خوارد وبریارماندا شەو بڕۆین بۆ کانی سپی. ڕێگایەکی لارێ و ناخۆش و لە دۆڵێکدا تووشی گوندێکی چوار ماڵی بووین بە ناوی (ناسراوا). لە دەرگایەک وەزعی ڕێگاوبانمان پرسی. خاوەن ماڵ وەدەر کەوت و پێی داگرت دەبێ لابدەن و بحەسێنەوە. دراوسێکەشی هات، ٥-٦ پێشمەرگەی لە گەڵ خۆی برد و بەو نیوە شەوە میوانداریەکی پیاوانەیان کرد.. رۆیشتین لای بەیانی گەیشتینە کانی سپی و چووینە مزگەوت. بەیانی دوو برادەری کادری تەرگەوەڕ هاتنە لامان و پێشمەرگەیان دابەشکردن و من کەوتمە ماڵی(حەمەدەمینی عەزۆ)ی. ماڵێکی سەرئاواڵەو ڕووخۆش و پیاوێکی جوامێر و نیشتمانپەروەرو ماڵێکی شارستانی‌لەم تەرگەوەڕە. هەر دوای قاوڵتی حەمامێکی خاوێنیان ئامادە کرد، خۆم شوشت و لێی نوستم. کەهەستام گوتیان کێت دەوێ دەستە بنێرە بۆ قراوێن بێتە ئێرە. ناردم کاک هومایون و برادەرێکی دیکە هاتن. کە چووم سەری ماینەکە بدەم، دیتم بە مشە ئاخورەکەیان پرکردوە لە وینجەو جۆ.

دەبوایە خۆمان بۆ رۆیشتن ئامادە بکەین. پێویستمان بە چاوساخێکی شارەزا هەبوو، چونکە پاسدار پێگەیان هێنابوە خوارەوەی)ئەمبی) و

ڕێگایان گرتبوو. کاک هومایون چوە دەرێ کە پێشمەرگە کۆبنەوەو بڕۆین. دوای تارێک لە دوای ناردم. کادرەکانی ناوچە دەیانگوت کەسی شارەزامان وەگیر ناکەوێ. تەنیا یەکی شارەزا هەیە، بەڵام ئەندامی حیزب نیە و تیی‌ڕانابینین داوای لێ بکەین. گوتم بچن بانگی بکەن. برادەر هات. گوتم :« براگیان ئێمە دەبێ بڕۆین. خۆ ناکرێ بە ڕۆژ ئاوا لە پەنا ورمێ بمێنینەوە. جا یا دەبێ دەربازمان بکەی، یا ڕێگایەکی دیکەمان بۆ بدۆزەوە. »

کابرا بێ سێ‌ودوو گوتی:« چی تێدانیە. تەنیا با بچمەوە داردەستێک هەڵگرم و بڕۆین. » کاک هومایون تا لێک جیا بووینەوە هەر دەیگوت : « سەرم لەوە دەرنەچوو کە بۆچی کادرەکان دەیانگوت ئەو کابرایە نایە؟ » کەوتینە ڕێ. بە شوێنی ئەوتۆدا دەڕۆیشتین کە زەلامی پێدا نەڕۆیبوو. لە خوارەوەی ئەمبی بە نیزیک پێگەی پاسداران دا پەڕینەوە. نورئەفکەنیان لە دەوروبەری خۆیان دەگرت. گەیشتینە (ئەمبی)، ئەم گوندە ئاوەدان و خۆشە کە سەفەری پێشوو لێمان لادابوو، سووتێنرابوو ، لە زۆر شوێن دووکەڵ هەڵدەستا. بە دۆڵێکی پشتی ئەمبێ دا سەرکەوتین و برادەری چاوساغ گەڕایەوە. هەرچەندی کاک هومایون ویستی دراوێکی بداتێ وەری نەگرت. بەیانی تاوهەڵات گەیشتینە گوندی(کەڵەکانی)خەڵکی گوندی زۆر پیاوانە پێشوازیان لێ کردین و بردیانین لە چەند ماڵان ناو چایان ساز کرد و دوای حەسانەوە، ڕۆژی ٩٨٣/٩/٢٧ چووینە گوندی (بانی) کە بنکەی هێز لەوێ بوو.

جیا بوونەوە لە کاک هومایونی ئەردەلان

ئیتر من لە کاک هومایون و برادەرانی پێشمەرگە و ماموستاکان جیا بوومەوە. دەڵێن سەفەر مەحەکە. لەم سەفەرەدا کاک هومایونی ئەردەلانم زۆر باش ناسی. کاک هومایون لە دەفتەر پیاوێکی بێدەنگ و لە سەرخۆ و کەم دوێ خۆی دەنواندو هەر وەک پیاوێکی بێ لایەن و بێ ئاگا دەهاتە بەر چاو. لە رێگا لە رادە بەدەر حەزی لە باسی سیاسی بوو، دایم پرسیارو موناقەشەی دەکرد. ئەدەبیاتی مارکسی خوێند بۆوە و لە بواری فەلسەفەی ماتریالیستی و مارکسیدا بیروڕای جوان و شارەزایانەی دەردەبری. باسەکانی سەرنجی راکێشام و گوتم: « کاک هومایون تۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بۆچی لەم باسانەی شەوی دووشەمۆیان لە دەفتەردا بەشداری ناکەی؟. »

گوتی: « کاک کەریم لەم حیزبەدا بێدەنگی لە هەموو شت باشترە » ماڵاوایم لە برادەران کرد و پێشمەرگەکانی بنکەی بانی هێندێ پارەیان بۆ گۆڕیەوە و دوای نیوەڕۆ لە گەڵ پێشمەرگەیەک چومە (ئەڕبیلان) بنکەی تەشکیلاتی ورمێ لەوێ بوو. عەولای عیزەت پور کرابوە بەر پرسی تەشکیلات. سەرم لە کاروباری ئەم دنیایەو ئەم حیزبە سوڕما کە چۆن خەڵک لەم حیزبە دێموکراتەدا بە غار بە پلیکاناندا سەردەکەوێ و دەگاتە سەرو مەسئولیەتی واگەورەی پێ دەسپێرن. کابرای چریکی چەپی خوار لە گەڵ چریکان لە دەست حکومەتی ئیسلامی خۆ دەرباز دەکاو دەگاتە کوردستان، بەر مەرجەی خزمی سکرتێری حیزب بێ و کوردیش نەزانێ، بە ساڵێک دەکرێتە بەر پرسی تەشکیلاتی ورمێ، یەکێ لە گرنگترین ناوچەکانی کوردستانی ئێران. لێرەدایە کە دەگوترێ کاری

خودای بۆ دەست لێدان نابێ.!!

چومە ماڵی عەولای عیزەت پور بەر پرسی تەشکیلات. ماڵەکەی پر بوو لە چریکی ڕاکردوو. لەگەڵ یەک لە میوانەکانی باسی ڕێکخراوەکانی ئێرانیان دەکرد، هاتنە سەر حیزبی دێموکرات. بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دەیگوت:« حیزبی دێموکرات حیزبێکی پیتی بورژوایە» نانمان لە وێ خوارد و بۆ نوستن چومە ماڵی بارامی. شەو خەلیل و سولەیمان و کادرەکانی ئەندامی کومیتەی شارستان لێم وەکۆ بوون و نەیانهێشت بنووم. نامەیەکی چوار لاپەرەیان نوسیبوو گازندەو سکالاْ لە دەست بێ سەرەو بەرەیی و فەرماندەی هێزو پێشمەرگەی بەرەلاْ و نابەسامانی کاروباری حیزبی، دایان بە من کە لە ڕێگای دەفتەری پاریسەوە بۆ دەفتەری سیاسی بنێرم. دەیانگوت دوو نامەی دیکەمان نوسیوە، دەفتەر جواب ناداتەوە. لە ئەربیلان ماینەکەم بە ٣هەزار تمەنی بە مرادی دروی فرۆشت. پارەکەم کرد بە لیرەی تورکی و شەوی دوایە لەماڵی کابرایەکی خەڵکی ئەربیلان نوستم و بۆ بەیانی لە گەڵ خەلیل و سولەیمانی چووینە گوندی (ئاوک)، لەوێ تەماشای جانتای دەستیم کرد دەرکەوت بەیانی تا چووینە سەر ئاوێ بەجێم هێشتبوو، ٢٠٠هەزار لیرەیان لێ دەرهێنابوو. دەمانچەو لیباسە کوردییەکانم لە کن . . . .بە جێ هێشت و ڕەسیدێکم لێ وەر گرت کە تەنیا بیانداتەوە بە خۆم.

مالاٌوایی لە برادەرانی حیزبی و لە نیشتمان

برادەرانی تەشکیلات کە لەگەڵ من هاتبوونە(ئاوک) رۆژی ١/. ١/٩٨٣ دوو لاوی قزچاخیان بە ناوی (تەتەر و میرۆ) ئامادە کردو سەر لە ئێواریٚ کەوتینە رێ بۆ گوندی (ئێللی) یا(کاولەگوند) لە کوردستانی تورکیا بۆ ماڵی عیرفانی. ئەسپاردیان عیرفان بمگەیێنێتە گەوەر. بە تاریکە شەو بە رژدو هەڵدێرێکدا دەرۆیشتین. بزنیشی پیٚ هەڵنەدەگەرا. نیوە شەو گەیشتینە (کاولە گوند) تەتەرو میرۆ هەر بەو شەوە گەرانەوە، منیش لە ماڵی عیرفان مامەوە. عیرفان لە ماڵ نەبوو، دەبوایە چاوەروانی هاتنەوەی ئەو بم. ماڵێکی دەوڵە مەند و یەک دوو کور وبرای هەبوون، دیاربوو لە تێگەیشتن و سیاسەت دوور بوون تەنیالە باس و مەسەلەی قاچاخچی و پەز و عەجەمی راکردوو کە ناویان نابوون(تروسکە) شارەزاییان هەبوو. کاولە کوند وا دیاربوو گوندی ئەرمەنیان بوە. کلیسایەکی جوان و مودێرن لە پشت گوندی دروست کرابوو، بەلاٌم ماڵە عیرفانی پەنجەرەکانیان بە قورو بەرد گرتبوو، کردبوویانە هۆڵی حەیوانان و پڕبوو لە پەین و کشپەڵی مەڕ. گوندێکی پر لە دارستان و شینایی و ئاو. دارچنار هەڵچوو بوون و لەگەڵ لوتکەی چیا پێش برکیٚیان بوو. لە دۆڵی پەنا گوندی دارە گوێز سەریان پێکەوە نابوو گوێزی کاغەزی بە دەستی دەشکان. چاوەروان بووم عیرفان بێتەوە. رۆژانە دەچومە نێو دارەگوێزان و خەریکی گوێز خواردن دەبووم. عیرفان هاتەوە. پێم وابوو لە باری سیاسیەوە پێوەندی لە گەڵ برادەرانی تەشکیلاتی ورمیٚ هەیە. پاشان بۆم دەرکەوت‌کە تەنیا پێوەندی بەرێکردنی قاچاخ و عەجەمی ڕاکردوە بۆ تورکیا. برادەرانی تەشکیلات

عەجەمی راکردوویان ناردونە کن عیرفان و ئەویش گەیاندوتیە وان و یا گەوەر. چەندیان پارە ئەستاندوەو چۆنیان بەشکردوە، هەرخۆیانده یانزانی.

عیرفان ناردی لە گوندی (شایی) کەماڵی کوری حاجی سیرتۆ هات. دوو ولاخیان ساز کردن و کەماڵ و کورێکی دیکەی منداڵکار سواربووین و کەوتینە رێ. سەعاتی دەی شەو گەیشتینە گوندی (خۆرەکان). لە دەرەوەی گوندی وێستاین، کەماڵ کورەکەی نارد ماڵی حاجی بەسەر کاتەوە کە قەراربوو بچینە وێندەرێ. هێندەی پێنەچوو، گەرایەوە هەتیوێکی قۆشمەی وشتی لە گەڵ خۆ هێنابوو، هەر گەیشتنێ و هەتیو دەستی منی گرت و بە فارسی دەستی پێکرد(بیا...بیا..زود..زود) دیاربوو هەتیو لە راکردوی ئێرانی فێری چەند وشەی فارسی ببوو. گوتم هەتیو من کوردم ئەو بیا بیایەت لەچی‌یە.؟

چوینە ماڵی حاجی. خاوەن ماڵ ئەو رۆژە بە ملی شکاوی لە حەجێ هاتبۆوە. ژوورێکیان بۆ میوانان و ئەوانەی بە حاجیەوە دێن فەرش کردبوو. ماڵێکی دەوڵەمەندی قەوغا و پر لە فەرشی ئێرانی. بەیانی چووینە مزگەوت و دیسان جانتای دەستم لە ژوورەکە بە جێ هێشت. نانو چاییمان خوارد. کەماڵو هەتیوی حاجی تاکسی یەکیان بانگ کرد بە ٣٠.. لیرە بمباتە گەوەر. حاجی جانتای کردەوەو دەسرۆکێکی حیزی هێنادەرێ و گوتی: « ئەوە سوقاتی حەجی‌یە بۆ تە » گەیشتمە گەوەر ئوتوبوس بۆ ئەستەمبول ئامادە بوو، بێ وێستان سوار بووم. لە شاری وەدەر کەوتبووین، تەماشای کیفی دەستیم کرد، دیتم ماڵی حاجی دەستی خۆیان وەشاندوە. حاجی مەلا مستەفای مەحمەشەی چەرخێکی سیفاری بە سەعاتی لە رادەبەدەر جوان و نایابی لە حەجێ بۆ هێنابووم. شتێکی عەنتیکە و شازبوو. رامگرتبوو بۆ کەماڵی کورم. ئەو بەیانەی چووبوومە مزگەوت، هەتیوی حاجی و یا کچەکانی چەرخیان دەرهێنابوو.

تازە هیچ نەدەکرا، زۆر لە گەرەر دوور کەوتبووینەوە و گەرانەوەم دژوار بوو.

ئوتوبوس رێگای خۆی درێژە پێداو دوای ٣٢ سەعات گەیشتمە ئەستەمبول. شەو چوومە هوتێل تارانی جاران. هیلاک بووم، زوو نوستم. نیوە شەو شاگرد هوتێل هات داوای پاسپۆرتی کرد، گوتی پۆلیس هاتوە چاو لە پاسپۆرتان دەکا. پاسپۆرتم دایە، بەڵام تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتەوە. بەیانی ڕابووم چوومە خوار بزانم چباسە. داوای پاسپۆرتەکەم کرد، وەرم گرتەوە دیتم مەسەلەیەک نیە. چوومەوە سەرێ خەریکی حەمام و ریشتاشین بووم، عەولای برای حاجی خاوەن هوتێل هات‌گوتی: «دوکتور شیرازی لە خوارێیە، دەیەوێ بتبینێ.»

واقم ورما، دوکتور شیرازی بۆ لێرەیە؟ چۆن بەو شەوە زانیویە من لێرەم؟ چکاری بەمنە ؟ گوتم ئەو چوزانی من لێرەم، من ناوێکی دیکەم هەیە؟ گوتی من پێم گوتوە. چار نەما چوومە خوارێ. ئاغای دوکتور ویستابوو. بە خێرهاتن و چاک و خۆشی. دوکتور دەستی کرد بە گازندە کە حیزب خۆ دەکەس ناگەیەنێ و لەو قسانە کە کەسانی وەک دوکتوری دەزانن کەنگێ دەبێ بیانکەن. گوتم :« چت عەرزکەم. حیزب ئەوە لەکوردستانەو منیش لە سەفەردام.» دیدارەکەمان لەوە تێ نەپەری. من لە ئەستەمبولێ گیر نەبووم. بلیتی ئوتوبوسم کڕی و دوای نیوەڕۆ سواربووم، رۆژی ١٩٨٣/١٠/٧ گەیشتمەوە سوفیاو بە دیداری داییکی کەمال و منداڵەکان شاد بووم.

جارێکی تر لە ئوروپا

رۆژی ٩/ ١٠/ ٩٨٣ نامەی برادەرانی تەشکیلاتی ورمێم بۆ دەفتەری پاریس ناردو بۆم نوسین کە بۆ دەفتەری سیاسی بنێرن. رۆژی ٢٣/ ١٠/ ٩٨٣ کاک جەمال رەشید وەک هەواڵدەری رۆژنامەی (مانیفێستی) ئیتالی هاتە لام و داوای کرد وەڵامی هێندێ پرسیاری بدەمەوە کە بۆ رۆژنامەکەی دەنێرێ، ناوبراو وەرگێراوەی وتووێژی کاک یوسفی ئەردەلانی دامێ کە وەک نوێنەری کۆمەڵە لە گەڵ رۆژنامەی ناوبراوی کردبوو. کاک جەماڵ هێندێ پرسیاری ئامادە کردبوون، وەڵامەکانم بۆ نوسیەوە.

رۆژی ١٤/١١/٩٨٣ بە تەلەفون لە گەڵ کاک مستەفای شەڵماشی قسەم کرد کە تازە هاتبوە پاریس و ببوە نوێنەری حیزبو مەسئولی رێکخراوی ئوروپا. دوکتور قاسملو کردبوویە باو هەر شەش مانگ جارێک یەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەناردە پاریس و دەیکردە نوێنەرێکی بێ دەسەلات و زمانیشی دەبەستن. برادەری کە دەچوە پاریس، نەزمانی دەزانی، نە شارەزایی هەبوو، نە شەخسیەتێکی ناسراو ونێو بەدەرەوە بوو، بەشەش مانگ تەنانەت شەقامەکانی پاریسیش شارەزا نەدەبوو. بەڵام بۆ دەچەور کردن دەبوایە لە سەر حیسابی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکێک بچێتە پاریس و حیسابی خەرجێکی زۆر بداتەوە بە حیسابداری حیزبی. ئەوەی من ئاگاداربووم یەک لەو نوێنەرە بێ دەسەلاتانە چووبوو ١٤٠ هەزار فرانکی لە هەقی فێربوونی زمانی فەرەنسی دابوو، جارێکی دیکەش نەچۆوە پاریس کە بە کاری بێت. کاک عەزیزی مامڵێ کە بە ماڵو منداڵەوە ناردبوویانە پاریس، زمانی دەزانی و

شارەزای وەزعی پاریس بیوو، لە نێو کۆڕ وکۆمەڵی فەرەنسی و ئێرانیدا جێی خۆی کردبۆوە، هەر لە بەر ئەوەی کە دەیگوت نوێنەری حیزب دەبێ خۆی کاروباری حیزبی بەرێوە بەرێ و کەسانی غەیرە مەسئول و غەیرە حیزبی نابێ دەست دەکاروباری حیزب وەربدەن، لایان برد و شەش مانگ شەش مانگ سەفەریان بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەکرد.

کاک مستەفا هێندێ خەبەری کوردستانی باسکردو گوتی:« هۆمل گیراوە. برادەران ئالانیان بە جێ هێشتوەو چوونەتە خاکی کوردستانی عیراق و نازانم لە کوێ گیرساونەوە. لە ناوچەی مەهابادیش خەڵک زۆر گیراوە.»

گوتم : بەو حاڵە رێگای گەرانەوەی منیش گیراوە. گوتی : « جارێ تۆ واز لە گەرانەوە بێنە، تا بزانین چۆن دەبێ.»

وەک کاک مستەفا گوتی کە دەفتەرو دەزگای حیزب کوردستانی خۆمانی چۆل کردوە و چۆتە کوردستانی عیراق، ئیتر من نەمدەتوانی بچمەوە بەر دەستی دەسەلاتی حکومەتی بەعسی ، بە لام بریارم دا هەر چۆنێک بێ بچمەوە کوردستان و لە ناوچەی شیمال بمێنمەوە.

رۆژی ٩٨٣/١١/١٦ تێکۆشەری نیشتمانپەروەر کاک نوری شاوەیس لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەوە رۆژی ١٨/١١/هێندێ لە خوێندکارانی کورد لە سوفیا لە ماڵی کاک جەماڵ رەشید دانیشتنێکی پرسەو سەرە خۆشیمان رێک خست. رۆژی ٨٣/١١/٢٦ نامەیەکی کاک مستەفای شەڵماشی - م پێگەیشت. کاک مستەفا دوای باسی ناتەراوی کاروبار و نەبوونی کادری نوسین و بلاو کراوە نوسیبووی: « بە تایبەت تۆ دەتوانی لە باری نوسینەوە هاوکاریمان بکەی. یا لەسەر نووسراوەکانی خۆمان مەقالەمان بۆ بنێری. ئەو مەسەلەی ئەو رۆژە لە تەلەفوندا، سەبارەت بە براگەورە باسم کرد ئەمن زۆر هەوڵم داوە و لە نەتیجە نیزیک

بوێتەوە. پێم وایە ئەوان ئامادەییان هەیە. چونکە بەراستی باشیان وەرگرتم. ئەتوش دەبێ بە شێوەیەک هەوڵ بدەی کە بارمەتی بە پێش خستنی ئەو پێوەندی‌یە بکا. چونکە دەزانی دوا رۆژی گەلەکەمان بەوەوە بەستراوەتەوە. بە تەزەری من ئێمە دەبێ کارێکی وابکەین حەتمەن ئەوکارە سەر بگرێ. جا چاوەروان دەبم کە ئیختیلاقاتی جوزئی وەلابنێی و لەو جیهەتەدا حەرەکەت بکەی کە حیزب بە گشتی ئەو رێگایە بگرێ. (لە سەر رێبەرایەتی هەر چیت هەیێ هەلیگرە بۆ دوایە) باشترە، چونکە رێبەرایەتی حیزبی ئێمە بە خۆشیەوە ئەو رێگایەی پەسند کردوە و ئێمەی لایەنگرانی ئەو رێگایە دەبێ کارێکی وابکەین کەلک لەو هەل و مەرجە لەبارە وەرگرین. ئەمن بەش بە حالی خۆم زۆر خۆشحالم کە بتوانم لەو بارەوە خزمەتێک بکەم کە هەم‌خزمەت بە گەلی کوردی هەژارە و هەم خزمەت بە سوسیالیزمە لە ئێراندا. هیوادارم سەرکەوتوبی لە ژیانی رۆژانەو سیاسی‌دا. پێم خۆشە‌نەزەری خۆت لە سەر بەشی ئاخری نامەکەم بنوسی. برات مستەفا شەلماشی .٨٣/١١/٢.»

رۆژی ٢٨ی نوامبری ٩٨٣ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم نوسی کە وەک ئورگانی حیزبە کومونیست و کرێکارگەلی جیهان لە پراک پێتەختی چیکوسلۆڤاکیا دەردەچوو. نامەکەم لە گەلْ دوکتور محەمەد کەریم شکاکی کردە بولغاری و پاشلن شلێری کچم کردی بە روسی و ناردم. ئەوەش دەقی نامەکەیە کە بۆ گۆڤاری ناو براوم ناردوە.

« بۆ گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم --- پراک

بە رێز هاورێ سەر دەبیر

هاوری‌یانی بە رێزی نوسەرانی گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم!

پاش سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە . وەک کەسێکی کە ماوەی ٤٠ ساڵە لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی نەتەوەکەم، لە پێناوی مافی زەحمەتکێشان و لە پێناوی دامەزرانی سوسیالیزم لە وڵاتەکەم دا خەبات دەکەم، وەک تێکۆشەرێکی رێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و سۆسیالیزم بە هەقی خۆمی دەزانم بە نوسینی ئەم نوسراوەیە بەکورتی لەوەزعی کوردستان و گەلی کوردی کوردستانی ئێران ئاگادارتان بکەم کە کەوتۆتە بەر پەلاماری حکومەتێکی کۆنەپەرستی ئاخوندی و فتوای خەزای لە دژی دراوە. دەمەوێ چەند پرسیارێکتان لێ بکەم و چاوەڕوانیش بم وەڵام وەرگرمەوە.

راستە مەسەلەی بنەرەتی ئەمڕۆی جیهان پاراستنی ئاشتی و دوور خستنەوەی جیهان لە شەڕی ئاتومی و یەکگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیزمی جیهانیە کە ئیمپریالیزمی هاری ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە لە گەڵ بە گرنگ دانانی ئەو مەسەلەیە، کێرو گرفت و دەردو ژانی گەلانی بن دەست و چەوساوەیەش هەیە کە لە ژێردەستی حکومەتانی دیکتاتور و کۆنە پەرست و زۆرداردا دەچەوسێنرێنەوەو سەرکوت دەکرێن و لە هەموو مافێکی ئینسانی و نەتەوەیی بێ بەشکراون. خەبات بۆ لابردنی زوڵم و زۆری و رزگاری گەلانی ژێردەستیش ئەرکی هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان و بەشێکیشە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی.

هاوڕێیانی بەرێزا لە نوسراوەیەکی وا کورت دا، دەرەتانی ئەوە نیە بە دوورودرێژی مەسەلەی نەتەوەی ٢٥ میلیونی کورد کە نیشتمانەکەی بە فێتی ئیستعمار لە نێوان چەند حکومەت دا دابەشکراوە روون بکەمەوە. بێگومان نابێ ئێوە لە سیاسەتی داگیرکەری ئەو حکومەتانە ئاگادار نەبن کە نەتەوەی کوردیان لە هەموو مافێک بێ بەش کردوە. لە سەردەمێکدا

کە سیستمی موستەعمەراتی لە بەر یەک هەڵوەشاوە، مرۆڤ لە سایەی فەنن و تێکنیک دەستی بەسەر ئاسماندا گرتوە، نەتەوەی ٢٥میلیونی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراست و لە سنوری گەورەترین وڵاتی سوسیالیستی نەک هەر لە مافی ئینسانی بێ بەشە، بەڵکوو لە هێندێ وڵات حاشا لە بوونیشی دەکەن. بەڵام دەمەوێ وەک نیشتمانپەروەرێکی کوردی ئێران وەزعی ئەمرۆی کوردستانی ئێرانتان بخەمە بەر چاو. لە کەس شاراوە نیە کە لە سالی ١٩٨٠وە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا بە تاوانی ویستنی دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەتاوانی ئەوە کە دەیەوێ منداڵی کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، بە تاوانی ئەوەی کە دەیەوێ لە گەڵ گەلانی تری ئێران لە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتدا بژی، کەوتۆتە بەر پەلامارێکی‌درندانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران. کوردستانی ئێران نەک هەر لە باری ئیزامیەوە کراوەتە مەیدانی کوشتاری بە کۆمەڵی زەحمەتکێشانی کورد، بەڵکو لە باری ئابوریشەوە خراوەتە گەمارۆ و لە هەموو پێداویستیەکی بژیو و کەل وپەلی کشت و کاڵ و سوتەمەنی بێ بەشکراوە. تەواوی قوتابخانەکانی کوردستان لە لایەن رێژیمەوە داخراون. لەم نامەیەدا ئیمکانی ئەوەنیە کە جنایەتی پاسدارانی حکومەتی ئیسلامی لە کوردستاندا روون کەمەوە. بەڵام بێ‌جێش نابێ کە هێندێ ئەژماری کوژراوانی خەڵکی بێ دیفاع و بێ چەکی کوردستان‌تان بخەمە بەرچاو کە تەنیا لە سالی ٩٨٢ دا بە دەستی پاسدارانی رێژیمی خومەینی قەتڵ عام کراون.

لە گوندەکانی (سەوزی و قەباکەندی و قەرە گۆل) ٤٩ کەسی بێ دیفاع وبێ تاوان بە دەستی پاسداران کوژراون کە پیرە مێردی ٨٠ سالەو منداڵی ٣ ساڵەو ژنی دوگیانیان لە نێو دابوە.

لە گوندەکانی (دیلانچەرخ و کەرێزە) ٤٠ کەسی بێ دیفاع و بێ

تاوانیان کوشتوە کە منداڵی ٧ ساڵەیان لە گەڵ بوە.

لە گوندی پایین، ماڵێکی ١٣ کەسیان قەلاچۆ کردوە. لە گوند؛ (چەقەڵمستەفا) ١٤ ژن و منداڵ و پیرە پیاویان کوشتوە.

لە گوندی (گوندەوێڵە) پاسداری خومەینی ٩ کەسی بێ تاوانیان کوشتوە.

حکومەتی ئیسلامی ئێران رێکەوتی ٩٨٣/٦/٣ لە شاری مەهاباد ٥٩ کەسی گوللە باران کردوە کە زۆربەیان گەنجی ١٢ -١٣ ساڵە بوون. لە ٩٨٣/٨/٢٤ هەر لە شاری مەهاباد ٤٨ کەسی دیکەیان ئیعدام کردوە کە ١٦کەسیان کیژی ١٣-١٤ ساڵە بوون. ئەوە بێجگە لەو کوشتارە بە کۆمەڵانەی کەلە ساڵەکانی ٨١ و.٨ لە گوندەکانی ئیندرقاش و وسوکەند و قەڵاتان و کولیج و سۆفیان و سەروکانی و قارنێ کردویانە. هەزاران خاو وخێزانی کوردیان لە شوێن و جێگای خۆ دوور خستۆتەوە بۆ نارچەکانی تریان گواستۆنەوە. هەزاران خاو وخێزانی کورد لە ترسی کوشتار و بۆمباران ئاوارەی کەژ و کێوان بوون. ئەوانە نمونەی پچوکی جنایەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن لە کوردستان. لە راستیدا حکومەتی ئێستای ئێران دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سیاسەتی ژینوساید بەرێوە دەبات. زۆر جێگای داخە کە گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم جاریکیش لە لاپەرەکانی خۆیدا باسی جنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکا.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر حکومەتەکان گیروگرفتی خۆیان لە کۆری نەتەوەیەکگرتوەکان دا دێننە گۆرێ، گەلانی ژێر دەست و بەشخوراو، ئەو نەتەوانەی لە مافی نەتەوایەتی بێ بەشکراون دەبێ سکالاو گیروگرفتی خۆیان لەکوێ باس بکەن و لە کام رێگاوە بە گوێی گەلانی جیهانی رابگەیەنن ؟

بەبیروڕای من گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم ئۆرگانی ڕەسمی هیچ حکومەتێک نیە. ئۆرگانی حیزبە کومونیست و کرێکارانی جیهانە. ئۆرگانی ئەو حیزبە کومونیست و کرێکارانەیە کە دەبێ لە سەرانسەری دنیاداً دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی خەبات بکەن و لە خەباتی ڕەوای گەلانی جیهان بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنوس و بۆ ئازادی و دێموکراسی و سوسیالیزم پشتیوانی بکەن. زەحمەتکێشانی کورد کە بە تاوانی ویست و داخوازی ڕەواو عادلانَە، بە تاوانی ویستی خودموختاری کە مافێکی سەرەتاییە لە دێموکراسی دا، کەوتوونە بەر پەلاماری وەحشیانەی کۆنە پەرستترین ڕێژیمی ئەم سەردەمە بە هەق چاوە ڕوانی ئەوەن کە حیزبە کومونیست و کرێکارەکان و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی جیهان لە خەباتی ڕەوای ئەوان پشتیوانی بکەن.

زەحمەتکێشانی کورد هەقیانە بیر لەوە بکەنەوە کە وتەبە نرخەکانی لینین چۆن لێک دەدرێنەوە کە دەڵێ:«تەواوی حیزبە کومونیستەکان دەبێ یارمەتی ڕاستەو خۆ بە بزووتنەوەی شۆرشگێری ئەومیللەتانەی کە لە بەرامبەری ماف بێ بەشن، هەروەها بە موستەعمەرەکان بگەیەنن. بەبێ ئەو شەرتە کە گرنگی تایبەتی هەیە هەرجورە خەباتێک دژی زوڵم لەو نەتەوانەی کە ژێردەستن و وڵاتانی موستەعمەرەو بەستراوە، هەر وەها ناسینی مافی جیا بونەوەو پێک هێنانی دەوڵەت بۆ ئەوان، هەروەک ئێمە لە بارەی حیزبەکانی ئینترناسیونالی دووەم دەی بینین، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی درۆ.»

ڕەنگە بگوترێ کە کوردستان موستەعمەرە نیە.!! بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە پێوەندیی ئەو حکومەتانەی بە سەر کوردستاندا زاڵن، لە پێوەندی حکومەتە ئیستعماریەکان لە گەڵ وڵاتانی موستەعمەرە گەلێک خەراپترە. ڕێژیمێکی ئەمڕۆ لە بەر نەبوونی یەکێتی هێزە دێموکراتەکانی ئێران جڵەوی

شورشی گەلانی ئیرانی گرتۆتە دەست، سیاسەتی حکومەتەکانی سەدەی نیوەراست لە ئیراندا بە ڕێوە دەبات. دروشمی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە خومەینی بەرزی کردۆتەوە، درۆیەکی ئاشکراو مەکری مەلایانەیە و بۆ فریودانی کۆمەلانی خەلکە. ڕژێمێکی ئانتی کومونیستی بکاتە ئەساسی سیاسەتی خۆی، ڕژێمێکی هەموو چەشنە ئازادی و دیموکراسی لەولات دا پێ شێل بکا، هەموو حیزبو ڕێکخراوەیەکی دیموکرات و پێشکەوتوخواز سەوکوت بکا، ڕژێمێکی سیاسەتی ژینوسایدی لە ئاست کەلی کورد بەڕێوە بەرێ، ئەو ڕژێمە ناتوانێ دژی ئیمپریالیزم و پێشکەوتو بێ.

گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم هەق نیە لە ئاست جنایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بێدەنگ بێ. نوێنەرانی حیزبە کومونیستەکان هەق نیە تەنیا لە بەرانبەر کوشتاری کومونیستەکان لە جیهاندا وەدەنگ بێن. ئەوان دەبێ پارێزەری مافی تەواوی زەحمەتکێشان و لایەنگری خەباتی گەلانی ژێر دەست و ستەم دیدە بن. سیاسەتی ئینترناسیونالیستی پێویستە لە پێوەندی لە پارێزگاری مافی گەلانی بندەست و بەشخوراودا خۆ بنوێنێ.

ئەوەی ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی ئیران لە کوردستان دەیکا، هیچ لەوە کەمتر نیە کە ئیسرائیل لە لوبنان و فەلەستین، ئەفریقای جنوبی لە نامیبیا و خونتای نیزامی لە سالوادور و لە شیلی دەیکەن.

بیدەنگی و چاوپۆشین لە جنایەت و زولمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، نەک هەر لە گەلٚ سیاسەتی لینینی دیفاع لە مافی میللەتان ڕێک ناکەوێ، بەلٚکو زەحمەتکێشانی کوردیش لە ئاست ڕاستی و دروستی دروشمی ئینترناسیونالیستی حیزبە کومونیستەکان دەخاتە شک و گومانەوە. کەریمی حسامی. بولغاریا سوفیا نوامبری ١٩٨٣»

سەفەر بۆ ئەستەمبوڵ

رۆژی ٩٨٣/١٢/٢ مەلامحەمەدی خزری لە ئەستەمبوڵەوە تەلەفونی کردو هاواری لێ هەستا کە : پاسپۆرت و پارەیان لێ دزیوە دەفریای کەوم. چم لە دەست دەهات ؟ کۆنە پاسپۆرتێکی ئێرانیم هەبوو بۆیە دەبوو بەدەستکاریەکەوە سەفەری پێ بکرێ. چارنەبوو، کابرا لێی قەوماِبوو دەبوایە دەفریای کەوم. رۆژی ٩٨٣/١٢/٤ لە گەڵ کەماڵی کوڕم چوومە تورکیاو لە ئەستەمبوڵ میوانی ناسری ... بووم. مەلا محەممەدم دیتەوە و پاسپۆرتەکەم دایەو شوکر بەکاری هات و پێی گەیشتە سوید. دیارە تاوبراو هەزار مارکی بە زۆری بەستۆدا بریم کە بە هیچ جور چاوەڕوانی نەبووم. بەلاَم خالی کەمالیش ..٤ مارکی بۆ کەماڵی ناردبوو بە مەلامحەمەدی‌دا. لێم وەرنەگرت و گوتم بۆی بنێرەوە. گوتی دەنوسم لە نەغەدە بیدەنەوە کە ئێستاش پێی نەگەیشتەوە. لە ماڵی خانەخوێکەم بووم، کاک قاسمی نورانی و کاک ئەبوبەکری وەزیری و جەمیلەی کەریمی هاتنە لام. کاک قاسمی نورانی و جەمیلەی کەریمی پاسپۆرتەکانیان ماوەی تەواو ببوو، بێ درێژ کردنەوە سەفەریان پێ نەدەکرا. کەسی باوەڕ پێکراویشیان وەگیر نەدەکەوت کە بۆیان درێژ کاتەوە. ناچار تەلەفونم بۆ ناسیارێکی خۆم کرد، هاتە لام. پاسپۆرتەکانم دایە وەک پیاوان چاری کردبوون و ئەوانیش شوکر دەرباز بوون. سوپاسی ئەو برادەرە دەکەم.

لە ماڵە خانەخویەکەی من دانیشتبووین، محیدینی حاجی رەشیدی کە لە تورکیا دەیخوێند هاتە لامان. ریشێکی کۆرپەی پاسداری دانابوو. کیژی کاک قاسمی نورانی لام وایە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە ناوی (شیرین) کە چاوی بە سەروریشی محیدینی کەوت، دەرپەری و خۆی هاویشتە

پشتی باوکی و هاواری کرد: « ئەوە پاسدارە بۆ هاتۆتە ئێرە. وەدەری نێن، یا برۆا لەماڵی ئێمە. ئەوە پاسدارە کوردان دەکوژێ، فارسیش دەکوژێ، پاسدار برز وەدەر کەوە » ترس و هەستی ئەو منداڵە شتێکی سەیر نەبوو. لە دیاردەیەکی بابەتی هەڵقوڵیبوو. هەر ئەو دەم وتەکانی شیرینی جوانم لە دەفتەری رۆژانەدا یاد داشت کردن.

برادەرێکی دیکەی کوردیش لێی قەومابوو بە ناوی ناسری سەیدئەحمەدی. لە وڵات نەدیبوم و نە دەمناسی. لەگەڵ کێشەی بزربوونی پاسپورت و هەرای ئەو لەگەڵ مەلامحەمەدی خزری توشی هاتم. لێقەومانی ئەو سێ سەرەبوو. ئەو پاسپۆرتی خۆی و مەلامحەمەدی دابوو بە کابرایەک کە بۆی چابکەن. کابرای ناپیاو پاسپۆرت و پارەی بردبوو رۆیشتبوو. ئێستا ئەو پاسپۆرت و پارەی خۆی رۆیشتبوو هیچ، مەلا محەمەدیش بۆ پاسپورت هەڵیپێچابوو، ئەوەی بە ناسری دەکرد کەس بە کەسی نەکردوەو هەرناسر دەتوانێ باسی بکا. تاوانی لەوانەش گەورەتری ئەوە بوو کە ناسر تودەیی بوو نەشی دەشاردەوە. بە راستی ناسر رەزیل بیو، پیاو بەزەیێ پێدا دەهات. بەڵام زۆر بە هێدی و بە قەولی خۆیان بە(سەبری انقلابی)ئەو هەمو هێرش و کوتان و تەوس و پلاری مەلا محەمەدی قبوڵ دەکرد. ئەویش گوتی:« کاکِ کەریم خۆت ئێستا وەزعەکەم دەبینی. کەسیش ناناسم. پاسپۆرتیشم رۆیشتوە. پارەشم هەر ئەوە بوە کە لە جیاتی پاسپۆرتی داومە بە مەلا محەمەدی. بەڵکو یارمەتیەکم بدەی لە تورکیا بێمە دەرو لە بولغارستان بگیرسێمەوە. لەگەڵ مەلامحەمەدی چومە سەفارەتی بولغاریاکە ڤیزای بۆوەربگرم، نەیاندابەو گوتیان دەبێ لە سۆفیاوە پێمان بڵێن.

رۆژی ٩٨٣/١٢/١٢ گەرامەوە بولغارستان. دوای چەند رۆژ چومە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولغاریا و لە گەڵ بەرپرسی بەشی

ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست مەسەلەی ڕاگرتنی مەلامحەمەد و ناسری سەیدئەحمەدیم هینا گۆڕێ. دوای هینانەوەی هەزار شیرووریوی کابرا گوتی:« ڕایان دەگرین، مەلامحەمەد لەبەر نەخۆشی کە پیشتر لەوێ موعالەجەی کردبوو، ناسریش ئەندامی (حیزبی برا) بوو، هەر دەبوایە ڕایگرن.

خەبەرم دانێ کەوا کاری هەرتکان جێ بەجێ دەبێ و چاوە ڕوانی ڤیزا بکەن. دوای پێنج ڕۆژ کابرا ویستی بچمە لای. کە چووم تۆزێک بە خەجاڵەتیەوە گوتی: « لە بارەی مەلا محەمەدەوە لە دوکتورمان پرسیوە، گوتوویە نامەی گەڕانەوەمان بۆ کونترۆڵ نەداوەتێ. وەک پەنا بەریش ئیمکانی ڕاگرتنمان نیە. لە بارەی ناسرەوەگوتی: لە نوینەری حیزبی تودەمان پرسیوە، گوتویە کەسێکی وا ناناسم. خۆت دەزانی کەسانیکی ئەوتۆ دەبێ حیزبی برا بیانناسینێ.»

گوتم ئاخر نوینەری حیزبی تودە کە ۳۰ ساڵە لێرە دەژی. چ ئاگای لە ئیرانە و چۆن ئەندامی حیزب دەناسێ؟ گوتی :«ڕاست دەکەی، بەلام ئاوەکە وارژاوە .» من زۆر نارەحەتبووم. بەلام بۆ ئەوان وەخیرگەرا. هەرتک گەیشتنە سوید. محەمەدی خزری وەک لە نامەی ۲۲/٦/١٩٩٠دا بۆ ڕۆژنامەی(سەردەمی نوێ)ی نوسیوە:«بە خۆشیەوە هەتا ئیستێ قانون و یاسای ئەم وڵاتە ئابرو وحەیسیەتی منیان وەک گیانم پاراستوە.» ئەوە شوکرئابرو وحەیسیەتی‌لە سوید پارێزراوە. ناسری سەیدئەحمەدیش شوکر بۆتە دوکتور و نەک هەر لە حیزبی تودە بەڵکوو لە ڕەگ و ریشەی بیروباوەرەکەشی بایداوەتەوە.!

لە سەر نامەی کاک مستەفای شەلماشی جارێکی دیکەش چوومەوە بالیوزخانەی سوڤیت و پاش باسێکی زۆر لە گەڵ سکرتیری یێکەم، داوای پیوەندی و یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتم کرد. کابرا بە عادەتی

هەمیشەییان گوتی: « داواکانی تۆ بە موسکو رادەگەیێنم و وەڵامت لێ دەگێرمەوە. »

ساڵی ١٩٨٤

دوای نیزیکەی ٦ساڵ جارێکی دیکە لە سەر ساڵی تازەی زایینیدا لێک کۆبووینەوەو بەڵام لە شەوی گۆیا جێژن و خۆشی ساڵی تازەدا، باسی بارو دۆخی کوردستان و پەژارەی هەژار و لێقەوماواتی کورد، تارمایی خستبوە سەر جێژن وشادیو دانیشتنەکەمان. پەرۆشی رێگا نەدانی مەلامحەمەدو ناسری سەیدئەحمەدیشی لێ زیاد ببوو. بە راستی منداڵەکانی من کە لە ئورووپا گەورە ببوون، هەستیان بە چرژاوی بیر و ماتی من دەکرد و ئەوانیش وەک عادەتی سەرساڵی ئورووپاییان بە داخەوە شەوەکەیان بۆ نەچوە سەر.

رۆژی ٩٨٤/١/٤ لە باڵیوزخانەی سۆڤیەتەوە تەلیفونیان کرد بچم. کابرای سکرتێری باڵیوزخانە گوتی :« کومیتەی ناوەندی ئێمە بریاری داوە کە هەشت کادری حیزبی دێموکرات بۆ خوێندن لە مەدرەسەی حیزبی وەربگرێ. ئەوە هەنگاوێکە بۆ ناسین و پێوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دیارە ئەوەش بە خۆیانە کێ دەنێرن و رادەی خوێندەواریان چۆنە. » من سوپاسم کردو گوتم کەوایە با باڵیوزی ئێوە لە پاریس نوێنەری حیزب کە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کورێکی تێگەیشتوە ئاگادار بکا. ناوی کاک مستەفای شەلماشیم بۆ نوسی. کابرا گوتی : « بالیوزخانەی ئێمە لە پاریس بەر پرسی کاروباری فەرانسەیە. وامان پێ باشە تۆ ئەو پەیامەیان پێ رابگەیەنی. »

هەر ئەو رۆژە تەلەفونم کرد بۆ پاریس و بە کاک رەسولی قادریم گوت :رۆژی شەشی مانگ دێمە پاریس، تکایە برادەرێک بێتە فرۆکەخانە.

سەفەر بۆ پاریس

رۆژی ٩٨٤/١/٦ کاک محەمەدی مەدەنی لە فرۆکەخانەی پاریس چاوەروانم بوو. سواربووین چووینە هوتێل(دیوسیلاس) کە کاک محەمەد جێگای بۆ گرتبووم. شەو کاک مستەفا تەلەفوونی بۆ کردم، دوای بە خێرهێنان گوتی :« ببورە ناتوانی بێمە فرۆکەخانە.» لام وابوو داوای لێ بوردنەکەی جێی‌خۆی نەبوو. چونکە لە فەرهەنگی حیزبی‌دیموکراتدا شتی‌وا قەت نەبووە کە ئەندامێکی تازە بەسەرداکەوتووی دەفتەری سیاسی و نوێنەری حیزب لە ئوروپا، بێتە فرۆکەخانە بۆ بە خێر هێنانی کەسێک کە لانی کەم ٤٠ سال تەمەنی بە خەبات و بەربەرەکانی دژی کۆنەپەرست و زولم و زۆری بردۆتە سەر و چەند سال جێگری سکرتێری حیزب و ئەندامی دەفتەری سیاسی بوە. !!

رۆژی دوایی کاک محەمەدی مەدەنی هات و چووینە دەفتەری حیزب. کاک مستەفا هات و پێشنیاری کابرای روسم پێ‌راگەیاند. گوتی : « هەنگاوێکی گەورەیە. بەلام نایکەن و کەسیش نانێرن. ئەو هەلەش لە کیس دەچێ.»

چەندرۆژێک لە پاریس مامەوە. کاک محەمەدی مەدەنی پتر لەپێویست پێمەوە ماندوو بوو سوپاسی دەکەم . رۆژی ٨٤/١/٩ چوومە ئەنیستیتوی کورد لە گەل کاک کەندال باسێکی درێژ و دۆستانەمان هەبوو. باسی سەفەری خۆی بۆ ئەمریکای لاتین کرد و گوتی قەولیان داوە

کە یارمەتی بە ئەنیستیتو بکەن. من کتێبی دایک وەرگێراوەی خۆم و کاروانی شەهیدان و جەلدکراوێکی رۆژنامەی کوردستانم پێشکێش بە ئەنیستیتو کرد. کاک کەندالْ بۆ شەو داوەتی کردم لە گەلْ کاک موزەفەری شافیعی میوانی کاک کەندالْ بووین. رۆژی دوایی بۆ فراوین میوانی کاک عەزیزی مامڵێ بووم. تەواوی ئەونامانەی تیشان دام کە لە سەر بێ ئوسولی دەفتەری سیاسی و خۆ تێهەڵقورتاندنی خەڵکی بێ مەسئولیەت لە کاروباری حیزب، بۆ کومیتەی ناوەندی نوسیبوون. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەو نوسراوانەو ئاگاداریەکان لە لای خۆی حەبس کراون.

رۆژی ٨٤/١/١٢ کاک مستەفادەگەراوە بۆ کوردستان. دیاریو شەش مانگەی تەواو بوەو کونگرەی شەشیش لە پێش بوو دەبوایە بەشداری بکا. دەرفەتێکی باشبوو کە بەبۆنەی بەستنی کونگرە و ە نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی بنوسم. کاک مستەفاش هەر پێی باشبوو پیرۆزبایی کونگرە بکەم. ئەم نامەی خوارەوەم بۆ دەفتەری سیاسی نارد کەوا لێرەدا بلاوی دەکەمەوە.:

«بە رێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

پاش سلاوێکی برایانە. هەر چەند بە هۆی کاک مستەفاوە لە نامەیەکدا بە بۆنەی پەسندکردنی گەلاڵەی خودموختاری پیرۆز باییم کردبوو، بەڵام بە پێویستی دەزانم جارێکی دیکەش بەم بۆنەوە لە ئێوەو لە هەموو ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان پیرۆز بایی بکەم. پەسند کردنی ئەم گەلاڵەیە کە بەرهەمی تێکۆشانیحیزب و فیداکاری پێشمەرگەو گەلەکەمانە، بە هەنگاوێکی پیرۆزو بە سەرکەوتنی دەزانم.

لە بارەی وەزعی خۆمەوە مانگی دیسامبر بۆ گەرانەوە خۆم ئامادە دەکرد، بەڵام لە بەر بەفرو سە رمای سەر سنوور دەرباز بوونم زەحمەت

بوو. ناچار جارێ وا لێرە ماومەوە. لە لایەکی تریش ئێستا بەداخەوە جێگای کاری من لە وڵات دا نیە. لە بەر ئەو هۆیەی کە خۆتان دەیزانن من بە هیچ جور ناتوانم لەو شوێنە دانیشم کە لە ژێر دەسەلاتی بەعس دایە. بێجگە لەوەش بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ماموستا مەلا عەولا هەروەک لە نامەیەکدا بۆ هاورێ سکرتیری گشتیم نوسیوە، من لەو جێگایە رۆژێ نیو سەعات کار بۆ حیزب دەکەم. من پاش ٤٠ ساڵ تێکۆشان ئەوەی بۆ خۆم بە شەرم دەزانم کە کاری من بۆ حیزب رۆژی نیو سەعات بێ. لە بەر ئەم دووهۆیە دوو پێشنیارم بۆ برایانی دەفتەری سیاسی هەیە و تا وەلامی دەفتەرم پێدەگات لە سوفیا دەمێنمەوە.

١ - بێجگە لە [illegible]ڕێنی کاری پێشووم، لە هەر شوێن و نوختەیەکی کوردستان کارم پێ بسپێرن، ئامادەم بە دڵەوە ئەنجامی بدەم.

٢ - بە لە بەر چاو گرتنی وەزعی خانوادەو رێگای دوور و پر لە مەترسی، پێم خۆشە دەفتەر موافەقەت بکا لە باری نوسین وەرگێرانەوە لە گەڵ رێکخراوی ئوروپا هاوکاری بکەم. لام وایە لێرەش بمهەر دەتوانم نیوسەعات کار بۆ حیزبئەنجام بدەم.

لە کۆتایی‌دا پر بەدڵ لە کونگرەی شەشەمی حیزب پیرۆز بایی دەکەم، هیوادارم بە سەرکەوتنەوە بیەسترێ و لە هەموو بارێکەوە بەرەو چوونە پێش و باشتر کردنی خەبات و تێکۆشان هەنگاوی گرنگ باوێژرێ. چاوەروانی وەلام و بریاری‌رێبەرایەتی حیزبم. سەر کەوتوو بن. کەریمی حسامی. ١٩٨٤/١/١٠»

کەلالەی خودموختاری کوردستان کە لە ٩٨٣/١١/٨ لە شورای بەرگری میللی‌دا پەسند کرابوو، لە رۆژنامەی موجاهید ئورگانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکدا بلاو کرابۆوە، لە پاریس کردم بە کوردی و بۆ مانەوە لە مێژوودا، لەپاشکۆی ئەم بەرگەدا بلاوی دەکەمەوە.

ڕۆژی ٨٤/١/١٥ کاک جەماڵی کوڕی مامۆستا شێخ عیزالدینی تەلەفونی کرد و ئیسراری کرد کە بچم سەری بدەم. لە نێو شار وادەمان داناو پاشان چووینە ماڵەکەی. ماڵ چماڵ! کە چومە ژوور حەبەسام و تاوێک هەر لەسەر پێ ڕاوەستام و سەیرم دەکرد. کاک جەماڵ گوتی : « بزوا حەبەساوی؟ ئێرە وڵاتی فەرانسەیە و سەرمایەداری پێشکەوتوەو حیزبی سوسیالیستیش لە سەر حوکمە. ئەوەش بزانە ئێرەشم بە هەزار حاڵ وەگیر کەوتوە. »

ماڵەکە وەک لیسە مریشک دەچوو. تاقە کوژخێک بوو لە قاتی ١١. دەبوایە بە پێیان بۆی وەسەرکەوی. بەرینایی ژوورەکە ڕاست بە باڵای زەلامێک بوو کە ڕاکشابایە سەرولاقی بە دیواریەوە دەنوسا. درێژایی لام وایە چوار میتر دەبوو. تەنیا لە نێوەڕاستی ژوورەکە زەلام دەیتوانی ڕاست بێتەوەو سەری وەبەری میچی نەکەوێ. لە باقیتر دەبوایە خۆی نەوی بکا. کاک جەماڵ بەتانیەکی ڕاخستبوو، کتێب و هێندێ شڕەوبڕە و تەلەڤیزیونێکی پچوکی لە سەر عەرزی دانابوو. شتێکی وەک عیلاتەی داعبا لە حەوا هەڵاوەسیبوو قاپو شتی دیکەی تێنابوون. دەبوایە بچێ بۆ چێشت و چایی ئاوێ بێنێ. بەوحاڵەش نانو چێشتێکی فرە بە تام وچێژمان دروست کرد. بەڵام نەک هەر ئەوەندەم، بەڵکو تاماوەیەکی زۆریش بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەتوانێ لەم لیسە خەرتەلەدا بژی. بە ڕاستی لە قسەو قسەلۆکی خەڵکیش وەشک کەوتبووم کە کردبوویانە قاو لە بارەی یارمەتی وەرگرتنی مامۆستا لەملاولاوە. دەمگوت باشە ئەگەر ئەوە ڕاستە، ئەدی بۆ دەبێ تاقە کوڕی مامۆستا لەم حاڵەدا بژی؟

٨٤/١/١٦ میوانی کاکە حەمەی فەرشچی بووم. تەلەفونی کرد کاک باقری موئمینی - ش تەشریفی هات. باسێکی زۆرمان لە سەر وەزعی کوردستان و ئێران هەبوو. بۆ چوونەکانی کاک باقری موئمینی یەکجار

بابەتی ، مەنتیقی بوون. بەداخەوە ئەو کەسە زاناو تێگەیشتوانە لە بزوتنەوەی کورد دوور بوون و قەت نەکرا لە زانین و لێهاتوویی ئەوان کەلک وەر بگیرێ. ئەو شەوە بە تەلەفون لەگەڵ صارمخانی صادق‌وەزیری قسەم کرد ، نیسراری کرد کە لەگەڕانەوەدا بەلای ئەودا بڕۆمەوە. ڕۆژی ٨٤١١٧ بە سوپاسێکی زۆرەوە لە زەحمەت و میوانداریەکانی کاک محمەدی مەدەنی و سوپاسی کاک مەنافی پاریسم بە جێ هێشت‌و بەرەو لوزان سواری قەتار بووم. دووڕۆژان لە خزمەت صارمخان بووم. بە دوورو درێژی تێکۆشانی خۆی لە حیزبی تودەدا و پێوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکرات بۆ باسکردم. گوتی من لە حیزبی تودەدا بەرپرسی پێوەندی بووم لە گەڵ حیزبی‌دێموکرات. لە پێشدا کرێکارێکی کارخانەی چیت سازی‌.تارانمان بە ناوی (جەوهەریان) ناردە مەهاباد و پاشان ئەو هاتەوە رەحمانی قاسملومان نارد کە یارمەتی بە کادرەکانی حیزبی دێموکرات بکا.گوتم بۆچی لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دا دەنوسن: دوکتور قاسملو هەر لە سکی دایکی‌دا ئەندامی حیزبی دێموکرات بوە ؟ گوتی : « خۆم وەک کادری حیزبی تودە نارتگمەتە مەهاباد. » پاشان هاتە سەر گیرانی رەحمانی قاسملو گوتی: لە تاران گیرا و قەولی هاوکاریدا بە زیبایی و ئازادکرا. دوایە ئیتر دەربازبوو. صارمخان گوتی : دوای شۆڕشی گەلانی ئێران داوایان لێ کردم کە لە حیزبدا کار بکەم، گوتم من حیزبیم، بەلاَم باشترە لە لاوە بێنمەوە بۆ حیزب بە کەلکتر دەبم. پاشان ئەو نوسراوانەی نیشان دام کە بۆ حیزبی دێموکراتی نوسیبوون. گوتی: بە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە شورای بەرگری میللی‌دا دیاری کرام، پاشان دوکتور قاسملو خەبەری نارد کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی شوراداا دێتە پاریس. ئیتر من بە جێم هێشت. بە تایبەت کە ژنی قاسملو دەستی لە کاروباری

حیزبی [illegible]

کەلکی زۆرم لە وتەو بۆچوونەکانی صارمخان وەرگرت. بریارمان دا کە پێوەندیمان بەردەوام بێ. رۆژی ٨٤/١/١٢ هاتمە بیرلین.(یەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستان)داوەتیان کردم کە لە کۆبوونەوەیەکیاندا بەشداری بکەم کە بۆ باس و لێکدانەوەی وەزعی کوردستان پێکیان هێنابوو. لە سەر وەزعی حیزبی دێموکرات و پێوەندی بە حکومەتی عیراق و دروشمی خودموختاری و سەر بەخۆیی و پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردستانیەکان و دەوری حیزبی دێموکرات لە وتووێژی یەکێتی نیشتمانی و حکومەتی عیراق وهتد پرسیاری زۆریان لێکردم، بە گوێرەی ئاگاداری خۆمو لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا وەلاَمم دانەوە. باسێکی بە پێز و بەکەلک بوو.

رۆژی ٨٤١/٢٦ گەرامەوە بۆ سۆفیا. نەخۆشیەکی کوتو پرم بەسەرداهات و لە نەخۆشخانە کەوتم. باشبوو هەموو رۆژێ بێ نێو بوێر کاک رەفیق سابیر دەهاتە لام و لە تەنیایی و وەرەزی نەجاتی دەدام.

٨٤/٣/١ کاک ئەمیری قازی لە سویدەوە تەلەفونی کرد لە کوردستان گەرابۆوە. دەنگوباسی کونگرەی شەشی حیزبی دێموکراتم لێ پرسی. گوتی:« حکایەتی درێژە بە تەلەفون نە گوتن نایە. لێرە هێندێ کارم هەیە تەواویان بکەم بۆ لای بیرلین دێم و پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ.» ئیتر من لە ئەنجامی کاری کونگرەو بریارەکانی بێ خەبەر مام بەلاَم هەستم دەکرد کە کورتەباسی دوکتورقاسملو پەسند دەکرێ. کورتە باس مەسەلەیەکی ئیدئولۆژی بوو دوکتور قاسملوو سەرەرای ئەوەی کە بروای پێ نەبوو، بەلاَم لەبەر ئەوەی پێویستی پێ هەبوو، هێنابوویە گۆرێ و دەیکردە بیانوو بە قەولی مەسعودی رەجەوی(بۆ تصفیەی درونی حیزب). من بێ ئەوەی چاوەروانی خەبەری کونگرە بم دەستم کرد بە نووسینی (لێکۆڵینەوەی کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم)و ویستم بۆ

چوونەکانی دوکتور قاسملوو لە بارەی (سوسیالیزمی دیموکراتیک) و خاپاندنی ئەندامانی حیزب لەم باسەدا روون کەمەوە. نەورۆزی ئەو ساڵەمان لە گەڵ کوردە خوێندکارەکانی دانیشتوی بولغاریا بە خۆشی (بەقەولی برادەرانی کرمانج) پیرۆز کرد. وەک دیاری نەورۆز نامەیەکی پر لە لوتف و موحیببەت و وشەی رەنگین و رازەوەی صارمخانم بۆ هات کەوا منیش لاپەری ئەم بەرگەی پێ دەرەنگینم و لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە: نامەی صارمخان بەم نیوە شیعرە دەست پێکرابوو:« ای وقت تو خوش کە وقت ما کردی خوش. بەبێ تعارف بە دیدارت قرە کەیف خۆش بووم. بە تایبەت پاش چەند ساڵ دەرفەتی کورت پێک هات کە گەلێک بیرەوەری رابردومان باسکرد. بەم بۆنەوە وەبیری‌دەخەمەوە کە دیداری تۆو دۆست و خزمی دیکە کە بە داخەوە هەلو مەرجی نالەباری وڵات، بە پێچەوانەی ویستی خۆمان لێکی هەڵبریوین گەلێک مایەی دڵخۆشی‌یە. چەندە باش دەبێ ئەم براو خزمانەی باست کردبوون کەرەم بکەن و من بە دیداری خۆیان شادبکەن. یا کارێکی وابکەن کە لە رێو رەسمی جێژنی لە دایکبوون و جێژنەکانی تر کە خزم و دۆست کۆدەبنەوە، منیش دە نێویاندابم و لە دیدارو گفتگۆ لە گەلیان بەهرە وەرگرم. بەوە هیوادار بووم کە ئەو دۆستانە بۆ چوونێکی باشیان لە نوسراوەکانی من هەیە لە بارەی نیشتمانی پچڕ پچڕ کراو و پێشێل کراودا. هیوادارم هەوردای دۆستایەتی بنەماڵەیی تا دێت قایمترو پایدارتر بێ. چونکە لەسەر ئەو باوەرەم کە ئەمە تاقە رێگای رزگاری خەڵکی بندەستی ئێمەیە. لەوڵاتەوە خەبەرێکی زۆرم نیە. بیستوومە جەلیل بۆ شەش مانگ وەک نوێنەر دێتە پاریس و تەیفووریش وەک کادری شورا دێتە پاریس. نازانم ئەو شێوە منداڵانەیە چی‌یە کە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات گرتویەتە پێش. ئاخر کەسانێکی وەک ئەو دوومستەفایەو یا یەکی وەک جەلیلی شەش

مانگیان کات پێویستە تا بزانن لە دەوروبەریان چ رادەبرێ. لە ماوەی شەش مانگدا ناتوانن هیچ بکەن . دوور نیە دستە گوڵیش بە ئاو دادەن، هەروەک دوو مستەفاکان هەر یەک بە نۆرەی خۆیان دەستە گوڵیان بە ئاودادا. موجاهیدینی هاوپەیمانیان لانی کەم سەت کادری تەواو وەختیان هەیە، ئەوەدەم ئەوانە پێنج کادریشیان نیە. ئەم جەماعەتە کەم ڕێ دیسیپلینە چکارێکیان لەدەست دێ. دەکرێ چاوەروانی چی لە نوێنەری کاتی بکەی ئەویش لە شەش مانگدا.؟ وادەردەکەوێ کە ئەو مەسەلەیەش وەک مەسەلەکانیتر، بە وردی لێی نەکۆڵراوەتەوە، دەنا ئەم شێوەنالەبار ونادروستە درێژەی پێ نەدەدرا. هەروەک نوسیبوت من جەلیلی باش دەناسم . دەزانم کەسیکی نیەت پاکە، ئەوەندی بکرێ وەک رابردوو پێوەندیی لە گەڵ رادەگرم. بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە پێوەندی من لە گەڵ حیزبی دێموکرات جادەیەکی یەک لایەنەیە. لەولاوە هیچ جوڵەو تێکۆشانێک نیە، هەرچی بوە لە لای منەوە بوە. لەم دوایەدا کاک کەمالی داودی ئەساسنامەی تازەی پەسندکراوی کونگرەی دوایی بۆ هێنام. نازانم پێشەکیەکەی کە لێکۆڵینەوەی سیاسیە، تازە بوو یا قەدیم. هەر چۆنێک بێ، تازە پاکۆن، زۆر لاواز و لەراستیدا منداڵانە بوو. هێندێ بۆچوونی بە شێوەی حیزبی تودە کلیشە کرابوو. هێندێکی بە شێوەی موجاهیدین و ئاخرەکەشی هێندێ مەتڵەبی تەواو نادروست. بۆ نمونە درێژەی هەڵدانی بەرهەمی سەرمایەداری، بێ باسکردنی قەیرانی تەشەنە کردوو. پاشان راست کردنەوەی ئەساسنامە بە گوێرەی نامیلکەیەک کە گویا لەم دواییەدا لە بارەی سوسیالیزمی دێموکراتیک نوسیویانە و لە گونگرەش سەپاندوویانە. وەک زانراوە ئەو مەسەلەیە هەرایەکی زۆری سازکردوە. ئاخرەکەی بە ٨.١ دەنگ لە بەرانبەر ١.. دەنگی دژدا پەسند کراوە. من لە بناخەوە پێک هێنانی کۆنگرە لەم هەل و مەرجەدا بە

نادروست دەزانم. بە درێژی کاتی چاو پێکەوتن بۆتم باسکرد. ئەمە لەبەر چاو گرتنی یاسای دێموکراسی نیە، بەڵکوو لاساکردنەوەی دێموکراسیە. داخوا بەراستی لەسەر ئەم نامیلکەیە باسی قوڵ و وردبە رێوە چوون. داخوا شانەو رێکخراوی حیزبی کە بەزۆری لەگەڵ رژێمی خومەینی لەشەردان، کاتی خوێندنەوەو موتالای ئەو نامیلکەیان هەبوە.؟ داخوا ئەوانەی موخالیف بوون، ئیمکانی نوسین و بڵاوکردنەوەو دەربڕینی بیروڕای خۆیان هەبوە.؟ بێگومان نا. بێجگە لەوە لە بارودۆخێکی ئاوا قەیرانیدا هێنانە گۆڕی مەسەلەیەکی ئاوا، جگە لە دووبەرەکی و ناکۆکی چ سودی دیکەی هەیە. مەسەلەی بنە ڕەتی لە هەل و مەرجی ئێستادا بریتی‌یە لە درێژە پێدانی بەربەرەکانی و رێکخستنی شێوەی تازەی بەرگری لە هەل و مەرجی تازەی دەسەلاتی دوژمندا. بزووتنەوەی نەتەوەی ئێمە رۆژ بەرۆژ مەترسی تازە هەرەشەی لێدەکا. لە بارەی ئەو مەترسیانە نەکەس بیری کردۆتەوەو نەباسیش کراوە. ئەگەر کات هەبێ لە دوارۆژدا کەمێک لەو بارەوە بۆ تۆی برای خۆشەویست دەنوسم. جارێ بەم ئەساسنامە تازەیەو بەم بۆچونانە، زەحمەتە گوێ بدەنە بیروڕاو بیرخستنەوەکانی من. بڕیاری خۆم و کەسانمان بۆ یاریدەدانی بزووتنەوە جێگای دڵگەرمی‌یە. بە قەول لی حافظ نیت خیر نگردان کە مبارک فالی است. بەلام نازانم بەم وەزعی تازە بارودۆخەکە چۆن رێک و پێک دەکرێ. ماڵتەکاندنێکی تەواو، بە پێویست دێتە بەرچاو. ئەودەم زەمینە بۆ یارمەتی‌دان ئامادە دەبێ. هیوادارم نەورۆز لە ئێوە پیرۆز و بۆ نەتەوە بێ بەشەکەشمان پەیامی سەرکەوتن بێنێ. چاوەڕوانی وەرگرتنی نامەکانی ئەو برا خۆشەویستەم. ارادتمند صارم‌الدین »

رۆژی ٨٤/٣/٢٤ کاک عەزیزی ماملی چەند دانە نوسراوەی کاک(موکری) بۆناردبووم بە ناوی(رێگا رێگای‌دێموکراسی‌یە)

کە لە وەڵامی حاجی ئەسغەری سەید جەوادی دا نوسیبووی و بە قەولی کاک عەزیزی(کاک صارم لەو نوسراوەدا هیچ ئابڕوویەکی بۆ کابرا نەهێشتۆتەوە، چ لە سەر مەسەلەی کورد و چ لە سەر مەسەلەی ئێران بە گشتی وچ لە سەر مەسەلەی چەپ، ئەوەی پێویستە هێناویەتە سەر کاغەز.

کاک عەزیز لە نامەکەیدا نوسیبووی:«موهەندیس ئاریا گەڕاوەتەوە.... گۆیا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی مەجبور بوون شەش جار هەڵبژاردن بکەن... حەتمەن دەزانی کە (سوسیالیزمی دیموکراتیک) ئێستا لە ناو پیرەوی حیزب دا وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبمان ناسراوە. بە گێرەو کێشەیەکی زۆر دوکتور وەمەلاعەولاو دوکتور سەعید ئەو تێزە چەوتەیان بە سەر کونگرەدا سەپاندوە. ئەوە چوار رۆژە کاک جەلیل گەیشتۆتە ئێرە. لە نامەکەت دا نوسیبوت کە نابێ دەست لە حیزب بکێشمەوە. لە گەڵ کاک صارمیش باسی ئەو مەسەلەمان کرد. ئەمن خۆم لە حیزب ناکێشمەوە، بەڵام بەراستی بەو تەرکیبەی ئێستای ڕێبەرایەتی حیزبمان ئیمکانی هیچ ریفورم و کارێکی ئوسوڵی پێک نایە. تەنیا یەک کەس بریار دەدا، کومیتەی ناوەندی بە قەولی فارسان شتری بی یال و دوم و ئەشکەمە. بە داخەوە کاک جەلیل لەو ماوەیەدا نیشانی داوە کە دەیەوێ خۆی بپارێزێ و بەرانبەر بە دوکتور یەکجار زەعیفە ....»

کاک ئەمیری قازی رۆژی ٨٤/٣/٢٧ لە بیرلینەوە تەلەفونی کرد و گوتی:« بەداخەوە ڤیزایان نەدامێ ونەمتوانی بێم سەرت بدەم. چوم صادق وەزیریم دیوە. کاک ئەمیر گوتی :لە حیزبی دیموکرات دا نەماوم. چونکە پێم وایە ئەو حیزبە هیچی لێ شین نابێ. باشترە جەرەیانێکی کوردستانی رێک بخەین خەڵکیش لە گەڵمان دەبێ ...»

دوای نامەی کاک عەزیزی ماملێ و تەلەفونی کاک ئەمیری قازی، بۆم

دەرکەوت کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەفتەر و پێگەو بارەگای بردۆتە کوردستانی عیراق وبەتەواوی کەوتۆتە ژێر سێبەری ڕەحمەتی حکومەتی بەعسی. لەم حاڵەدا پێویستی بە دەستکاری بەرنامەی حیزب هەیە ، هەرچەندی بڕواشی بەو دەستکاری‌یە نەبێ. بەڵام کە خەبەرم زانی کە کاک جەلیل نۆرەی شەش مانگ ڕابواردنی لە فەرانسە وەبەر کەوتوە، چاوە ڕوان بووم کە وەڵامی نامەکەی منی هێنا بێتەوە کە بۆ دەفتەری سیاسیم نوسیبوو.

سێزدە بە دەر لە سۆفیا

ڕۆژی ٨٤/٤/٢ خوێنند کارە کوردەکانی سوفیا کۆ بووینەوە، لاسای عەجەمان بکەینەوەو بیکەینە سێزدە بەدەر. چوین لە گوندێک شەکێکمان کری و لە گوندێکی نیزیک سۆفیا، لە خانووی خیزانی برادەرێکمان کۆ بووینەوە. لەبەر هەتاوی خۆشی بەهاری لە چیمەنی بەر خانوەکە ئاگرمان کردەوەو دەستکرا بە کەباب و گۆشت برژاندن و خواردنەوە. هەروەک لە نێو لاوانی کورد باوە کە ئارەق وسیاسەت تێکەڵ دەکرێ، تازە دووڕێک پیداکرابوون، بیسمیلا سەلاحالدینی قارەمانی ئیسلام کەوتە بەر پەرەی هەلاج و بە جوانی تاروپۆی لە بەریەک هەڵوەشێنرا. منیش نازانم کەنگێ و لە کوێ وتارێکم خوێند بۆوە کە مەسەلەی نەفسانەیی کاروو ئەژدەهاکی ئاواژۆ کرد بۆوە وگۆیا ئەژدەهاک لایەنگری فەقیروهەژاران بووە. فەرەیدون کودیتای لەسەر کردوە و دەوری کاوەش دەوڕێکی پیرۆز و بێشکەوتوانە نەبوە. قسەیەکی خۆشی ماموستا هەژاری ڕەحمەتی زاناو شاعیر و نوسەر و زمانزانی کوردیشم لە بیربوو، ساڵی ٩٥٩ کە تازە شۆرشی کوبا سەر کەوتبوو فیدل کاسترۆ کابرایەکی دیکەی کردبوە

سەرکۆمار. رۆژێک لە کن سەرۆک بارزانی رەحمەتی دانیشتبووین و باسی کاسترو کرا. مامۆستا هەژار رەوانی شادبێ گوتی:« کاسترۆ کوردە.» گوتیان لە کوێ کوردە، کورد لە کوێ و کوبا لەکوێ! گوتی: «کاکە کوردە. ئەگەر کورد نەبێ چۆن خۆی ئەو هەموو چەرمە سەریە دەکێشێ و شۆرش دەکا و دوایەش یەکی دیکە دەکاتە سەرکۆمار. ئەدی کورد لە کاوەی را هەر وای نەکردوە .؟» منیش بە زمانی سوتاو گوتم: هەر باسی سەلاحالدین دەکەن، خۆ لە بارەی کاوەی ئاسنگەریش هێندێ نوسین سەریان هەڵداوە . کاک جەمال رەشید گوتی: « کاک کەریم ئەوەی هەمانبێ کاوەیە. تۆ ئەم خوایەتکات لێدەکەم با دەست لەو نەدەین.» زۆر پێکەنین و وازمان لە باسەکە هێنا و منیش ئیتر باسم نەکردەوە. بەلام پاش چەند ساڵ شاعیرو نوسەری بەناوبانگی ئێرانی (احمدشاملو) لە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی زانستی‌دا جەرگ و هەناوی فیردەوسی و کاوەی بە گۆڕێ وەرکرد و باس و دمەتەقەیەکی بەر بلاوی لە سەر ساز بوو.

رێکەوتی ٩٨٤/٤/٤ نامەیەکم بۆ کاک جەلیل ناردو لە گەڵ بە خێر هێنان بۆم نووسی : تکایە با دەفتەری سیاسی وەلامی نامەکەم بداتەوە و جێگای کاریشم بۆ دیاری بکا تا خەریکی بە جێ گەیاندنی ئەرکی پێ ئەسپێراو بم.»

پسولەی کومیسیونی تەشکیلات

رۆژ ی ٨٤/٤/٦ کاک محەمەدی مەدەنی هاتە سوقیا. هێندێ کتێبی دەستنوسی کە لە کن پۆلام بە جێ هێشتبوون لە گەڵ نامەیەکی پۆلای

بۆی هێنابورمەوە. پۆلاً لە گەڵ ناردنی ناوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەش لە نامەکەدا لەگەڵ سلاو و دەربرینی هەستی برایانە و یادی رۆژانی خۆشی دراوسیەتی، نووسیبووی: «...کاک کەریم کیان پێم وایە بێ مەیل نی هێندێک باسی خۆمانت بۆ بکەم !

هێرشی ئالان دەستی پێکرد. هەلات هەلاتێکمان وێ کەوت باب ئاگای لە کوری نەما.(سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسیەوە) .هێرشەکە وانیزیک بۆوە، ئەرتەش گەیشتە دولکان جا ئێمە وەخۆ کەوتین و ئەو کاتەش ولاغ وەگیر نەدەکەوت بۆیە بریار درا هەر کەسەی ساکێکی وەسائیلی شەخسی خۆی هەڵگرێ و بروا. ئەمن ئەو کاتە تەنیا ئەمانەتەکەی تۆم هەڵگرت و رۆیشتین. دیارە لە دولکان را تا گەیشتە مەزناوێ دوو رۆژی خایاند و لەم دوو رۆژەدا توانیمان بەشێکی زۆر لە وەسائیلەکەمان راگوێزین. بەلام بەداخەوە کتێبەکانی من هەمووی وەدەست دوژمن کەوت. بە هەر حاڵ دوو رۆژ دەنگی رادیۆکەمان نوست،پاشەکشەکەمان(یاباشتر بڵێم هەلاتنەکەمان) بە واقیع لە هەموو رێکخراوو سازمانەکانی دیکە باشتر و رێک و پێکتر بوو بێ تەعارف وپێ هەڵ گوتن. لە شوێنی تازەمان بریاردرا هەر کەسەی بۆ خۆی خانو ساز کا، هەر واشمان کرد. ئەمن ئێستا لە ئەشکەوتێک دام لە زارکەکەی دیوارێکم هەڵچنیوە، دەرک و پەنجەرەم تێ گرتوە و ژوورەکەیم واخۆش کردوە کە بە قەولی حوسێنی مەدەنی دەڵێ لە خۆشترین کافەتریای ئوروپاش خۆشترە.!

کاک کەریم کۆنگرەکەمان سبەینێ پاش ٩رۆژ کۆتایی بە کاری خۆی دێنێ. کۆنگرەیەکی زۆر زیندو بوو، سەتحی زۆر لە سەرێ بوو. جەوێکی وا بەسەر کۆنگرەدا حاکم بوو کە بە ئیتمینانەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر لێرە بوایەی حەتمەن دەنگی زۆر باشت دەهێناوە و تەئسیرێکی زۆر باشیشت

دەبوو. کورتە باس بە هەزار فێلْ و تەڵەکە بە ١٠.٨ دەنگ لە بەرانبەر ١٠.. دەنگ دا تەسویب بوو. ئاماجی دوا رۆژمان بوو بە کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سوسیالیستی. دیکتاتوری پرولتاریا رەت کرابەوە. زۆر لە ئەندامان و ئەزجوملە بۆخۆم دادەنیشین و ئەو رێبازەمان قەبوڵ نیە. لەوە زیاتر سەرت نابەشێنم. هەموو برادەران و خوشکان سلاوت لێ دەکەن. خێزانم زۆرت لێ دەپرسێ هەروەها اقبالی حاجی و فەرهاد ... برا چوکەت پۆلا٩/١١/٦٢.»

پۆلا لەگەڵ نامە و کتێبەکانم، راپۆرتی کومیتەی ناوەندیشی بۆ نارد بووم کە بۆ کۆنگرەی شەش نوسرابوو. بە وردی خەریکی خوێندنەوەی راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بووم. هەروەک صارمخان نوسیبوی «بەراستیبە بۆچوونی رەمەکی و راوە رێوی و لاواز لاپەرەکان رەش کرابوونەوە. لە راپۆرتی کونگرەدا لە باری کاری تەشکیلاتی و کۆمەلایەتی و کولتوری و بە گشتی هەڵسوراتی حیزبەوە ئەم رستەو زاراو وشانە بەرچاو دەکەون : « لە باری تەشکیلاتیەوە ئالقەی پێوەندی حیزب و کۆمەڵ کە تەشکیلاتە زۆر بەهێزنیە. بۆ تە ئەنارشیزم و هەرکەس هەرکەس.... کەم بوونی کادر....تێکەڵ کردنی شێوەی کاری حیزبی و تیزامی...بلاو نەبوونی بلاو کراوەی تیئوری(مەعلومیش نەبوو کام تیئوری؟) نەبوونی کاری تەشکیلاتی لە نێو ژنان.... ناتەواوی و کەم و کوری لە بەشی مالی دا زۆرە.... تەدارەکات لە نێو پێشمەرگەدا لاوازە ....وهتد» ئەرانە تۆزقاڵێک بوون لەو ناتەواویانەی کە لە راپۆرت دا هاتبوون. بەلام لەجیاتی دۆزینەوەی رێگای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە و پتەوکردنی ریزەکانی حیزب، رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات رێگای پەرش و بلاوی ولاوازکردنی حیزبو شێوەی دزێوی (تعهد و دەرکردنی) ئەندامانی خاوەن بیروڕا ودڵسۆزی گرتە بەر. (ئەم باسە

رادەگرم بۆ بەرهەمێکی تایبەتی و ئێستاش بێمەوە سەر بیرەوەری ڕۆژانە).

کاک محەممەدی مەدەنی چەند ڕۆژ لە سوفیا مایەوە. ڕۆژی ١١/٤/٩٨٤ نامەیەکی پچوکی دامێ و داوای ڕەسیدی لێکردم. چاکم لە بیر نیە ڕەسیدم دایە یان نا. نامەکەم وەرگرت لە لایەن کومیسیونی تەشکیلاتەوە نوسرابوو. والێرەشدا دەقی نامەکە بلاو دەکەمەوە:

« بە ڕێز کاک کەریمی حیسامی. لە گەڵ سلاو

بەم هۆیەوە پێت ڕادەگەیەنین بە تاوانی لە ژێر پێنانی دیسیپلینی حیزبی و جولانەوە بە پێچەوانەی نیوەرۆکی پیرەوی نێو خۆی حیزب بە یەکجاری لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەر دەکرێی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کومیسیونی تەشکیلات ١٣٦٢/١٢/٢ »

نامەی کومیسیونی تەشکیلاتم پێ سەیر نەبوو. یەکەم لە لایەک زەبوونی و ترسەنوکی نووسەرانی نامەکەی دەردەخست. کە پاشملە و لە کاتێکدا بە ئیجازە لە سەفەردابووم بە دەرفەتی دەزانن و بە کورتە کاغەزێک خۆیان لە گێرەو کێشەی ڕوو بەڕوو ڕزگار دەکەن. لە لایەکی تر سەیر ئەوەیە باسی پیرەو وبەرنامەی حیزب دەکەن کە هەمیشە پێشێلیان کردوە. لە پیرەوو بەرنامەی حیزبی دیموکرات دا گوتراوە:« هەموو ئەندامێک مافی ئەوەی هەیە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بێ کە ڕێکخراوەکەی لە بارەی تێکۆشانی ئەو بڕیار دەداو یا لێی دەکۆڵێتەوە. یان ئەندامێکی کە سزا دەدرێ دەبێ لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە بێ کە ئەندامەکە تێیدا بەشدارە. » هەروەک گوترا من لە سەفەر بووم و داواشم کردوە جێگای کارو تێکۆشانم بۆ دیاری بکەن، بەلام بێ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە کام دیسیپلینی حیزبیم شکاندوەو (جولانەوەی پێچەوانەی

نێوەرۆکی پیرەوی نێو خۆی حیزب) چیە، بریاری دەرکردنم دەدەن. ئەوە بەشێکی پچوکی ئەو دێموکراسی‌یە کە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨٧ لە قەولی دوکتور قاسملوەوە دەنووسێ:«تاحیزبی‌دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی». لەوانە لە هەمووی سەیرتر رۆژنامەی کوردستان هەر لەهەمان ژمارەدا، بە بۆنەی سالْرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملو لە زمانی ناوبراوە باسی« ئەخلاق لە سیاسەت دا» دەکاو دەنوسێ: « ئێمە بێ ئوسولی و جنێو فرۆشی لە سیاسەت دا رەت دەکەینەوە. بۆ جێگر کردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا تێ دەکۆشین و یەکەم رێکخراوی ئێرانی بووین(نەک کوردی و کوردستانی) کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.» من هەر چەند لێکۆلینەوەی قولی ئەم باسەم بۆ بەرهەمێکی تایبەتی راگرتوە، بەلاّم بێ جێ نابێ بە کورتی دوونمونەی پچوک لەو «ئەخلاقە» باس بکەم کە دوکتور قاسملوی شەهید« واریدی سیاسەتی» حیزبی دێموکراتی کردوە. یەکەمیان سەبارەت بەخۆمە. لە سالی ١٩٤٥ وە ئەندامی حیزبی دێموکرات بووم. لە سالی ١٩٥١ وە کە رەحمانی قاسملوو وەک کادری حیزبی تودە هاتۆتە مەهاباد ناسیارو دۆست و هاوکاری بووم. ماوەی چەند سالْ جێگری سکرتێر و ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، بۆ چەند وتوویژ لە گەلْ حیزبی بێگانەو پێوەندی نوێنەری حیزب بووم. پاشان وەک لە بریاری کومیسیونی تەشکیلاتی حیزبدا گوتراوە:« بە تاوانی لە ژێر پێ نانی دیسیپلینی حیزبی و جولانەوە بە پێچەوانەی پیرەو پرۆگرامی حیزبی» لە حیزبی دیموکرات دەر کراوم. هەر بەدوای مندا چەند برادەری دیکەش هەر بە عەینی تاوانی بێ جێ لە حیزب دەرکراون. بەلاّم لە ١٩/١١/٩٨٤ کاتێک دوکتور قاسملو دێتە ستوکهۆلم لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبی دا باسی دەرکردنی من دێتە گۆرێ و پرسیاری لێ

دەکەن کە کەریمی حسامی بۆ لە حیزب دەرکراوە؟ دوکتور قاسملو وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، بەو(ئەخلاقەی کە واریدی حیزبی دێموکراتی) کردبوو، لە وەلآمدا دەڵێ :« جاسوس بوە.» جا ئەگەر لە نێو هەموو ئەنداماتی ئەودەمی کومیتەی ناوەندیدا، تاقە کەسێک نەبوە ئەوەندە ویژدانەی هەبێ دارای لێکۆلینەوەی ئەم بڕیارە بکات، لە کومیسیونی تەشکیلات بپرسێ:« ئەو بڕیارە بۆ چی و لە سەر چ ئەساسێک دراوە؟» لە نێو ئەندامانی حیزبیدا کەسێکی ئازاوبەشەرەفی وەک کاک حەسەنی قازی پەیدا دەبێ دەپرسێ:« جاسوسی کێ بوە؟ لە کەیەوە بۆتە جاسوس؟ بۆ سەنەدو بەلگەی لەسەر بلاو ناکەنەوە ؟ خۆ هەروا بە قسەو بوختان کەسێک نابیتە جاسوس». جەنابی سکرتێری حیزب وەلأمی کاک حەسەنی قازی بۆ نادرێتەوە و تەنیا نەختێ ئارەقە دەکات. تۆ بڵێی لە ویژدانی خۆیدا تۆزێ نارەحەت نەبووبێ؟!!

نمونەی دووەمی« ئەخلاق» کە دوکتورقاسملو« واریدی سیاسەتی‌کردوە» مەسەلەی جیابوونەوەی دەستەیەکی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌یە لە کۆنگرەی هەشتەم دا. ئەو ئەندامانەی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی کە جیا دەبنەوە، ماوەی ۱۰ ساڵ هاوکار و گوێ لە مستی ئەو بوون. لە فەرمایشات و فەرمانی سکرتێر قەت لامجومیان نەبوە. ماوەی ۱۰ ساڵ هەموو کارو کردەوەی لادەرانەی سکرتێریان تەئیید کردوە و بۆ یان لە ملی داوە. بەلأم کاتێک لە سەر هیچ جیا دەبنەوە، گوتە کاعەزی بێ ئابڕوانەی پێنش ۳۰ ساڵ بۆ بەدناو کردنی هاوکارو هاورێیانی لە لایەن دەزگای سکرتێرەوە بلأو دەکرێنەوە. یان ئەوانەی کە جیا دەبنەوە ماوەی ۱۰ ساڵ لە مەکتەبی سکرتێر پەروەردە دەکرێن و ماوەی ۱۰ساڵ وەک مۆرەی شەترنج لە بەر دەستیدا هەڵدەسوڕێن و بۆی لە ملی دەدەن، بەلام کاتێک جیا دەبنەوە لافاوی تۆمەت و بوختان و قسەلۆکان

هەڵدەبەستن. ئەوانە نمونەی پچوکن لە(ئەخلاق و دیموکراسی و هومانیستی) کە دوکتور قاسملو لە حیزبی دیموکرات دا بناخەی دارشتوون.

بە کاک محەممەدی مەدەنیدا وەرگێراوەی کتێبی (ئینجە مەمەد)م بۆ ئەنستیتوی کورد ناردو ئەم نامەیەشم بۆ کەندال نووسی:« بۆ برای بەرێز کاک کەندال! لە گەڵ سلاوێکی گەرم. لە بەر ئەوە دامەزرانی ئەنستیتوی کورد لە پاریس بۆ ناساندن و پەرە پێدانی مێژو وکولتوری نەتەوەی کورد بە هەنگاوێکی بەرزو بە خزمەتێکی مەزن دەزانم، بۆ ئەوە کە بە شێکی زۆر پچوک لە شانازی خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی بە من ببرێ، ئەوا هەروەک بەڵێنیم دابوو، وەرگێراوەی کتێبی«ئینجە مەمەد» شاکاری ئەدەبی و شورشگێری نوسەری بە ناوبانگی کورد یاشارکەمال پێشکێش بە ئەنستیتو دەکەم کە چاپی بکاو بلاوی بکاتەوە. پێم خۆشە ئەم نوسراوەشی لە گەڵ چاپ بکرێ و رێزمان و رێنوسی کتێبەکەش هەر وەک هەیە هەر ئاوا لە چاپ بدرێ و دەستکاری نەکرێ. سەرکەوتنی بەرێوە بەرانی ئەنستیتوی کورد ئاواتە خوازم. براتان کەریمی حسامی.

کەریمی حسامی. ١/٤/٩٨٤.

لەو بەینەدا یەک دوو نامەم پێگەیشتن و بە تەلەفون خەبەریان دەدا کە زۆر کەس لە حیزب کشاونەوە و نارازی زۆرن و چاویان لەو کەسانەیە کە لە ئوروپا دەژین و پێویستە بۆ پێکهێنانی رێکخراوێک بیرێک بکەیەوە . ئەو نامە و تەلەیفونانە لە گەڵ قسەکانی کاک ئەمیری زۆر لێک نیزیک بوون. ٨٤/٤/١٧ نامەیەکم بۆ صارمخان نوسی و هێندێ دەنگ و باسی کوردستانم بۆ نووسی کە هێرشی پاسداران زۆر بوە و سەرشاخانیان گرتوە. هەروەها لە سەر وتووێژی یەکێتی نیشتمانی لە گەڵ حکومەتی بەعسی هێندێ پرسیارم لێکرد و رای خۆشم بۆ نووسی. نامە گۆرینەوە

لەگەڵ صارم‌خان ببوو بە بەشێکی گرنگ و خۆشی ژیانم. چونکە بێجگە لە وە کە لە ڕێنوێنی و بۆ چوون و بیروڕای کەلکی زۆرم وەر دەگرت، قەت نەبوو جارێک نوسراوەیەکم بێ وەلام بێلێتەوەو جاری واهەبوو وەلام دانەوەی من وەدوا دەکەوت، ئەو نامەیەکی دیکەی بۆ دەناردم. لە هەمو نوسراوەکانیدا هەستم پێدەکرد کەلە نووسینەکانم و لە نامەگۆڕینەوەنەک هەر وەڕەز و بێزار نیە بەڵکوو بە تاسەوە چاوەڕوانی نامەکانیشم دەکات.

لە لایەن ئەنستیتوی کوردەوە ٩٨٤/٤/٢٤ ئەم نامەیەی خوارەوەم پێگەیشت:

برای خۆشەویست کاک کەریمی هێژا. سلاوی گەرمتان پێشکەشە. زۆر سوپاستان دەکەین بۆ پێشکەش کردنی وەرگێراوەی کتێبی(ئینجە مەمەد) بە ئەنستیتوی کورد. کە دەستمان بروا، تی ئەکۆشین بە زووترین کات لە چاپی بدەین. دیارە هەر وەکو باستان کردبوو بە پێی ڕێنوس و ڕێبازی خۆی. شایانی باسە کە بەردەوامی و پەرە پێدان و پێشکەوتنی ئەرکە گرنگەکانی ئەم مەلبەندە، پێویستی بە لایەنگری و یارمەتی هەموو کوردێ پێشکەوتنخواز و ولات پەروەرەکانەوە هەیە، بۆوەدی هێنانی ئەم مەبەستانە چاوەڕوانی یارمەتی بەردەوام لە لایەن بەرێزتانەوە ئەبین و هەر وەها هیوادارین خزمەتی ئێوەی بەرێز لە باری مێژو وکولتوری گەلەکەماندا، وەکوو خزمەتی تێکۆشەرانەتان بەردەوام و سەر کەوتو بێ. بە هیوای سەر بەرزیتان. کەندال نەزان.»

ڕۆژی ٨٤/٤/١٢ نامەیەکم بۆ صارم‌خانی صادق‌وەزیری نوسی و بریاری کومیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتم پێ ڕاگەیاند. هەروەها لەم بارەوە نامەیەکیشم بۆ کاک عەزیزی ماملێ نوسی.

صارم‌خان ڕێکەوتی ٩٨٤/٤/٢١ لە وەلامی نوسراوەکەی من دا نوسیبووی:« ... لەو دەستە گوڵی تازە کە حضرات بە ئاریان داداوە

مەتلەبێکم نوسیبوو. مەبەستم نێوەرۆکی ئەو نامەیە کە کاوە هەڵگری بوە. ئاشکرایە کە دەرەجەی داخی من تاچرادەیەکە. لە راستی‌دا بێ ئەندازەیە. بەڵام لە بارەی ئەو پرسیارەی لەم بارەدا کردبووت، زۆر بە کورتی بیروڕای خۆمت بۆ دەنوسم:

١ - بێگومان ئەم هەنگاوانە ئاڵقە زنجیری تێکخراون کە بە دوای یەک ئامانج‌دا وێڵن.

٢ - بەر پەرچدانەوەکان پێویستە لە رادە بەدەر قرساو وحیساب کراوبن. بە چەشنێک کە حضرات کەلکی خەرابی لێ وەرنەگرن.

٣ - ئێوە وەک یەکێ لە قەدیمترین کادرەکانی دەرەجە یەکی‌حیزبی دێموکرات بێگومان مافی تایبەتی‌ئەفرادی حیزبیتان هەیە. لە راستیدا ئەگەر ئەو حضراتە پچوکترین بروایان بە دێموکراسی مابێ، لە بیرکردنەوەی ئەم هەنگاوە دەبێ بلەرزن، جا چدەکا بەوەی کە بە بێشەرمی کارێکی ئاوا بکەن. بەرپەرچدانەوەی تۆ ئەشێ لە چوار چێوەی پیرەوی حیزبی دابێ. من هەر ئێستا پێرەوی پەسندکراوی کونگرەی شەشم لە لایە، مادەی شەشی پێرەو لە بارەی سزادانی ئەندامی حیزبە. خاڵ دووەمی ئەو مادەیە دەڵێ ئەندامی حیزب لە لایەن ڕێکخراوێکەوە سزادەدرێ کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بێ. کومیسیونی تەشکیلات هەر لەخۆوە ناتوانی‌ئەندام سزا بدات. مەگەر ئەوە کە تۆ ئەندامی ئەو کومیسیونە بوو بیت.....»

کاک عەزیزی ماملی-ش لە وەڵامی نامەی منداِ ڕێکەوتی ٩٨٤/٥/٢ دوای سڵاو ودەربڕینی هەستی دۆستانە نوسیبووی:

«... بەراستی سەبارەت بە بڕیاری کومیسیونی تەشکیلات زۆر چوم دەباڵ خۆمەوەو خۆم خواردەوە. خۆم خواردەوە کە ئەندامێکی وەفادار بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر بوونی هەستی پاک و

بیری پێشکەوتن خوازانە ئەوتۆ دەکەوێتە بەر پەلاماری ئینسانی‌ناساڵح و کۆنە پەرست. وەختێک بیر لەوە دەکەمەوە.کە ئەو ڕۆ ئەوە قاسملو شەرەفکەندی خەریکن خەباتی میللەتێک لە ڕێبازی پێشکەوتوانەی خۆی لادەن و خوێنی ئەو هەموو شەهیدانە بە فیڕۆ بەرن. لە هەل و مەرجێکدا کە میللەتەکەمان، حیزبەکە مان ڕێگای دروست و دژ بە ئەمپریالیستی هەڵبژاردوە و دوست و دوژمنی خۆیان ناسیوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ نزیک بوونەوە لە دۆستانی ناو نەتەوایەتی خۆیان تێ دەکۆشن، ئەو حەزەراتە زۆر ناپیاوانەو کۆنە پەرستانە حەوڵ دەدەن تیزی چەوتی سوسیال دیموکراسی بە سەر حیزبەکەماندا سەپێنن، دیارە بەو شێوەیە کە بیستوومە بە شێوەیەکی زۆر دیکتاتورانە«ئەکثریت»یان بەدەست هێناوە!! « بەلاٰم بەرخ هەتا سەر سەری لە بن سەوەتەدا نابێ. خەبەرم هەیە کە ماهیەتی پیسی ئەو گورگانەی کە چون لە پێستی مەڕەوە لە کۆنگرەی شەشەم دا زۆر چاک ڕوون بۆتەوە. وەزعێکی نالەبار پێک هاتوە پاش داسەپاندنی سوسیال دیموکراسی. کادرەکان وروناکبیرەکان لەو مەسەلە زۆر نارەحەت و قەلسن. جا وەزعەکە دەگاتە کوێ نازانم.

.... پێم خۆشبوو ئەوەتان عەرز بکەم کە ئێوە خۆتان بەو بڕیارە نالەبارە کە بە تەواوی دژایەتی هەیە لە گەڵ پیرەوی حیزب، نارەحەت مەکەن و بیری لێ مەکەنەوە. ئێوە بۆ پێ خۆشبونی قاسملو وشەرەفکەندی و مەلاعەولاٰ نەهاتوونە نێو حیزبی دیموکرات. هەموو کەس رابردووی ئێوە و خەباتی درێژ خایەنی ئێوە دەناسێ. هەموو کەسیش وردە وردە گەیشتونە ئەو نەزەرە کە قاسملو داروەستەکەی خەریکن حیزب لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان لادەن. کە وابوو ئەو بڕیارە دژی ئێوە نیە، دژی هەموو ئینسانێکی بە بیروباوەر و پێشکەوتویە. دڵنیا بن ئێوە ئاخرین کەس نابن. ئەمن هەر پاش کۆنگرەی شەشەم کاتێک کاک ئەمیر

باسی چۆنیەتی کۆنگرەی بۆ کردم، بیرم لەوە کردەوە کەئەو عالی جەنابانە «تەسفیە»یەک بکەن و بە تەواوی حیزبە کە «یەک رەنگ» بکەن. هەر چاوەڕێ بووم و هەم کە دەست لەو کارە بدەن. لە ئێوەرا دەستیان پێکردەوەو جابزانین خەبەری داهاتو چۆن دەبێ...بە هیوای سەرکەوتنی گەلەکەمان.» براتان عەزیزی ماملێ ٢ی مانگی مای ١٩٨٤»

رۆژی ٥/٥/٩٨٤ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات نوسی و لە گەڵ نامەیەک بۆ کاک جەلیلی گادانی، ناردم بۆ دەفتەری پاریس. ئەمەش دەقی نامەکانە.:

نامە بۆ کاک جەلیلی گادانی :« برای بە ڕێز کاک جەلیلی گادانی! هیوادارم سلامەت و بە سەرکارو تێکۆشاندا سەرکەوتو بی. برا زۆر بێ لوتفی. خۆ ئەگەر ئەو بریارەی کومیسیونی تەشکیلاتیش لە لایەن ئورگانی سەرەوەتر چاوی پێدا نەخشێتەوە، دۆستایەتی شەخسی هەر دەمێنێ و نابێ باربکا. لە ئەخلاقی تۆم بە دوور دەزانی کە لانی کەم درو دێر وەلامی نامەی بە خێر هاتن نەنوسیەوە. بە راستی هەقی گلەییم هەیە. نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیوە، والە پاکەتی جەنابت دایە. تکا دەکەم بە هەوەڵێن وەسیلە بینێرەو خۆشت وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی بە ویژدانەوە بیر لەو بریارەی کومیسیونی تەشکیلات بکەوە و نەزەری خۆشت بنوسە. کاک جەلیل گیان لام وایە بریاری ئەوتۆ ناعادلانە هیچ یارمەتیەک بە کاری حیزب ناکا و دەفتەری سیاسی دەبێ پێشی ئەو جورە کارانە بگرێ. سلاو بۆ برایانی تەشکیلات و سوپاسیان دەکەم. برات کەریمی حسامی. ١٩٨٤/٥/٥

نامە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.:

« بە ڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە گەڵ سلاوێکی شۆرشگێرانە. سلامەتی و سەرکەوتنتان ئاواتە خوازم. لە

وەڵامی نامەی پێشودا کە بە کاک مستەفای شەلماشی‌دا ناردبووم و داوام کردبوو کە لە ئوروپا یا لە هەر شوێنێکی کوردستانی ئێران کارم پێ دەسپێرن بۆم دیاری بکەن بۆ ئەنجامدانی ئامادەم، لە جیاتی دیاری کردنی جێگای کار رۆژی ٩٨٤/٤/١١ بە هۆی هاوڕێ محەمەدی مەدەنیەوە نامەیەکم بە مۆری کومیسیۆن تەشکیلات بۆ هات کە (بە تاوانی لە ژێر پێنانی دیسیپلینی حیزبی و جولاّنەوە بە پێچەوانەی ئێوەرۆکی پێرەوی نێو خۆی حیزب لە حیزبی دێموکرات دەر دەکرێی) بە راستی جێگای داخە هەروا بە ئیشتیا کۆنترین ئەندامی حیزب بە یەک دووخەت پاش ٤٠ساڵ تێکۆشان دەر بکرێ. من هەرچی بیر دەکەمەوە نە دیسیپلینی حیزبیم لە ژێر پێ ناوە، نە بە پێچەوانەی ئێوەرۆکی پێرەوی نێو خۆی حیزب جولاّومەوە، نە کارێکی ئەو تۆم کردوە بە زیانی حیزب بێ. دەبوایە لانی کەم پچوکترین شوێنی دێموکراسی لە بەر چاو گیرابایە و بە پێی بەندی یەک روون کرابارە چکارێکم کردوە کە سزای دەرکردن بێ. من ئەندامی بەشی تەبلیغات بووم. بە گوێرەی بەندی ٢ لە مادەی ٦ دەبوایە سزای من لەو رێکخراوەی حیزبی دا دیاری بکرێ. هەر تۆزێک بروا بە دێموکراسی، نیشانی دەدا کە بڕیاری کومیسیونی تەشکیلات لە ژێر پێ نانی سادەترین یاسای دێموکراسی و مادەی شەشی سزادانی ئەندامە.

بەو بۆنەوە داوا لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات دەکەم کە رێگا نەدەن هەروا بە هەوا هەموو رێ و شوێنی دێموکراسی و پێرەوی نێو خۆی حیزبی لە ژێر پێ بنرێ وئەندامی حیزب دەربکرێن. داوا دەکەم بە لەبەر چاو گرتنی پاراستنی مافی ئەندامێکی حیزبی ئەم بڕیارە نارەوایە هەڵوەشێننەوەو جارێکی تر شانازی تێکۆشانی ئەندامەتی حیزبیم بۆ بگێڕنەوەو جێگای کارو شوغڵم بۆ دیاری بکەن تا هەروەک رابردوو بە فیداکاری ئەرکی حیزبایەتی خۆم بە جێ بگەیەنم. ئەگەر دەفتەری سیاسی

ئەم بریارە نا رەوایە هەڵئەوەشێنێتەوە . داوا لە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات دەکەم کە ئەو سکاڵاو تکایەی من لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی‌دا بێنێتە گۆرێ و بە پێی بەندی چواری مادەی ٦ بە ویستی من رابگەن.

دڵنیام کە دەفتەری سیاسی بە ریز لە گەڵ ئەو بریارە ناعادلانە و پێشێل کردنی دێموکراسی حیزبی موافەقەت ناکا. سەر کەوتنتان ئاواتە خوازم. کەریمی حسامی ١٩٨٤/٥/٥.»

رۆژی ٩٨٤/٥/٥ کاک ئەمیری قازی هاتە لامان. دووسێ رۆژ مایەوە. کاک ئەمیر لای وابوو کە حیزبی دێموکرات وەک ئیدارەیەکی حقوق بگیری لێ هاتوە. لە سەر ئەو باوەرە بوو کە پێویستە رێکخراوەیەکی کوردستانی دروست بکرێ و واز لە دروشمی خودموختاری بێنێ. چونکە خودموختاری نەدەدرێ و نە هیچیشی بۆ کورد لێ پەیدا دەبێ» لەم بارەوە باسێکی زۆرمان بوو، هاتینە سەر ئەو باوەرە کە راوێژ و چاو پێکەوتن و ئاخافتن لە گەڵ برادەرانی دیکەش درێژە پێ بدەین. کاک ئەمیر ٨٤/٥/٩ گەرایەوە. من خەریکی نوسین و تەواو کردنی (ناميلکەی لێکۆلینەوەی کورتە باسێکی دوکتور قاسملو بووم لە سەر سوسیالیزم) رۆژی ٨٤/٦/١ ئامادەم کرد بۆ چاپخانە. ئەودەم چاپکردنی کتێب و رۆژنامە لە بولغاریا کاری حەزرەتی فیل بوو. دەبوایە لە حەوت خوانی روستەمی بگوزەرێ و ئیجازەی کومیتەی ناوەندی لەسەر بێ. ئەویش هەر نەدەکرا. کابرایەکم دیتەوە لە چاپخانەیەک کاری دەکرد. سەت لێوام دایە و کابرا وەک پیاوان بە بێدەنگی هەرتک بەرگی کوردی و فارسی چاپکردو ئیوارەیەک بۆی هێنامەوە ماڵێ. سەیر ئەوەبوو کاتێکی دوو نوسخەی فارسیەکەم بۆ بەر پرسی بەشی رۆژهەلاتی نێوەراست لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولغاریا برد، هەوەلین

پرسیاری ئەوەبوو که لە کوێ چاپکراوە. ؟!! گوتم لە کوردستان چاپکراوە و هێناویانەتەوە ئێرە.

رۆژی ٩٨٤/٦/١٥ نوسخەیەکم لە نامیلکەی (لێکۆلینەوە) لە گەڵ دانەیەکیش لە (کورتە باسی) نوسینی دوکتور قاسملو بۆ صارمخانی صادق وەزیری‌نارد. چەند نوسخەشم بۆ کاک ئەمیری قازی و کاک عەزیزی ماملێ و کاک جەلیلی گادانی و موهەندیس ئاریا و کاک جەماڵی مامۆستا و دوکتور کەماڵ میرئاوەدلی و چەند کەسی دیکەش نارد کە پێویست نیە ناویان بێنمە نێو ناوان و وەک وەڵامی نامیلکەی برادەرێک بکەومە بەر تیرو توانجی رەخنە کە بۆچی ناوم هێناونە نێو نوسراوە و نامیلکان.

بە دوای ئەوەدا خەریکی تاپکردنی نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) بووم. نامەیەکی صارمخانم پێگەیشت کە ٨٤/٥/٧ نوسیبووی. کاک صارم دوای موحیبەت و سلاو دەنووسی:« ... نازانم لە ئاست بۆچوونی من لە نامەی پێشوودا کە لە بارەی بریاری کومیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە سەر تۆ بۆم نوسیبووی چت کردەو بەر پەرچدانەوەت چۆن بوە؟ نازانم چەندەت ئاگا لە وەزعی کوردستان هەیە. من لە سەفەری دواییدا بۆ پاریس کاک جەلیلم دیت، بۆم دەرکەوت کە هەر چەندە چەند ساڵە ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یە، هیچ ئاگای لە نێوەرۆکی ئەو نامانە نیە کە من بۆ حیزب ودەفتەری سیاسیم نوسیون. هێندێ خەبەر لە کوردستانەوە دەگەن کە جێگای نیگەرانین. بەلام لەبەرانبەر واقعیەت دا هەلاتن ناکرێ. ئەوە خۆی هەڵەیەکی سیاسی‌یە. جەلیل جۆرێک لە گەڵ من قسەی دەکرد، دەتگوت تەبلیغات بۆ بیگانەیەکی نا شارەزا دەکات. لە پتەوی ریزەکانی حیزب و بەریەرەکانی پێشمەرگەو لایەنگری خەڵک چی تێدا نەدەهێشتەوە. من لە دلم دا بەر

هەموو ساکاری و خۆش باوەریە پێدەکەنیم و هەر لەو کاتەشدا بەزەییم پێدا دەهات. لەو نیگەرانیانەی کە تۆ لە نامەی ٤/١٧/دا باست کردوون باش ئاگادارم. ئەمانە بەشێکی ئەو مەترسیانەن کە لە نامەکانی پێشوودا باسم کرد بوون. لە بارەی جەرەیانی مام جەلال، بێگومان تۆ باشتر لە رابردووی ئەو ئاگاداری. ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە لە ئەسڵ دا هەنگاو ورێگایەکی کە گرتویەتە پێش کوێرە رێ نیە. مەبەستی وتووێژ لە گەڵ سەدامە) بە لاّم لە شێوەی تەبلیغاتەکەیاندا زۆر بە پەلە بوون. دەبێ بڵێم هێندێ نەزانیشی تێدابوو. ئەو پیاوە گەورەی کە بوو بە هۆی بناخەی گەورەترین ئاڵوگۆر لە مێژووی سەردەم دا، لە بارەی تەبلیغاتەوە وتەیەکی فرە جوانی هەیە. ئەو دەڵێ: تەبلیغات وەک شیری دوودم وایە. کاتێکی نەزانن چۆن و لە چ رێگایەکدا بەکاری دێنن، زەبرەکەی بۆ لێدەرەکە دەگەرێتەوە. لەجیاتی نەتیجەی پۆزێتیڤ ئاکامی نیگاتیڤی دەبێ. ئەم وتەیە هەزارجاریش وەراست گەراوە. نازانم ئەگەر ئەو جۆرەی ئەوان ئیدیعا دەکەن هەموو شت رێک و پێکە، بۆ چی راگەیاندنی رەسمی رێک کەوتنیان وەدرنگی خستوە؟!

کاک کەریمی خۆشەویست لە بارەی ئەو بەشەی نوسراوەکەتکە گۆیا زۆر کەس لەو کەسانەی لە کوردستانن، چاویان لەو کەسانەیە کە لەئوروپا نیشتە جێن، پێویستە وەبیری خەمەوە کە رەوەندی رووداوەکان بە تایبەت لەو مانگانەی دواییدا زۆر لە فاکتۆرەکانی حیسابی تێکداوە. دەبێ بە چاوێکی واقیع بینانەتر بروانینە مەسەلەکان. درێژتر و وردتر لەم بارەوە باس دەکەین. جارێ بەوەندە کۆتایی پێ دێنم .... ارادتمند صارم‌الدین دوشنبه هفدهم اردیبهشت ١٣٦٣ »

کاک سەلاّح بدرالدین هات دەچوە سوید، گوتی :« ئێمە ئیمکانمان هەیە ئەو نامیلکەت بۆ چاپ دەکەین. نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە)

لەگەڵ خۆی بردو٨٤/٦/١٧ هاتەوە سوفیا هاتە لام‌گوتی:« برادەران گوتویانە لەبەرئەوەی لەجێگایەک رەخنەی لەسەرجەماعەتی‌بارزانی تێدایە چاپی ناکەین. خۆشم هەر ئەزەرم ئەوەیە و پێمان مەسلەحەت نیە.» گوتم قەی ناکا، ئینسانی (خاوەن مبدا) پێویستە بە گوێرەی رۆژ کار بکات!!

رۆژی ٨٤/٦/٢٩ رادیۆی بی.بی.سی. خەبەری هێرشی هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر ناوچەی شیمال بلاو کردەوە و گوتی ..٨ کەس لە کوردەکان ئاوارە بوون و گەیشتوونە تورکیا. خەبەرێکی تاڵ و داخدار بوو، بەلام هیچیش نەدەکرا. لەم بەینەدا نامەیەکی دیکەی صارم‌خانم پێگەیشت. نوسیبووی:« نامەی ٨٤/٦/١٥ لە گەڵ نامیلکەی نوسراوەی دوکتور قاسملو ونامیلکەی وەلامی ئەو گەیشت. بە دیقەت و بە وردی هەر تک نامیلکەم خوێندنەوە. کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی هەرتک نامیلکە تەرخان کرد. ئیرادی من سەبارەت بە نامیلکەی هەوەڵیان زۆرە. ئەگەر چاومان بە یەکتر کەوت ، حەتمەن باسیان دەکەین. بەلام بە گشتی دەتوانم بێژم کە پلەی نوسینەکە فرە نەزمە. بە هیچ جور شایانی نوسراوەیەکی تیئوریکی نیە. ئەویش بە جورێک کە دەیەوێ ببێتە بناخەی گۆرینی ستراتیژی جەرەیانێکی خاوەن پێشینە. بەلام گیرو گرفتی بنچینەیی شتێکی دیکەیە. ئەویش ئەوەیە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوە کە لەم هەل و مەرجە دژوارەدا ، ئەو مەسەلەیە بێتە گۆرێ و لە کۆنگرە ببێتە جێگای باس و دەنگ وەر گرتن؟!. حیزبێکی سیاسی لە سەر خەیاڵ و فانتزی پرۆلیک وەرێ ناخات، ئەویش پرۆلیمیکی ئەوتۆ کە ببێتە هۆی دوویەرەکی و تێکچونی ریزەکان، لە کاتێکا یەکێتی ریزەکانی حیزب گرنگترین هۆکاری درێژە پێدانی مانەوەی حیزب بێت. تۆ باسی ئەو مەسەلەیەت کردوە و بە دروستی ئاماژەت بۆ کردوە.

بەلام نوسراوەکەی تۆ بە پێچەوانەی ئەو نوسراوەی دیکە رەوان و

سەنگینە. پڕە لە مەتڵەبی ئوسوڵی و فێر کردە. دیارە من نوختەکانی جێگای سەرنج وپاسکردنم نیشانە کردوون، لام وابوو کە لە رێکوپێک کردنی نوسینەکەدا گۆڕانێک پێک بێ. بەڵام لە سەر یەک مەبەستەکان باش و ورد دانراون. لام وایە لەم نامەیەدا ئەوەندە قەبڵاندنە بۆ هەرتگ نوسراوە بەسە..... نوکتەیەکی زۆر دقیق لە نامەکەت دا هەبوو ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە کونگرەی چواردا من و چەند کەسیتر لە نێو حیزب دابابن، وەزعی کوردستان جۆرێکی تر دەبوو، راستە و دەیسەلمێنم ئەگەر ئەو دەم هاتبامەوە نێو حیزب، دەمتوانی تەئسیرێکی زیاترم لە سەر رووداوەکان هەبێ، ئەم رەخنەیە راستە. چونکە دەرکەوتوە نوسراوەکانی من تەنانەت ئەندامانی دەفتەری سیاسیش نەیان خوێندونەوە.... چاوەڕوانی خەبەرتانم . داخوا ئەو وادەی داوتە دەیبەیە سەر یان نا؟.... ارادتمند صارمالدین دوشنبه دهم تیرماه ١٣٦٣»

بەدوای نامەی صارمخاندا، کاک عەزیزی ماملێ نامەیەکی رێکەوتی ٨٤/٦/٢٨ بۆ نارد بووم و نوسیبووی :« کاک رەحیمی ئەمیری و پۆلاو حامیدی گەوهەری و فەرەیدونی میتران لە حیزب دەرکراون... کومیتەیەک پێک هاتوە بۆ «تصفیه»ی ئەو کەسانە کە دژی بەرنامەو پیرەوی حیزب قسەدەکەن. ئەندامانی ئەو کومیتەیە بریتین لە: مەلاعەلای حەسەن زادە، حەسەنی شەرەفی، ابوبکری هیدایەتی و سەلیمی بابانزادە. تا ئێستا غەیری ئەو چەند کەسە کە دەریان کردوون لە چەند کەسی دیکەش«تعهدیان» وەر گرتوە کە بە دژایەتی کونگرەی شەشەم تەبلیغ نەکەن. دیارە برادەران قورس و قایم راوەستاون. بەڵام کاتێک کومیتە دەبینێ کەسێک بەربەرەکانی دەکا، دەیتێرن بۆ دەفتەری سیاسی، لەوێ بە هۆی مەسئولی کومیسیونی تەشکیلات کە مەلاحەسەنی رستگارە دەری دەکەن ...»

سەفەر بۆ ئورووپا

بە دوای بڵاو بوونەوەی خەبەری دەرکردنی کادرەکانی حیزبی و بە ڕواڵەت پاکسازی لە کەسانی چەپ و خاوەن بیرورا بە باشم زانی سەفەرێکی ئورووپا بکەم. چاوم بە صارمخان و کاک عەزیزی مامڵێ‌و کاک ئەمیری قازی بکەوێ. بە تایبەت کە کاک ئەمیر لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم: ئومێدەوارم کە بتوانی سەرێکمان لێ هەڵێنی. بێجگە لە وەش کاک ئەمیر مەسەلەی پێک هێنانی ڕێکخراوەیەکی کوردستانی هێنابوە گۆڕێ و لە گەڵ صارمخان و عەزیزی مامڵێ‌و خەڵکی دیکەشی باس کرد بوو. من بەش بە حاڵی خۆم دەمویست صارمخان جڵەوی ئەم کارە بگرێتە دەست و لە ژێر ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی ئەودا پتر بیر لەو کارە بکرێتەوەو هەنگاوی بۆ باوێژرێ.

چەند ڕۆژ پێش ئەوەی بۆ لای صارمخان سەفەر بکەم، لە باڵیوزخانەی سۆڤیێتی‌یەوە تەلەفونیان کرد کە بچمە وێندەرێ. کە چووم سکرتێری یەکەمی سەفارەت چاوەڕوانم بوو. دانیشتین و باسی کوردستانمان هێنا گۆڕێ. من بڕیاری کومیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتم باس کرد. کابرا تاوێک مات بوو، بێ ئەوەی لەم بارەوە هیچ بێژێ گوتی:

« کومیتەی ناوەندی داوای لێکردووین کە لێکۆڵینەوەیەکی خەست لە سەر بارودۆخی کوردستان ئامادە بکەین. تکامان ئەوەیە شتێکمان بۆ بنووسی. گوتم ناتوانم لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەموو لایەنە لە سەر کوردستان ئامادە بکەم. بەڵام دەمەوێ بیرووراو بۆ چونی خۆم وەک نامەیەک ئاراستەی کومیتەی ناوەندی بکەم. من لەم چوار چێوەیەدا

نامەیەکیشم بۆ گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم نوسیوە. بەڵام چونکە ناتوانم بە روسی بنووسم ناچار بە فارسی دینوسم و چەند رۆژێکیش دەخایەنێ. کابرا گوتی چاوەروان دەبم. دەکرێ لەو نامەی بۆ گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزمت نوسیوە، نوسخەیەک بدەی بە ئێمە؟. گوتم ئەو نامەیەم کردوە بە روسی و نوسخەیەکتان بۆ دێنم.

هاتمەوە دەستم کرد بە نوسین. بەڵام هاتمە سەر ئەو باوەرە کە لە ناردنی تالۆکەی نەکەم، لەگەڵ خۆم بیبەم و نیشانی صادق وەزیری بدەم کە شتێکی باشی لێ بێتەدەر. رۆژی ۹۸٤/۷/۱۲ بە قەتار بەرەو لوزان کەوتمە رێ. لە ڤینێزیا لام داو شەو لەوێ مامەوە. دیتنی ئەم شارە جوان و مێژووییە ئەوەدێنێ ئەگەر خودای تەعالا دەستت بگرێ، چەند رۆژێکی لێ بمێنیەوە. خۆ ئەگەر بۆ چەند رۆژیش خودا دەرفەت نەدا و مرز رێگای بەوێدا تێپەرێ، چ قەیدی نیە شەوێک لابدەی و تەماشای جوانی ئەو شارە بکەی. لە قەتار هاتمە خوارێ و چوم لە هوتێلێک جێکام گرت و هاتمە نێو شار دەسورامەوە لە پێش بینایەکی گەورەو جوان، وەک تیاترو موزە دەچوو، گوێم لە دەنگی ئاخافتنی کوردی بوو. چوومە پێش چەند لاوی کورد لێک کۆ ببونەوە، باسێکی گەرم و توندی سیاسیان هەبوو. چوم لە پەنایان راوەستام بێ ئەوەی هەست بکەن من کوردم و یا گوێ بدەنە ئەوەی کەس لە لایان وێستاوە یان نا. باسەکەیان لە سەر (ئاکسا) و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. بە لایەنگر و بەرهەڵست دابەش ببوون. باسەکەیان شیرین بوو، بەڵام بۆ دەنگ هەڵێنان کوردانە بوو. تاوێک هەروا ویستام و گوێم دانێ. پاشان رەنگە وەک خەسڵەتی کوردانە بێ، خۆم پێ رانەگیرا گوتم:

« باسەکەتان سەرنج راکێشە و خۆشە، ئەگەر ئەوەندە دەنگ بەرز نەکەنەوە.» تێکرا قوت بوون، وازیان لە باسەکە هێناو دەوری منیان

دا. گوتیان دەمێکە تۆمان دیوە، بەلاْم نەمانزانی کوردی. دەستیان کرد بە پرسی ناو ونیشانم ناوی خۆم پێگوتن. دوو سێ‌یەکیان بەناو دەیانناسیم. بە خێر هێنانێکی گەرم و دۆستانە. کەمێکی دیکەش ونستاین، بلاْوەیان کرد. دوو برادەر بە ناوی فەرەیدون و سەردار لە گەلْ من مانەوە. پێکەوە نانمان خواردو سورایتەوە. زۆریان ئیسرار کرد لە هوتێل نەبم و بچمە لای ئەوان. بەلاْم من هوتێلم گرتبوو، نەمویست مزاحیمی ئەوان بم. ئادریسیان دامێ، بە داخەوە هەلْنەکەوت جارێکی تر بیان بینمەوە.

رۆژی ١٤/٦/ گەیشتمە لوزان، صارمخان هاتبوە ئیزگەی قەتار و دوو رۆژان میوانی بووم. بە درێژی باسی رابردوی تێکۆشانی خۆی بۆ کردم. بە لاْم لە سەر ئەسلی مەتلەب کە مەبەست و ئامانجی من بوو، هیچم دەسگیر نەبوو، چونکە ئەو ئەوەندە بە قوڵیدەچوە بناوانی مەسەلەکەو بە شێوەی زانستی لێکی دەدایەوە، بە ناچاری ملم بۆ رادەکێشا لە گەلْ پاراستنی هێندێ بۆچوون و هەڵوێستی خۆم. ناکۆکی بیرورامان لەو نامانەدا دەردەکەوی کە بۆ یەکترمان نوسیون ودەگەنە نیزیکەی ..١ لاپەرە و ناشکرێ لەم بەشەی بیرەوەریەکانمدا هەموان بلاْو کەمەوە. بەلاْم ئەگەر تەمەن مەودا بدات، بە تەمام تەواوی ئەونامانەی لە.١سالی دواییدا بۆم هاتوون و راگیراون. لە بەرگێکدا بە ناوی « نامە بلاْوەکان» بلاْو بکەمەوە. لام وایە وەک شێوەی نوسینی بیرەوەریەکانم ئەگەر ئەم کارەش بکەوێتە بەر رەخنە، لە کوردەواریدا داب و ئیبتیکارێکی نوێ دەبێ.
دیارە ئەوە بەومانایە نیە کە نێوە نێوە ناورۆەسەر هێندێ‌بەشی‌نوسراوەکانی صارمخان نەدەمەوە . چونکە نوسراوەکانی ئەو بێگومان بۆ خوێنەرانی کورد تام و چێژی خۆیان هەیەو کەلکیان لێ وەردەگیرێ.

ئەونامەیەی بۆ کومیتەی ناوەندی حیزبی‌کومونیستی یەکێتی سوڤیێتی -م نووسیبوو دام بە صارمخان تەماشای بکاو دەستی لێ‌بدا. بە

خۆشیەوە ئەسلی کارەکەی بە کەیفیٚ بوو. بە دیقەت خوێندیەوەو دەستکاری کردو لام وایە پەرێکیشی لیٚ زیاد کرد.

نامە بۆ برادەرانی وڵات

رۆژی ٨٤/٧/١٦ چوومە پاریس و میوانی کاک عەزیزی مامليٚ بووم. کاک جەماڵی‌کوری ماموستا شێخ عیزالدینی دەگەراوە بۆ کوردستان، بە دەرفەتم زانی ئەم نامانەی خوارەوە بۆ مەلاحەسەنی رستگارو بۆ فەریدونی میتران بنووسم و نامیلکەی لیکۆلینەوەشم بۆ فەریدون نارد.

نامە بۆ مەلا حەسەنی رستگار : « براو هاورێی بەرێز کاک حەسەنی رزگار رۆژتان باش!

دەزانم شوکر رۆژتان باشە. زۆربەی دەنگت هیناوە. بوی بە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات. مەعموری دەرکردنی ئەندامانی پیشکەوتنخوازو خاوەن بیروباوەر. یانی ماران بە دەستی سەید ئەحمەدی دەگرن.

دەی هیوام وایە ساخ و سلامەت بی. منداڵەکان سلامەت بن. بە راستی لە سنوری تورکیا بووم کە خەبەرم زانی گاکەش گیراوە. زۆر بیرم لە منداڵەکانی تۆو ماموستا کردەوە. دەڵین دڵ ئاگای لە دڵانە. وادیارە هەر ئەو دەم ئیوەش(بەلام تۆ ئەوەدەم مەردی دەرەجە دوو بووی) لە گەڵ ماموستا بیرتان لە دەر کردنی کەریمی حسامی دەکردەوە. بەلام دەرکردن لەچی؟ دەڵین لە کرماشان کابرایەک کاتی عاشورا رەگەڵ دەستە دەکەوت ، بە زنجیران لە خۆی دەداو سەری خۆی بریندار دەکرد ودەیکردە هەراو خۆی هیلاک و شەکەت دەکرد. سەردەستە بانگی کردو گوتی :

« حسین خیلی شلوقی میکنی بیرونت میکنم ها!!» کابرا کەخۆی بریندارو هیلاک کردبوو گوتی:« از چی‌چی بیرونم میکنی، مگر از شرکت نفت بیرونم میکنی؟» کاک حەسەن لاتان وایە ئێوە خەڵک لە شیرکەتی نەوت دەر دەکەن؟ شیرکەت هی‌خۆتانە. ئێستا ئێوە دەستتان کردوە بەدەرکردنی خەڵک لەچی؟ لە شیرکەتی نەوت؟ پاش دەربەدەری و ئاوارە بوون لە حیزبیان دەر دەکەن!!

کاک حەسەن زۆر باسی (استقلال) دەکرێ لە نوسراوەی حیزبدا. بەلاّم ئێستا راستی قسەکانی تۆم بۆ دەردەکەوێ کە لەسەر بەرزایی زمزیران‌کە بە پێ‌یان دەچووینە خوارێ بۆت باس دەکردم و دەتگوت:« شکم لەوەدایە تعهداتیکیان داوە» ئێستا دەرکەوت (شک و گومان) نیە، بەڵکو راستە تعهداتە بۆ«تصفیە» لە ئەفرادی بە بیرو باوەروبە شەرەف‌ونیشتمانپەروەر. لەئەفرادی ئەوتۆ کە خۆ مەلاّس نادەن و بۆ ژیانی سەرشۆری مل کەچ ناکەن.

من لە گەلْ تۆ قسە دەکەم. داخوا تۆ دەزانی بەتاوانی چی من دەرکراوم؟ چونکە هەوڵم داوە رێگایەکی یارمەتیدان بە گەلی کورد، بە میللەتی لێقەوماو بدۆزمەوە. هەوەڵێن هەنگاوم بۆ یارمەتی بە مستەفای شەلماشی راگەیاندوە. هەر بلێن ولاّتانی سوسیالیستی یارمەتیمان نادات، یا سوسیال دیموکراسی یارمەتی بدا کە تۆش دەنگت بۆداوەو هەر بۆیەش بووی بە (ئەشتەکێک) لام وایە هیچ کەس ئەمرۆ دژی ئەوەنیە کە لە هەر لایەک یارمەتی بە کوردستان بکرێ، بەلاّم نان بە قەرزدانی فەرانسە نە کورد رزگار دەکاو نە حیزب بەرەو پێش دەبات، میللەتی کوردو حیزبی دیموکرات پێویستیان بە یەکگرتن هەیە نەک بە تصفیە. ئێوە کە دەڵێن دیموکراتین، لە حیزبی دیموکراتدا بیرو باوەری جیاواز هەیە، باشتر نیە رێگا بدەن بیرو باوەری جیاواز بێنە گۆرێ و بە لاّم لە باری سیاسیەوە

تابیعی ڕێبەری بن. ئەوەیە ڕێگا نەک دەر کردن. کاک حەسەن من ڕکوراست لە گەڵ تۆ قسەدەکەم و بە بەر پرسی ئەم وەزعەت دەزانم. سەرەرای ئەوە کە (بەشی بێ ناموسی) توندە، لە هەموو وەزع ئاگادارم و تۆش بە مەسئولی دەرکردنی ئەندامانی حیزب دەزانم.»

«خۆشیتان برات کەریم.٩٨٤/٧/١٨»

لە ٨٤/٧/٢٤ دا ئەم نامەیەم بۆ کاک فەرەیدونی میتران نوسی: «برای زۆر بە ڕێزو خۆشەویستم کاک فەریدون ڕۆژ باش! بە گەرمی دەستەکانت دەکوشم. هیوادارم ساخ و سلامەت بی‌و لە بای ساردو گەرمی زەمانە نەلەرزی.

چەند ڕۆژ پێش بە هۆی کاک جەماڵی کوری ماموستادا نامەیەکم بۆ نوسیبووی، لام وایە تۆزێ بە پەلەم نوسیبوو. ئێستا هەلێکی دیکەم بۆ هەڵکەوتوە کە لە دورەوە لە گەڵتان بدوێم. ئەم جارەش لە کانگای دڵمەوە بە داخ و پەرۆشم کە لێتان دوورم، لە گەڵتان نیم و دەرفەتی ئەوەم نیە لە سەر هەمو کاروبارو مەسەلەیەک لە گەڵتان راوێژ و تەگبیر بکەم.

ئاسۆیەکی روناک بەداخەوە بۆ کوردستان نایەتە بەر چاو. ڕێبازی بەردەلان و کوێرە ڕێگای کە ڕێبەرایەتی ئێستای حیزبی دێموکرات گرتویەتە پێش، کاروانی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان ناگەیەنێتە قۆناخی حەسانەوەو سەر کەوتن.

ئێستا روون بۆتەوە کە جولانەوەی کوردیان ئاخرەکەی بەستەوە بە سوسیال دیموکراسی و بە ڕۆژئاوا. بەلام بۆ عەوام فریوی و

لە ژێر تەئسیری نفوزی‌سوسیالیزمدا، هێشتا لە نوسراوەکانیان دا خۆ بە دۆستی ولاتانی سوسیالیستی دەزانن !! بەلام‌ئیتر ماهیەتی ئەم ڕێبەرایەتیە بۆ ولاتانی سوسیالیستی روون بۆتەوە. ڕاست ئەو دەمەی کە

دۆستانی گەلی کورد هاتبوونە سەر ئەوە کە یارمەتی بە جولانەوەو بە لێقەوماوانی کورد بکەن، بۆ ئەوەی خەڵک هەست بە یارمەتی مادی و مەعنەوی دۆستانی گەلی کورد نەکا، حیزبی دێموکراتیان بەستەوە بە سوسیال دیموکراسی کە نابێتە هۆی رزگاری میللەتی کورد ....

بۆ ئەوە نیشان بدەن کە لەو کارەدا راستن، دەبوایە(ئەوامری) کاک مەسعودی رەجەوی لە بارەی (تصفیەی) حیزبەوە بە جێ بگەیەنن. دیارە کەمێک وەدرنگی کەوتن. رەجەوی لە پەیامی خۆیدا بۆ کونگرەی پێنج داوای کردبوو کە دەبێ حیزبی دێموکرات تصفیە بکرێ. ئەو دەم دەیانویست دەست پێ بکەن. بەلام نەیاندەتوانی. چونکە خەڵک لە کوردستان بوو، لە ولاتی خۆیان بوون. ئیمکانی مانەوە لە کوردستان بۆ هەموو کەس هەبوو. ئیمکانی چاو پێکەوتن و کۆبوونەوەی برادەران هەبوو. زاتیان نەدەکرد کوتو پر فەرمانی رەجەوی بە جێ بگەیەنن.

بێجگە لەوە دەبرا بە دۆستەکانیشیان نیشان بدەن کە حیزبی دیموکرات ساخ بۆتەوە و ئەفرادی چەپ وگۆیا کومونیست و تودەیی و سەر بە شورەوی تێدا نەماوە. ئاوایە مەبەست و ئامانجی تصفیەی حیزب. بەلام داخوا کورد بەوە ئازاد دەبێ. بە نەزەری من نە جەلال تالەبان بە کوشتنی کومونیستەکان دەتوانێ هەقی کورد بستێنێ و نە قاسملو بە خۆ بەستنەوە بە سوسیالدیموکراسی و وەدەرنانی باشترین تێکۆشەرانی کورد لە حیزب دەتوانێ بە ئامانج بگات.

من هەر چەند لەولات، لە خەڵک و لە هاورێیان دوورم و بە داخەوە رێگای گەرانەوەم لێ گیراوە، بەلام بێکار نیم. لە باری فیکری و ئیدەئولوژیەوە ئەم ناميلکەيەم نوسیوە هیوادارم پێتان بگات و هەر چەندەی بکرێ بلاو بکرێتەوە. دیارە نوسین بە رێک و پێکی درێژەی دەبێ. لە رێگای تریشەوە بۆ ولاتم ناردوونەوە. لە باری سازمانی یا بە

قەولی کاک رەحیمی ئەمیری (تەشەکولەوە) لێرەوە ناتوانم هیچ بڵێم. من بەر لە هەمو شت لە هیچ تەشەکولێکی سیاسی‌دا بەشدار نابم کە جیهان بینی و بناخەی ئیدەئولوژی و ستراتیژی روونی نەبێ. هەن کە بۆ بەرێەرەکانی قاسملو یا حیزبی دیموکرات دەیانەوێ سازمانی سیاسی ساز بکەن، بەڵام نەک لە بەر چەوتی رێباز ر بۆ چوونی سیاسی و ئیدئولوژی قاسملو، تەنیا لەبەر ئەوە کە بە کەیفی‌یان نیە. جا رێکخراوێکی ئەوتۆچەندە سەر دەکەوێ خودا دەزانێ.

رێگای خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و گەیشتن بە بەختەوەری، دوورو درێژە. بۆ تاڵوکەو پەلە پەل تابێ. من ئێستا لە ئورووپاو لە لای سارم‌خان بووم. برادەرانی دەوروبەری تۆ نامەیان بۆ ئوروپا دێت. بەڵام کەس نامەی بۆ من نەنوسیوە. من لە نامەو مەبەستی ئەوان ئاگادارم.

پێم خۆشە بە درێژی لە سەر وەزعی خۆتان ، لێکدانەوەتان، هەڵوێستی برادەرانی دوورخراوە و... نامەم بۆ بنوسی. لە یەکتر ئاگاداربین. پێم خۆش نیە هاورێیانی بە بیروباوەر جارێکی تر بکەونەوە داوێک کە یارمەتی بە ئامانجی گەلی کورد ناکات.

رەنگە مەلاسمایل وکاک رەحیمی ئەمیری و مەلارەسول لێت نیزیک بن سلاویان لێ دەکەم. ... برات کەریم.٨٤/٧/٢٤»

نامەیەکیشم بۆ ماموستا شێخ عیزالدین نوسێ و نامیلکەیەکی لێکۆڵینەوەشم بۆ نارد. ماموستا لوتفی کردبوو، ئەم نوسراوەی خوارەوەی لە وەلامدا بۆ ناردبوومە وە کەوا بۆ تەبەروک لێرەدا بلاوی دەکەمەوە.

نامەی ماموستا شێخ عیزالدین :

« برای بەرێز کاک کەریمی حیسامی هاورێ لە گەڵ سلاوێکی کورداتەو شورشگێرانە لە ٨٤/٧/١٦ نامەیەکی شیرین و پرمەعنام بە دەست گەیشت سوپاست دەکەم. ئەوا منیش دەلێم وەک کوردێکی دڵسۆز

خۆشم دەوێی بۆ ئەوەی چاو ببرمە بیروباوەری شەخسی بەلکو پیاوی چاک و ئینسان دۆست و نیشتمان پروەر جێی ڕێزو ئیحترامە بە باوەری من ئەگەر نوێژیش نەکا بە باوەری توش ئەگەر نوێژیش بکا. گول هەر گولە جا هەر ڕەنگێکی هەبێ. دەستنوسەکەت گەیشت خوێندمەوە پێم خۆش‌بو هەم کوردیەکەی و هەم فارسیەکەی دموکراسی ڕاستە قینە ئەوەیە کە تودەی خەلک بتوانی ئازادانە و بی ترسولەرز بیروباوەری خوی دەربری ئەوەش کاتێک کە رشدی سیاسی هەبی هەستی کرابیتەوە و مەوجودیەتی خوی هەست پێ بکا و وەک قورئان دەفەرموی تا خەلک لە خۆی دا ئالوگور پیک نەهینی روی دەرەوەی کومەل ناگوری. ئەمنیش بە راستی هەر بیروباوەری خومم هەیە. روژ بە روژ ئونوقی فیکرم بەرزترو پیش چاوم روناک تر دەبیتەوە گەلی چەوساوەی کورد وەک میللەتیکی بەشکراو ویەشخوراو دەبینم هەر بو رزگاری لەو کلولیەش خەبات دەکا بی شک ئاسوی رون دیارە سەرکەوتن لە نەسرەوتنە قسە زورە و دەردی دل کەم نیە خوت دزیوەتەوە گیچەلەکەت لە سەری ئیمە بەرداوە. سەر کەوتو بەختەوەر بی سلاو سید عزالدینی حسینی ١٧/١٢/٦٣»

(رێنوسی نامەی ماموستای دەستی لیٚ نەدراوە)

لە پاریس رۆژی ٢/٧/٨٤. کەندال لە چێشتخانەی ئەنستیتو بۆ فراوین داوەتی کردم. بە خۆشیەوە دوکتور مارف خەزنەداریش لە وێ‌بوو. دیدارێکی خۆش و دانیشتنێکی فرە دۆستانەو بەچێژ بوو. دوای نانخواردن تەلەفونم بۆ کاک جەلیل کرد و گوتم ئێستا ئەوە لە ئەنستیتوم، دەمەوێ چاوم پێت بکەوێ. زۆر بە گەرمی جوابی داوە و گوتی: سەعاتی ٣ دێمە لات. من پێم خۆشبوو لە کن کەندال لە گەل کاک جەلیل بدوێم. چووینەوە دەفتەرەکەی کەندال و تا سەعاتی پێنج چاوەروان بووین نەهات. کەندال گوتی: « ببورە من کارم هەیە و پتر گیر نابم. ئەوە کاری هەمیشەی کاک

جەلیلە.» ئەو رۆژ، من مامەوە، کاک جەلیل دوای پێنج و نیو هات. دوای چاک و خۆشی گوتم : کاک جەلیل تۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی. ئەو بڕیارە چی‌یە لە سەر من دراوە؟ من ٤٠ساڵە ئەندامی ئەو حیزبەم، چۆن پاشملەی من بڕیاری وا دەدرێ.؟

کاک جەلیل گوتی:«من هیچ ئاگام لێ نیە. ئەم نامەیە بۆ ئێمەش هاتوە. من موخالیف بووم. بە تایبەت نوسیویانە بە یەکجاری. یانی چی، بەڵکو یەکی دی هات و ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە» گوتم کەوابو تۆ لە گەڵ یەکجاریەکەی موخالیف بووی!! کاک جەلیل دەستی پێکرد کە گۆیا وەزعی دەفتەری رێکو پێک کردوە و بۆ هەمو شتێک پەروەندەی جیاوازی ساز کردوەو ئەو قسانەی کە بۆ گوتن نەدەبوون و بۆ من ناسراو بوون. پاشان گوتی:« کاک کەریم خۆت دەزانی من لە سەرەتای دەبیرستانمەوە لە گەڵ تۆ کاری حیزبیم کردوە. زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە. لەم رێگایەدا توشی زیندان و کوێرەوەری بووم. ئێستا وەک نوێنەری حیزب هاتومە ئێرە. زۆرم پێخۆشە هیچ نەبێ لە بەر پرستیژی من کە ئێستا مەسئولی ئوروپام کارێکی وات کردبایە لە باڵیوزخانەی سوڤیەتی چاوم بە کاربەدەستێکی سەفارەت کەوتبایە و هەوڵێکم دابایە بۆ بەرقەراری پێوەندی نێوان حیزبی ئێمەو ئەوان.» بەڕاستی لە قسەکانی کاک جەلیل واقم وڕما. بە داخێکی قوڵەوە چاوێکم لێکردو گوتم: کاک جەلیل خۆ من دەتوانم ئێستا تەلەفون بکەم بۆ سەفارەتی سوڤیەتی کە ماشێنت بۆ بنێرن و بچی. بەڵام هیچ یەک لە ئێوە بۆیە نابێ بچنە سەفارەتی سوڤیەت. جابۆیە کاری واناکەم. من لەو بۆچوونەی کاک‌جەلیل سەرم سوڕ ما و بیرم لە چارەنوسی ئەو میللەتە لێقەوماوە دەکردەوە.

ئێوارەی ٨٤/٧/٢٢ بەرەو سوید سواری قەتار بووم. رۆژی دوایی لەگەڵ کاک ئەمیر و سالاری حەیدەری مەسەلەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی

کوردیم هێنا گۆڕێ. دیارە کاک ئەمیر هەر پێشتر بیروڕای ئەوەبوو کە ڕۆژنامە ئەگەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە پشت نەبێ بەکار نایە. ئەو لایەنگری پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی کوردستانی بوو. سالاری حەیدەری دەیگوت من ئێستا لەگەڵ حیزبی دێموکراتم. بەلام لە سەر ئەو باوەڕەم کە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی تازە پێویستە بەو مەرجە ڕێبەرایەتی بەدەست کەسانی مارکسیستەوە بێ و بەلام دەرگای بۆ هەموو ئەفرادی گەل ئاواڵە بێ. من دەمویست لە هەڵوێست و بۆچوون و رادەی ئامادەیی ئەو برادەرانە ئاگاداربم. دەتا دوای چاو پێکەوتنی صارمخان ونوسینی ئامەکانی تێبینی و مەرجدانانی بو سازکردنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی، مەسەلەی سازکردنی ڕێکخراو لە دەرەوەی وڵات بۆ من مونتەفی بوو، هەرچەندە لە وڵات ولە دەرەوەش بلاو دەکرایەوە کە من لەگەڵ برادەران حیزبم دامەزراندوە. هەرچەندە بە دەیان نامەی برادەرانم لە لایە کە بۆیان نوسیوم و بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی هانم دەدەن و هەمووشیان لە سەرئەو باوەڕەن کە دەبێ ڕێکخراوێکی مارکسیستی دروست بکەین و ..... لە بەر ئەوەی نامەوێ نامەی ئەوتۆ بلاو بکەمەوە کە پرن لە باسی یەکتر و مەتلەبی جیاواز و نامەوێ نوسراوەی ئەوتۆ بلاوبکەمەوە کە ببێتە هۆی دڵێشی و ناخۆشی نێوان برادەران،هەر چەندەش دەبێ کاتی ئەوە هەر بێ بگات کە پەردە لەسەر دم هەراشی و قسەی زل و سنگ رەپێش دان و بادانەوەو فیشاڵ لابدرێ. بەلام جارێ تەنیا بێ ناو هێنانی خاوەنەکەی چەند رستە لە مەر بۆچوونیان سەبارەت بە پێک هێنانی ڕێکخراوێک و یا ڕێبازی حیزبی دێموکرات و ڕێنوێنی بۆ دوارۆژگوڵبژێر دەکەم. لە نامەی برادەرێکی: ٨٤/٨/٢٧ :«...ئەو قسانەی لەگەڵ سارمخانت کردون پێم خۆشە. بە تایبەتی بۆ ئەو خاڵەی کە حازر نیە لە گەڵ هەموو کەس بیکات. زۆر زۆر شتێکی باشە. هەر بەرەی

دەڵێن ئەمن بە دژی بیروباوەری ئانتی کومونیستی هەلستم وله گەڵ ئانتیکومونیستیش کەوم زۆر ناراستە. لە کۆلکە هەلبەزینەوە و بە سەر بەرازدا کەوتن راست ئەو مەسەلەیە.... کاک کەریم تکات لیٚ دەکەم بە هیچ جور فیکری ئانتی کومونیستی و سوسیال دیموکراسی رێگا نەدەی. ئیجازە بە خوت نەدەی کە دەگەڵیان بروی. کاکە گیان ئەمن ئیجازە بە خوم نادەم لە گەڵ جەرەیانێک بروم کە ئاقیدەم پیٚ نیە.....»

لە نامەی برادەرێکی دیکە... ٨٥/١/١٥:« ....بە بروای من بو رزگاری گەلی بەشخوراوی کوردستان تە نیا سازمانێکی مارکسیستی لینینستی دە توانی خەلکی کوردبەدوای خوی راکیشیو نەهیلیتوشی چالاور هەلدیر بی... دەبی خومان بو خەباتیکی دوورودریژ بە جیهان بینیکی بەر فراوانەوە ئامادە بکەین. بە تایبەتی بوتەنزیم کردن و هیندی شتی گرنک کوبونەوەیەک زەرورەتی رەنگە هەبی....» لە نامەی برادەرێکی دیکە... ٨٤/٤/٣٠: « ....بەلای منەوە هەرچی دەکری تاوانەکەشی هەر لە خوتی دەزانم. چونکە سەراری ئەو هەموو خەبات و فیداکاری و مەحبوبیەتەی تو لە ناو خەلکیدا هەتە کاریکت نەکرد لە گەل ئەوەش کە زۆریەی برادران لە گەلت بوون و هەر دەستت لە سەر دەست دانا نازانم چلونت بیر دەکردەوە. بە هەر حال رویشتو رویشت دەبی لیرە باشتر تەجروبە وەرگری و لیرەرا خەریک بی چونکە خەبات هەر ئەوە نیە کە لەگەل کاک بەدەلی بی بەدەل بکری. وابزانم وەختی هەنگاو هەلینانەر نابی زوری ساوە ساوە لی بکەی خوت دەزانی و ئاگاداری وەزعی کوردستان هەی نارازی زورترن لەوانەی ئیستا حاکمیت دەکەن. جادەبی بونەو کارە سورعەتی عەمەل بەکار بهینری.....»

لە نامەی برادەرێکیدیکە... ٨٤/٩/١٣ :« .... بو بلاو کردنەوەی بیروباوەری علمی و زانیارەکانی شورشگیری روژنامەمان هەبی. ئیمە

هەر دەبی بەرۆژنامەوتیکۆشان بیروباوەری خومان بلاوکەینەوە....پیم وایە کوردستان و گەلی کورد پیویستیان بە ریکخراوەیەکی شورشگیری کە لە سەر زانیارنکی عیلمی سووروسەقام گیربیت هەیە. دیارە ئەوەش بە هیمەتی هاوریانی شورشگیری وەک تووەو چەند برادەری دیکە پیک دەبی بیت . یەکەتی بیروباوەر مەرجی ئەساسی ئەو شتەیە. .... . بەلاّم هاوریی بەریز ئیمە هەمومان دەورانی وەک ئەحمەد توفیق و ئەوانەی لە سەر ئەو ریبازە دەرون دیتومانە و تەجرویەمان کردوە. ئەوانەی کە دەر دەکرین ئەوانە خەبات گیری راستینی ولاتی کوردەوارین. ئەگەر ئیمە خویان لیٚ دور خەینەوە هەروەک ئەوە دەچیت کە ئیوە لە زەمانی سمایلی شەهیدخوتان لە ئیمە دوور کردەوە جا با جاریکی دیکە ئەو شتە تکرار نە بی‌تەوە. ولات پرە لە کوری نەبەزو بە بیرو باوەر ئەوانە پیویستیان بە ئیمە هەیە ئەتو دەبی بە راستی خزیدەیەمەیدانی بو ئەوە بتوانین بە ریوە بەرایەتی‌کی کە خومان پیمان وایە دەبیٚ پیک بی........ »

ئەوەش لە نامەی برادەرێکی دیکە:« .... کاک کەریم گیان چۆنی. ئەو رۆژەم لە بیر ناچیٚ کە لە ساڵە بەفرە زۆرەکەی‌دا نەخوش کەوتبوری، دەفتەری سیاسی‌و دوکتور قاسملو هاتو چۆی زرە ئەندامەکانی حیزبیان لیٚ قەدەخە کرد بووی‌و کەس نەیدەویرا بیتە لات. (هەلبەت زرە ئەندامەکان)

با یەک راستیت پیٚ بلیم کاک کەریم. ئەتو زور لە میژە لە گەل ئەو دارو دەستەی کە ئەو رۆ بە غەلەت ریبەرایەتی حیزبیان دەگیر کەوتوە ئاشنای، زۆر لە میژە ماهیەت و نیوەرۆکی ئەوانەت بۆ دەر کەوتوە، بۆچ ئەو جورەی کە هەن بە خەلکت نەدەناساندن؟ بۆچ دەتهیشت مەیدانداری بکەن؟ ئەتو لە کونەوە دەتزانی کە ئەوانە بو لە مەیدان دەرکردنی موخالیفەکانیان هەموو تەوتیئەو پیلانیک دەگیرن، بۆچی ئەو مەیدانەت

پێ دەدان و بۆچ ئەتۆش بۆ لە مەیدان دەر کردنی ئەوان حەولت نەدەدا؟
راستە، نالێم لە مەیدان چوویە دەر، بەلاَم راستی ئەوەیە ئەورۆ مەیداندارى ئەسڵی ئەوانن. ئەوانن کە بە کەیفی خۆیان لە مەیداندا رمبازێن دەکەن. ئەوانن کە شۆرشەکەیان بردوە لە باوەشی یەکێک لە سەرەکی ترین و گەورە ترین دوژمنانی میللەتی کورد، یانی لە باوەشی سەدام حوسێن و رێژیمی بەعسی عیراقەوە. ئەوانن کە گاڵتە بە خوێنی ٤. هەزار شەهیدی سەر بەرزی کوردستانی ئێران دەکەن. ئەوانن کە ٦سال قارەمانەتی پێشمەرگە، لە خۆ بوردوویی خەڵک، ماڵوێرانی، برسیەتی، دەربەدەری خەریکن بەرەو ئاش بەتاڵ دەبەن. خەریکن مێژویەکی ناخۆش دوو پات دەکەنەوە. ئێمە هەموومان مەسئولین، هەمومان بەر پرسین. راستە ئەتۆ لە گەڵ رێژیمی عیراق دوژمنایەتیت هەیە و چوونەوەت بۆ بولغارستان بەشێ زۆر لەبەر ئەوە بوو نەک لە بەر تەسادوفی منداڵەکەت. بەلاَم هەل و مەرجەکە زۆر حەساس بوو، ئەتو دەبوایە لە کزنگرە بای. یەکێک لە هۆیە ئەسلیەکانی شکانێ بەرەی موخالیفی کورتە باس، نەبوونی سازماندەهی و نە بوونی مەرکەزی سیقلێک بوو دەزانم ئەگەر ئەتۆ لەوێ بای بەشێکی زۆر لەو نوختە زەعفەت حەل دەکرد. دوکتور قاسملو کاتێک پاش رەد بوونەوەی تێزەکەی دەیگوت: «دەرۆم و ئیستعفایە دەدەم و حیزبایەتی ناکەم» ئەتۆ هەبووی بلێی :« دەبڕۆ بەغدا نیوەی رێیەت بێ» بەلاَم ئەمن و حامیدی گەوهەری و فەرەیدونی میتران نەمان دەتوانی ئەوەی بلێین چونکە ئێمە هیچمان بەدیلی دوکتور قاسملو نەبووین، بەلاَم ئەتۆ بووی.
بە هەر حاڵ وەدوای چوان نەکەوین ، ئەورۆ دەبێ چ بکەین؟........»

ئەوانەی کەمێک و کورتەیەک لەو نامانەن کە دوای دەر کردنم لە حیزبی دێموکرات بۆم هاتوون. بەلاَم شتێکی تریش هەیە، جاوەرە ئێستا

دیکەوە درێژە بە تێکۆشانم بدەم، بەلاّم سەبارەت بە پاراستنی یەکیتی بۆ مانەوە لە حیزبی دیموکرات دا هانم داون. دیارە تا ئەو کاتەی لە نێو حیزبی دیموکرات دا بووم، کاتێک ڕێگای دەربڕینی بیرورای بەئاشکرا یان تەنانەت لە شانەی حیزبیشدا کوتاوە و بیانووی پێگیراوە، من لە سەر هەموو کەمو کوڕی و هەڵوێستی چەوت و ناتەواو بیرورای خۆم بە نووسین دەر بڕیوەو لە گەڵ ڕێبەرایەتی باسم کردوە، بەلاّم برادەری ئەوتۆ کەم نەبوون کە لە گەڵ ئەوەش کە زۆر باش ئاگاداری پێ شێل کردنی دێموکراسی نێو حیزب و سەپاندنی دیکتاتوری و هەڵوێستی غەیرە نوسولی ڕێبەرایەتی بوون و نوسین و ڕوونکردنەوەیان لە وانەبوو لە ڕەوەندی خەبات و لە نێو برادەراندا تەئسیری هەبوایە، لە نووسینی دێرێک بە بیانوی ئەوەی گۆیا (کۆبوونی ڕێبەرایەتی وردەی پێشمەرگە کز دەکات) خۆیان بواردوە . ئەوەتا یەک لە برادەران لە نامەیەکدا بۆم دەنوسی:« لە سەر نەزەری ئێوە کە دەبێ شتێک لە سەر نەبوونی دیموکراسی بنووسم، کورتەی نەزەری من ئەوەیە کە لە هەل و مەرجی ئێستادا هیچ بە پێویست نازانم ئێمە ببینە هۆی ئەوە کە ئەندامان و پێشمەرگانی حیزب لە مەیدانی خەبات دوور کەینەوە. ئەو ڕێبەرایەتیە هەر چێکی بێ و هەر ڕێبازێکی گرتبێتە پێش، لە جولاْنەوەکەدا بەشی هەیەو خەڵک چاویان لەوە . بە پێویستی نابینم کە تەنانەت لە نێو خۆی حیزبیش شت بنوسم و بلاْوی بکەمەوە.» جا هەر ئەو برادەرە لەسەر لادانی حیزب لە ڕێبازی ڕاست و دیکتاتوری سکرتێر و جێگر و ناتەواوی حیزب چەند نامەی بۆ نوسیوم . ئەو برادەرە خۆ دەیزانی لە ژێر پێ نانی دێموکراسی و سەپاندنی دیکتاتوری و تعهد وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان زیانی بە جولانەوە گەیاندوە، نەک ڕوونکردنەوەی مەنتیقی و ڕەخنەی داهێنەرانە. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتیش هەر بە بیانووی

ئەوەی کە (لە شەر دابن و قۆناخێکی ناسکە و وورەی پێشمەرگە کز دەبێ...) پێشی هەموو رەخنەو دەر برینی بیروڕای دەگرت و سەر کوتیان دەکرد. ئەم سیستمە دزێوە هەموو بزووتنەوەی کوردی گرتۆتەوە . بۆ لە نێو حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەدا کادرو ئەندامی حیزبی بە تاوانی دەربڕینی بیروڕای جیاواز دەر نەکراون، نەگیراون، هەزار تۆمەت و بوختانی نارەوایان بۆ ساز نەکراوەو تەنانەت کوشتنیشی بە دواوە نەبوە.؟

ئەگەر هەورراز تر بڕۆین و یان بۆ دوایە بگەرێینەوە، ئەم سیستمە لە نێو حیزبی دێموکراتیشدا دەگەرێتەوە بۆ سیستمی رێبەرایەتی ستالینی کە وا ئێستا گەندی دەرهاتوەو بە هەق دنیا زاری لێ کردۆتەوە. چونکە قەوارەی حیزبەکە تەنانەت دوای سەپاندنی ناوی سوسیال دێموکرتییش هەر (سانترالیزمی دێموکراتیە) واتە ئەو پاسایەی کە دێموکراسی پێ سەر کوت دەکرێ. ئەمە لە لایەن رێبەرایەتیەوە. بەلام لە لایەن ئەندامانی دلسۆزەوە ، پاراستنی یەکیتی بوە لە سەر حیسابی پێشێل کردنی دێموکراسی.

فیلەسوفی روس « ئیگور کلیامکین» لە وتارێکی خۆیدا دەنوسێ :

« سەرکوتکردن لە حیزبی کومونیستی سۆڤێتیدا، لە گەلْ پەسند کردنی مەفهو می وشەی(تەبەعیەتی ئەقلیەت لە ئەکسەریەت)واتە ملراکێشانی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی کە ئەسلْ و بناخەی قەوارەی حیزبی کومونیستی سۆڤێتیە دەست پێکرا. ئەوە ئەنجامی قانونمەندی سەرکوتکردنی کەمایەتیە، چونکە دەبی مل بۆ وتەو بریاری ئەو رابکێشێ. ئەو قانونمەندیە دە بێتە هۆی کەلک وەر گرتن لەو ماقەر دیکتاتۆری شەخسیش سە قامگیر دەکات. ستالین تا لە ئۆرگانی سەرۆی دەسەلات دا، زۆرایەتی وەدەست نەهێنا، وا باسکی لە خەلک هەلنەکرد.

من لەو کەسانەم پرسی کە سالانی . ٢ پشتی ستالینیان دەگرت (وەک لە حیزبی دیموکرات دا هەبوو) و لە پاشان رێیان کەوتبوە ئۆردوگاکانی ستالین کە بۆ چی لە بەرانبەر بوخارین دا ، لایەنگریان لە ستالین دەکرد.؟ ئەوان لە وەلام دا گوتیان: چونکە ئەو زۆرایەتی لە گەلْ بوو. بەم جورە دیکتاتۆری ستالین بەرهەم و ئەنجامی قانونمەندی ئەسلی یەکیتی بوو بە سەر ئەسلی دیموکراسی دا. ئینسانی بە ویژدانی دیموکرات لە حیزبدا مابونەوە کە خاوەنی بیروڕای سەر بەخۆ بوون و لە بەرانبەر نۆکەری‌دا بەر بەرەکانیان دەکرد. بەلام قەت نەیانتوانی ئوپوزیسیۆنی کەمایەتی پێک بێنن و بیروڕای خۆیان بە ئاشکرا ڕاپگەیێنن. ئەوان بە هۆی گوشاری جۆر بەجۆر بێدەنگ دەکران. گوشارو هەل و مەرجی باسکراو ، خەلکی بۆ لای« ریایی و مەرایی و دووڕوویی» پالْ پێوە دەناو بیروڕای خۆیان دەشاردەوە. زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی مەحکوم بە لە ژێر پێ نانی دیموکراسی و زەبر لێدان لە کەمایەتی دەبوون. سزای تاوانی قەزایی لەسنور بەدەر بوو. نەک هەر موخالیفەکانی ستالین ، بەلْکو بەرەیەک ، وچەیەکی تەواو قەلاچۆ کران. لە هەر کەسێک وەشک کەوتبان کە نایەوێ نۆکەری بکا و یا کەسایەتی خۆی هەبێ، رەگەلْ ئەو کەسانە دەکەوت کە سزا دەدران. بەم شێوەیە ئەسلی دیموکراسی لە ژێر ئەسلی یەکیتی‌دا پێ شێل کرا، چونکە بیانوی پێویستی یەکیتی و یەکگرتن و هەل و مەرجی چی و چی.. رێگای دەدا بە رێبەرایەتی کە موخالیفانی خاوەن بیروڕا سەر کوت بکا.....»

ئێستا خاوەنی ئەو نوسراوانەو تەواوی ئەو دۆست و برادەرانەی رەخنەم لێدەگرن کە بۆ چی لە کاتی خۆیدا وەدەنگ نەهاتوم ، با بە ویژدانەوە ئەم کورتە باسەی فیلەسوفی سۆڤیێتی بخوێننەوە و بە تۆزێک پچوک کردنەوە لە گەلْ بارودوخی نێو حیزبی دیموکرات پێکی بگرن و هەلی سەنگێنن و

بەراوردی بکەن و جا دەزانن سەرچاوەکەی لەکوێ ئاو دەخواتەوە.

٨٤/٧/٢٦ چومە سەردانی کاک حەسەنی قازی. من کاک حەسەنم لە تەمەنی حەوت سالێدا دیبوو. ئێستا لە گەڵ لاوێکی ژیر و تێگەیشتوو بەرەو روو دەبووم. شەو باسێکی دوور ودرێژ و دۆستانەمان هەبوو. بۆ شەخسی من دانیشتنی ئەو شەوە لە گەڵ کاک حەسەن بەکەلک بوو. رکوراست بیروڕای خۆی لە سەر مەسەلە سیاسیەکان دەردەبڕی. زانیمەوە کە دیداری منیش لە شانی کاک حەسەنی گران نەهاتوە. چونکە صارمخانی صادق وەزیری لە نامەیەکدا رێکەوتی ٨٤/٨/١٢ بۆی نوسیبووم :« حسن قاضی نامهای به من نوشتەبود وازدیدار باشما نوشته بود اینکه پس‌از چند ساعت بحث نقطه نظرهایش درمورد شما تصحیح گردیده‌است. باو یاداوری کردم که این نمونه خوبی‌است برای ارزیابیهائی که بر پایەی تبلیغات دروغ در داخل حزب صورت گرفته و میگیرد...»

کاک سعدالدین نامیلکەی (کوردو فەرهەنگی بێگانە)ی بۆ چاپ کردبووم. هەر لە وێوە بۆ چەند کەسم نارد. دوکتور مارف خەزنەدار لە نامەیەکدا وێرای راگەیاندنی گەیشتنی نامیلکەکەئەم نوسراوە شیرینەی خوارەوەی بۆ نارد بووم:

« Annaba Algerie ١٩٨٤/٩/٢٠ بۆ برای بە رێز ماموستا کەریم حسامی پێشکێشە. رۆژتان

سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم. لە گەڵ گەڕانەوەمان بۆ ئێرە دیاری‌یە بە نرخەکەتانم بە دەست گەیشت«کورد وفەرهەنگی بێگانە». دەستتان خۆش بێ، رەنگە گەلێ لە رۆشنبیرانی کورد لە سەرانسەری کوردستان ئەوەی‌ئێوە وتووتانە ئەوانیش بیڵێن، بەلام جیاوازی لە نێوان ئێوەو ئەوان ئەوەیە ئەوان لەبەر هەر هۆیەک بێ نایەنووسنەوە، بەلام ئێوە نوسیوتانەو بلاوتان کردۆتەوە. گومانم لەوەدانیە کە ئەم قسانە زمانی حالی هەموو

خوێندەوارێکی دڵسۆزی کوردن.

زۆر بەختیارم و سوپاسی ئەو رێکەوتە دەکەم کە جارێکی تریش لە پاریس چاومان بە یەکتری کەوتەوە، دایکی میدیاو بنیاد رێزو سڵاویان هەیە، سڵاوی بێ پایانمان بۆ ئەو هاوسەرە خۆشەویستەتان کە منداڵەکانی لە ئەوروپا لەدایک بوون و لە ئەوروپا زمانیان کردۆتەوە و بەڵام بە کوردی لە گەڵیان دراوە و فێری کوردی کردوون. چاوی منداڵەکانتان ماچ دەکەم . بۆ جەماڵی برام نوسیوە چاپەمەنیتان بۆ بنێرێ، خۆشتان پێوەندی لەگەڵ بکەن. پێم خۆشە ئاگاداری هەواڵتان بم. دووبارە سوپاستان دەکەمەوە. بژین. براتان »

هەر لەسەر نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) برادەرێکی تر نامەیەکی شیرینی بۆ نوسیوم، رەنگە خوێنەری بەرێزیش چێژی لێ وەرگرێ. ئەو برا خۆشەویستە دەنووسێ:« ... کتێبەکەم خوێندەوە. لام وایە هەنگاوێکی بە کەلکتان بو خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی هەلگرتوە. بە تایبەت بە شێوەیەک نوسراوە کە هەموو کوردێک لە نێوەرۆکی تی دەگات و ئەو راستیانەی لەو کتێبەدا گوتراون بە چاوی خۆی دیوە و لە نیزیکەوە لەمسی کردوە بەلام شایەد بیری لی نەکردبێتەوە. بە تایبەتی نێوی زۆر جوانت هە لیژاردون و هەروەک دەزانن ئەمنیش ماوەی سی‌و چەن ساڵ لە مەو پێش لە لایەن مەلای پاوە ناوێکی عەرەبیم پێوە چەسپاوە گوایا بە رەحمان رازی نەبوە چون سیفەتی خودایە و دەبی ئەمن عەبدی رەحمان بم. دیارە بۆ عەرەبێک دە توانیت ناوێکی زۆر جوان بیت بەلام بۆ منی کوردی ئیرانی کە هاتو چوی شارە فارسەکانی شیعەم دەکرد وەکو قاتلی حەزرەتی عەلی تواشایان دەکردم!

دەگیرنەوە کوردیک کە ناوی عمران دەبیت دەروات بو ئەسپەهان. وەک دەزانن ئەسپەهانی شیعەیەکی زۆر توندو تیژن. عمران ناوی بەد بەخت

دەگرن و تێلا کاری دەکەن و دەڵێن نە تەنیا ناوی عمری پێوەیە بەڵکو ا و ن واتە (ئەلف و نون)ی عثمانیشی بە خزیەوە چەسپاندوە. سەر کەوتنتان لە خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی گەلی چەوساوەی کورد ئاواتە خوازم»

تا زۆر لە مەتڵەب لام نەداوە با بێمەوە سەر دۆخی نوسینەکەم :

لە ستوکهۆڵم چومە کن کاک کەماڵ بورکای. نامیلکەی (لێکۆڵینەوە)م دایە. بە توندی رەخنەی لە هەڵوێستی دوکتور قاسملو و لە کونگرەی شەش گرت. گوتی ئێمە ئەم نامیلکەیە دە کەین بە کرمانجی و لە نێو حیزبدا بلاوی دەکەینەوە. قسەکانی چەندە وەراست گەران بێ خەبەر بووم و قەتیشم نەدیتەوە.

گەرانەوە بۆ سوفیا

یەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستان لە ئوروپا کە جیاواز لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، بۆ لەتکردنی هێزو ریز و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد دامەزرابوو، رۆژی ١٩٨٤/٨/١ لە بیرلین کونگرەی دەبەست. داوەتنامەیەکیان بۆ ناردبووم کە بەشداری بکەم. رۆژی ٨٤/٨/٣ هاتمە برلین. تەلەفونم بۆ کاک ئەکبەری وەیسی کرد کە تازە دوکتور قاسملوو کردبوویە ئەندام وبردبووی لە دەفتەری پاریس کردبوویەبەرپرسی(پێوەندی نێوان رێکخراوەکانی حیزبی). کاک ئەکبەر چەند ساڵ لە نێو کونفیدراسیونی جیهانی خوێندکارانی ئێرانی‌دا کاری کردبوو، روناکبیرێکی خوێندەوار و لێهاتو بوو. کاک ئەکبەر هات و

ماوەیەک لە سەر بارودۆخی سیاسی وڵات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات باسمان هەبوو. کاک ئەکبەر دەیگوت :« ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بۆ تاکتیکی سیاسی لە کونگرەی شەش ڕێبازی حیزبی گۆڕیوەو هاتۆتە سەر ڕێبازی سوسیال دیموکراسی. دەنا ڕاست ناکەن . ئەوان هێشتا هەر بەلای کومونیستی و سۆڤیەتی‌دا کەوتوون. ئەگەر ڕاست بکەن ،کارێکی باشەو ئەشێ هاوکاریان بکرێ، بەلاّم ڕاست ناکەن . »

ڕۆژی ٨٤/٨/١٠ کونگرەی یەکێتی‌لاوان و خوێندکارانی کوردستان دەستی بە کار کرد. دیاربوو حیزبی گەل بە سەرۆکایەی کاک سامی عبدالرحمان ئەو بەشەی خوێندکارانی بۆ خۆی گل دابۆوە . کاک سامی لە وتاری خۆیدا زۆر بە جوانی ڕێبازی پێشکەوتوخوازی بزوتنەوەی کوردی ڕوون کردەوەو ئەوەندەش بە لای مارکسیستی دا کەوت کە دەستی هەموو کومونیست و چەپێکی لە پشتەوە بەست. دوو کەس لە برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراق داوەت کرابوون. لە کاتی وتاری کاک‌سامی‌دا پێم گوتن:«کاکە ئێوە ئیتر دەبێ داموودەزگای خۆتان کۆ بکەنەوەو ئەگەر حیزبی کاک سامی وەرتان بگرێ، بچنە ناوی.» چەند کەس لە نوێنەری حیزبە کوردی‌یەکان بە ناوی (الطلیعه الشعب الکردی) وتاریان دا. من لە کورتە وتارێکدا لە گەڵ پێداگرتن لە سەر یەکێتی و یەکگرتنەوەی بزوورتنەوەی خوێندکاری گوتم:« زۆر سەیرە. لەم جیهانەدا هیچ نەتەوەیەک بە قەدرایی نەتەوەی کورد (طلیعه)ی نیە، هیچ میللەتێکیش ئەوەندە بێ (طلیعه) نیە.» لە گەڵ کاک سامی و برادەرانی پێکەوە فراوێنمان خوارد. لە سەر مەسەلەی کورد و ڕێبازی بزوتنەوەکەی باسێکی خۆشمان‌کردو بیروڕامان لێک نیزیک بوو. چونکە هەرتکمان (چەپ) بووین!!. لەو ماوەیەدا کەمالی کوریشم هاتبوە بیرلین. ڕۆژی ٨٤/٨/١٢ پێکەوە گەراینەوە بۆ سۆفیا.

٨٤/٩/٩ نامەیەکی صارمخانم بۆ هات لەبەر ئەوەی بەشێکی پێوەندی بە بزوتنەوەی کوردەوە هەیە چاپکردنی بێ گەلک نازانم.« ..... ئەوەی لە بارەی خۆمەوە نوسیوتە، بێگومان راستە. لەم بارەوە ئەشێ بێژم من تارادەیەکی زۆر تووشی کەم و کوری بووم. بەومانایە بۆ پاراستنی ئوسوڵ وەهاچاوم لە شەخسی خۆم پۆشیوە کە جاری واهەیە بیردەکەمەوە کە زوڵمم لە خۆم کردوە. بەهەڵکەوت ئەم لە بەر چاو نەگرتنەی خۆم ئەوەندە جیددی بوە کە لە زۆر مەسەلەدا بۆتە هۆی تێنگەیشتنی خەراب)سو تفاهم). من هەر وەک لە دانیشتنی خۆماندا باسم کرد، هەر لە هەوەڵ رۆژەکانی کە قاسملو هاتبۆوە ئێرانێ و هاتە چاو پێکەوتنم بە بێ دوورویی و راست وەک رابردو لە هەمو بوارێکەوە لە روونکردنەوەی مەسەلەکان و رێنوێنی و رێ‌نیشاندان دریخیم نەکرد و نەمویست لەم بابەتەوە باسی‌جێگایەک بکەم کە بەهەق دەبوایە لە نێو بزوتنەوەدا هەمبایە. راستی ئەوەیە بەخەیاڵمدا نەدەهات ئەو کەسانەی لە نێزیکەوە دەیانزانی لە رابردودا لە زیندوکردنەوەی حیزب و بزوتنەوەدا چ نەخشێکم هەبوە لە ئاست من ئەوەندە هەق نەناس بن. هەر لەو رۆژانەی کە روخانی رژیم مسۆگەر بوو چونکە لە تاران ولە ناوچەکانی تری ئێران جڵەوی کار بە دەست مەلاکان بوو، منیش نەمدەویست لە کوردستان ئەم دیاردە مەترسیدارە سەرهەڵبدا، هەر لەو کاتەش دا سازبوونی ناکۆکیم بە راست نەدەزانی لە کن شەرەفکەندی بە قاسملوم گوت: ئێوە بچن لە کوردستان شێخ عیزالدین بە رێبەری ئایینی دیاری بکەن کە دیارە هەر لەقەبێکی تەشریفاتی‌یە. منیش وەک نوێنەری سیاسی کوردستان ناو بەرن کە لە وتووێژ لە گەڵ‌دەسەلاتی ناوەندی‌دا توشی پەریشانی وپەلە پەل نەبین و کارەکان بکەونە سەر خەتێکی راست. پاشان چون ئەو بەیاننامەی هەشت مادەیی‌یان نوسی و نەک هەر وەک نوێنەری سیاسی ناوی منیان نەهێنا، بەڵکو تەنانەت

هیچیشیان پێنەگوتم. لە کاتێکا پێشتر قەرار دانرابوو دەبوایە ئەو ئەم بریارانە ئەنجام بدا. من لەو بارەوە قەت پرسیارێکم نەکرد ، دیارە دەبێ دان بەوەداهێنم کە کارێکی باشم نەکردوە. لە چەرەیانی دەستەی نوێنەرایەتیشدا خۆت ئاگاداری کە ئەگەر من نەبام هیچ نەدەکرا. لە گەڵ ئەوەش من قەت نەمویست لە شوێنێ ناوی من ببرێ. رەنگەئەوانە بەس بن بۆئیسباتی ئەوەی کە من لە فەراموشکردنی کەسایەتی خۆم چەندە چاوم پۆشیوە. بەڵام ئەوەی لە بارەی پێشێلکردنی ئوسوڵ نوسیوتە، بەتەواوی هەقی تۆیە. لەو رۆژەوە بە ناچاری لە ئورووپا نیشتە جێ بووم، بە هەوڵدانێکی زۆر لە گەڵ حیزب پێوەندیم گرت، لە هەموو بارێکەوە ئەوەی بۆ گوتن دەبو گوتومە. ... لە بارەی ئەم لادانەوە کە تۆ پێت وایەلەم دواییانەدا سەری هەڵداوە، من هەر وەک پێشتر نوسیومە بە ریشەداری دەزانم و لەرابردووە رەگی داکوتاوە. لەو ماوەیەدا لە گەڵ تەواوی ئەو کەسانەی قسەم کردوە بە ئاشکرا گوتومە کە لە هەل و مەرجی جولانەوەو حیزب دا بەستنی کۆنگرەی شەشەم کارێکی نادروست بوە. هەروەها هێنانە گۆری ئاوای سوسیالیزمیدیموکراتیک ئەویش بەم شێوەیەو بەم چۆنیەتیەی کە لە نامیلکەی «کورتە باس»دا گەلاڵە کراوە ناراست بوە. بەڵام قسەلەوەیە کە بۆ بەریەرەکانی ئەم لادانە، کام شێوە ئەشێ بگریە پێش؟ من لە قۆناخی ئەم دواییەی تێکۆشانی حیزب ، لە دەرەوەی ریزی ئەودا هەڵکەوتوم. ئەو پەری لەقەبێکی کە حضرات بە منیان داوە« شخصیت ناسراوی کورد » بوە، باشە لە هەلو مەرجێکی ئاوادا بۆ چونی من لەگەڵ مەسەلەکانی نێو خۆی حیزبی دیموکرات دەبێ چۆن بێ؟... لە بارەی چاو پێکەوتنی کاک عەزیز محەمەدی زۆر بە غەنیمەتی دەزانم و بە جیددی پێشوازی لێ دەکەم. زۆر سوپاست دەکەم کە نامەکان هەروا بە کوردی بنوسی، چونکە قەرەباش و رەوان کوردی

دەنووسی و من لەم نامە گۆڕینەوە بەهرەی زیاتر وەردەگرم کە کوردی باشتر فێر دەبم. ... ارادتمند صارم‌الدین سەشنبە سیزدهم شهریورماه ١٣٦٣»

وەک صارم‌خان لە نامەکانی من کوردی باشتر فێر دەبوو، منیش لە نوسراوەکانی ئەو نەک هەر فارسی باشتر فێر دەبووم، بەڵکو ئەزموتی سیاسی و کۆمەڵایەتی فرە بەکەلک و سودم لێ وەردەگرتن.

وەک لە پێشەوە باسکرا، نامیلکەی (کورد وفەرهەنگی بێگانە) و (لێکۆڵینەوەی لە سەر کورتە باسی دوکتور قاسملو) بۆ کاک کەماڵ میراودەلی نارد بوو. کاک کەماڵ رێکەوتی ٨٤/٩/٢٥ لە نامەیەکی فرە شیرین و دۆستانەدا دوای سڵاوی برایانە نوسیبووی: «... بە هۆی کاک شێرکۆ فەتحوڵاوە ئەم دوو نامیلکەی ئەم دوایەتم دەستگیر بوو، خوێندمنەوە.(کوردو فەرهەنگی بێگانە) ئازایانەو لێزانانە بەرەو رووی کێشەیەکی قوڵ و مێژوویی گەورە دەبێتەوە. گەر چی سادەو بێ قوڵبوونەوە مەسەلەکەت خستۆتە روو. بە تایبەتی بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک بە ئاسانی تێی بگا و یەکسەر دەستەو یەخەی مەسەلەکەی بێ هێشتا قەناعەت بەخش زانستانەیە. لێکۆڵینەوەی تر سەبارەت بە سوسیالیزمی قاسملو بەلای منەوە بەنرخە بە تایبەتی کە پێویستمان بەوە هەیە. ئەو مەسەلە ئایدیولۆژیە گرنگانە هەروا بە سادەیی و ساکاری نەخرێنەروو، نەبنە مونوپولی بەرنامەی وشک و بێ گیانی حیزبەکان. گەرچی لەم کارەشدا لێکۆڵینەوەکەت لە سنوری (جەدەل) بەو لاوە نەرۆیشتوە. زۆر نوختەو لایەنی گرنگت هارۆژاندوە و هەوڵت داوە لە روانگەیەکی زانستانەوە چارە سەریان بکەی. بە راستی زۆر دڵم بەم کارە خۆشبوو، بۆیە هەر بە نیازی بەردەوامکردن و پەرە پێدانی ئەم جورە دەمەتەقەیی و لێکوڵینەوانە نیازمە منیش (موناقەشەیەکی)هەر دوو

بۆچوونەکان بکەم....» زۆرم پێخۆشبوو کاک کەماڵ میراودەلی بێتە نێو ئەم باسەو لە سەریان بنووسێ، بەلاّم بە داخەوە نەپرژا سەر بەجێ گەیاندنی بەڵێنیەکەی.

سەفەر بۆ ئەستەمبوڵ

لە ئەستەمبوڵەوە کوردێکی ئێرانی تەلەفونی کردو گوتی: « لە مەهابادەوە هاتووم و نامەیەکی سوڵتانی شێخئاغاییم بۆ هێناوی. کاک سوڵتان یەکێ لە دۆست و برادەی قەدیم و خۆشەویستی من بوو. یەک لەو کەسانەبوو، هەروەک لە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانمدا باسم کردوە، دوای تێکچونی کۆماری کوردستان لە زیندوکردنەوەو پەرە پێدانی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەدا دەورێکی گرنگی هەبوو. نامەی ئەو لە هەر شوێنێک بایە دەبوایە بە دەنگیەوە بچم.

رۆژی ٨٤/٩/٢٦ چومە ئەستەمبوڵ و کابرام دیتەوە. خۆی ناساند بە ناوی عومەری مەحمودی ئازەر کە گویا کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. من هەموو ئەندام و کادری ناوچەی مەهابادم دەناسی، کەسی وام نەدیبوو. گوتی لە گەڵ یەکێتی لاوان بووم، لە ناوچەی هەوشار کارم کردوە. گۆیا« لە ناوچەی مەهاباد تەشکیلاتی حیزب گرتویە و پاشان نۆهەزار تمەنیان لێ ئەستاندوەو بەریان داوە. هەرەشەیان لێ کردوە کە ئەگەر لە کوردستان دەرنەچێ دەیکوژن.» هەرچەند قسەکانی جوان هۆندبوونەوە، من بەراستی تەواو باوەرم پێ نەکرد. بەلاّم کە نامەی کاک سوڵتانی دامێ و لە گەڵ گەلێک باسی دیکە نوسیبووی:« هەڵگری نامە برایەکانی دۆستی منن، هەرچی بیڵێ راستە تکایە ئەوەندی دەکرێ

پاریدەی بدە بەڵکو لە وڵاتێک بخوێنێ.» لە بەر خاتری کاک سوڵتانی هیچم بۆ نەکرا. یارمەتیم دا لە گەڵ دووکەسیتر لە کوردەکانی ئیرانی بچێ لە موسکو بخوێنێ. لە باڵیوزخانەی سوڤیێتی داوام کردبوو کە ساڵێ چەند کوردی لیقەوماو وەر بگرن لە زانستگاکانی موسکو دەرس بخوێنن. قەولیان پێدابووم کە ساڵێ ٣ کوردی کوردستانی ئیران وەر بگرن. باشبوو دووکەسەکەی تر بە راستی موستەحەق بوون خالید ئاشتابم دە ناسی کە کادرێکی لاوانی حیزبی دیموکرات بوو. لە ناوچەی شیمال و لە مەهاباد کاری تەشکیلاتی دەکرد. بە تاوانی بیروباوەری چەپ کەوتبوە بەر پەلامارو ناچار ببوو رووی کردبوە تورکیا و لە وێوە بە پاسپۆرتی ساختە هاتبوە بولغارستان و لەویش رایان نەدەگرت و لێرو لەوێ و یا لە کن کەماڵی کورم دە گیرساوەو لەراستیدا بە ئەستۆم داهاتبوو کە چاری بکەم. ئەوی تر خوارزایەکی خۆم بوو کە دێهاتیەکی فەقیری خوێندەواری روتاکیبر، یەک لەو لاوانەی نیشتمانپەروەرو بێ دەرەتان بوو. سێیەم ئەو عومەرە بوو کە بەنامەی کاک سوڵتانی شێخ ئاغایی فریوم خوارد و جێگای یەکی موستەحەقی گرتەوەو هەڵەیەکی گەورەی من بوو لە تێکۆشانی دەرەوەمدا. ئیتر تۆبەم کرد کە هەتا بکرێ تووشی هەڵەی ئاوا نەبمەوە.

لە ئەستەمبوڵ لە رێگای کوردێکی لای خۆمان کە لە تورکیا دەیخوێند لە گەڵ دوکتور ساجید گونەش خەڵکی قارس بوومە ئاشنا. ئەم برادەرە کوردەی لای خۆمان پێشتر باسی منی بۆ دوکتور ساجید کردبوو. ئێوارەیەک هێنایە ماڵێ. دوکتور ساجید کوردێکی تۆخی نیشتمان پەروەر و لە سیاسەت دا کرچ و کاڵ. کرمانجی باش دەزانی. ئەو شەوە ئەچووە ماڵی خۆیان و ئەیهێشت منیش بنوم. لە سەر مەسەلەی کورد، رێگای رزگاربوون، ئەرکی کوردەکانی تورکیا، شێوەی حیزبایەتی‌وحیزبە

کوردیەکان وگەلێک مەسەلەی تر دەستیکرد بە پرسیاران. رۆژی دوایی منی برد بۆ لای دوکتوری دڵ و ١٧ هەزار لیرەی تورکی دا، رەسمی رەنگی‌یان لە گورچیلەی هەڵگرتم. رۆژێکی دیکە بردمی بۆ شاری (سیلوریر) برایەکی بەناوی دوکتور (بیهجەت گونەش) سەرۆکی نەخۆشخانەی دەوڵەتی و پسپۆری نەخۆشی دڵبوو.

دوکتور ساجید نوسراوەی رۆژنامەکانی تورکی بۆ دەگێرامەوە کە نوسیبوویان:« لە تراکیا چەند هەزار زارۆکی تورک هەنە، دەوڵەتی یونان بە زمانی تورکی مەدرەسەیان بۆ دانانێ. موفتی تورک لەم بارەوە بەیاننامەی بلاو کردبۆوە. بەلاّم رۆژنامەو موفتی تورک لە ئاست بێ بەشی و حاشالێکردنی ١٢میلیون کوردی کوردستانی تورکیا هیچیان نەدەنوسی.

دوکتور ساجید هەر دەیپرسی: « ئەم چبکەین؟» منیش لە گەڵ یەک دووبرادەری ئەندامی پارتی (پێشەنگ) نێوانم خۆشبوو، گوتم تێکۆشانی بەتەنیا بەرهەمێکی نیە. باشترە بچنە نێو پارتی (پێشەنگ)و ئەم پارتی‌یە بە هێز بکەن. تا سالی ٩٨٦ لە گەڵ دوکتور ساجید پێوەندیم هەبوو، دوای هاتنی سوید و دوور کەوتنەوە لە تورکیا ئیتر ئاگامان لێک برا.

رۆژی ١١/ ١٠/ ٨٤ گەرامەوە بۆ سۆفیا. کە هاتمەوە نامەیەکی کاک حەسەنی قازیم بۆ هاتبوو لەنامەکەدا وادەردەکەوێ کە لەوەلاّمی نامەی مندا نووسراوە و بێجگە لەوە نامەی دیکەشی بۆ نوسیوم کە لەم نامەیەدا ئاماژەی بۆ کردوە. بەداخەوە نە روونوسێکی نامەی خۆم لە لاماوە نە نامەی پێشوتری ئەویشم لە نێو نامەکاندا دەستکەوت کە هەرسێکان بلاو بکەمەوە. بەلاّم بلاو کردنەوەی ئەم نامەیەم هەم لە باری شیرینی و جوانی ئەدەبی و هەم لە باری بۆ چونی مەنتقیەوە بە پێویست زانی. ئەمەش

دەقی نامەی کاک حەسەنی قازی ، ٢٠ی سیپتامبری ١٩٨٤ :

« برای بەرێز کاک کەریم! وێرای سلاوی گەرم، ساخ و خوشی خوت و منداڵەکان ئاواتە خوازم. پیری نامەکەتھات، زور سوپاست دەکەم. بەر لەوەی بیمە سەر قسەکردن و تویژینەوەی ئەو مەبەستانەی باست کردبوون پیم خوشە بەر لەھەمو شت مەسەلەیەک رون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە مەبەستی من لە هینانە گوری باسەکانی نامەی پیشوو، ئاڵ و گوری بیرورِاو موناقەشەی خولقینەرە، جا بویە پیم خوشە ئیوەش بو چونتان ئاوا بی، وئەگەر ئەوەش بە مەبسر نازانن دەکری نیوەروکی نامەکان هەر بە چاک و خوشی و هەوال پرسین پر بکرینەوە.

مەبەستم لە بوچونی «دوگماتیک و نولگوو هەلگرتن ئەوەیە» کە ناکری هەمو دیاردەیەکی کومەلایەتی و سیاسی بە رەی رەش یا سپی بپیوری. واقعیەتی بەر چاو، تەجروبەی زیندوی کومەلگای ئینسانی، تەجروبەی میژوویی خەباتی چینایەتی، لانی کەم لە دوای شورشی ئوکتوبرەوە، نیشان دەدا کە چارە نوسی نەتەوە ژیر دەستەکان وەک ئەوەی فیر کردەی رەسمی ولاتانی سوسیالیستی باسی دەکا، تەنیا وتەنیا بە پیرەوی و چاو لەدەستی سیاسەتی رەسمی و قازانجی روژانەی ستراتژی ئەو ولاتانەوە و لە سەرویانەوە یەکیتی شورەوی نەبەستراوەتەوە.

زور بزوتنەوەی کریکاری، زور جولانەوەی رزگاری خوازی میللی، لە ژیانی خویان دا ئەوەیان تاقی کردوتەوە و بە رەگ و پیستەوە هەستیان پیکردوە کە قازانج و ئاواتیان بوتە قوربانی قازانج و مەسلەحەتی سیاسەتی روژی و ستراتژیکی ولاتانی سوسیالیستی مەوجود. ئەگەر ئەو بوچوونە راست نیە، سیاسەتی حیزبی تودەو سیاسەتی حیزبی شیوعی عیراق چون لیک دەدرێتەوە.؟ چونە حیزبی تودە روژیک پشتیوانی لە ریفورمەکانی شا دەکا، روژیکی دی شیعاری روخانی هەلدەگری، روژیک

دەلی نیوەروکی کومەلایەتی سوسیالیزم و ئیسلام یەکە و ئیمامی جەلادان قەلغانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی‌یەو روژیکی دیکە بە کونە پەرست و زالمی دەزانی؟

چونە روژیک حیزبی شیوعی عیراق دەگەل حیزبی بەعس دەکەویتە بەرەیەک و روژیکي دی لی‌ی هەلدەگەریتەوە؟چونە روژیک بە حەق بارزانی(نەک شەخسی بارزانی، بەلکو دامەزراوی بارزانی) بە بالی راستی جولانەوەی کورد ناو دەبا و روژیکی دی دەگەلی دەکەویتە سەنگەریکەوە و پاکانەی بو دەکا؟ چونە، چون؟

نەتەوە ژیر دەستەکان، چینی کریکارو زەحمەتکیش چون لە مەنتیقی ئەو سیاسەت و ریبازە بگەن. کی‌هەیان بە دروست بزانن؟ چونی بو خویان تەوجیە بکەن ؟

ئەمن لە نامەی پیشودا نوسیبوم کە وەک دیاردەیەکی پیویست لەو باوەرەدام کە دەبی روناکبیرانی کورد سەرەرای جیاوازی ئیدئیولوژی و بە سترانەوەی تەشکیلاتی دەبی پیکەوە بدوین و لە قسەی یەک تەپرینگینەوە و قسەی دروست و ریبازی دروست بو یەکتری بسەلمینن، بەلام مەرج و سەراوەردیکیشم بۆ ئەوە دانا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەموویان فکرەکەیان لە بەستینی قازانج و مەسلەحەتی زەحمەتکیش و بەشخوراوانی کورد دابی. جابویە، بە هیچ جور کار کردی کەسانی وەک سامی‌و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەک یەک هەلناسەنگینم.

(مەبەستم لە روخسارو کومەلایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەو نەک رابەری یان کەسانیک لە رابەری ئەو حیزبە یان ئەو مەجموعەیەی کە بەم ناوە ناوبانگی بلاو بوتەوە.) ئەگەر لە سەر زەین بم ئەو وتارەی ئیوە باستان کردوە و رەخنەتان لەو سەروکەکانی کورد » گرتوە کاتی خوی لە گوڤاریکی عەرەبی‌دا دیوە، ئەو دەمیش و ئیستاش

ئەو جورە بو چونەم پی هەلەیە بوچی؟ چونکو قسەکە وەک فارس دەلین کولی کونیبە. چی لی دەرناکەوی. مەبەست لە هینانە گوری «مەسەلەی کورد وەک نەتەوەیەکی ۲۰ میلیون کەسی » چیە؟ ئایا پیشنیار ئەوەیە کە ریکخراوە سەرەکیبە مەوجودەا! کانی کوردستان دروشمی پیکهینان و دەسەر یەک کردنەوەی بەشە دابراوەکانی کوردستان هەلگرن ؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە بو بەراشکاوی ئەو قسەیە نا هیندریتە گوری؟ ئایا ئەگەر ئەو پیشنیارە لە دلی بزوتنەوەی کورد دا فرچکی گرتوە و دروستە، بو ئەو زەمانی کە بو وینە کەسیکی وەک خوت لە هەرە کار بەدەستە پایە بەرزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوی و دژی دروشمی خودموختاری رانەوەستای، لە وانەیە بفەوموی تەجروبەی خەبات نیشانی داوە کە هینانە گوری دروشمی کوردستانی یەکگرتو زیاتر کورد لە ئامانجی ماف و ئازادی نزیک دەکاتەوە، کە وایە گەرەک هەمە لایەنە مەسەلەکە بتویژریتەوەو شانەکەی لە سەری ئەفراددا نە شکیندری.

وەک دەزانن ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی تورکیا، بە وردو درشت، چەپ و زرە چەپ، تورک و نیوە کوردەوەا! لە میژە ئەو شیعارەیان هەلگرتوە، بەلام کە نوسراوەو بەرنامەکانیان دەخوینیەوە، دەبیتی چەندە ساویلکەن و دەردەکەوی لە خواستنەوەی هیندی قسەی زانایانی هەندەران نەبی لە میژووی کورد چ نازانن. - دیارە لیرو لەوی بوچونی دروستیشیان بوە - و ئەو حوکمە بە هیچ کلوەجی بە مانای بەر پەرچ دانەوەی خەباتیان نییە.

وەئەما ! ئەمن نوسیبوم کە ئیوە لە بوچونەکانتاندا سەبارەت بە وەزعی ئیستای کوردستانی ئیران و حیزبو لە سەتحی لاوەییدا(دەرەوەی حیزب) دەبی باس و مەسائیل بە شیوەیەکی وا نەهیننە گوری کە کەسانیکی ناگاداری وەزعی نیو خویی نین وای بو بچن کە ئەو قسانە لە بەر ئەوە

دەکرین کە لە حیزب دا نەمارن. ئەوە لایەکی باسەکەیە. دەنا وەکوو ئەندامیکی حیزبی دیموکرات کە بە توندی بروام بە ڕابیتەی حیزبی هەبەو نەک ڕابیتەو خزم خزمین وفەرهەنگی ساپلاغی گەری یان « حاجی خانم». دەلیم کە دەبوو لیتان روون بکەنەوە کە مەبەست لە «لەژیر پینانی دیسیپلینی حیزبی» چییە؟ وبە کورتی دەبوو ئەگەر «ئیخراج» دەرمانیدەردان بی هەموو پلەکانی ئەساسنامەی حیزبی بەریوە بچی. شتیکی دیش دەلیم کە زور جار گوتومە، ئەویش هەبوونی ئەسالەت لە خەباتی سیاسی دایە، ئەمن هەر چەندی بە هەق یا ناهەق دەگەل بیروراو بۆ چوونی ئیوە یەک یا موخالیفیش بم، پیم وایە کەسیکی وەک تو لە لایەن رابەریەک را دەبی حوکمی لە سەر بدری کە خوی لە خەباتی گەلی کوردو حیزب دا ئەسالەتی هەبی. ولە رابەری مەوجودی حیزب دا، کە سانی واهەن کە سەیری روداوەکانی ئەو چەند سالانە، وەک بلقی ئاو هیناونیە روو وئەوەی نەیان بی ئەسالەتە. ئەوەش دەگەریتەوە بو کەم کاری یان هەلەی کەسانیکی کە لەو خەباتەدا ئەسالەتیان هەبەو موویان لە ئاشی سپی نەکردوە.

ئیسحاق دویچر، میژوو نوسی گەورەی مارکسیست لە تویژینەوەی سیاسەتی ستالین زدایی مەرحومی خوروشچوف دا قسەیەکی جوانی هەیە دەلی:« ستالین وەکو پیتری گەورە ئامرازو کەرەسەی زور وەحشیانەی بو نەهیشتنی وەحشیەت لە روسیا بەکار هینا. جی نشینەکانی ستالینیش بو پاک کردنەوەی شوینەواری ستالینیزم لە روسیا لە میتودی ستالین کەلک وەر دەگرن. »

بەم ئیعتیبارە وەک زورجار میژووی حیزبە سیاسیەکانی روژ هەلاتی نیوە راست و بە تایبەتی ئیران نیشانی داوە «ئیخراج» دەرمانی دەردان نیە. بە بو چونی من میژووی بزوتنەوەی کورد و بە تایبەتی تاقی

کردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە ناموتەجانیس‌ترین حیزبی مەوجودی!! هەموو بەشەکانی کوردستانە دەی درگینی کە هەلگرانی بیرو باوەری جیاوازی ئیدئیولوژی هەر یەکەی‌دەبی لە قالبی ریکخراوی سیاسی سەر بەخویان دا خو ریک خەن و جا دوایە پیکەوە عەرەب کوتەنی « تەعاونی مەیدانی» یان هەبی، دەنا ئەو .... قەت سەر ناگری. ... بە سلاونکی دووبارە بو خوت و مال و مندالت نامەی ئەو جارەم دادەکوژینم . برات : حەسەنی قازی. »

لە بالیوزخانەی سوڤیتەوە سکرتیری یەکەمی سەفارەت داوای کرد بچم بیبینم. کە چوم گوتی بەلینت دابوو لە سەر مەسەلەی کورد شتیکمان بو بنوسی. گوتم نوسیومە و بوم نەکراوە بە روسی، بەلام بە فارسی بوتان دینم. رۆژی ١٩/ ١/ ٩٨٤ ئەم نوسراوەی خوارەوەم بە زمانی فارسی دا بە بالیوزخانەی سوڤیتی‌لە سوفیا. ئەمەش کوردی‌یەکەیەتی کە والیرەدا بلاوی دەکەمەوە.:

« بو کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی یەکیتی سوڤیتی .

دوای سلاونکی شورشگیرانە. بە پیویستی دەزانم بە کورتیش بی سەرنجتان بو گرنکی مەسەلەی کورد رابکیشم. مەسەلەیەک کە بیگومان یەکی لە مەسەلە گرنپوچکەکانی رۆژهەلاتی نیوەراستەو سەرنجی کور و کومەلە سیاسی و دەولەتانی ناوچەو جیهانی بو لای خو راکیشاوە. لەو بوارەدا کتیب و نوسراوەی جوراوجور نوسراون وبیروورای جیاواز دەربراون. نامەوی لەم کورتە نوسراوەدابیمە سەر لایەنگەلی میژوویی و رەگەزی‌و بنەچەکەیی‌نەتەوەی کورد. ئەوەندە بەسە سەیرنکی وتاری دوکتور لازەریڤ بکەین کە لەم دواییانەدا لە بواری مەسەلەی کوردا لە گوڤاری (ئاسیاو ئەفریقا) دا بلاو کراوەتەوە تا گەلیک لایەنی جوربەجوری مەسەلەی کوردمان بو روون بیتەوە.

دەمەوێ با بەکورتیش بێ لە سێ خاڵدا مەسەلەی کورددتان بخەمە بەر چاو، هەر چەندە پێم وانیە کە مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ لێتان شاراوە بێ.

١- بارودۆزی خەباتی ئێستای مەسەلەی کورد لە پێناو وەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی بە مافی دیاری کردنی چارە نوسیشەوە. هەڵوێست و بۆ چوونی حیزبەسیاسیەکانی غەیرە کورد لە ئێران و عیراق و تورکیاو سوریا.

٢ - سیاسەتی وڵاتانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی رۆژئاوا لە بارەی کوردستان

٣ - هەڵوێستی وڵاتانی سوسیالیستی لە سەر مەسەلەی کورد.

ئەلف - خەباتی نەتەوەی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و مافی دیاری کردنی چارەنوس بە دەستی خۆ. لە سەدەی نۆزدەوە بە شێوەی جۆر بەجۆر ولە هەل و مەرجی جیاواز دادرێژەی هەبوە. گەلی کورد لەم خەباتەدا فیداکاری کردوە، قوربانی داوە. مێژووی سەدەی بیستەمی نەتەوەی کورد دەکرێ بە هەق بە مێژووی خویناوی ناو ببرێت. خەباتی نەتەوەی کورد بە شێوەی کاتی و لانی کەم لە روانگەی نێونەتەوەییەوە دوای شەڕی یەکەمی دنیاگر، سەرکەوتنی وەدەست هێنا و لە پەیمانی سیڤەردا، سەرکەوتوەکانی شەڕ و نوێنەرانی دەوڵەتی وەسمانی. پێکهێنانیدەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان لە بەشێکی کوردستانی بەردەستی تورکی وەسمانی دا پێش بینی کرد. هەرچەندە پاشان ئەم پەیمانە بە پەیمانی لۆزان خرایە پشت گوێ. بەڵام پێویستە دان بەم راستیەدا بنرێ کە بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی سەردەم و لە روانگەی حقوقی نێو دەوڵەتانەوە بە رەسمی بوونی نەتەوەی کورد و مافی ئەو بۆ دیاری کردنی چارەنوسی بە دەستی خۆی پەسندکراو دانی پێداهات.

لە رەوەندی شەڕی دووەمی دنیاگرو دوای شەڕدا، لە ژێر کارکردی

سەرکەوتنی سۆڤیێت بەسەر فاشیزمی هیتلەری‌دا، خەباتی خەڵکی کوردیش پێی نا قۆناخێکی تازەوبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بوو بە بەشێک لە جوڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی و ئازادیخوازی گەلانی جیهان لە پێناوی دیموکراسی و سوسیالیزم و رزگاری لە کۆیلەتی و لەچەوسانەوە. دامەزرانی حیزبی دیموکرات و پێک هاتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران، بە خاڵی لوتکەی بزوتنەوەی نیشتمانی و رزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت.

بە دوای ئەودا بە ئیلهام وەرگرتن لە بزوتنەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە کوردستانی عیراق و تورکیاو سوریا حیزبی دیموکراتی کورد دامەزران. هەر چەند ئەو حیزبانە لە سەریەک بە گوێرەی هەل و مەرجی زەمان و باروودۆخی ولاتەکەیان خاوەنی پرۆگرامی پێشکەوتنخواز بوون، بەلام لایەنی نەتەوەگەریان هەمیشە بە هێزتر بوەو هەر ئەم هەڵوێستەش تارادەیەکی زۆر بۆتە کۆسپی هاوکاری پتەو لەگەڵ حیزبە کومونیستەکانی ئەم ولاتانە. دیارە حیزبە کومونیستەکانی ئێران و تورکیاو سوریاش نەیانتوانیوە بە باشی لە مەسەلەی کورد تێبگەن و سیاسەتێکی راستی لینینی سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە رێوە بەرن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو جاری واهەبوە لە چارە سەر کردنی مەسەلەی میللی‌دا بە لای بورژوازی حاکم داکەوتوون. هەربۆیەش نەیانتوانیوە کۆمەلانی خەڵکی کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن. حیزبی کومونیستی عیراق سەبارەت بە سیاسەتی دروستی مەسەلەی میللی، سەرەرای کەمو کوریش لە پراتیکدا، توانیویە نەک هەر لە کوردستانی عیراق، بەلکو لە بەشەکانی تری کوردستانیش رێزێکی تایبەتی وەدەست بێنێ.

حیزبە میللی و دیموکراتەکانی کوردیش لە سیاسەتی خۆیاندا گەلێک جار توشی هەڵە بوون و زۆر جار بێ ئەوەی لە سەر ستراتیژی‌یەکی روون

پێدا بگرن، ستراتیژی‌یان فیدای تاکتیک کردوە. لەم ڕێبازەدا گەلی کورد توشی زیان و سەدەمەی گیانی و ماڵی زۆر بوە. سەرهەڵدانی حیزبگەلی جیاواز لە کوردستان لە جیاتی پێشکەوتنی خەبات، بۆتە هۆی پەرش و بڵاوی و ناتەبایی و چەند دەستەیی خەڵک و بزوتنەوەی رزگاریخوازی‌کوردی توشی لەتبون کردوە. دوژمنانی کورد لەم ناکۆکی و لەتبونە بە قازانجی خۆیان کەلکیان وەرگرتوە. هەربۆیەش هیچ یەک لە حیزبە سیاسیەکانی کوردی بنجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی تا ساڵی ٧٤ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای شورشی گەلانی ئێران، نەیانتوانیوە بەشی هەرە زۆری زەحمەتکێشانی کورد لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. یەکی تر لە حیزبە کوردی‌یەکانی گۆرە پانی خەباتی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە لە باری نیزامی‌دا دەوری خۆی نیشان داوە. ئەم هۆکارانەو هەلو مەرجی جوغرافیایی و پشتیوانی دەوڵەتە مەزنەکان لە حکومەتانی داگیرکەری کوردستان و سیاسەتی پاسیفی ولاتانی سۆسیالیستی و هتد، بورن بە هۆی ئەوە نەتەوەی ٢٥ میلیونی کورد لە هەموو مافێکی ئینسانی و نەتەوایەتی بێ بەش بێ.

ب - سیاسەتی ولاتانی ئیمپریالیستی لە کوردستان.

ولاتانی ئیمپریالیستی لە شەڕی یەکەمی دنیاگرەوە و بەڵکوو پێشتریش چ لەباری هەڵکەوتی نیزامی و یا لە باری کانگای ژێر زەوی و زێڕی ڕەشەوە، چاوی تەماعیان بریوەتە کوردستان و بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان بورنەتە هۆی دابەشکردنی کوردستان و نەتەوەی کوردیان لە مافی ڕەوای نەتەوایەتی بێ بەشکردوە. ئیمپریالیستەکانی ئینگلیزو ئەمریکا لە یارمەتی‌دانی حکومەتی ئێران بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و تێکدانی کۆماری کوردستان دەوری

بنچینەییان باری کرد. دنەدان و بە گرنگیراوانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بە هاوکاری ئیسرائیل و جاسوسەکانی توانیان ناوەندی بریاردانی شۆرشی کوردستانی عیراق و بە تایبەت سەرۆکی شۆرش توشی هەڵەو لارێی بکەن. وادەو بەڵێنی بەدرۆی کاربەدەستە گەورەکانی حکومەتی ئەمریکاو بەستنەوەی شۆرشی کورد بە حکومەتی ئێران و بە حەمەرەزاشاوە کە دوژمنی کورد و نەیاری شەخسی مەلامستەفابوو، فیداکاری خەباتی خوێناوی ١٤ ساڵی خەڵکی کوردستانیان بە فیرۆ داو هەزاران خاوخێزانی کورد دەربەدەر و ئاوارەی هەندەران بوون.

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، دژی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، هەمیشە لە حکومەتگەلی ئێرانو عیراقو تورکیا پشتیوانیان کردوە. دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتانی رۆژئاوا لە ئاست بزووتنەوەی رەوای گەلی کورد هەڵوێستی بێدەنگیان گرتۆتە پێش. ئەگەر جاروبارێش دەنگو باسێک لە رۆژنامەو هەواڵدەرەکانی رۆژئاوادا بڵاو دەکرێتەوە، لە چوار چێوەی بەرژەوەندی و سیاسەتی دیاریکراوی سەرمایەداری دایە.

بەردەوامی خەباتی کۆڵنەدەرانەی گەلی کورد و بەرزبوونەوەی خەباتی توندوتیژی کورد لەم ساڵانەی دواییدا، سەرنجدەرو سیاسەتمەدارە دوور بینەکانی سەرمایەداری تووشی بیرکردنەوە کردوە و دەست بە کاربوون لە رێگای جور بەجور و لە کاناڵی جیاوازەوە دەست بخەنە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و جێ پێیەک بۆ خۆ بکەنەوە. هاسانترین رێگاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێوەندی حیزبە سوسیالیست و سوسیال دیموکرات و سوسێنتەرە لەگەڵ رێبەرانی حیزبە کوردیەکان. دیارە ئەم هەوڵدانەش بێ ئاکام نەبوە. دامەزرانی دەفتەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرانسە، نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پاریس، وەرگرتنی خوێندکاری کورد لە پاریس و ئوتریش، داوەتی دوکتور قاسملو لەلایەن

بورنو کرایسکی، دامەزرانی ئەنستیتوی کورد لەپاریس و ...هتد، نیشانەی تێکۆشانی ئەو حیزبانەیە بۆ راکێشانی بزووتنەوەی گەلی کورد.
ئەوان لە رێگای دیکەشەوە ، وەک یارمەتیە ئینسانیەکان کە بریتین لە : ناردنی دوکتور ودەرمان و برین پێچ و جلو بەرگ و خواردەمەنی و شتی تر دە توانن لە نێو زەحمەتکێشانی کورد پێگە بۆ خۆیان ساز بکەن.
کردەوەی توندو تیژی فاشیستی حکومەتەکانی تورکیاو ئیران وعیراق دژی گەلی کورد، بۆتە هۆی دەربەدەری و ئاوارەیی هەزاران خاووخێزانی کورد. ئەوان بە ناچاری روودەکەنە ولاتەکانی ئەلمان و هولەندو دانمارک و سوید و نیروێژ و فەرانسەو ئینگلستان و کانادا و ئوسترالیا وهتد و لە لایەن ئەم ولاتانەوە وەر دەگیرێن و یارمەتی دەدرێن. دیارە ئەم یارمەتی و هەنگاوە خێرخوازانەی ئەم ولاتانە، ناتوانی نە بێتە جێگای سوپاس و قەدرزانی و رەزامەندی خەڵکی کوردستان. ئاشکرایە لەگەڵ ئەم یارمەتیە ئینسانیانە دەزگا تایبەتیەکانیشیان بۆ بلاوکردنەوەی پروپاگاندەی تایبەتی بێکار دانانیشن .
ج - سیاسەتی ولاتانی سوسیالیستی
ولاتانی سوسیالیستی، بە تایبەت یەکێتی سۆڤێتی کە بە گوێرەی سروشتی چینایەتی و کۆمەلایەتی و بە پێرەوی لە سیاسەتی لینینی ، دەبوایە لایەنگری مافی دیاری کردنی چارەنوسی میللەتان و پشتیوانی خەباتی رزگاریخوازی گەلانی بن دەست و بەشخوراو بن، بە داخەوە لە ئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، نەک هەر هەلوێستێکی ئینترناسیونالیستییان نیشان نەداوە، بەلکوو لە ئاست جنایەتی حکومەتە زۆردارە و دیکتاتورەکانی عیراق و ئێران و تورکیا دەرهەق بە گەلی کورد خۆیان مات و بێدەنگ کردوە. نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی لە رۆژ هەلاتی نێوەراست و لە دراوسیەتی یەکێتی سۆڤێتی کەوتۆتە بەر سیاسەتی

ژینوسایدی حکومەتە کۆنە پەرستەکانی داگیرکەری کوردستان ، بەلاّم بەداخەوە لە لایەن ولاّتانی سوسیالیستی‌یەوە هیچ ئاوڕی وەسەر نادرێتەوە. ڕەنگە وابێتە بەرچاو کە بێژن کوردستان موستەعمەرە نیە کەوابوو دەبێ کەلی کورد هەروا لە ژێر زەبروزەنگی ئەو دەولەتە دیکتاتورانەدا بتلێتەوە. ئاشکرایە پێوەندی حکومەتەکانی ئێران و عیراق و سوریاو تورکیا لە گەلّ گەلی کورد، گەلێک لە پێوەندی ئیستیعماری زالمانەترە. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراق و ئێران دەکرێ، لە هیچ ولاّتێکی موستەعمەرە نەکراوە. خەلّکی کورد بە هەق چاوەڕوانی ئەوەیە کە ولاتانی سوسیالیستی ئەرکی ئینسانی و سوسیالیستی خۆیان لە ئاست دەردوبەژارەی ئەو میللەتە بەجێ بکەیەنن. دوورنیە کە ولاّتانی سوسیالیستی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بروانننە هەلّوێستی حیزبە کومونیستەکانی ئەم ولاّتانە. ئەگەر شتێکی ئاوا هەبێ، بە بڕوای من بۆچوونێکی هەلّەیە و دوورە لە واقعیەت. چونکە هەروەک گوترا حیزبە کومونیستەکانی ئەم ولاّتانەی کوردستانیان کەوتۆتە نێو، نە ئەوەندە لە نێو کوردا نفوزیان هەیەو نە لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتیەوە سینگێکی ئاوالّەو تێگەیشتنێکی تەواویان هەیە. بە بیروڕای من مەسەلەی کورد پێویستە ڕاستەو خۆ لە گەلّ ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان ڕێگای چارە سەرکردنی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ دەبێ کۆنە پەرستی کورد بە نیشاندانی پشتیوانی و یارمەتی ولاّتانی ڕۆژئاواو سوسیال دیموکرات، دەست بخاتە نێو بزووتنەوەی کوردی و دیپلوماسی ولاّتانی سوسیالیستیش تەماشاچی بوێستن. ؟

لە نێو بزوتنەوەرزگاریخوازی کوردا، حیزب و ڕێکخراوی میللی پێشکەوتو خواز و لایەنگری سوسیالیزم کەم نین، بە داخەوە یارمەتیان پێ ناکرێ و پێوەندی‌یان لەگەلّ ناگیرێ. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوە

کە ناوەندی بریاردان بکەوێتە دەست کەسانی هەلپەرست و بزووتنەوەش بەرەو رۆژئاوا بکشێ.

بە پێویستی دەزانم کوردستانی ئێران وەک نموونەیەکی کونکرێت باسبکەم. لە ساڵی ١٩٧١ وە کە حیزبی دیموکرات بە پرۆگرامێکی پێشکەوتنخوازانەوە تێکۆشانی خۆی زیندو کردەوە، سەرەرای ئەوەی هەوڵێکی زۆر درا کە لەگەڵ حیزبی کومونیستی سۆڤیەتی پێوەندی بگیرێ، هیچ ئاکامێکی نەبوو. دوای روخانی رژێمی شا لە ئێران، حیزبی دیموکرات بوو بە گەورەترین حیزبی سیاسی ناوچە. دەبوایە یەکێتی سۆڤیەتی بۆ ناسین و یارمەتی دان و راوێژ کردن لە گەڵ حیزبی دیموکرات هەنگاوی نابایە. بە داخەوە سیاسەتی چەوتی حیزبی تودە، کاربەدەستانی سۆڤیەتیشی توشی هەڵوێستی چەوت کرد و مەسەلەی ناسین و یارمەتی دانی حیزبی دیموکراتیان خستە پشت گوێ. نەک هەر ئەوە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ پشتیوانی لە حکومەتی کۆنە پەرستی ئاخوندی، ڕێگای دوژمنایەتی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی گرتە پێش و چەند کەسی بێ ئەزموون‌وساویلکەو فریو خواردووی لە حیزبی دیموکرات جیا کردەوەو ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی بۆ لایەکی دیکە پاڵ پێوە نا. لەم بارودۆخە دژوارەدا کە خەڵکی کوردستانی ئێران توشی هاتبوو، ولاتانی سوسیالیستی دە فریای ئەم میللەتە لێقەوماوە نەکەوتن. یارمەتی بە ئاوارەو دەربەدەری کورد نەکرا. دەزگای خەبەری ولاتانی سوسیالیستی لە ئاست جنایەتی حکومەتی خومەینی لە کوردستان دەنگی لە بەر نەهاتە دەر. چاپەمەنی ولاتانی سوسیالیستی خەبەری کوشتاری زەحمەتکێشانی کوردستانیان بلاو نەکردەوە. تەنانەت گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزمیش کە ئورگانی حیزبە کومونیست و کرێکارنی جیهانە و ئەرکی ئینسانی و راستەقینەی دیفاع لە مافی میللەتانی ژێردەست و خەبات دژی زوڵم‌و

وزۆرداریە. تاقە جارێکیش جنایەتی رژێمی خومەینیان لە قاو نەدا. تەنانەت نامەیەکی منیشیان لە بارەی بارودۆخی کوردستان و گەلی کوردەوە بلاو نەکردەوە. ئاشکرایە کە زەحمەتکێشانی کورد ناتوانن رەزامەندی خۆیان لە ئاست ئەم سیاسەتە دەربڕن.

ئەنجامی سیاسەتی ناراست و لالوتی سۆڤێت سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردستانی ئێران بو بە هۆی ئەوە کە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەرەو عیراق و بەرەو رۆژئاوا و بەرەو سوسیال دیموکراسی بروا، کە بۆ گەلی کورد لە نامرادی بەدەر ئەنجامێکی نابێ.

بەداخەوە بزوتنەوەی ئێستای رزگاریخوازی کورد توشی قەیران بوە. ناکۆکی دوژمنانە لە نێوان هێزە کوردستانیەکان، شەری براکوژی، فشاری لە رادە بە دەری حکومەتە جنایەتکارەکانی ئێران و عیرق و تورکیا، یارمەتی نەدانی ولاتانی سوسیالیستی بزوتنەوەی کوردیان توشی نسکۆ وهەڵەنگوتن کردوە. ولاتانی سوسیالیستی و بە تایبەت یەکێتی سوڤیتی بە گوێرەی سروشتی دادپەروەرانەیان، لە بەرانبەر چارە نوسی نەتەوەی کوردا بەرپرسیاریان لە ئەستۆیە. کاتی ئەوەی هاتوە کە لە گەڵ رێبەرانی حیزب و جولانەوەی رزگاریخوازی کورد پێوەندی بگیرێ و یارمەتی ماددی و مەعنەوی‌یان پێ بکرێ و لە م رێگایەوە رێبازی پێشکەوتنخوازی و سوسیالیستی نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە رۆژهەلاتی نێوەراست بەرەو پێش بەرن. نەتەوەی ٢٥ میلیونی بن دەست و بەشخوراوی کورد لەم قۆناخە ناسکەدا هەقیەتی ئەم نوسراوەی رۆژنامەی پراڤدا وەبیر رێبەرانی ولاتانی سوسیالیستی بێنێتەوە کە لە ٢٨ی یونی ١٩٦٥ دا نوسیبووی: « یەکێتی سوڤیتی بە هەموو شێوەیەک یارمەتی بە خەباتی رزگاری خوازی میللەتان دەکات، مافی نەتەوەکان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی‌دا، چ لە رێگای هێمنانەو چ لە رێگای خەباتی

چەکدارانەوە، خەباتیکی پیرۆزە. یەکیتی سوڤیتی بە تەواری بەو گەلاتەی کە دژی ئیستعمارو سەرەرۆیی چەکیان دەست داوەتێ و خەبات دەکەن، یارمەتی هەموو لایەنە دەکات.»

بێگومان خەباتی ئەمرۆی میللەتی کورد و بارو دۆخیکی کورد تێیدا دەژی لە چوارچێوەی ئەم ژنین و بۆ چوونەی رۆژنامەی پراڤدا بەدەر نیە.

لە گەڵ رێز و سلاو کەریمی حسامی ١٩/ ١٠/ ١٩٨٤ سوفیا.

دوای نوسینی نامە بۆ حیزبی کومونیستی یەکیتی سۆڤیتی، راپۆرتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتم پێکەیشت لە گەڵ پێرەو و پرۆگرامی پەسندکراوی کونگرەی شەشەم. بە پێویستم زانی بۆ روونبونەوەی ئەندامانی حیزب باسێکی تایبەتی لە سەر کۆنگرەی شەش بنوسم.

سەفەر بۆ لوزان

رۆژی ٨٤/١١/٤ کاک ئەمیری قازی لە سویدەوە تەلەفونی کرد و گوتی :«بە تەمام سەفەرێکی عیراق بکەم. پێویستە چاوم پێت بکەوێ. پێشنیاری کرد لە لوزان لە گن صادقوەزیری یەکتر ببینین.»

من رۆژی ٨٤/١١/٧ سواری قەتار بووم بۆ لوزان. دوورۆژ میوانی صارمخان بووم. رۆژی ١١/١٠ کاک ئەمیر پەیدابوو، حەسەنی شەتەوی خوارزایدوکتور قاسملوشی لە گەڵ خۆی هێنا بوو. فراوینمان لای صارمخان خوارد و بە قسەی عادەتی و رەمەکی کاتمان رابوارد. لە بارەی سەفەری کاک ئەمیر، یا بۆچی چوبووینە کن صادقوەزیری، یا دەبێ چ بکەین، هیچ باسو راوێژێکمان نەبوو. هەر دەتگوت ئەم رێگادوورەمان بۆ

نانخواردن بریوە. دوای نیوەرۆ لای ئێواریێ کاک ذەمیر و حەسەنی شەتەوی هێنایانمە لۆزان. من سواری قەتار بووم بۆ ستوکهۆڵم و کاک ئەمیریش گەرایەوە بۆ پاریس. کاک سەنناری مەمەدی کە تازە هاتبوە سوید دووسێ جار تەلەفونی کردو داوای دەکرد کە سەری بدەم. من نیزیکەی نیوەی رێگا رۆیشتبووم، رۆژی ١١/١١/ گەیشتمە ڤێستروس و میوانی کاک سالاری حەیدەری بووم. میوانداریەکی گەرم و رۆژی دوایی چوومە لای کاک سەننار لە کەمپی سورە هامر، باسێکی دوورو درێژمان هەبوو لە سەر بارودۆخی کوردستان و پێوەندی ئەو لە گەڵ حیزبی دیموکرات و هاتنی بۆ سوید. کاک سەننار بە درێژی باسی شەری قوتوری کرد و پێوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی دیموکرات. ئەویش لە سەر ئەو باوەرەبوو کە پێویستە رێکخراوێکی تەواو مارکسیستی سازبکرێ و رێگای رزگاریش تەنیا رێگای سوسیالیزمە. لە سورە هامر بووم کاک سەلاحی موهتەدی هاتە لام. رۆژی ٨٤/١١/١٣ چوومە ئوپسالا سەردانی کاک سەلاح و کاک سەعدی موهتەدی. من کەمتر بە خزمەت کاک سەلاحی گەیشتبووم، بەلام لە کوردستان چەندجار کاک سەعدی رەحمەتیم دیبوو، باسی سیاسیمان پێکەوە کرد بوو، تێگەیشتوویی و لێکدانەوەی سیاسی و بۆچوونی لە مەسەلەی کورد رێز و ئیحترامێکی زۆری لە لای من پێک هێنابوو. تازەکردنەوەی دیداریش چێژێکی تایبەتی هەبوو. چەند رۆژ لە ستوکهولم لە گەڵ دوکتور جەمشید و دیداری کاک جەوهەر نامیق و کاک کەریم سەنجاری و دوکتور کەماڵ عەلی و دیتنەوەی عەلی شیر و مراد، رۆژم بردە سەرو هەر دیدارو دانیشتنەش تامی خۆی و بابەتی خۆی هەبوو. ناکرێ بەم بۆنەوە سوپاسی برایەتی هەموویان نەکەم.

١١/٢٦/ گەرامەوە بۆ سۆفیا کە هاتمەوە نامەی‌صارم‌خانم بۆ هاتبوو

کە ٨٤/١١/٨ دا بۆی نوسیبووم:«...... اقامت دوروزەشما لااقل ان حسن‌را داشت کە سو تفاهم‌تان درمورد مندرجات نامە قبلی من برطرف گردید. سوتفاهمی کە متاسفانە ناشی از عدم دقت در ظرافت زبان فارسی بود. طبعا همانگونە کە حدس زدید درحضور کاک امیر بعلت حضور ان شخص دیگر نتوانستیم در بارە بعضی مسائل لازم گفتگوئی داشتە باشیم. واین البتە اسباب تاسف بود .....»

بەدوای ئەودا نامەیەکی کاک سەناری مامەدی-م پێگەیشت.نامەی کاک سەناری لە بەر ئەوەی بە فارسی نوسرابوو، منیش هەروا بە فارسی بڵاوی دەکەمەوە.:

«رفیق بسیار ارجمندم کاک کریم حسامی

بادرود انقلابی ! با تشکر از شما رفیق عزیز، کە دعوتم‌را پذیرفتە وبە سوئد امدەاید.(کە متاسفانە نتوانستم از شما پذیرائی نمایم.) اما از جهاتی پربارو سودمند بود. بگذار بە صراحت بگویم:تا قبل‌از امدن شما باینجا، بعلت عدم تماس وبحث و گفتگو باشما، ان رفیق ارجمندرا انچنانکە هست، نشناختە بودم. بلکە تنها ازاینکە دارای افکار سوسیالیستی هستید برایتان احترام قایل بودم. ولی وقتیکە باینجا امدید اگرچە دیدارتان بسیار کوتاە بود ودر مسائل علمی بحثی نگردید معهذا، من بە شخصیت بزرگ انسانی شما پی بردم و پس‌از ملاقات اولیە انچەرا کە احساس کردەام دردفتر یادداشتم نوشتم. نوشتە شما(لێکۆڵینەوەی کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم)را بدقت مطالعە کردم. دراینجا بود کە بە اشنائی کامل شما از فلسفە علمی، عظمت فکری ان رفیق در امر سوسیالیزم و شیوائی واقع بینانە قلم‌تان پی بردم. واز دوستی و رفاقت با شما افتخار میکنم.

اما درباره پاسخ گوئی شما به -کورته باسی - قاسملو - نتیجه گیری از جمعبندی ان میتوان گفت: قاسملو با سرهم بند کردن مشتی پر پوچات خیالی و پرت و پلاگوئی که درمقام دفاع از سرمایەداری برامده بود، ماهیت خویش‌را اشکار ساخته بود. وشما رفیق عزیز با استدلال علمی، حقش‌را بدستش دادید، ومن بشما تبریک میگویم. ازدور دستت‌را می فشارم. رفیق شما سنار مامدی ٢٤ نوامبر ١٩٨٤ سوند - سوره هامار»

٨٤/١٢/٩ برادەرێک لە کوردەکانی گورجستان بە ناوی (کەرەم ئانقوسی)کە بەر پرسی رادویۆ کوردی تفلیس بوو، هاتە لام. ناو براو لە گەڵ گروپێکی توریستی هاتبو بۆلغاریا و تەلەفون و ئادریسی منی لە کوردەکانی ئێرەوان وەر گرتبوو. کوردیەکی باش و رەوانی دەزانی، بەلام لەباری ئاگاداری سیاسی و تێگەی مەسەلەی کورد، دەتگوت تازە لە گوندەکانی بن چیای قەندیلی هاتۆتە خواری. هەمو سەروبن قسەکاتی ئەوەبوو:« خودێ کاری مە چێ بکا» ژن خوشکێکی دەگەڵ بوو دەیگوت :« ئاواتم ئەوەیە پێشمەرگەیەکی کورد لە کوردستان ببینم. » کەرەم سرودی کوردیشی دانابوو، دووسرودی بە دەنگ گوتن و لە نەواردا تۆمارم کردن.

رۆژی ٨٤/١٢/١٠ ئەم نامەیەی خوارەوەم لە لایەن (کومیتەی بە رێوە بەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلستانەوە پێگەیشت:

« بۆ بەرێز ماموستا کەریم حسامی سلاوێکی شۆرشگێرانە

وەک ئاشکرایە بۆ بەرێزتان کە تێکۆشانی میللەتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر ناسک و سەختدا تێ ئەپەری لە ئەنجامی ئەو هێرشە درندانە خوێناویانەی رژێمە فاشیە کۆنەپەرستەکانی عیراق و ئێران و تورکیا بەردەوامن دژی تێکوشانی رەوای میللەتەکەمان لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسی و مافی چارە نوسی خوی.

کۆمەڵەکەمان، کۆمەڵەی خوێندکاریانی کورد لە ئوروپالقی ئینگلیستان بەردەوام بوە لە پەرە پێدانی کەمپەینی هاوکاری لە گەڵ تێکوشانی ڕەوای میللەتەکەمان، وە لە بەردەوامی ئەم کەمپەینە، کۆمەڵەکەمان هەڵئەستی بە رێکخستنی« هەفتەی کوردستان » لە سەرەتای مانگی تازاری ١٩٨٥ کە پێک دێت لە پیشانگای هونەری، کۆری ئەدەبی و روشنبیری، کۆری سیاسی وە چەند کارێکی تری تیا ڕێک ئەخریت، وە ئەوەی شایانی باسە کە ئەم هەفتەیە بە پاڵپشتی زۆر رێکخراوی پێشکەوتوخوازی بریطانی و بێگانە ئەکریت کە لە بەشداری چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بریطانی، هەر لەبەر ئەوەیە کۆمەڵەکەمان زۆر بە شانازیەوە داوای بەشداری کردنت ئەکات لەم هەفتەیەدا کە ئەبێتە هەفتەی هاوکاری لە گەڵ تێکوشانی میللەتەکەمان وە کۆتایی دیت بە ئاهەنگی نەوروز، وە بێ گومان کۆمەڵەکەمان هەڵئەستیت بە هەمومیواندارێک. ئیتر زۆر بە پەرۆشەوە چاوەروانی وەلامی بە رێزتانین، وە بۆ ئەوەی لە نامەی داهاتودا، زیاتر بە درێژی ئەم مەسەلەیە باس بکەین لە گەڵ بە رێزتان.

ئیتر گشت کات سەرکەوتو وبەختیار بن. کومیتەی بەرێوە بەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا لقی ئینگلیستان.١/١٢/١٩٨٤ »

ساڵی ١٩٨٥

شەوی ٨٤/١٢/٣١ لە بێ خەبەری وڵات دا، لەگەڵ کاک رەفیق صابیر و خالید ئاشتاب دانیشتین و ساڵی کۆنمان بەرێ کردو پێمان نا ساڵی تازەی ١٩٨٥. مژدەی خۆشی ساڵی تازە ئەوە بوو کە نامەی

ماموستا شێخ عیزالدین و کاک فەرەیدونی میتران و کاک حامیدی گەوهەریم بۆ هات. هەر چەندە نامەی ئەم دوو برادەرە خەبەری ناخۆشی ژیان و گوزەرانی برادەران و باسی کردەوەی ناحەز و نا ئینسانی و دژی دیموکراتی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و دەرکردنی کادرو ئەندامانی حیزبیان تێدا بوو و لە رادە بەدەر خەفەتباریان کردم، بەلاّم لە لایەکی تر باشیەکەی ئەوەبوو کە تارادەیەک لە وەزعی وڵاّت و حیزب ئاگادار بووم. نامەی ماموستام لە لاپەرەکانی پێشەوەدا نوسیوەتەوە، وا لێرەشدا نامەی فەرەیدونی میتران و حامیدی گەوهەری بلاّو دەکەمەوە:

نامەی کاک فەرەیدونی میتران ٦٣/٩/١٦(٩٨٤/١٢/٧):

« برادر محترم و گرامی کاک کریم حسامی.

ضمن ارائه سلام و درود فراوان صحت و سلامتی و کامیابی الجناب را ارزو مندم. امیدوارم که در زندگی همواره موفق و سر بلند باشی. خدمت همگی اهل خانواده محترم عرض سلام دارم و برایشان ارزوی سعادت و موفقیت می نمایم.

پس از مدتها انتظار و چشم براهی نامه مبارک توسط کاک جمال حسینی بدستم رسید. ازاینکه مارا ازیاد نبردەاید بسبی مسرور و خوشحالم. دوستان همگی ازامدن نامه شما خوشحال شدند و در واقع نامه شما هم دلگرمی داد و همەرا امیدوار کرد که اینکار در اینده هم ادامه داشته باشد. چند روز قبل کاک امیر قاضی باینجا امدەبود و ازایشانهم جویای سلامتی شما شدیم. من نتوانستم توسط ایشان نامه بفرستم چون کاک امیر خیلی عجله داشت و جمعا در حدود ٢٠ دقیقه نزد مابود. اینروزها کاک جمال حسینی عازم اروپا هستند و امکان ان هست که نامەای بخدمت ارسال دارم. انزمان که تازه به اروپا رفته بودی بین رفقا این مسئله مطرح شدەبود که ایا کاک کریم به اینجا برخواهد

گشت یا نه ودراین مورد اختلاف نظر وجود داشت عدهای گفتند که حتما برخواهد گشت وعدهای نظرشان عکس بود، متاسفانه نظر دسته دوم درست از اب درامد ونتیجه ان شد که شما مراجعت نکردی. این امر برای ما مایهتاسف بود. زیرا که بودن شما دراینجا بسیار ضروری بود و باعث میشد که ما درجریان مبارزات درون حزبی موفقیتهای بزرگی کسب نمائیم. بویژه که در جریان کنگره ٦ غیبت شما خلا بزرگی و محسوسی ایجاد کردهبود و من با اطمنان می گویم که وجود شما خیلی مسائلرا عوض میکرد. اگر تا حال جریانات کنگرهرا برایت باز گو کرده باشند خودت به اهمیت مسئله پی بردهای نیاز به ذکر ان نیست. لازم به تذکراست در جریان کنگره طرفداران سوسیال دموکراسی بیش از هر زمانی افشا شدند و مچشان باز شد و دیدیم ان باصطلاح مدعیان دموکراسی تا چه حد از برخورد افکار واهمه دارند و چه زبونانه و مذبوحانه به تلاش افتادهاند که بیش ازان رسوا نشوند.

از نظرما کاملا قابل پیشبینی بود که انان بعداز کنگره علیه عناصر انقلابی دست به اقدام ناجوانمردانه خواهند زد. ودیدیم که دیری نپائید تصمیم خودرا عملی نمودند و بیشرمانه از ما خواستند که کتبا متعهد شویم که سیاست تازه حزب را قبول داشته و در جهت تبلیغ ان بکوشیم. وبعداز مقاومت ما در مورد عدم پذیرش این درخواست غیر اصولی مدافعین سوسیال دموکراسی مارا ازحزب اخراج نمودند. رهبری حزب تصور میکرد با ان کار یعنی اخراج ما و اعلام ان از رادیو مورد پشتیبانی أعضا حزب و خلق کرد قرار خواهد گرفت، خوشبختانه واقعیت غیراز ان تصوررا نشان داد و نشان داد که ان عمل ناشایست نه تنها مورد پشتیبانی واقع نشد بلکه مورد تنفر وانزجار اکثریت قرار گرفت. درواقع رهبری حزب اشتباه بزرگیرا مرتکب شد و با ان عمل نه اینکه اعتباری

کسب نکرد بلکه به بی اعتباری خود کمگ نمود. رهبری حزب فکر می‌کرد که می توان برای همیشه با فریب و نیرنگ اعتماد توده‌هارا بخود جلب کرد. رویدادهای پس از کنگره تا کنون گواه بارزی‌است بر پوچی ان ادعاها. و می بینیم چطور روز به‌روز از وجهه‌و اعتبارشان در میان توده مردم وتوده تشکیلاتی کاسته می شود. ودیگر زمان ان گذشته که بتوانند سوار بر عدم اگاهی اعضا حزب شوند.

پس‌از اخراج ما راهی نداشتیم جز اینکه در منطقه ماندگار شویم و سعی نمائیم با تمام توان خود به افشا ماهیت رهبری منحرف بپردازیم. طبیعی‌است دراین راه موانع و مشکلات زیادی وجود داشته ولی با انوجود ما کار خودرا ادامه داده‌ایم. چند جلد نقد« بحث کوتاه» را که شما فرستاده بودی کمگ بزرگی‌را به ما نمود و ما هم بنحو شایسته‌ای توانستیم انرا درحد امکان منتشر کنیم و خوشبختانه همچنان که انتظار میرفت مورد استقبال قرار گرفت و هر روز چندین نفر مراجعه می کنند وخواستار مطالعه ان هستند. ماهم اکنون دراینجا ماندگاریم. تصور خیلی‌ها اینست که ما در صدد تشکیل‌سازمان سیاسی هستیم و یا بعبارت دیگر عده زیادی خواهان انند که ما هرچه زودتر اقدام به تشکیل آن سازمان نمائیم که بتواند عناصر شایسته و انقلابی‌را در هم جمع نماید. ما ضمن اینکه بارها خواستیم با شما تماس بگیریم موفق نشدیم و سعی نمودیم از طریق کاک امیر قاضی و کاک عزیز ماملی شمارا در جریان بگذاریم به این امید که شاید شما بتوانید بیشتر مارا در جریان مسائل بگذارید. ولی متاسفانه تا کنون از رهنمود شما بی بهره بوده‌ایم. بهر حال ما هنوز این امکانرا داریم که در اینده نقش موثری در جهت پیشبرد اهدافمان داشته باشیم شما باید بیشتر ازاین احساس مسئولیت بکنی و سعی نمائی مرتب باما در تماس باشی. مادراینجا ازنظر زندگی وضع

چندان خوبی نداریم. از شما خواهش می کنیم که ضمن تماس با سایر رفقا و احزاب انقلابی رهنمودهای لازم‌را برای ما بفرستی تا ما برنامه‌ای روشن برای کار داشته باشیم. واگر ماندن ما بیش ازاین دراینجا ضروری بنظر نمی رسد کاری کنید که ازاین وضعیت رهائی یابیم و نزد شما ایبم. در مورد برخی مسائل در رابطه با رژیم جمهوری اسلامی لازم‌است با کاک امیر و کاک عزیز تماس بگیری. رژیم اخیرا تصمیماتی اتخاذ نموده که حتما باید ازان مطلع شوی. تمام رفقا و دوستان عرض سلام دارند. کاک رحیم امیری هم ۳ماه قبل در (کوران) منطقه مهاباد از طرف رژیم دستگیر شد ولی خوشبختانه اکنون ازاد شده درمهاباداست. تمام رفقاو دوستان عرض سلام دارند. برادرت فریدون ٦٣/٩/١٦ »

ئەمەش نامەی کاک حامیدی گەوهەری‌یە کە ٨٤/١١/٦ نوسیویەتی :(لە بەر ئەوەی وشەکان لە وەرگێراندا توشی دەستکاری نەبن. نامەی کاک حامیدو کاک فریدونم هەر وەک خۆیان بە فارسی نوسیەوە)

« رفیق بسیار عزیزم کاک کریم حسامی !

اجازه میخواهم قبل از هر چیز گرمترین سلام خودرا بحضورتان تقدیم دارم، سلامت و سعادت برایتان ارزو میکنم. وخدمت خانواده محترم و عزیزتان نهایت عرض سلام وادب دارم. مدتی بود در نظر داشتم‌با شما تماس بگیرم لیکن بدلیل نبودن امکانات پستی این توفیق حاصل نشد و اکنون که کاک جمال عازم اروپا هستند این سعادترا یافتم تا بار دگر در برابرتان عرض ادب نمایم. پس از اینکه برای رفع نگرانی و گرفتاری خانوادگی به اروپا تشریف بردید انتظار داشتم برای شرکت در کنگره مراجعت فرمائی لیکن ارزوی من و سایر رفقا بی اثر ماند و نبودن شما در کنگره انچه‌را ببار اورد که با بودن شما انتظارش غیر ممکن بود. بعداز خاتمه کنگره منتظر بودیم که مدافعین دمکراسی و پلورالیسم برای

خنثی ساختن جو موجود باما برخورد کنند لیکن تصور نمیرفت بر خورد انان چنان خسمانه باشد. انان ازما خواستند تا کتبا تعهد بدهیم از خط تحمیلی انان بدون هیچ گونه نظرو انتقادی دفاع وپشتیبانی کنیم، انان مبارزه درون حزبی را برای ما ملغی کردند. انان به خود اجازه دادند در بین کنگره ٥ و٦ بحث کوتاه را بنویسند و بر علیه برنامه حزبی بنفع سوسیال دمکراسی تبلیغ کنند. لیکن این حق‌را ازما گرفتند و حتی اجازه ندادند در جلسات حزبی و شانه‌یی نیز در مورد سوسیال دمکراسی نظر بدهیم. خبیثانی که تظاهر به دمکراسی می کنند نتوانستند چند نفر مخالف را در حزب ببینند، انان عقیده داشتند با اخراج چند نفر از حزب خواهند توانست بر افراد حزبی تسلیط شوند لیکن در عمل ثابت شد، نه اینکه بر افراد حزبی مسلط نشدند بلکه بیش از پیش تیز ماهیت انان افشا گردید و مورد تنفر اکثریت قرار گرفتند. ملاحظه فرمودید بعداز خواندن اسامی ٦ نفر اول از رادیو دیگر این کاررا تکرار نکردند. بعداز اخراج ما از حزب که من در سری دوم قرار داشتم یعني بعداز٦ انتظار کار اخراج شدم. افراد بیشماری بما مراجعه کردند و ضمن اظهار همدردی پیشنهاد میکردند تا سازمان، حزب، یا یک تشکیلات سیاسی را با جهان بیني مترقي تشکیل دهیم تا انان نیز با پیوستن به این تشکیلات مبارزه خودرا با جمهوری اسلامی ادامه دهند و خلق کردرا در راهی سالمتر به اماج و امال خود نزدیک سازند. نامه ونقد بحثی کوتاه شما به کاک فریدون در همان روزها رسید که بسیار مورد استفاده ما وسایر رفقا قرار گرفت. مراجعه مکرر دوستان مارا وادار ساخت تا برای اخذ راهنمائی به رفقای سابق و قدیمی مراجعه کنیم، رفقا ضمن محبت و راهنمائیهای فراوان و مثبت منافع و مضرات چنین اقدامی‌را برای ما روشن ساختند. دراخر چنین نتیجه گرفته شد که فعلا بدلائل سیاسی و

اقتصادی اقدام چنین کاری به منفعت جنبش نمیباشد در ضمن توصیه کردند با توجه باینکه هم شما و هم اکثریت رفقای انان در بیرون بسر میبرند شما در مورد این جریان و سایر جریانات با رفقای بیرون تبادل نظر فرمائید تا معلوم شود که ما چه باید بکنیم. برای اگاهی بیشتر شما بعداز کنگره ٦ تعداد ناراضیان به چندین برابر سابق رسیده و بیش از هزار نفر بدلائل مختلف خودرا به رژیم تسلیم کرده‌اند. ضمنا بر اثر فشار انان به ما تا کنون چندین نفر از رفقای ما نیز خودرا به رژیم تسلیم کرده‌اند یا به عراق رفته‌اند. انان در رادیو ومطبوعات رسمی علنا بما حمله میکنند مارا در ردیف خائنین و هزیمت کرده‌گان و دزدان و ترسوها و بزدلها قرار میدهند. بدلیل تهدید و تحقیرهای مداوم انان (بخاطر ترس و وحشتی که از ما دارند) و وضع بد مادی چند نفر دیگر ازرفقا در نظر دارند خودرا به جمهوری اسلامی تحویل دهند که در حال حاضر در معذورات اخلاقی قرار دارند. از طرف دیگر .... پس از دستگیری ...... مسائلی مورد نظر رژیم‌است دراین مورد گویا دکتر خسروی نامه‌ای به کاک عزیز ماملی نوشته و کاک امیر قاضی نیز در جریان کاراست. برای اطلاع دراین مورد با کاک امیر صحبت فرمائید و نظر خودرا اعلام فرمائید. با توجه به نکات نامهٔ فکر میکنم وجود ما دراینجا لازم باشد و گر نه افراد دیگری نیز خودرا به رژیم تحویل میدهند و چیزهای دیگر لذا لازم‌است هم شما و هم رفقای دیگر وضع مارا در نظر بگیرید از یک طرف نداشتن امنیت و ازطرف دیگر وضع بسیار بد مالی. اگر بعقیده شما باید مقاومت کنیم و در اینجا بمانیم لازم‌است برای بهبود وضع مالی اقدام کنید و اگر بیش ازاین نباید اینجا باشیم خودتان به طریقی باید مارا بیرون ببرید، چون کاک فریدون نیز مسائلی در نامه‌اش برایتان روشن میکند من به نامه‌ام خاتمه میدهم. در خاتمه به کاک

عزیز نهایت عرض سلام دارم و خدمت مادرش و خانمش و برادرش نیز سلام میرسانم. ارادتمند شما حمید گوهری.»

بەدوای هاتنی نامەی ئەو برادەرانە من لە نوسین و تەواو کردنی تامیلکەی (تایبەتی کۆنگرەی شەش) پەلەم کرد و١٩٨٥/١/١٥ نوسخەیەکم بۆ صارمخان نارد و بۆ چەند برادەری دیکەشم نارد و هەمووشیان بیروڕای خۆیان و دەستخۆشانەیان بۆ نوسیوم و بە پێویستی نازانم بلأویان کەمەوە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی بولغاریا ساڵوەرگەری دامەزرانی کۆماری کوردستانی یاد کردەوە. ئاهەنگێکی جوان سازکرابوو. دوای ئاخافتن لە سەر ئەو رووداوە گرنگە وەلأمی پرسیاری بەشدارانم دایەوە لە سەر کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی رۆژهەلأت. لەم بەینەدا نامەیەکی صارمخانی صادق وەزیریم پێگەیشت کە وەک نامەکانی دیکەی پڕبوو لە قسەی جوان و ئامۆژگاری و مەبەستی جۆر بەجۆر. بە پێویستی نازانم دقی نوسراوەکە بلاو بکەمەوە. بەلأم زۆر پێویستە بەشێک لە چاو پێکەوتنی دوکتور قاسملو لە گەڵ صارم خان و هێندێ لە گفتو گۆیەکانیان بلأو بکرێنەوەو ئەوانەی ئاگاداری نێو بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتن و بەرەی تازە پێگەیشتوی میللەتەکەمان لەم بەشەی کوردستان کەلکی لێ وەر گرن. پێویستە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە لە نوسینی ناوی ئەو کەسانەش خۆ دەبوێرم کە سکرتێری حیزبی دیموکرات بە دز و بێ ئەخلاق و سوا أستفادە چی ناو بردون . دوکتور قاسملو لە قسەکانیدا مەبەست و ئامانجی پێک هێنانی کونگرەی شەشی حیزبی دیموکراتیشی بە جوانی دەرخستوە. ئەمەش هێندێ بەشی نوسراوەی کاک صارمخانی: یکشنبە بیست و سوم دی ماه ١٣٦٣ (١٩٨٥/١/١٣)

« برادر عزیزو ارجمند کاک کریم .... لە بارەی سەفەری .....
چۆنیەتی و هۆیەکانی هەر وەک لە نامەی پێشودا ئاماژەم بۆ کردوە، هەقی تۆیە لە بارەی سەفەری خۆی، چۆن بریاری ئەو سەفەرەی داوە، بۆ چی چوە، لە وێ چی کردوە، هیچی بە من نەگوت. ئەو مەسەلەیە جێگای باس و لێدوانە .

لە بارەی ئەوەی کە بیرورای منت لە بارەی رێکخراوی تازە قبولْ کردوە و پەسندت کردوە پێویستە وەبیری بێنمەوە کە بەم وەضفە ئیتر نوختەی هەرەکەت دیار و رونە. لە نامەی رێکەوتی نۆیەمی سەرماوەزدا لەم بارەوە زیاترم نوسیوە و هیوادارم سەرنجی بدەیەی. ..... لە مابەینی دوو نامەی مندا ، واتە نامەی نۆهەمی سەرماوەز وئەم نامەیەدا دوکتور قاسملو کە بۆ چاو پێکەوتنی رێکخراوی خاچی سوری جیهانی هاتبوە سویس، هاتە لای منیش. دەرفەت بوو کە لە بارەی بارودۆخی ئیستای کوردستان بیرورای خۆمی لەگەلْ باس بکەم. بۆ ئەوەی بە وردی ئێوە لە رەوەندی ئەم گفتوگۆیە ئاگادار بکەم بە شێوەی مەعمولی خۆم کورتەی وتو یژ ه کەتان بۆ دەنوسم.:

الف – لە بارەی گەلالەی « کورتە باس» لە کۆنگرەی حیزب دا، هەروەک زۆرجاران بیرورای خۆم بە هەمو دۆستان گوتوە. بەوپشم راگەیاند و وەبیرم هێناوە کە بێجگە لە نێوەرۆک و نرخی ئەم نوسراوەیە، هێنانی گۆری ئەو بەم چۆنیەتیە بە دوو دەلیل نادروست بوە. یەکەم ئەوەیە کاتێک مەسەلەیەک دێتە گۆرێ کە دەبێتە هۆی ئالْو گۆر لە سیاسەتی چەندین سالەی حیزبدا، پێویستە ئەم نوسراوەیە لە ماوەیەکی کاتیی زۆردا، کە دەرەتانی باس و لێکۆلێنەوەی تەواو هەبێ، لە نێو حیزب دا، لە شانەوە بگرە تا تەواوی ئورگانەکان بخرێتە بەر باس و لێکۆلێنەوە. لانی کەم ..٢ مەقالە بە لایەنگری و دژایەتی لە

بلاوکراوەی ئۆرگانی حیزب و یا بلاو کراوەی تایبەتی کۆنگرەدا بنوسرێن. تەواوی نوێنەرانی کۆنگرە سەبارەت بەو پێشینەی زەینیان هەبێ. بتوانن لە سەر بناخەی باس و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بیروڕای خۆیان دەر ببڕن. بێگومان لە بارەی کوڕتە باسەوە ئەم کارانە نەکراوە. کوتو پڕ هێنراوەتە کۆنگرە.

دووەم ئەوەیە لە کاتێکا کە حیزب زیاتر لە هەموو کاتێ پێویستی بە یەکێتی و بنەو بوونی ریزەکانی هەیە، بۆ دەبێ کارێکی وا بکرێ بە هێنانە گۆڕی مەسەلەیەکی ناوا زیان بە یەکێتی ریزەکانی حیزب بگات؟

ناوبراو لە وەلامی ئیراداتی من دا گوتی: ئیرادی هەوەڵیانم قبوڵە.بەلام نامیلکە لە کومیتەی ناوەندیدا باسی لێ کراوەو جگە لە یەک کەس ئەوانی تر هەموویان لە گەڵی بوون. بەلام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی لە کۆنگرەدا بێجگە لە چوار پێنج کەس ئەندامانی کومیتەی ناوەندي دەنگیان بۆ نەدا. کەسانی وەک کاک جەلیلی لە دژایەتیدا وتاری توندیان دا. بەلام بە پێچەوانە ..١ کەس دژ دەنگیان نەداوە. ٧٥ کەس دژ بوون، ٢٥ کەس هەر دەنگیان نەدا. ئەوەشی لێ زیاد کرد کە بۆ چونی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا سەبارەت بە کوڕتە باس بە توندی رەخنەی لێ گیراوە و لە پلینۆم دا باسی لە سەر کراوەو بڕیارروایە بلاو بکرێنەوە . (کە کەس چاوی بەم باسە نەکەوت) بەلام ئیرادی دووەمی رەد کردەوە و گوتی: ئێمە دەبوایە لەگەڵ بیروباوەری تودەیی سنوربەندیمان کرد بایە. باشترین فرسەت بۆ ئەم کارە هەر ئەو کاتە بوو کە کۆنگرە لە دەرەوەی سنوری کوردستانی ئێران ببەستین و لە سەرهەڵدانی پەشێوی و هەلگەڕانەوەو جەوسازی بە هاسانی پێشگری بکەین . (بە داخەوە لە حیزبی دیموکرات دا ئەم سوننەتە تا پیرۆزە قەت کۆتایی پێ نەهات کە هەر لە دەرەوەی خاکی کوردستانی ئێران کۆنگرە

بگرن و لە بەر ناکۆکی بیروڕا ئەندامانی حیزب تاوانبار بکرێن و دەر بکرێن. سالی ٩٦٢ ئەحمەد توفیق لە خاکی کوردستانی عیراق بۆ وەدەرنانی هێندێ لە ئەندامانی حیزب و تاوانبار کردنی هێندێکیان بە جاسوسی و دزی و خەیانەت کۆنگرە دەگری و دوای ٢٢سالْ ئەمجار دوکتور قاسملوو دیسانهەر لە خاکی کوردستانی عیراق وەک خۆی دەلێ بۆ (سنور بەندی لە گەلْ بیروباوەری تودەیی) و لە ئەسلیش دا بۆ تاوانبارکردن و وەدەرنانی تێکۆشەرانی خاوەن بیرو راکۆنگرە دەگرێ. تۆ بلْێی ئەم سوننەتە نا پیرۆزە لە حیزبی دیموکرات دا کۆتایی بێ و بیرێتەوە؟ یا خوا وابێ . نوسەر)

ب - ئیرادم لێ گرت بەر فەرز کە هەمووی ئەو دەلیل هێنانەوەت راست بن، دوای کۆنگرە بۆ چیلە گەلْ موخالیفگەلی کورتە باس بە شێوەی غەیرە دیموکراتی جولاْونەوە و گرتوتانن و لە حیزب دەرتان کردوون. کومیسیونی تایبەتیتان بۆ ئەو کارە پێک هێناوە. لە وەلاْم دا گوتی ئەوە راست نیە، کومیسیون بۆ تەشکیلات پێک هاتوە. هیچ کەسیش لەبەر دژایەتی لە گەلْ کورتە باس لە حیزب دەر نەکراوە. لەسەر یەک نیزیکەی هەشت کەس لە حیزب دەرکراون. یەکیان لە بەر جاسوسی بۆ شورەوی و بولغارستان کە مەعلومە کییە، کەسێک بە ناوی رەسولی رەسول پور بە تاوانی جاسوسی بۆ عیراق دوو کەس بە ناوی رەحیمی ئەمیری و فەرەیدونی میتران بە تاوانی ئەوەی لە نێو پێشمەرگان دا دژی حیزب کاریان دەکردو لە جەبهە وڕەی پێشمەرگەیان کز دەکرد. ئەوانی دیکە بە تاوانی سوأ أستفادەی مالی و پارە وەر گرتن و لە جورە شتانە........

ج - گوتم اعدام انقلابی زاراوەیەکە موجاهیدین و گرۆی تیروریست بە کاری دەبەن. ئێوە لە ئەدەبیاتی خۆتاندا بۆ چی بە کاری دێنن کە

لایەنگری دیموکراسین . وە بیرم هیناوە پێش دوو ساڵ کە لە ئەدەبیاتی حیزبدا ئەوەم دیوە، بە توندی لەم بارەوە بۆتانم نوسی. جگەلەوە هەر لە رۆژەکانی هەوەڵی هاتنەوەتان دا وەبیرتانم هێنایەوە کە ئەو تیرور بازیە وەک مێروولە ریشەی بزووتنەوە دەخوا. دەبێ لیی دوور کەونەوە. ئەم قسانەم وەبیرئەو کەسانەش هیناوەتەوە کە دەیانویست کۆمەڵەدابمەزرێنن. بە تایبەت تورکیەم بە نمونە دەهیناوە کە کارێک نەکەن کارەساتی تورکیا لە ئێرانیش دوو پات بێتەوە.

گوتی بیروڕای تۆ راستە. ئیمە تێکۆشاوین کە ئەم جورە کوشتنانە کەم بکرێن یا نەکرێن . بەڵام شەر مەنتیقی خۆشی هەیە. ناکرێ بە تەواوی پێشی پیاو کوژی بگیرێ. نمونەی دیاریکراوم لە بارەی کوشتار بۆ هیناوە ..... گوتی ئاگام لەوە نیە. بەڵام دەستوری حیزبی ئەوەیە کە لە بارەی ئیعدامەوە فەرماندەی نیزامی و مەسئولی حیزبی و مەسئول قەزائی بە تێکرایی بریار بدەن نەک یەک بە تەنیا.

د - لە بارەی وەزعی بزوتنەوە دەیگوت پێشمەرگە کەم نەبوونەوە. لە هێندێ شوێن زیاتریش بوون. وورەی پێشمەرگە بەرزە و بزووتنەوە بە هێزە. بۆ هەر ناوچەیەک بەرنامەی تایبەتیمان هەیە. لە بارەی شیمالەوە دەیگوت کۆسپی گەورە لە پێش چالاکی پێشمەرگەدا سەنار بوو، بە رۆیشتنی و نەمانی تەشکیلاتی دەوروبەری ئەو کۆسپەش هەڵگیرا.

ه - لە بارەی شەر لە گەڵ کۆمەڵە ، کۆمەڵەی خەتا بار دەکرد. من وەبیرم هیناوە کە بریاری پلینۆمی ئێوە لەبارەی شەری سەرانسەری بریارێکی چەوت بوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە سیاسەتی درێژە پێدانی شەر دەگرنە بەر. ئەو گوتی ئەوە تێخورینێکی کۆمەڵەی بوو. لە سەر ئەو باوەرە بوو کە کۆمەڵە لە مەو دوا حیسابی کاری خۆی دەکات. ئەوەشی بە دوور نەدەزانی کە هێندێ کادری هەورامان خەتابار بن.

دەیگوت سیاسەتی حیزب ئەوەیە کە ئەوانە سزا بدات.......»

نامەی صارم خانی درێژەو هێشتا خاڵی(و، ز ، ح ، ط ، ی) ی هەیە و ناوی کەسانی تێدایە کە دوکتور قاسملو بە دەست پیسی ماڵی تاوانبار کردوون هیچ پێویست بە نوسینی تەواوی نامەکە ناکات . ئەوەندەیە ئەم چاو پێکەوتنەی دوکتور و صارم خان پەردە لەسەر گەلێک مەبەست و سیاسەت و رەفتار و بۆچونی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لادەدا و تا رادەیەکی زۆر پێچمی راستە قینەی ئەو رێبەرانە دەردەخات. لە بەر ئەوەی تەواوی ئەم روداو وبە سەرهاتانەی نێو بزووتنەوەی کوردستان پێویستیان بە شیکردنەوەی زانستی هەیە و ئەم بابەتەشم بە یەکێ لە بەرنامەی کاری خۆم داناوە، لێرەدا لە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و راست و ناراستی قسەکانی دوکتور قاسملوی شەهید لادەدەم و دێمەوە سەر رچەی بیرەوەریەکانم.

رۆژی ٨٥/٢/٤ نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلستان تەلەفونی کرد و گوتی:

« داوەتنامەیەکمان بۆ ناردووی کە بەشداری «حەفتەی کوردستان» بکەی. داوامان ناوە لە سەر مەسەلەی کوردو باری سیاسی کوردستان وتارێک پێشکێش بکەی. تکایە ئامادەیی خۆتانمان پێ بڵێ تا بلیتی فرۆکەتان بۆ بنێرین.

رۆژی ٩٨٥/٢/٢٥ لە سەر لێگێڕانەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلیستان سواری فرۆکە بووم و لە فرۆکەخانەی لەندەن دابەزیم. دوای سەیری پاسپۆرت و پرسیاری پارەو بەرێچون، ڤیزای مانگێکیان دامێ. چەند برادەر هاتبوونە فرۆکە خانە و چورمە ماڵی قادری حەمەقالەی قەلادزەیی دۆست و برادەری قەدیمی جوامێر و مەردو رەند. ئیتر تا گەرانەوەم لە ماڵی ئەوان بووم و میوانداریشی هەر وەک قەلادزە

باسی ناکرێ. هەموو شەوێ برادەر و دۆست و ناسیار کۆدەبوونەوەو باس و دمەتەقەی دۆستانە و سیاسیش بەردەوام بوو.

بە گوێرەی بەرنامەی کۆمەڵە «حەفتەی کوردستان» لە ٣/١٣ دەستی پێدەکرد و بریتی بوو لە سیمینارو کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسی و پێشانگای هونەری و ئاهەنگی نەورۆز و هتد.

ئێوارەی ٣/١٣/ کۆڕێکی ئەدەبی بۆ کاک رەفیق صابیر پێکهێنرا بوو، بەڵام ئەو لە بەر ڤیزا دوا کەوتبوو. ئاخافتنەکە لەم کۆڕەدا کە خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردبوو بە ئەستۆی مندا هات کە لەم بارەدا ئامادەییم نەبوو. ناچار لە سەرەتاوە کورتەیەک لە سەر شارستانی کۆنی کورد و کولتوری شورشگێری کورد دوام. باشبوو برادەرانی بەشدار زوو نەجاتیان دام و خستیانە بەر پرسیاری جۆر بە جۆری سیاسی و بارودۆخی کوردستانی ئێران و ژیانی تایبەتی خۆم و بە گوێرەی توانا وەڵامیان درایەوە. ئێوارەی ٣/١٦ کۆڕێکی گەرم و گەورەی سیاسی سازگرا و لام وابە وەبەر نەورۆزیش کەوت. چونکە نان و چێشتێکی مشەی خۆشی کوردەواری سازکرابوو. نوێنەرێکی پارلمانی ئینگلیز لە باڵی چەپی حیزبی کرێکاری ئینگلیستان و نوێنەری گەلێک رێکخراوی سیاسی و کولتوری ئینگلیزو بێگانە بەشداریان کرد بوو. کۆڕەکە بە وتاری سیاسی من دەستپێکرا کە کرا بوو بە ئینگلیزی و بەدوای من دا دە خوێنرایەوە . ئەمەی خوارەوەش دەقی وتارەکەیە بە کوردی:

« خوشک و برایانی خۆشەویست ! میوانانی بە رێزا

لە کاتێکا بە بۆنەی پێکهێنانی حەوتوی کوردستان و هەر وەها لێگێرانەوەم بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا سوپاسی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئوروپا لقی ئینگلیستان دەکەم، پڕ بە دڵ بە خێر هاتنی هەموو خوشک و برایانی بەشداربووی ئەم ئاهەنگەش دەکەم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە

ئەرکێکی قورس خراوەتە سەر شانی من ، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد، یا باری سیاسی ئەمڕۆی کوردستان قسە بکەم. واتە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیەکی٢٥ میلیونی کە بە شاهیدی مێژوو، یەکێ لە نەتەوە هەرە کەوناراکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و بە درێژایی مێژووش لە م کوردستانە لە سەر زێدو نیشتمانی خۆی دا ژیاوە.

باسی مەسەلەی نەتەوەیەک بکەم کە خاوەنی کولتور و زمان و ئەدەب و داب و شوێنی تایبەتی خۆیەتی و سەرەڕای دابەشکردن و چەوسانەوەو ستەمی نەتەوایەتی، کولتور و زمان و بوونی خۆی پاراستوەو تەقەلای دوژمنان بۆ تواندنەوەو لە بەین بردنی سەر نەکەوتوە.

لە سەر مەسەلەی نەتەوەیەک بدوێم کە بە گەڵەک و دهۆی ئیستیعمارو ئیمپریالیزم لە نێوان چوار دەوڵەتی شۆڤێنیست و دیکتاتوردا، بەش بەش کراوە و لە ئاخری سەدەی بیستەم دا کە سیستەمی ئیستیعماری لە بەر یەک هەڵوەشاوە و لە سەر دەمێکدا کە مرۆڤ وا دەست بەسەر ئاسماناندا دەگرێ و سیستەمی سوسیالیستی بۆتە هێزێکی ئەوتۆ کە ڕێچەو ڕێبازی پێشکەوتنی دوارۆژی جیهان دیاری دەکات، نەتەوەی ٢٥ میلیونی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەشە، نەک هەر ئەوە بەڵکو حکومەتە شۆڤێنیستەکان بە تایبەت ئێران و تورکیا لە بوونی ئەم نەتەوەیە حاشا دەکەن. سیاسەتی تواندنەوەو لە بەین بردنی گەلی کورد، بۆتە بەشێک لە سیاسەت و بەرنامەی ئەم دەوڵەتانە. جا بۆیە باسی ئەم مەسەلەو شیکردنەوەی بە ڕاستی و زانستی لە کورتە وتارێکی ئاوادا کارێکی هاسان نیە.

نامەوێ بێمە سەر باسی لێکۆڵینەوەی ڕەگەز و مێژو وکولتور و زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان، گەلێک زاناو نوسەرانی بێگانەو خۆماڵی لەم

بوارەدا نووسیویانە. بەلاْم بە داخەوە هیچ یەک لەو زاناو نوسەرانە نەهاتونە سەر باسی باروودۆخی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد و خۆیان لە قەرەی باسێکی قوڵی سیاسی نەداوە کە ئەم میللەتە تا کەی دەبێ ژێر دەست و بەشخوراو بێ؟ تا کەی وڵاتانی بە ناو دێموکرات و ئێشکەوتوخواز و لایەنگرانی‌مافی مرۆڤ، کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتوەکان و حیزب و رێکخراوە دیموکراتیەکانی جیهان لە ئاست جنایەت و تاوانی‌ئەم حکومەتانە، لە ئاست بێ بەشی و بندەستی گەلی کورد بێدەنگ دەبن و خۆ مات دەکەن.

دیارە بە بۆچوونی من ئەمە دیاردەیەکی پڕ سەیرو سەمەرە نیە. چەرخەکانی دنیا لەسەر قازانج و بەرژەوەند دەگەڕێن. گەلی کورد خۆی دەبێ رێگای رزگاری و سەر بەستی خۆی بدۆزێتەوەو دۆست و دوژمنی خۆی باش بناسێ و دیاری بکات.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، سەرەڕای ئەوەش کە نەتەوەی کورد رۆژێک لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری نەوەستاوەو سەرە ڕای ئەوە کە زەحمەتکێشانی کوردستان بە درێژایی سەدەی دوایی لە خەباتی خوێناویدا ئەو پەری فیداکاریان کردوە و لە بەخشینی گیان و سەروماڵ لە پێناو ئازادی و سەر بەخۆیی دا سڵیان نەکردوە، بەلاْم دیسان نەگەیشتون بە ئامانج و گەلی کورد نەیتوانیوە وەک گەلانی تری جیهان چارە نوسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات.؟

بۆ وەلاْمی ئەم پرسیارە رەنگە بتوانین دوو هۆی سەرەکی دەست نیشان بکەین.

یەکەم هەڵکەوتی ستراتیژی جوغرافیایی و دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتی دیکتاتور و شۆڤینیست، بە پیلان‌و نەخشەی ئیمپریالیزم، دەوڵەمەندی کانگا سروشتی‌یە ژێر زەویەکانی کە دەمێکە

ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی چاوی تەماعیان تێ بریوە و دەستی لێ بەر نادەن.

دوهەم دواکەوتوویی و نەخوێندەواری گەلی کورد و نزمیی پلەی کولتووری کوردەواری و سیاسەتی ناتەواوی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردی. هەر چەندە لە دوای شەری یەکەمی دنیاگرەوە حیزب و رێکخراوی سیاسی لە کوردستان پێک دێن و رێبەرایەتی تا رادەیەک دەکەوێتە دەستی روناکبیرانی پێشکەوتو خوازوبورژوازی کوردیش تارادەیەک لەبزوتنەوەی میللی‌دیموکراتی کوردا دەوری خۆی دەبینێ، بەلاَم بەداخەوە ئەم روناکبیرو یا حیزب و رێکخراوانە نەیانتوانیوە خەباتی رزگاریخوازی کورد بە رێبازێکدا بەرن کە وەلاَمدەرەوەی بارو دۆخی ئەمرۆی جیهان و کوردستان بێ.

لە کوردستانی ئەمرۆدا دوو دیمەنی لێک جیاواز و ناتەبا دێنە بەر چاو. لە لایەک راپەرین و خەبات و فیداکاری کۆمەلاَنی خەلَکی کورد و بەر بەرەکانی قارەمانانە لە بەرانبەر هێرشی دڕندانەو سیاسەتی ئاپارتایدی حکومەتە دیکتاتورو شۆڤینیستەکانی حوکمڕەوا لە کوردستان دا، خەبات بۆ وەرەست هێنانی مافی سەربەخۆیی و پچڕاندنی یەکجاری زنجیری کۆیلەتی و بندەستی.

لە لایەکی ترەوە هێرشی وەحشیانەی داگیرکەران و کوشتاری خەلَکی بێ تاوان و خاپور کردنی کوردستان و راگواستنی خەلَکی کورد لە سەر زێد و نیشتمانی خۆی. لە تورکیا دوای کودیتای فاشیستی ژەنرالەکان، گەلی کورد کەوتۆتە بەر پەلامارێکی دڕندانەی نەدیتراو و کوشت وکوشتارێکی بێ وێنە. لە ماوەی پێنج سالَ دەسەلاَتی شوم دا، حکومەتی تورک پتر لە دەهەزار کوردی بێ تاوانی بە بیانوی پروپوچ زیندانی کردوە. هەزاران کەسیان لە ژێر ئەشکنجەو ئازاردا کوشتوە. کوردستان

کراوەتە ناوچەی عەسکەری و لە سەرانسەری کوردستان حکومەتی نیزامی بەرێوە دەچێ.

فاشیستەکان تورک تەنیا بە کوشتاری گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، وازیان نەهێناوە. لە هاوینی رابردودا هێرشیان بردۆتە سەر جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی خواروش. بە گوێرەی نوسراوەی هیندێ چاپەمەنی، لەشکری تورک جارێکی دیکەش خۆی بۆ پەلاماردانی کوردستانی عیراق ئامادە دەکات. تورکەکان لەشکرێکی زۆریان لە سنوری کوردستانی عیراق و ئێران کۆ کردۆتەوە. هیچ دوور نیە کە هێرش ئەبەنە سەر هێزەکانی بزووتنەوەی کوردستانی خوارو کە لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکەن.

لە عیراق دوای شکانی بزوتنەوەی کورد سالی ١٩٧٥ سەرانسەری سنوری کوردستان چۆل کراوە. کوردەکانیان لە شوێن وجێگای خۆیان هەلکەندوەو بۆ خواروی عیراقیان گواستونەوە. بە هەزاران کوردی بێ تاوان و نیشتمانپەروەریان لە زیندانە سامناکەکانی عیراق دا بەندو ئیعدام کردوە. لە راستیدا حکومەتی بەعسی عیراق سیاسەتی قەلاچۆ کردنی گەلی کورد بەرێوە دەبات.

لە ئێران دوای روخانی رژێمی پاشایەتی گۆر کراو، گەلی کورد کەوتۆتە بەر پەلاماری درندانەی پاسدارانی حکومەتی ئیسلامی. رژێمی خومەینی کە هەموو شوێنەوارێکی ئازادی و دیموکراسی لە ولات دا کوێر کردۆتەوە، بۆ دامەزرانی دەسەلاتی ئیسلام لە کوردستان گەلی کوردی خستۆتە بەر پەلامار و ئەوا جارێکی دیکەش ئەو میللەتە بە ناوی ئیسلام قتل عام دەکرێ. ئێستا پتر لە ٢٠٠ هەزار چەکداری ئەرتەش و پاسدارو بەسیج و ژاندارم و جاشی زۆلە کرد بە کوردستان وەر بوون و جنایەتەکانی لەشکری مەغول و شاعەبباس لە کوردستان وەبیر دەخەنەوە. لە ماوەی

شەش ساڵی رابردودا پتر لە ٣٠ هەزار کەس لە کوردستانی ئێران بە دەستی جنایەتکارانی حکومەتی ئیسلامی بە تاوانی داخوازی مافێکی سەرەتایی میللی کوژراون. بە هەزاران ماڵو خێزانی کورد لە بەر بۆمباران و لە ترسی کوشتار ئاوارەو پەریوەی هەندەران بوون.

لە سوریا هەر چەندە کوردەکان وەک مەری خودای ملیان بۆ دەسەڵاتی حکومەت راکێشاوە، بەڵام حکومەتی بە ناو نە فاشیست، کوردەکانی تەنانەت لە مافی هاو وڵاتیش بێ بەش کردوە و هەموو شوێنەوارێکی نەتەوەیی و میللی کوردەکانی سریوەتەوە. سیاسەتی بە عەرەبکردنی کوردستان و نە هێشتنی کوردەکان لە سەر ئاخی خۆیان ، جەوهەری سروشتی حکومەتی بەعسی سوریە بە کە زۆر هێزو کەسی کوردی بە پێشکەوتوی دادەنێن.

دوژمنانی گەلی کورد سەرەڕای ناکۆکی و ناتەبایی نێو خۆیان، لە ئاست سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەمیشە گەیشتونە یەک و هاو دەنگ بوون. پەیمانی شومی سەعداباد، پەیمانی بەغدای گۆر کراو، پەیمانی کوردخنکێنی جەزایر دەیان پەیمان و رێک کەوتنی نهێنی، گشتیان بۆ لێدان و بەربەرەکانی کورد هاتوونە کایەوە. عیراق رێگا دەدا بە لەشکری تورک بۆ لێدانی شورشگێرانی کورد بێتە نێو خاکی عیراقەوە. دۆستایەتی حکومەتی شیعەی خومەینی و تورکی سوننی لە سەر لێدانی جوڵانەوەی کورد دامەزراوە. پەیمانی شومی ئەلجەزایر بە ئاشکرا هەر تک دەوڵەت لە لێدان و گرتن و کوشتنی کورد لە خاکی یەکتردا ئازاد دەکا.

جا لەو حاڵەدا کە دوژمنانی گەلی کورد سەرەرای هەموو ئیختیلافێکی نهێنی و ئاشکرا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد یەک دەگرن، جێگای داخە کە رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەبێ لە بەر

چاو گرتنی قازانج و مەسلەحەتی نەتەوەکەیان بە بێ دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی تالی رابردوو، هەر یەکە خۆی بە ستۆتەوە بە حکومەتێکی کورد کوژو شەری براکوژیان کردۆتە رێباز و دوژمنی سەرەکی خۆیان لەبیر بردۆتەوە. ئەوەی ئەمرز لە کوردستانی ئێران وعیراق لە نێو خۆی کوردەکاندا دەکرێ گاڵتەیە بە خوێنی شەهیدان و فرێ بە ئیشتماپەروەری و ئازادیخوازیبەوە نیە.

زەحمەتکێشانی کورد لە پشتی جنایەتی حکومەتە دیکتاتورەکان و کارەساتە داخدارەکانی کوردستاندا. دەستی رەشی ئیمپریالیزم دەبینن. گەلیکورد جنایەتەکانی ئیمپریالیزم دەرهەق بە نەتەوەکەی لە بیرناباتەوە. هەر دەوڵتە ئیمپریالیستەکان بورن لە لوزان پەیمانی سیڤەریان لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە هەڵوەشاندەوە. هەر ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو حکومەتی نەتەوەیی شێخ مەحمودی ئەمری بە بۆمباران و بە لەشکر تێک روخاند. بە پیلان ویارمەتی راستەو خۆی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیز بوو هەوەڵین کۆماری دێموکراتیکوردستان تێکدراو سەرکۆمار و پێشەوای لە دار درا. هەر بە پیلان و نەخشەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو پەیمانی شومی ئەلجەزایر بەستراو شورشی چاردەساڵەی کوردستانی عیراق سەرکوت کرا. ئێستاش هەر بە پشتیوانی ئیمپریالیزمە کە کەلی کورد لە هەمو لایەکەوە کەوتۆتە بەر هێرشی درندانەی حکومەتگەلی سەر بە ئیمپریالیزم و و لاتەکەی وێران وکاول کراوە.

لە سەر دەمی ئەمرۆدا لەم ناوچانەی کە ئیمپریالیزم ناتوانێ راستەو خۆ بە تانگ و تۆپ بزوتنەوە رزگاریخوازەکان تێک بشکێنێ، تاکتیکی تر بە کار دەهێنێ. بە دەستی نوکەرو بە کرێگیراوەکانی ئاژاوە دەنێتەوە. لە رێگای جۆربەجۆرەوە دەست دەخاتە نێو جوڵانەوەی میللی و شورشگێری میللەتان و لە رێبازی راست و شورشگێری هەتلەیان دەکات. لە رێگای

سازکردنی شەری نێو خۆیی، بلاو کردنەوەی بیروباوەری چەوتی دژی سوسیالیستی دەیەوێ جولانەوەی کورد لە بزووتنەوەی جیهانی دژی ئیمپریالیستی جیا کاتەوە. بەلام گومانم لەوەدا نیە کە گەلی کورد سەرەرای هەموو تەنگ و چەلەمەو پیلانی کۆنەپەرستی، لە سەر خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و رزگاری بەردەوام دەبێ. ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستان بەناوی خودموختاری خەلکی بۆ بە کوشت دەدرێ، لانی یەکجار زۆر کەمی ویست و داخوازی میللەتی کوردە . ئامانجی سەرەکی و پیرۆزی نەتەوەی کورد، مافی دیاری کردنی چارەنوسە بە دەستی خۆی، واتە پێک هێنانی دەولەتی میللی و ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ و لە ئاشتی و هێمنی دا لەگەل دراوسێکانی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی مەترسیەکی دیکە بکەم کە بەلای منەوە بۆ کوردستان لە مەترسی حکومەتە شۆڤینیستەکان کەمتر نیە. ئەویش پەرەوازە بوون و نیشتمان بە جێ هێشتنی روناکبیرو لاوانی کوردە. ئەوە دیاردەیەکی پر مەترسیدارە بۆ دوارۆژی میللەتەکەمان. هەزاران لاوی کورد کە لەم بارودۆخە ناسک و دژوارەدا دەبێ لە ولات و لە نێو خەلک و لە کۆری خەبات دابن، هەلوەدا بوون و روویان کردۆتە ئوروپا. بە داخەوە بەشێکی زۆر کەم دەتوانن لە ژیانی دەربەدەری و لە هەوای ژیانی ئوروپادادەرس بخوێنن و فێری رشتەوکارو شوغلێک بن‌کە بۆدوارۆژی گەل و نیشتمان و تەنانەت بۆ ژیانی خۆشیان بە کار بێ. زۆربەی زۆریان بە ناچار و تەنیا بۆ بەرێچوون خەریکی کاری رەش و دژوار و ناحەز دەبن. ئەوە هیچ کە لە باری ژیانەوە بە زەحمەت رایدەبوێرن، لە باری سیاسیشەوە توشی بێ بەرنامەیی و سەر لێ‌شێواوی دەبن. بمانەوێ و نەمانەوێ کولتوری رۆژئاواو زەرق و بەرقی کۆمەلی سەرمایەداری پێشکەوتوو، کاردەکاتە سەر لاوی تازە پێگەیشتووی

کورد، پتر بە باری نێگاتیف دا. دەردی بێ دەرمانی ناکۆکی و ناتەبایی ڕێبەرانی حیزبە کوردستانیەکان، ڕوناکبیرو لاوانی کورد لەئورووپاش دەگرێتەوە و هەر کەس ڕوو دەلایەکی دەکاو بە هەوای لایەک هەڵدەپەڕێ.

ئەم هێزە بە تەوژمەی ڕوناکبیرو خوێندەوارانی کورد لە ئورووپا ئەگەر بتوانێ خۆ لەم نەخۆشیە تەشەنەدارە ڕزگار بکا و لە سەر بەرنامەیەکی روون بۆ ژیان و خەبات و تێکۆشان یەک بگرێ. دەتوانێ بۆ ناساندنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد، بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد وەک نەتەوەیەکی ٢٥ میلیونی دابەشکراو، هەنگاوی گرنگ باوێژێ. دەتوانێ پشتیوانی مادی و مەعنەوی هێزە پێشکەوتنخوازو ئینسانیو خێرخواکانی جیهان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی رابکێشێ. تەنانەت دەتوانێ کار بکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ژوورەوەی وڵاتیش و نەخشی خۆی لە بە ڕێوە بردنی ڕێبازی ڕاستی خەبات دا نیشان بدا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا کە بە داخەوە لە ژێر تەئسیری سیاسەتی ڕێبەرانی حیزبە سیاسیەکاندا، وەک نیشتمانەکەی لەت و پەت بوە و کراوەتە چەند پارچە. پێویستە بۆ یەک گرتنەوەو کۆکردنەوەی خوێندکارو لاوانی کیژو کوری کورد لە ئورووپا بە شێلگیری تێبکۆشێ و لەم ڕێگایەدا ئەرکی پیرۆزی خۆی لە ئاست گەل و نیشتمان بەباشی بە جێ بگەیەنێ.

با ڕوناکبیرو خوێندکارو لاوانی کورد لە ئورووپا بە بیرو ستێکی فراوانەوە بڕواننە مەسەلەی نەتەوەکەیان و با بزانن بۆچی و لە سەر چی دەربەدەر بوون و ڕۆڵەی چ میللەتێکن و نەتەوەکەیان لە چ حاڵ دایە.

با یەکگرتو بێ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا. سەرکەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.»

دوای تەواو بوونی حەفتەی کوردستان، تا رۆژی ٢٣/٥/٨٣ لە لەندەن مامەوە. ئێوارەیەکیش ئەندامانی حیزبی تودەی دانیشتوی لەندەن بۆ دانیشتنێکی دۆستانەو وتو وێژێکی گەرم و پرس و پەرسیڤێکی درێژ داوەتیان کردم. ئەویش هەلێک بوو تا بە گوێرەی توانا هەڵوێستی چەوتی رێبەرانی حیزبی تودە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و حیزبی دیموکرات -یان بۆ روون کەمەوە . سوپاسیان دە کەم هێندێ کتێبی باشیان دامێ و تا ساڵی هەشتاو حەوتیش رۆژنامەیان بۆ دەناردم.

لەو چەند رۆژەدا لە گەڵ کاک عەلی بۆسکانی بوومە ئاشنا. لە رادە بەدەراظهاری لوتفی دەکرد و لە مەیدانی چەپدۆستی و پێشکەوتنخوازیشدا ئەسپی لینگ دەدا. نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران کە حەفتەی کوردستانیان رێک خستبوو،گوتی : « کاک کەریم کاک عەلی بۆسکانی فرە لەگەڵتۆ یەکە و شوکر لە سایە خوداشەوە دەستی چاک دەروا، بەڵکو بە گوێیهەڵێنییارمەتیەکی ماڵیمان بکا، خەرجێکی زۆرمان هەبوە. رۆژێک بە کاک عەلیم گوت. وەک پیاوان گوتی بەچاوان. من زۆر بەوە خۆشحاڵبووم لانی کەم ئەوەندەم لە دەست هاتبێ کە یارمەتێک بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بکرێ. پاشان کە پرسیم، گوتیان:« کاک عەلی دەستی دەماڵی خۆی ناوەر وەک پیاوان . ٥ پاوەنی یارمەتی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کردوە !! نەک هەرئەوە ، قەڵەمێکی زۆر جوانیشی پێبوو، دور بە دوور بۆ کابرای نەدیو بدی وە شتێکی نایاب دەچوو. رۆژێک لە ماڵی کاک سەباح غالب میوان بووین، قەڵەمەکەشی هێنا دەرو وەک یادگارێک لە پێشی دانام. بەراستی پێم خۆشبوو. جگەلەوەش من قەت دەستی کەرەمی دۆست و برادەران ناگێرمەوە.! تا چوومە ئەڵمان هەر پێم وابوو قەڵەمێکی بەنرخ و عەنتیکەم هەیە. کە چومە بیرلین دیتم ئەوە بە دوومارک و نیو دەیفرۆشن.!!

لەو باسە خۆشتر دوکتور شێرکۆ فەتحولاً کە لە سۆفیا خوێندبووی و دۆستێکی نیزیک بوو، گوتی لێرە هێندێ لە پوڵدارە کوردەکان شتێکیان ساز کردوە کە یارمەتی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکات. دەڵیی چی پێیان بڵێم بەڵکوو یارمەتی بدەن بیرەوەریەکانت چاپ بکەی.؟ زۆرم پێ سەیربوو، کورد پارەی هەبێ و لە کاری ئاوا یارمەتی بدا.!! گوتم لە کاری خێردا ئیستیخارە پێویست نیە. ئەگەر کارێکی وابکەی دیارە کۆیی بەراستی! کاک شێرکۆ هاتەوە و گوتی قسەم لەگەڵ کردون، ئەوان گوتویانە با نامەیەکمان بۆ بنووسێ، نامەم نوسی و دوای رۆژێک گوتی گوتویانە:« با نوسراوەکان بنێرێ ئەگەر بە دڵمانبوو چاپیان دەکەین » گوتم تەک خوا موبارەکی نەکا بیرەوەری من دەبێ بە دڵی کێی پوڵداری کورد بێ تا چاپ بکرێ. بەر لەوەی بگەرێمەوە بۆ سوفیا، رۆژێکیان لە گەڵ چەند برادەران چووینە سەر گڵکۆی کارل مارکس، بەو نیەتە تا باشتر لە مارکسیزم تێ بگەین!! ئەو هەستەشمان لە نەقڵێکی خۆشی کاک حەسەنی قازی تێدا بە هێز ببوو کە لە زمانی ئەو بۆیان گێڕابوومە، گوتبووی : « برادەرانی کوردی کوردستانی خوارو، ئەگەر موناقەشەی مارکسیزمیان لە گەڵ بکەی، دەڵێ: « کاکە تۆ ئەڵێی چی؟ من خۆم چوومە سەر قەبری مارکس !! »

